زانكۆی چەرموو

# پێگەی کولتووری (دەنگی گێتی تازە) لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ کراوە وەک بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە ئەدەبی کوردیدا.

لەلایەن

نیگارعبداللە کریم قارەمان

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی ساڵی(٢٠١٣- ٢٠١٤) لە زانکۆی چەرموو

بەسەرپەرشتی

**پ.د. محمد ئەمین عبداللە**

تشرینی یەکەم ٢٠٢٢ زاینی                گەلاڕێزان ٢٧٢٢ کوردی

## بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە بەناونیشانی (پێگەی کولتووریی دەنگی گێتی تازە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا) هەمووی لەلایەن خودی خۆمەوە بە ئەنجام گەیەنراوە، جگە لەو جێگایانەی، کە بەئاشکرا ئاماژەم پێکردووە. هەموو نوسین و ئەنجامەکانی توێژینەوە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاو نەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە......

ئیمزا:

ناوی خوێندکار: نیگار عبدالله کریم قارەمان

بەروار:

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (پێگەی کولتووریی (دەنگی گێتی تازە) لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ) ، کە لەلایەن ( نیگار عبدالله کریم ) پێشکەشکراوە . لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زانستییەوە پیاداچونەوەی بۆ کراوە و پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لێژنەی تاوتێکردن بکرێت.

هەڵسەنگێنەری زانستی : د. ئاسۆ عمر مستەفا

بەروار:

## پشتگیری سەرپەرشتیار

ئەم ماستەرنامەیە بەسەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی ئەدەب و پشتگیری دەکەم. کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێ کردن بکرێت.

ئیمزا:

ناو: پ.د. محمد امین عبدالله

بەروار

**پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بەناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ**

ئیمزا:

ناو:

سەرۆک بەش:

بەروار:

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمە لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندکار (نیگار عبدالله کریم قارەمان) بەناونیشانی (پێگەی کولتووریی (دەنگی گێتی تازە) لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا )،خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندکار گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (..........................) بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (ئەدەبی کوردی) پێبدرێت.

ئیمزا:
ناو: عەتا ڕەشید حسێن
ئەندام
بەروار: / ١٠/ ٢٠٢٢

ئیمزا:
ناو: ئازاد محمد سەعید
ئەندام
بەروار: / ١٠/ ٢٠٢٢

ئیمزا:
ناو: مولود ئیبراهیم حسن
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / ١٠/ ٢٠٢٢

ئیمزا:
ناو: محمد ئەمین عبدالله
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار: / ١٠/ ٢٠٢٢

لەلایەن کۆلێژی پەروەردە و زمان ــ زانکۆی چەرموو پەسەند کرا

د. سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە و زمان ــ زانکۆی چەرموو ــ چەمچەماڵ
بەروار: / / ٢٠٢٢

## پێشکەشکردن

**پێشکەشە:**

- بە نەتەوەی (کورد)، بە وڵاتەکەم (کوردستان).
- بە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی خاوەن قەڵەم و نوسین.
- بە دکتۆرە بەڕێزەکانم.
- بە ڕوحی نوسەرانی (دەنگی گێتی تازە).
- بە هەر مامۆستا و کەسێک گەر وشەیەکیان فێرکردبم .
- بە ڕۆشنبیری ژیانم (هاوسەرەکەم) و (منداڵەکانم)، کە هەمیشە هاوکارییان کردووم بۆ درێژەدان بە خوێندن.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایشی بێسنورم بۆ خوای باڵادەست، فەزڵی ئەوە بەسەرمانەوە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانمان.

- سوپاس و پێزانینم بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێز پ. د. (محمد تاتانی)، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەی پەسەندکرد، بە سەرنجی ورد و تێبینییەکانی توێژینەوەکەی پاراوکرد.

- سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕێز پ. د. (دڵشاد عەلی) زۆر هاوکاریکردم.

- سوپاس بۆ ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی، کە لەماوەی ئەم خوێندنەی ماستەردا، ( هاوکارییان کردم، فێریان کردم، ئومێدیان پێبەخشیم) . هەنگاو بە هەنگاو ڕێگایان بۆ ڕۆشنکردمەوە.

- سوپاس بۆ هاوسەرە بەڕێزەکەم وەکو قەڵایەک لەپشتمەوە وەستاوە  بە ئارامگرتنەکانی لە بەرامبەر ئاستەنگییەکان، سەرەڕای ئەوەش هێز و وزەی پێداوم بۆ ئەوەی بەردەوامبم و چۆکدانەدەم. وەک دەڵێن: (لە پشت هەر پیاوێکی ئازا ژنێک هەیە) پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە (لەپشت هەر ئافرەتێکی سەرکەوتوو لەکارەکەی پیاوێک هەیە).

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | I |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی | II |
| پشتگیری سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | IV |
| پێشکەشکردن | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| پێڕست | VII، X |
| پێشەکی | ١- ٢ |
| بەشی یەکەم: شوێنی دەنگی گێتی تازە لەناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا | ٣- ٤١ |
| پاری یەکەم: دەنگی گێتی تازە لە قۆناغە مێژوویەکەیدا | ٤- ٦ |
| پاری دووەم: ڕەوتی ڕۆژنامەگەری پێش دەنگی گێتی تازە | ٦- ٧ |
| یەکەم: ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی لەدەرەوەی کوردستان دەرچوون | ٧ |
| 1 - ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨- ١٩٠٢) | ٧ |
| 2- گۆڤاری ژین (١٩١٦) | ٧- ٨ |
| 3- ڕۆژنامەی ڕێیاتازە (١٩٣٠) | ٨ |
| 4- گۆڤاری هاوار (١٩٣٢) | ٨ - ١٠ |
| 5- گۆڤاری ڕوناهی (١٩٤١) | ١٠ |
| دووەم: ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە باکوری کوردستان دەرچوون | ١٠ |
| 1- ڕۆژنامەی کورد (١٩٠٨) | ١٠- ١١ |
| 2 - ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد (١٩١٣) | ١١ |
| 3- ڕۆژنامەی کوردستان (١٩١٧) | ١٢ |
| 4- ڕۆژنامەی ژین (١٩١٩) | ١٢ |
| سێیەم: ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچوون | ١٣ |
| 1- گۆڤاری کوردستان (١٩١٢) | ١٣ |
| چوارەم: ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە عێراق دەرچوون | ١٤ |

| | |
|---|---|
| 1. ڕۆژنامەی بانگی کورد (١٩١٣ـ ١٩١٤) | ١٤ |
| 2. ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی (١٩١٨) | ١٤ـ ١٥ |
| 3. ڕۆژنامەی دیاری کوردستان (١٩٢٥) | ١٥ |
| 4. گۆڤاری پەیژە (١٩٢٧) | ١٦ |
| 5. گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩ـ ١٩٤٩) | ١٦ـ ١٧ |
| پێنجەم: ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەکوردستانی عێراق دەرچوون | ١٧ |
| 1. ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠) | ١٧ |
| 2. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان (١٩٢٢) | ١٧ـ ١٨ |
| 3. ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان (١٩٢٢) | ١٨ |
| 4. ڕۆژنامەی بانگی حەق (١٩٢٣) | ١٨ـ ١٩ |
| 5. ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال (١٩٢٣) | ١٩ |
| 6. ڕۆژنامەی ژیانەوە (١٩٢٤) | ١٩ـ ٢٠ |
| 7. ڕۆژنامەی ژیان (١٩٢٦) | ٢٠ |
| 8. گۆڤاری زاری کرمانجی (١٩٢٦) | ٢٠ـ ٢١ |
| 9. گۆڤاری ڕوناکی (١٩٣٥) | ٢١ـ ٢٢ |
| 10. ڕۆژنامەی زبان (١٩٣٧) | ٢٢ |
| 11. گۆڤاری زانستی (١٩٣٨) | ٢٢ |
| 12. ڕۆژنامەی ژین (١٩٣٩)<br>13. ڕۆژنامەی خورماڵ و باسەڕە | ٢٢ـ ٢٣<br>٢٣ـ ٢٤ |
| پاری سێیەم: ناساندنی دەنگی گێتی تازە | ٢٤ـ ٢٥ |
| 1. خولی یەکەم | ٢٥ـ ٢٧ |
| بەڕێوەبەری دەستەی نووسەرانی خولی یەکەم | ٢٧ |
| 2 ـ خولی دووەم | ٢٧ |
| أ. خولی دووەم / بەرگی یەکەم | ٢٧ـ ٢٨ |
| ب ـ خولی دووەم / بەرگی دووەم | ٢٨ |
| ج ـ خولی دووەم / بەرگی سێیەم | ٢٨ـ ٢٩ |
| بەڕێوەبەری دەستەی نووسەرانی خولی دووەم | ٢٩ـ ٣٠ |

| | |
|---|---|
| خول و بەرگەکانی دەنگی گێتی تازە | ٣٠ـ ٣٢ |
| پاری چوارەم: تێڕوانینی نووسەران سەبارەت بەدەنگی گێتی تازە | ٣٣ـ ٤١ |
| بەشی دووەم: کولتووری نەتەوەیی (کورد) لەدەنگی گێتی تازەدا | ٤٢ـ ١١١ |
| سیمای کولتووری ڕۆژنامەگەری کوردی | ٤٣ـ ٤٤ |
| زمانی کوردی | ٤٤ـ ٤٧ |
| زمانی کوردی لەدەنگی گێتی تازەدا | ٤٧ـ ٥٣ |
| ئەدەبی کوردی و ڕۆژنامەگەری کوردی | ٥٣ |
| کولتووری نەتەوەیی شیعر و ڕۆژنامەگەری | ٥٤ |
| شیعر لە(دەنگی گێتی تازە)دا | ٥٥ـ ٥٦ |
| شیعری هونەری بەرز(کلاسیک) | ٥٦ـ ٦٢ |
| شیعری (میللی) کۆن | ٦٢ـ ٦٨ |
| شیعری سەردەم لە(دەنگی گێتی تازە)دا | ٦٨ـ ٧٢ |
| شیعری (میللی) سەردەم لەدەنگی گێتی تازەدا | ٧٣ـ ٧٩ |
| پەخشان لە(دەنگی گێتی تازە)دا | ٧٩ـ ٨١ |
| کولتووری نەتەوەیی پەخشانی زانستی<br>وتار | ٨١<br>٨١ ـ ٨٢ |
| 1. وتاری کۆمەڵایەتی | ٨٢ ـ ٨٦ |
| 2. وتاری ئابووری | ٨٦ ـ ٨٩ |
| 3. وتاری جەنگ و ئاشتی | ٨٩ ـ ٩١ |
| 4. وتاری پەروەردەیی | ٩١ـ ٩٤ |
| 5. وتاری تەندروستی | ٩٤ـ ٩٧ |
| 6. وتاری زانیاری | ٩٧ـ ٩٩ |
| 7. وتاری مێژوویی | ٩٩ـ ١٠٢ |
| پەخشانی ئەدەبی | ١٠٣ـ ١٠٤ |
| وتاری زمان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ١٠٥ـ ١٠٧ |
| چیرۆک لە(دەنگی گێتی تازە)دا | ١٠٧ـ ١٠٩ |
| (وێنە) لەدەنگی گێتی تازەدا | ١١٠ـ ١١١ |

| | |
|---|---|
| بەشی سێیەم: وەرگێڕانی کولتووری نەتەوەیی (بێگانە) لەدەنگی گێتی تازەدا | ١١٣ ـ١٦١ |
| ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی پەخشان | ١١٣ |
| وەرگێڕان | ١١٣ ـ١١٦ |
| وەرگێڕان لەدەنگی گێتی تازەدا | ١١٦ ـ١٢١ |
| 1 - وتاری فەلسەفی | ١٢١ ـ١٢٢ |
| 2 - وتاری ئایینی | ١٢٢ ـ١٢٤ |
| 3-وتاری سیاسی و جەنگ | ١٢٥ ـ١٣١ |
| 4- وتاری زانستی | ١٣١ ـ١٣٤ |
| 5- وتاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری | ١٣٤ ـ١٣٧ |
| 6- وتاری مێژوویی | ١٣٧ ـ١٤٢ |
| 7- وتاری گەشتنامە | ١٤٢ ـ١٤٥ |
| 8- وتاری پەروەردەی دەرونی | ١٤٥ ـ١٤٨ |
| پەخشانی ئەدەبی ـ وەرگێڕاوەکان | ١٤٨ ـ١٥٠ |
| کولتووری نووسینی ژیانی شاعیران و ناوداران | ١٥٠ ـ١٥٣ |
| کولتووری بڵاوکردنەوەی چیرۆکی بێگانە | ١٥٤ ـ١٦١ |
| ئەنجام | ١٦٢ ـ١٦٤ |
| سەرچاوەکان | ١٦٥ ـ١٧٥ |
| پوختە | A |

# پێشەکی

## پێشەکی:

پێگەی کولتووریی (دەنگی گێتی تازە) لەڕۆژنامەگەری کوردیدا، دەمانەوێت بەم ناونیشانە باس لەو ڕۆڵە بکەین گۆڤاری دەنگی گێتی تازە لە بایەخدان بەکولتووری کوردی بینیویەتی.

لە ناو هەموو میللەتێکدا ڕۆژنامەگەری و کولتوور بەگشتی و ڕۆژنامە و ئەدەب و زمان بەتایبەتی دوو دیوی تەواوکەری یەکترین و خزمەت بەیەکتری دەگەیەنن. ڕۆژنامە بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە و بەرهەمی ئەدەبیش خزمەتی ڕۆژنامە دەکات. هەربۆیە لێکۆڵەران لە ڕۆژنامەگەریدا بایەخیان بە بواری ئەدەبی و کولتووری داوە، لەلای ئێمەش لە بواری ئەکادیمیدا کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە نووسراون تەنها لایەنی ئەدەبییان گرتۆتەوە و باسیان لەڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لەبایەخدان بە ئەدەب کردووە، کولتووریش لەو بابەتە ئەدەبییانەدا وەک هەموو ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ پەیوەندییان بە تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە ڕەنگی داوەتەوە و لایەنەکانی ئەدەب و هونەر و مێژوو و پەروەردە و ئاین و یاسا و کەلەپور و تەندروستی و زانست و ..... هتد گرتۆتە خۆی. لەبەرئەوە لەم توێژینەوەیەدا بایەخ بە کولتوور دراوە نەک بەتەنها ئەدەب. لەم ڕوانگەوە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە "پێگەی کولتووریی (دەنگی گێتی تازە) لەڕۆژنامەگەری کوردیدا " دەمانەوێت باس لەو ڕۆڵە بکەین، کە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە لە بایەخدان بە کولتووری کوردی بینیویەتی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

* خستنەڕووی زانیاری نوێ و دیاریکردنێکی زانستانەی ئەو ڕۆڵە گرنگەی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە لەناو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بینیویەتی و تا ئێستا باسی لێوە نەکراوە.
* ڕێچکە کردنەوەیەکی زانستی لەبەردەم ئەو لێکۆڵینەوانەی لە داهاتوودا کار لەسەر بوارە جیاجیاکانی کولتووری کوردی دەکەن.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، گەلێک لایەنی گرنگی کولتووری دەخاتەڕوو، جگە لە ڕەواندنەوەی ئەو تێڕوانینە نەرێنیانەی هەندێک لە نووسەران سەبارەت بە گۆڤارەکە خستوویانەتە بەردەستی ڕۆشنبیران و نووسەران و خوێندەواران، هەر ئەمەش وایکردووە کەمتر ئاوڕی لێبدرێتەوەو تا ئێستا هیچ نامەیەکی ماستەر و توێژینەوەیەک لەم بوارەدا نەکراوە چ لەبارەی کولتوور لەدەنگی گێتی تازەدا، یان هەر بوارێکی تر لە دەنگی گێتی تازەدا، جگە لە هەندێک ڕا و سەرنج نەبێت. هەروەها دیاریکردنی ڕۆڵ و گرنگی دەنگی گێتی تازە لە خستنەڕووی لایەنە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی وەکو کۆمەڵێ زانیاری (سیاسی و ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی.....هتد) پەیوەندیدار بە نەتەوەکەمان. هەروەها ئاشناکردنمان

بە کولتووری بێگانە. گرنگییەکی تری لەوەدایە وەک کۆکراوەیەکی هەموو لایەنێکی ژیان، لە هەموو لایەنەکان تێیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

لای نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد تێڕوانینی نەرێنی هەبووە بۆ گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ئەمەش وایکردووە کەمتر ئاوڕی لێبدرێتەوە و کەمتر لەسەر دەنگی گێتی تازە بنووسرێت، کە بووە بەگرفت بۆ دەستکەوتنی کەرەستەی لێکۆڵینەوە. ئێمە لەم توێژینەوەدا بە پشتبەستن بە سەرچاوە و بابەتە بڵاوکراوەکان و مەبەستەکانی نووسەرانی دەنگی گێتی تازە، کارمان لەسەر ڕەواندنەوەی ئەو تێڕوانینە نەرێنییە کردووە، ئەمەش بەخستنەڕووی ئەو لایەنە کولتوورییە گرنگانەی لە گۆڤارەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

هەروەها ئەو ڕاستییەی وەک سەرەتا درکی پێکراوە و خراوەتەڕوو دەبێتە گریمانەی لێکۆڵینەوەکەمان و ئەویش بریتییە لەوەی ڕۆڵێکی ئەرێنی بینیوە لەخزمەتکردن بە نەتەوەی کورد، بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە نەرێنیانەی بۆ گۆڤارەکە لەلایەن هەندێ لە نووسەرانەوە خراوەتەڕوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سەرەتا باڵوێزخانەی ئینگلیز لە بەغداد بەڕێوەی بردووە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەو ڕێبازەی لەم توێژینەوەدا گیراوەتەبەر دەکەوێتە چوارچێوەی (میتۆدی مێژوویی) و (ڕێبازی وەسفی شیکاریی)، بەو پێیەی لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆریی باس لە ناساندنی دەنگی گێتی تازە و ڕاوبۆچوونی نووسەران کراوە، لە بەشی دووەم و سێیەمدا کۆکراوەی کولتووری کوردی و بیانی بە شێوەیەکی پراکتیکی و بەستنەوەیان بە ژینگە و کولتووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی...هتد خراوەتە بەردەست.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

لە سێ بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا بە چوار (پار) باس لە (قۆناغە مێژووییەکەی، ناساندنی گۆڤارەکە، ڕەوتی ڕۆژنامەگەری پێش دەنگی گێتی تازە، تێڕوانینی نووسەران سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە) کراوە. لە بەشی دووەمدا سیمای کولتووریی ڕۆژنامەگەری و ئەو کولتوورە کوردییانەی لە دەنگی گێتی تازەدا هەن باسکراوە و پۆلێنکراون. لە بەشی سێیەمدا کولتووری بێگانە، کە بە وەرگێڕان دەستپێکردووە باسکراون و لەکوێدا پێویستی بە پۆلێنکردن هەبووبێت پۆلێنمان بۆ کردووە.

# بەشی یەکەم

## شوێنی دەنگی گێتی تازە لەڕۆژنامەگەری کوردیدا

**پاری یەکەم: دەنگی گێتی تازە لە قۆناغە مێژووییەکەیدا.**

**پاری دووەم: ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی پێش دەنگی گێتی تازە.**

**پاری سێیەم: ناساندنی دەنگی گێتی تازە.**

**پاری چوارەم: تێڕوانینی نووسەران سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە.**

# بەشی یەکەم: شوێنی دەنگی گێتی تازە لەڕۆژنامەگەری کوردیدا

## پاری یەکەم: دەنگی گێتی تازە لەقۆناغە مێژووییەکەیدا

گومانی تێدا نییە لێکۆڵینەوەی زانستیی لە هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێک، ڕاستەوخۆ بەرەوڕووی دوو پرسیاری گرنگمان دەکاتەوە، کە بریتین لە: کاریگەربوونیان بەڕەوشی قۆناغەکەو کاریگەری و ڕۆڵیشیان لە قۆناغە مێژووییەکانیاندا. هەر بۆیە بە پێویست دەزانرێ سەرەتا و لەم پارەی بەشی یەکەمدا (گۆڤاری دەنگی گێتی تازە) ڕووبەڕووی پرسیاری یەکەم بکەینەوە، کە ئاوڕدانەوەیە لەو بارودۆخە مێژووییەی گۆڤارەکەی تیادا بڵاوکراوەتەوە. وەک دەزانرێ لە ساڵانی نێوان (١٩٤٣– ١٩٤٧)دا، کە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە و ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازەیان تیادا بڵاوکراوەتەوە، کۆمەڵێ گۆڕانکاریی سیاسی لەسەر ئاستی جیهان و عێراق و کوردستان ڕوویان داوە. یەکێک لەو گۆڕانکارییانە دابەشبوونی وڵاتانی جیهان بوو بەسەر دوو بەرەی سیاسیدا: یەکەمیان بەرەی دیموکراسی، کە دەوڵەتانی (بەریتانیاو فەڕەنساو یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا) ڕابەری ئەم بەرەیە بوون و لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەرەی (سوێندخۆرەکان ـ هاوپەیمانان)یان پێکهێنابوو. دووەمیان بریتی بوون لەبەرەی (نازی–فاشست)ەکان، کە وڵاتانی (ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو یابان) ڕابەریان بوون و لەساڵانی جەنگەکەدا بەرەی (تەوەر– المحور)یان پێکهێنابوو (البرزانی، ٢٠٠٦: ١١).

ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بەرەی دژ بە نازییەکان و حکومەتەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی) لە کوردستانیشدا ڕووی لە هەڵکشان کردبوو، بەتایبەتی کاتێ چەپەکانی کورد دەرکیان بەوە کرد سەرکردە شۆڤینییەکانی ناو جوڵانەوەکەی (گەیلانی) بەئاشکرا دژایەتی گەلی کورد دەکەن.

جا لەو نێوەندە سیاسییە جیهانییەدا کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و کوردستانیش کەم و زۆر بەسەر ئەو دوو بەرەیەدا دابەشبوو بوون و تاڕادەیەکیش بەرەی پشتگیریکەرانی (نازیەکان) لە هەڵکشاندابوو، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی) لە ساڵی ١٩٤١ دژی ئینگلیزەکان و دەستگرتن بەسەر دەسەڵات لە عێراقدا و تۆخکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوەییانەی عەرەبی بە سیمایەکی تەواو شۆڤینییانە و دژایەتیکردنی گەلی کوردو ماف و خواستە نەتەوەییەکانیان بەشێوەیەکی ڕووەوە (صالح حەیدەری)* دەڵێت: "لەگەڵ ئەوەی خوێندکارانی کورد دژی ئینگلیزەکان بوون، بەڵام خواستی ئەوەیان نەبوو پشتگیری لە جوڵانەوەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی) بکەن بەهۆی ئەوەی سەرکردەکانی ئەو جوڵانەوەیە دژایەتی خۆیان و بیری شۆڤینیانەی خۆیان بەرامبەر بەکورد نەشاردەوە" (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٦: ١١٦). بێگومان نەک هەر خوێندکاران، بەڵکو هێزە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی گۆرەپانی سیاسیی کوردستانیش وەک (یەکێتی تێکۆشین) و (شۆڕش) و (ڕزگاری) ڕاستەوخۆ ڕوویان لە دژایەتیکردنی بەرەی نازییەکان و فاشیستەکان کردبوو. تەنانەت باڵێکی ناو حیزبی هیوا هەر لە ساڵی (١٩٤٣)وە

بڕوایان وابوو قۆناغەکە، قۆناغی نەتەوایەتییە و وا پێویست دەکات کێشەی چینایەتی لەپێناو

* صاڵح حەیدەری:ـ دامەزرێنەری پارتی شۆڕشە، کە سەرەتا شوعی بوون لەساڵی (١٩٤٥)

بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکاندا سڕبکرێت و سیاسەتی (حسن زەن) {حسن الظن} بەرامبەر ئیستعمار پەیڕەوبکرێت تا سوود لە هەڵوێستەکانیان ببینن (الحیدری ، ٢٠٠٤ : ٧). هەر دەربارەی ئەو باڵەی ناو حیزبی هیوا (نەوشیروان مستەفا ئەمین) دەڵێت: "لە ناوەڕاستی چلەکاندا ناکۆکییەکانی ناو حیزبی هیوا بە تایبەتی ناکۆکی سیاسی لەسەر دوو کێشەی سەرەکی تەقییەوە : یەکێکیان، ئاخۆ حیزبی هیوا بەشداری جوڵانەوە چەکدارییەکەی بارزان بکات، یان خۆی لی بەدوور بگرێ، دووەمیان گەلی کورد لەخەباتی خۆیدا بۆ ئازادی پشت بەیەکێتی سۆڤیەت ببەستێ، یان بە بەریتانیا، هیوا نەیتوانی ئەم ناکۆکییانە چارەسەربکات لە ئەنجامی ئەوەدا ساڵی ١٩٤٥ کەوتە هەڵوەشان و هەڵوەرین و پارچەپارچە بوون" (ئەمین،٢٠٠٤: ٨٨ )، دیارە ئەوەش ئەو راستییە دەگەیەنێت، کە لەکاتی جەنگ و دوای جەنگی جیهانی دووەمیش کۆمەڵێ لە سیاستمەدارو رۆشنبیری کورد هیوایان هەر بەئینگلیزەکان مابوو لە بە دەستهێنانی خواستی نەتەوایەتییاندا و بڕوا و تێڕوانینیان وابووە بەریتانیا دەتوانێ مافە نەتەوایەتییەکانیان بۆ دەستەبەربکات.

هەر لە ساڵانی دامەزراندنی حکومەتەکەی شێخ مەحمودیش ئینگلیز بۆ مەرامی سیاسی خۆی و لەدەستنەدانی لیوای موسڵ و نەکەوتنە دەستی تورکیا، وایان بەباش زانی نموونەیەکی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان دروست بکەن و سەرنجی کوردەکان بۆ لای ئەو سەربەخۆییە ڕابکێشن، کە بۆ کوردی دەستەبەر دەکەن. بۆ سەرپەرشتی ئەو مەتەڵە سیاسییە شێخ مەحمودیان هەڵبژارد، کە خاوەنی نفوزێکی گەورە بوو لەکوردستان (مەنگوڕی، ٢٠٠٨: ٩٩). ئەوە بوو ساڵی ١٩١٨ شێخیان کرد بە حاکمی سلێمانی، بەڵام شێخ لە ئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی ئینگلیز، چەندین جار بەرەوڕوویان بوویەوەو لەگەڵیان نەگونجاو نەگەیشتنە ڕێککەوتن شێخ دەربەدەر کرا... هاوینی ١٩٤١ لە بەسەرهاتی ڕەشید عالی گەیلانیدا، شێخ مەحمود هاتەوە لیوای سلێمانی و لە دێی داریکەلی بەبێ هیچ خەیاڵ و ئارەزوییەک دانیشت و دەستی دایەوە کاسبی (سەرچاوەی پێشوو،١٠٠) بەم رەنگە و دوای شکستی شێخ لەو راپەڕینانەیدا، ئینگلیزەکان ناچاریان کرد بچێتە داریکەلی دابنیشێ و بەبێ پرسی ئەوان ئەو شوێنە بەجێ نەهێڵێت. لەلایەکی ترەوە ئینگلیز سیاسەتی دووفاقییان بەرامبەر سەرکردە کوردەکان و میللەتەکەشیان بەکاردەهێنا، چونکە "ئینگلیز دژ بەوە نەبوو کورد بۆماوەیەک ئاهێکی بەبەردا بێتەوە. لەڕادیۆی (حەیفا)وە بەرنامەی بە کوردی بڵاوکردۆتەوە لە بەغداش باڵوێزی ئینگلیز گۆڤارێکی کوردی بەناوی دەنگی گێتی تازە دەرکردووە. (نەبەز، ١٩٧١: ١١٥). بەم رەنگە لەو کەشە سیاسییەی عیراق و کوردستانی ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا ١٩٣٩ – ١٩٤٥ دا و ئا لەو بارودۆخە سیاسییەدا و لە پێناو گەمارۆدانی بیرو باوەڕی نازییەکان و

لایەنگرانیان لە کوردستاندا، ئینگلیزەکان بیریان لە دەرکردنی گۆڤارێک بە زمانی کوردی کردەوە. بۆ ئەمەش لە تشرینی یەکەمی ساڵی(١٩٤٣)وە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی مانگانە بە ناوی (دەنگی گێتی تازە)، خودی گۆڤارەکە ڕاستەوخۆ لە بەرەی دژ بە نازی و فاشستەکان بوو، واتە ئەو بەرەیەی تەنانەت هەڵگرانی بیری چەپیش چ لە عیراقدا بووبن یان لە کوردستاندا خۆیان تیایدا دەبینیەوە. دیارە هەر ئەو پێگەو شوێنەشی لە بازنەی بارودۆخی سیاسی قۆناغەکەدا بواری ئەوەی پێداوە، بە ئاشکرا ڕوو لە بایەخدان بە کولتووری نەتەوایەتی بکات و لە گەلێ ڕەهەند و بواری جیاجیادا خزمەتی کولتووری کوردی بکات.

## پاری دووەم: ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی پێش دەنگی گێتی تازە

وەک ئاشکرایە ڕۆژنامەگەری کوردی سەرەتا لەکات و شوێنی جیاجیادا سەریهەڵدا و بەرەو پێش چوو. ئەم سیما و ڕەوتەی ڕۆژنامەگەری کوردی پەیوەندیی بە بارودۆخی سیاسیی کوردستانەوە هەبووە، بەوەی نەک هەر خاوەنی سەربەخۆیی خۆی نەبووە، بەڵکو لەسەدەکانی ڕابردوو لەژێر دەستی دەوڵەتانی تردا بووە. هەر ئەم بارودۆخە سیاسییەی کوردستان لە دوو لایەندا ڕەنگدانەوەی نەرێنی بۆ بواری ڕۆژنامەگەری کوردی هەبووە، لایەنێکیان پەیوەندیی بە سیاسەت و تێڕوانینی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە هەبووە بەرامبەر بە ڕۆژنامەگەری لە وڵاتەکانیان. لایەنێکی تر ڕاستەوخۆ بەهۆی ئەوەی هەمیشە وەک نەیار و دوژمن لە نەتەوەی کوردییان ڕوانیوە و ڕێگایان بە کارو چالاکی ڕۆژنامەگەری کوردی نەداوە. واتە نەک هەر یارمەتیدەر نەبوون، بەڵکو ڕێگر و بەربەست بوون لەبەردەمیدا " لە هیچ لایەکی کوردستان تا ساڵی ١٩٥٩ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بڵاونەکراوەتەوە. لە چلەکان و پەنجاکاندا هەندێ ڕۆشنبیری کورد خەباتێکی بێ وچانیان کرد بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی ئەو ئاواتە بهێننەدی، تەنها لە پاش شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ حکومەتی عێراق ڕێگای دا دوو ڕۆژنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەزمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە، کە (ڕۆژنامەی خەبات لە بەغداد، ڕۆژنامەی ئازادی لە کەرکوک) بوو." (خەزنەدار،٢٠٠١: ١١٦) ، بەڵام ئێمە پێمان وایە بەهۆی ئەوەی زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان زمانحاڵی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان بوونە، هەروەها لەبەر ئەوەی کوردستان هەمیشە داگیرکراوبووە و کورد دەوڵەت نەبووە. هەرچی ڕۆژنامەیەک دەرچووبێت ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ بۆنی سیاسەتی لیهاتووە، وەکو ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی لەلایەن کۆمەڵەی (هێڤی و تعالی و تەرەقی) لەئەستەنبوڵ بڵاوکراونەتەوە. بە چاوخشاندنێکی گشتی بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پێش دەنگی گێتی تازەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەم گۆڤارە بێ

هیچ پێشینه و بنەمایەک سەری هەڵنەداوە، بەڵکو بە دەیان ساڵ پێش ئەم چەندین گۆڤار دەرکراون. لەم ڕووەوە ئاوڕێک لەو گۆڤارانە دەدەینەوە، کە پێش دەنگی گێتی تازە دەرچوون و ڕێگە خۆشکەربوون بۆ دەرچوونی دەنگی گێتی تازە. ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە هەندێکیان لە دەرەوەی کوردستان دەرچوون و هەندێکیشیان لە ناوەوەی کوردستان دەرچوون، ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە پۆلێنیان دەکەین و لێیان دەدوێین.

### یەکەم: ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە دەرەوەی کوردستان دەرچوون

مەبەستمان لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەیە ناکەونە سنووری ناوچەکانی دەوروبەری کوردستان، واتە لە دەرەوەی سنووری کوردستان دەرچوون. شوێنی دەنگی گێتی تازەش لە ناوچەکانی سنووری کوردستاندایە بەدیاریکراوەیی لە عێراق دەرچووە.

**1. ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨ ـ ١٩٠٢):**

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە و لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنیدا پێنج جار شوێنی دەرچوونی گواستراوەتەوە، لە (سویسرا، لەندەن، قاهیرە...) بڵاوکراوەتەوە شێوەی زمانی زاری کرمانجی ژوورو (شێوەزاری جزیرە و بۆتان) بووە. هەر لە یەکەم ژمارەیەوە بایەخێکی زۆری بە خوێندن و خوێندەواری داوە، چونکە خاوەنی ڕۆژنامەکە چاک هەستی بەوە کردووە، هۆی سەرەکی دواکەوتنی نەتەوەی کورد نەخوێندەوارییە. هانی پتەوکردنی گیانی نەتەوایەتی داوە و داوای بەرهەڵستی زوڵم و زۆرداریی (سوڵتان عبدالحمید)ی کردووە و هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستایەتی گەلی کورد و دراوسێکانی داوە بەتایبەتی ئەرمەنییەکان. زۆر جار دەربارەی بنەماڵەی (بەدرخانییەکان) وتاری بڵاوکردۆتەوە، زۆرجاریش هۆنراوەی نیشتیمانی بەتایبەتی هی (حاجی قادری کۆیی) بڵاوکردۆتەوە. بایەخی بەمەسەلەی نەتەوەکانی دیکەیش داوە، دەورێکی کاریگەری بینیوە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و بەرگری کردن لە خواست و ئاواتەکانی میللەتی کورد و پاراستن و پێشخستنی کەلەپوری ڕۆشنبیری. (فەرهادی، ١٩٨٨: ١٦).

**2. گۆڤاری ژین (١٩١٦)**

گۆڤارێک بوو لە لایەن سوریابەگ بەدرخانەوە لە شاری قاهیرە دەردەکرا، کە لە نەوەی بەدرخانییەکان بوو و بناغەی ڕۆژنامەگەری (کوردی)یان بە دەستپێکردنی ڕۆژنامەی کوردستان دانا . گۆڤاری ژین بە زمانی جیاوازی کوردی، عەرەبی، تورکی دەرچووە. ئەم

گۆڤاره بەردەوامیی ڕۆژنامەی کوردستان بووه و چەند ژمارەیەکی کەمی (سێ تا چوار) ژمارەی لێدەرچووە. (خەزنەدار،١٩٧٣: ٢١)

### 3. ڕۆژنامەی ڕییا تازه (١٩٣٠)

ئەم ڕۆژنامەیە لە شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا بڵاوکراوەتەوە "ئۆرگانی پارتی ئەرمەنستان بوو. ژمارەی یەکەمی لە (٢٥)ی ئاداری (١٩٣٠) لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستان بڵاوبۆتەوە. یەکەمجار بە پیتی لاتینی کوردی ئینجا بە شێوەی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە دەردەچوو. ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەپێدانی ئەدەبی کوردی لە ئەرمەنستان هەبوو. بە تێکچونی یەکێتی سۆفییەت باری ڕۆژنامەکە شێوا، بەڵام هێشتا هەر دەردەچێت پاش ئەوەی (٦١) ساڵ خزمەتی ڕۆشنبیری کوردی کرد" (طه،٢٠٠٢: ٤٧). ڕۆژنامەکە لە سەرەتاوە تا ساڵی (١٩٩١) مانگی جارێک دەرچووە. دوای تێکچوونی ڕەوشی یەکێتی سۆڤیەت، بەهۆی کێشەی داراییەوە وەستاوە، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە لەلایەن چەند خەباتکارێکی لەخۆبردو بەخۆبەخشی بەڕێوەبراوە و دەرچووە.

ڕۆژنامەکە زمانحاڵی دەوڵەت و ئۆرگانی ڕەسمی بووە، لە لاپەڕەکانیدا زیاتر پڕوپاگەندەی بۆ ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیست و شێوازی ژیانی تازە دەکرد. بەڵام دوای سەربەخۆبوونی، زیاتر گرنگیی دەدا بە ژیانی کوردەواری و کولتووری ئەدەبیاتی کوردی، هەمیشە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەیان بە بەرهەمی شاعیران ڕازاندبوویەوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی وتار و چاوپێکەوتن و نوسین لە بوارەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و گرنگی دان بە منداڵ و ژنان و وازهێنان لە دیاردە ناهەموارەکان تێیدا چاپکراوە (ئەحمەد،٢٠١٧: ١)

هەر سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناوی (ڕۆژنامە لە کتێبدا) کە ساڵی (٢٠٠٨) چاپکراوە، تیایدا ئاماژە بەوە کراوە "ڕێیا تازە لەساڵی ١٩٣٠ تا ئەمڕۆ بەردەوامە" (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ١٥٣). کەواتە دەرچووونی رۆژنامەکە تا ساڵانێکی دورو درێژ بەردەوامبووە. ئەم ڕۆژنامەیە گرنگی خۆی هەبووە لە بواری ڕۆشنبیری و لە ڕووی درێژەدان بە ڕەوتەکەی لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا. بۆیە دەتوانین بڵێین بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردییە لە دەرەوەی کوردستان و تا ساڵی (٢٠٠٨)یش بەردەوامبووە و خزمەتی بە کوردی ناوچەی (کوردستانی سوور) کردووە.

### 4. گۆڤاری هاوار (١٩٣٢)

یەکێکە لەو گۆڤارە گرنگانەی دوای نسکۆی شۆڕشی شێخ سەعید و ئاگری داخ، میر جەلادەت بەدرخان توانی ڕەزامەندی دەرهێنانی لە حکومەتی سوریا بۆ وەربگرێت، لە

چاپخانەی (الترقی) لە دیمەشق چاپ دەکرا. گۆڤارێکی نیو مانگی بووە، لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەرهێنراوە، بەڵام دواتر چەند دابڕانێک کەوتۆتە نێوان ژمارەکانییەوە. دوای ژمارە (٢٦)ی ساڵی (١٩٣٥) گۆڤارەکە بۆ ماوەی شەش ساڵ وەستاوە. زمانی نوسینی (کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو و زمانی فەڕەنسی) بووە و بابەتەکانی بەشی زمانی فەڕەنسی لەلایەن چەند نووسەرێکی بە ڕەگەز فەڕەنسییەوە نووسراون. بەهەردوو ڕێنوسی ئارامی ،ئەلفوبێی لاتینی کوردی نوسراوە.

بابەتەکانی ئەم گۆڤارە ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر و حیکایەت و دابونەریتی کوردی بوون. سەرنووسەری گۆڤارەکە لە (ژ١) لە گوتارێکدا بەرنامەی گۆڤارەکە ئاشکرادەکات، کە بریتین لە: بڵاوکردنەوەی ئەلف و بێی کوردی، تۆمارکردنی ڕێزمانی کوردی، لێکۆڵینەوەی زارەکان و زمانی کوردی، بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری ئاری، ئامادەکردنی چیرۆک و ئەفسانە و هەموو جۆرە گۆرانییەکی کوردی و بڵاوکردنەوەیان، پۆلێنکردنی دیوانی شاعیران ، لێکۆڵینەوەی سەما و هەڵپەڕکێی کوردی، هەڵسەنگاندنی ئەو نوسینانەی بەزمانانی تر لەسەر کورد و کوردستان کراون، لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جوگرافیای کوردستان....هتد.

لە ڕیزبەندی ئەو نووسینانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە، دەردەکەوێت نووسەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان بەرهەمیان تیادا بڵاوکردووەتەوە، بۆ نمونە "کامەران بەدرخان، عوسمان سەبری، قەدری جان، پیرەمێرد، مەلائەنوەری مایی، گۆران، جگەرخوێن، تۆفیق وەهبی، شاکرفتاح، فایەق بێکەس، حامد فەرەج، بەشاری سەگمان، ساڵح یوسفی... هتد" (طه،٢٠٠٢: ٩).

لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت، ئایا شۆڕشی شێخ سەعید چ پەیوەندییەکی بە ڕۆژنامەکەوە هەیە، لە کاتێکدا شوێنی دەرچونی سوریا بووە ؟ پەیوەندییەکە لەوێوەیە لە کاتی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی ئاگری داخدا، جەلادەت بەدرخان یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی کورد لە تورکیا، حکومەتی تورکیا بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی کورد، لەدوای شکستی شۆڕشەکەی شێخ سەعید حوکمی لەسێدارەدانی بۆ کوردەکان دەرکرد، بەڕێوەبەری ئەم ڕۆژنامەیەش بە ناچاری ڕووی کردۆتە وڵاتی سوریا و لەوێ درێژەی بە کارو چالاکییەکانی داوە "جەلادەت بەدرخان ناچارکرا تورکیا بە جێ بهێڵێت و ڕوو بکاتە وڵاتی میسر لەسەر گوناهی خەبات و تێکۆشان بۆ کورد حکومەتی تورکیا فەرمانی هەڵواسین (ئیعدام)ی بۆ جەلادەت دەرکرد لە ئەنجامدا بڕیاردرا لەشام جێنیشین بکرێت و لەژێر چاودێری حکومەت دابێت" (جباری،١٩٧٠: ١٧٠). کەواتە لەلایەن کاربەدەستانی تورکیاوە دوورخراوەتەوە، بەڵام لەسەر ڕێبازی بەدرخانییەکان درێژەی بەکارەکەی داوە. هەر ئەم هۆکارەش بووە بەهۆی ئەوەی ڕۆژنامەکەی نەگات بە تورکیا، چونکە تورکیا بەهەموو شێوەیەک دژایەتییان کردووە.

ماوەتەوە بڵێین ئەم گۆڤارە دەکەوێتە گەرمەی قۆناغی نوێگەری لەئەدەبی کوردیدا، شاعیران و نووسەرانی سەرەتای نوێکردنەوە تێیدا بەشدار بوون، هەروەها لە سنوورێکی تەسکی ناوچەییدا نەماوەتەوە و گەیشتۆتە زۆربەی ناوچەکان جگە لە تورکیا.

### 5. گۆڤاری ڕۆناهی (١٩٤١):

ئەم گۆڤارە یەکێکی ترە لەو گۆڤارانەی پێش دەنگی گێتی تازە و لەلایەن هەمان نووسەری گۆڤاری هاوارەوە (جەلادەت بەدرخان) لە شام لە وڵاتی سوریا و لەدەرەوەی کوردستان دەرکراوە. جەلادەت بە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە بەردەوام بووە لەخزمەتکردنی گەلی کورد "کۆواری ڕوناهی بایەخی تایبەتی بە وڵات و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدا، لەناو ئەمانەشدا کورد جێگای دیاری هەبوو. ڕێبازی سیاسی ڕۆناهی ڕەنگدانەوەی ئیدیۆلۆجیەتی بۆرجوازی نیشتیمانی بچوکی کورد بوو. هەوڵی دەدا سوود لەئەنجامی جەنگی دووەمی گێتی وەربگرێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی مافی نەتەوەی کورد دەست بخات" (خەزنەدار،٢٠٠١: ١٢٦).

## دووەم: ئەو ڕۆژنامانە و گۆڤارانەی لە باکوری کوردستان دەرچوون

### 1. ڕۆژنامەی کورد (١٩٠٨):

سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "غەزەتەی (کورد) بێگومان جێگەیەکی تایبەتی هەیە نەک لە بواری مێژووی ڕۆژنامەوانی دا، بەڵکو لەمێژووی سیاسی کوردا، ئەوەی تا ئێستا زانراوە ئەمە یەکەمین غەزەتەی کوردی یە لە تورکیای عوسمانی دا دەرچوو بێت، بیروباوەڕی ڕێکخراوی تەعاون و تەرەقی دەربڕیوە. لەڕێگەی ئەم غەزەتەیەوە دەتوانین بیر و بۆچوونی ڕۆشنبیران و تێکۆشەرانی ئەو کاتەی کورد بخوێنینەوە دەربارەی چارەسەرکردنی نەتەوەیی کورد و دواکەوتویی و بەجێمانی کوردستان لەشارستانییەت. (ڕێکخراوی تەعاون و تەرەقی کورد) هەڵبژاردەی کوردەکانی ئەستەمبوڵ، لەشەمزینی و بەدرخانی و بابانی بە سەرۆکایەتی شێخ عبدالقادری شەمزینی دایانمەزراند، ئەم جەمعییەتە (ڕۆژنامەی کورد)یان دەرکردووە لەساڵی ١٩٠٨-١٩٠٩، نۆ (٩) ژمارەی لێدەرچوە بەسەریەکەوە ٨٨ لاپەڕەیە. خاوەنی ئیمتیازی و سەرنوسەری (تۆفیق /پیرەمێرد) بوو لە وتارێکی دا نوسیوییەتی (بەوەوە دەنازم کە غەزەتەی کورد لە ئەستەمبوڵ من خاوەن و سەرنوسەری بووم ) نووسەرەکانی بە زمانی تورکی و کوردی لە کوردە ناسراو و ناودارەکانی دانیشتوانی ئەستەمبوڵ بوون) (ئەمین،٢٠١٣ : ٧٢)

هەرچەندە ڕۆژنامەگەری لەچاو نەتەوە دراوسێکاندا لە ناو نەتەوەی کورد دا درەنگتر سەری هەڵداوە ، بەڵام خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد ئاشنایەتییان لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەکانی میللەتانی دراوسێدا پەیدا کردووە و بە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە پیرەمێرد، کە هەڵگری بڕوانامەی حقوق بووە، بەر لە دەرکردنی ئەم غەزەتەیە، بە تورکی و فارسی لە ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ و تاراندا بابەتی بڵاوکردۆتەوە، بە تورکی شیعری سەرکەوتوی نوسیوە. ماوەی چوار ساڵ خاوەنی ئیمتیازی غەزەتەی (رسملی کتاب)ی تورکی بووە. لەم غەزەتەیەشدا وەک دەردەکەوێت دەوری سەرەکی هەبووە. (سەرچاوەی پێشوو: ٧٢) ، بابەتەکانی ئەم ڕۆژنامەیە (سیاسی، یەکێتی ڕیزەکانی کورد، بایەخدان بە خوێندەواری و پەروەردە، یەکێتی گەلانی عوسمانی، پتەوکردنی پەیوەندی کورد لەگەڵ  گەلانی تر و ئاشتبونەوە لەگەڵ ئەرمەن، بابەتی ئەدەبی) بووە. پیرەمێرد جگە لە کاری ڕۆژنامەکە بابەتە ئەدەبییەکانی خۆیشی لە هەمان ڕۆژنامەدا بڵاوکردۆتەوە " لە ژمارە (٢)ی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەیی (١٩٠٨) شیعرێکی پیرەمێرد بڵاوکراوەتەوە، کە گرنگییەکی ئەدەبی هەیە چونکە لەوانەیە یەکەمین نوێکردنەوەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعری کوردی بێت. شیعرەکەی پیرەمێرد بەم شێوەیە دەست پێ دەکات.

لەسەر بەردێ هەڵۆیە

هەوای سەیرو شکاری کەوتەسەر تا کەوتە سەر عالەم

هەواییێکی غروری کەوتە سەرخۆی زۆر لەبەرز زانی"(تاهیر و حمید،٢٠١٣: ٨)

### 2. ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد(١٩١٣)

ڕۆژی کورد یەکەمین ڕۆژنامەیە لەلایەن کۆمەڵە خوێندکارێکی ڕۆشنبیرەوە لەئەستەنبوڵ دەرکراوە، کە پارتێکی سیاسییان دامەزراند بە ناوی (کۆمەڵەی هێڤی)، بێگومان سەرهەڵدانی کۆمەڵە و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لەپاڵ ڕەوتی سیاسیدا بایەخیان بە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش  داوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری،  بۆ نمونە ( قەڵەم بەر لەشیر) ناونیشانی ئەو وتارەیە، لەلایەن ئەم کۆمەڵەیەوە لەڕۆژنامەی ڕۆژی کورد، لەساڵی ١٩١٣دا بڵاوکرایەوە و هۆی دواکەوتن و گیرۆدەیی کورد لەوەدا دەبینێ بایەخیان بە شیرداوە نەک قەڵەم (مەزهەر، ٢٠٠١: ١٦٤) هەروەها "ڕۆژی کورد وەکو یەکێک لە پێشەنگەکانی ڕۆژنامەوانی لەچەند لایەنێکەوە جێگای تایبەتی هەیە لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردیدا، یەکەم وەکو هۆیەکی گرنگی بڵاوکردنەوەی هۆشی نەتەوەیی، دووەم بۆ تێگەشتن لە جۆری بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی هەڵبژاردەی کوردی ئەو قۆناغە، وەکو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ زانینی چالاکییەکانی یەکەمین ڕێکخراوی خوێندکاری کورد (جڤاتا هێڤی فەقێی کوردان)" (ئەمین،٢٠٠١:١٢٦).

### 3. ڕۆژنامەی کوردستان (١٩١٧)

ئەم ڕۆژنامەیە "حەفتەیی پیلانی {پلان} ئەدەبی بووە، لە ئەستەمبوڵ موحەمەد میهری یەکەم ژمارەی لە ٢٥ ربیع ئاخر ١٩١٧ میلادی دەرکردووە، لە پاش ئەوە ٣٧ ژمارەی لێ دەرچوە، لە ٧ ڕەجەبی ١٩١٨دا داخرا"(سەججادی،١٣٨٩: ٥٨٧). جەمال خەزنەداریش لە کتێبی (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی)دا هەمان زانیاری داوە و بەشێوەیەکی کورتتریش باسی لەم ڕۆژنامەیە کردووە. ناوی ئەم ڕۆژنامەیە هەمان ناوی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە و لەهەمان شوێنیش بڵاوکراوەتەوە، بەڵام مێژووی بڵاوبونەوەی کاتی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٨) بووە. کەچی سەججادی مێژووی داخرانی ڕۆژنامەکەی بەو ڕێکەوتە واتە (١٩١٨) دیاری کردووە.

### 4. ڕۆژنامەی ژین (١٩١٩)

دوای ڕاگرتنی جەنگی جیهانی یەکەم، بەهۆی ئەو ئومێدەی بە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هەبووە، کە گوایە لە دوای کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی، مافی نەتەوەی کورد دەدەن، ڕۆشنبیرانی کورد کەوتنە جموجۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بەوە بوو ڕۆژنامەیەک بکەن بە هاوشانی تێکۆشان لەبوارە جیاجیاکاندا، بۆیە ڕۆژنامەی (ژین) دەرکرا. ڕۆژنامەی ژین سەرەتا بە شێوەی گۆڤار دەرچووە، هاوشێوەی دەنگی گێتی تازە، دواتر بوو بە ڕۆژنامە. ژمارە (١) لە تشرینی دووەمی (١٩١٨)، حەڤدە ڕۆژ دوای ڕاگرتنی یەکەمین جەنگی جیهانی، ژ ٢٥ی لە٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩دا لەئەستەمبوڵ دەرچووە. ژین تا ژ ٣٤ی گۆڤار بووە، ئیتر لەوە بە دواوە بە شێوەی ڕۆژنامە دەرچووە، لە ڕۆژنامەکەدا وتراوە "ژین بۆ مەنفەعەتی ماددی دەرناچێت ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانینە لەسەر ژیانی مێژوویی کورد، مافە نەتەوەییەکانی، ئەدەبیات و کۆمەلایەتی کە چەند سەدەیە پشتگوێ خراوە، بە باوەڕی ئێمە بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیش لەناو کۆمەڵەی گەلان دا جێگای خۆی بگرێت ئەبێ خەباتێکی ئەوتۆی بۆ بکرێت، کە لەگەڵ تێگەشتنی ئێستادا بگونجێت. ئەزانین کە ئەم تەقەلایەی ئێمە خەباتێکی زۆر سەختی ئەوێ. بەڵام کە ئەم ئەرکە گرانەمان گرتە ئەستۆ بەڕاستی ئومێدمان بە یارمەتی و کارئاسانی نەتەوەی کوردبوو، کە لەپێناوی گەلەکەی دا هەمیشە بە قبوڵکردنی گەورەترین فیداکاری ناسراوە، سەرکەوتنیش لە خواوەیە"... (ئەمین،٢٠٠٢:٣١). لەم پەیامەی ڕۆژنامەکەدا دەردەکەوێت، کە ئامانجی سەرەکی خزمەتکردنی گەلی کورد و بە دەستهێنانی مافەکانیەتی لەچوارچێوەی دروستبونی دەوڵەتی کوردی و ڕزگاربوونی لەژێر دەستەیی. ڕۆژنامەکە باسی لە ئەدەبیاتی کوردی کردووە، شیعر و چیرۆک و وتار لە لایەن ئەندامە دیارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەوە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، بۆ

نمونه عبدالرحیم ڕەحمی هەکاری وەک شاعیر و نووسەرێکی دیاری ئەو سەردەمە بەرهەمەکانی خۆی تێدا بڵاوکردووەتەوە.

## سێهەم: ئەو ڕۆژنامانە و گۆڤارانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچوون

1. **گۆڤاری کوردستان، ورمێ (١٩١٢):**

لەناو پۆلێنکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین، ئەوەیە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق و کوردستاندا چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک بە پێی شوێن و ساڵی بڵاوبوونەوەیان لە هەمان ناوچە دووبارە بە ناوی جیاوازەوە دەرکراون، بەڵام لەکوردستانی ئێران تەنها ناوی یەک شوێن هێنراوە. ئەمە وای لێکردین لە هەوڵی بە دەست هێنانی زانیاریدا بین بە دوای ئەم گۆڤارەدا تا گەشتین بەوەی، میسیۆنێرەکان یەکەم هەنگاوییان لەمەیدانی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئێراندا ناوە، وەک مینۆرسکی باسی دەکات لە سابڵاخ (مهاباد) بە یاریدەی دەزگا ئەڵمانییەکان گۆڤارێکی بچوک بە ناوی (کوردستان)ەوە، یەکەم ژمارەی لە ساڵی١٩١٤ دەرچووە. لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیسماعیل ئاغای سمکۆی شکاک دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ڕۆژنامەیەکی تر دەرچووە بەناوی (ڕۆژی کورد- شەوی عەجەم ) هەر ئەو ڕۆژنامە ناوی گۆڕا بە (ڕۆژی کورد)، پاشان بە (کورد) (مەزهەر، ١٩٧٨:٧٩)

سەرنجی ئێمە لە سەر ئەم نووسراوە ئەوەیە، لە کوردستانی ئێران تاساڵی ١٩٤٣ تەنها دوو ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون، یەکەمیان لەلایەن بێگانەوە سەرپەرشتی کراوە و ساڵی ١٩١٤ دەرچووە، هەر هەمان گۆڤار (جەمال خەزنەدار) ساڵی ١٩١٢ی بۆ دیاری کردووە. جگە لەوەش دەڵێت لەلایەن عبدالڕەزاق بەگ بەدرخانەوە دەرکراوە، بەڵام لە تێگەشتنی ڕاستیدا (کمال مەزهەر) دەڵێت عبدالڕەزاق هەوڵی داوە ڕۆژنامەیەک دەربکات هەتا مردووە ئەو ئاواتەی نەهاتۆتە دی، گۆڤاری ناوبراو لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە دەرکراوە.
بە شێوەیەکی گشتی، تا ساڵانی دەرچونی دەنگی گێتی تازە، دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار لە کوردستانی ئێران گەلێ سست و لاوازبووە، بەڵام دواتر ڕۆژنامەی نیشتیمان و چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تر بە دوایدا بڵاوبوونەتەوە.

## چوارەم: ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە عێراق دەرچوون

1. بانگی کورد (١٩١٣یان١٩١٤)

گۆڤارێکی وێژەییە، لە بەغدا پانزە ڕۆژ جارێک لەلایەن (جمال بابان)ەوە بەزمانی کوردی و تورکی ژمارەیەکی بڵاودەکرایەوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٢٦-١٢-١٩١٣دا بڵاوکراوەتەوە، کە بریتی بوو لە ٢٤ لاپەڕە. لە دوای بڵاوکردنەوەی ژمارە (٥) گۆڤارەکە لە دەرچوون وەستا، چونکە جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد و خاوەنەکەی چووە بۆ ڕیزەکانی لەشکر. (جباری،١٩٧٠: ٨١)

بەڵام نەوشیروان مستەفا ڕای جیاوازی هەیە، دەڵێت: "بڵاوکراوەیەکی کوردی- تورکی نیومانگی بووە، جمالەدین بابان لە بەغداد دەریکردووە، ژمارە ١ ی لە ٢٦ کانونی دووەمی ١٩١٤ دەرچووە بە هەر (٤) ژمارەکەی ٩٦ لاپەرەیە. لەگەڵ یەکەم جەنگی جیهانی دا وەستاوە. (ئەمین، ٢٠٠١: ٢٦)

لە بەراورد کردنی ڕای نووسەرەکاندا جیاوازی لەخستنەڕووی (ساڵی دەرچوون ، ژمارەی لاپەڕەکان ، ژمارەی گۆڤارەکە) دا هەیە. جگە لەوەش جمال خەزنەدار بە (ڕۆژنامە) ناوی بردووە، بەڵام جبارجباری بە (گۆڤار)و نەوشیروان مستەفا بە (بڵاوکراوە) ناوی بردووە.

گرنگی ئەم گۆڤارە لەوەدایە بۆ یەکەمجار ئەدەبی مناڵانی کورد لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا پەیدا دەبێت و سروودی (بۆ شاگردانی مەکتەب)ی زێوەر لە ژمارە چواری گۆڤارەکەدا بڵاودەبێتەوە. بەمە بناغەیەک بۆ شیعری فێرکردن و پەروەردە لە ئەدەبی کوردی دادەمەزرێ. (تاهیر و حمید،٢٠١٦: ٩).

2. ڕۆژنامەی تێگەشتنی ڕاستی (١٩١٨)

بەو پێیەی کمال مەزهەر ساغی کردۆتەوە، لەشاری بەغداد لەلایەن میجەرسۆن و شوکری فەزڵییەوە سەرپەرشتی کراوە، لەسەر ژمارەی ڕۆژنامەکە ڕای جیاواز هەیە هەندێک پێیان وایە (٦٥) ژمارەی لێدەرچووە، کمال مزهەر ئەوەشی باسکردووە، کە (٦٧) ژمارەی لێدەرچووە نەک (٦٥) ئینگلیز لەدەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیەشدا مەبەستی بووە کورد بە لای خۆیدا ڕابکێشێ، هەمان نووسەر دەڵێت: "ئینگلیز بە زەڕەبینی قانون و عەدالەت تەماشای حەق و حەقیقەت دەکەن ئەو زەوییانەی کە جاران سێ یەکێکی لەبەر زوڵم نەدەچێنرا ئەمڕۆ هەموو سەوز ئەکاتەوە، حکومەتی موعەزەمی بەریتانیا گەنم و جۆیەکی زۆری بە فەلاحەکان داو ئیشی تەواو بۆ ئاسان کردن بەم جۆرە و لەسایەی ئینگلیزدا هەموان عومرێکی ئاڵتونین و زیوین ڕادەبوێرن"(مەزهەر،١٩٧٨: ١١٣). کەواتە وەک دەردەکەوێت ئینگلیز بۆ ڕاکێشانی هەستی گەلانی ناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ناشیرینکردنی عوسمانییەکان لای ئەو گەلانە، دەستی هاوکاری و میهرەبانی بۆ گەلانی عێراق و کوردستان ڕاکێشاوە و خۆی بە دڵسۆز نیشان داوە.

لە سەروتاری ژمارە (٢)دا ناوەڕۆکی ئەم مەبەستە بە ڕوونی خراوەتەڕوو و تیایدا هاتووە: (کوردستان چ خێرێکی لەڕۆم یان یەعنی لە تورکان دی) یان (تورک بەعەمەلی کورد و ئەقوامی تر نایە) (سەرچاوەی پێشوو، ١١٤). جگە لەوەی باسکرا ڕۆژنامەیەکی گرنگ بووە و لە بارەی (ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕیپۆرتاج، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنوسی، وتار، زمان و مێژوی کورد و ئەدەبی کوردی)یەوە بابەتی بڵاوکردووەتەوە، هەروەها ڕۆژنامەیەکی وێنەیی و هەواڵی بووە.

### 3. ڕۆژنامەی دیاری کوردستان (١٩٢٥)

ئەم ڕۆژنامەیە "لە شاری بەغدا بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی دەرکراوە گۆڤارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و وێنەیی هەفتانە بوو لەلایەن ساڵح زەکی ساحیبقڕانەوە دەردەچوو یەکەم ژمارەی لە١١ی مارتی١٩٢٥ هەتا ڕۆژی ١١ی مایسی ١٩٢٦ بە شانازییەوە ١٦ ژمارەی خستۆتە بەردەست ئەم گۆڤارە لە تەمەنی یەک ساڵیدا ئەوپەڕی خزمەتی بە گەل و نیشتیمانی کورد پێشکەش کردووە بە زۆری بایەخیدا بە وتاری کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و سەرگوزەشتەی ژیانی ناودارانی کورد و هاندانی هۆنراوەی کوردی و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناوخۆ و دەرەوە، بڵاوکردنەوەی گیانی نەتەوەیی لە هەست و هۆشی ڕۆڵەکانی کوردا . گرنگیدان بە سەرکردە و قارەمانانی کورد، وێنەی سەلاحەدینی ئەیوبی لەسەر بەرگی یەکەم ژمارەی نەخش کرابوو" (جباری،١٩٧٠: ٨٨). دیاری کوردستان لێرەدا بە گۆڤار ناوبراوە، جەمال خەزنەدار لە کتێبی (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی)دا هەمان ئەم زانیارییانەی داوە، بەڵام بە ڕۆژنامە ناوی بردووە.

ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی لە دەرەوەی کوردستان و ناوەوەی کوردستان لەپێناو کورددا دەرکراون و بەهۆی نەبوونی حکومەتی سەربەخۆی کوردییەوە، بە ئابونە بەڕێوە براون. بۆ نمونە لە ژ ١٦ی دیاری کوردستاندا لەژێر سەردێڕی (بۆ هەموو براو خزمان)دا نوسراوە "دیاری کوردستان بەحەسەبی وەزعیەت و نەفاسەتی، مەسرفی لە ئەمسالی گەلێ زیاترە بۆ کەس زەرەری نەبووە بۆ خێر و نەفعی میللەت و ئەمسالی تەئسیر و خزمەتی بووە. وەک دائیمەن گوتومانە ئەمە هی خۆمانە و بۆ خۆمانە و بەغیرەتی برا و خزمانە. حسێن ئەفەندی تەحسیلدارمان بە عائیدات بۆ دەرەوە نارد زۆر ڕەجا ئەکەین تەخیری مەکەن"(ئەمین،٢٠١٣:٣٥٤) .

## 4. گۆڤاری پەیژە (١٩٢٧)

ئەم گۆڤارە بەوە ناسراوە، کە "گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و میللی بووە، مستەفا شەوقی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٢٧ دەری کردووە، تەنها یەک ژمارەی لێدەرچووە"(خەزنەدار،١٩٧٣:٣٤). هەر سەبارەت بەم گۆڤارە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "لە بەغدا هەندێ بڵاوکراوەی تر دەردەچوو ئەگەر چی هەندێ لە نووسەران لەڕیزی گۆڤاردا ڕیزیان کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی مەرجەکانی کاتنامەیان تێدا نییە، ئەوانە بە گۆڤار و ڕۆژنامە دانانرێن.... ڕەنگە ڕاستتر وابێت ئەم جۆرە بڵاوکراوانە بە (کەشکۆڵ) یان (ئەنتۆلۆجی) ناو ببرێن، چونکە کورتکراوەیەکی تێکەڵاوە لەبابەتی جۆراوجۆر... وەک (پەیژە، یادگاری لاوان-دیاری لاوان" (ئەمین،٢٠٠٢:٣٢٦). واتە ئەم نووسەرە گۆڤاری (پەیژە)ی خستوەتە ڕیزی کەشکۆڵ و گوایە کاتنامەی تێدا نییە، بەڵام ئێمە ڕای پێچەوانەمان هەیە، چونکە ئەم گۆڤارە خۆی یەک ژمارەی لێدەرچووە، بۆیە پێویستی بە ڕیزبەندی کاتنامە نییە و هەر بە گۆڤاریش دادەنرێت، چونکە گۆڤارێکی تریشمان هەیە لە سلێمانی دەرچووە و لە پۆلێنکردنی دواتردا باسمان کردووە، بەهەمان شێوەی گۆڤاری پەیژە ئەویش بە گۆڤار دانراوە و تەنها یەک ژمارەشی لێ دەرکراوە. (یادگاری لاوان و دیاری لاوان)یش دوو ژمارەی سەرەتایان بە ناوی (دیاری لاوان)ەوە بووە و دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بە (یادگاری لاوان) و ئەو زانیارییانەی لەناو یادگاری لاوان تۆمارکراوە لە ناوەکەی، شوێن، چاپخانە بە زمانی کوردی، ناوی ئەو کۆمەڵەیەی گۆڤارەکەیان دەرکردووە، ساڵی دەرکردنی بە ژمارەی ئینگلیزی. واتە بەبێ هیچ ئاماژەیەک، ڕوونیبکاتەوە ئاخۆ گۆڤار یان کتێبە یان ڕۆژنامەیە. (عومەر،٢٠٠١:٥٧). گرنگی یادگاری لاوان و دیاری لاوان لە لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلدا خراوەتەڕوو و ئەوەی ڕوونکردۆتەوە لەلایەن کۆمەڵەی (لاوانی کورد) لە بەغدا کۆمەڵە خوێندکارێک بوون بۆ ناوەکانیان زیاتر ڕەمزیان بەکارهێناوە، ئەم کۆمەڵەیە لەڕێگای بڵاوکراوەکەیانەوە پەیامی نوێبوونەوەیان گەیاندوە. (ساڵح، ٢٠٠٥ : ٥). ئێمەش هاوڕای ئەم نووسەرە دەڵێین (یادگاری لاوان) و (دیاری لاوان) بە ڕۆژنامە و گۆڤار دانانرێن و بڵاوکراوەن، چونکە دەستەی نووسەرانی هیچ ئاماژەیەکیان نەداوە، ئایە گۆڤارە یان ڕۆژنامە. بۆیە بە بڵاوکراوە دادەنرێت.

## 5. گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩)

گۆڤاری گەلاوێژ لە شاری بەغدا لەلایەن نووسەرانی کورد( ئیبراهیم ئەحمەد، عەلادین سەججادی، شاکر فتاح ...) بڵاوکراوەتەوە، ڕۆڵێکی زۆر باشی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و بایەخی زۆری پێداون و بەرەوە پێشەوەی بردوون. بۆ نموونە (شیعری شاعیرانی

کلاسیک و شاعیرانی نویٚ به هەموو مەبەستەکانی وەک شیعری سیاسی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی، غەزەل و دڵداری، ستایش و پیاهەڵدان، شیوەن .....هتد شیعری عەرەبی و بێگانە، چیرۆکی کوردی، پەخشان و وتاری سیاسی و نیشتیمانی، وتاری کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ئەدەبی، وتاری ئاینی و تەندروستی و زانستی، ژیاننامە.....هتد) لەم گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە و سەلمێنەری ئەوەن، گۆڤارێکی تەواو ئەدەبی بووە. لە هەمان کاتدا لەبەرئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەڵقوڵاوی کۆمەڵگا و سەردەمی خۆیانن، ئەوا لە لایەنی سیاسیش بێبەش نەبوون.

## پێنجەم: ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە کوردستانی عێراق دەرچوون

### 1. ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠)

سەبارەت بە ڕۆژنامەی پێشکەوتن دەوترێت "یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەسلێمانی دەرچوو پێشکەوتن بوو، پێش یەکەم ڕۆشتنی ئینگلیز لە سلێمانی وەستا"(عونی،١٩٣٩:٣٧١). یەکەم ژمارەی لە (٢٩)ی نیسانی (١٩٢٠) دەرچووە و لە ئەیلولی هەمان ساڵ وەستاوە. واتە ئەگەرچی تەمەنێکی کورتی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوارێکی باش بوو بۆ نووسەر و هۆنیارانی ئەو ناوچەیە، بۆ ئەوەی دەنگییان بگەیەننە هاوڵاتیان و ڕادەی بیرو هۆش و سۆزییان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگاتە دەستی خوێنەر و کاری خۆی بکات لە گۆڕانی واقیع و بارودۆخی گشتی. لە ڕێگەی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەوە بۆ یەکەم جار هۆنراوە لەسنوری حوجرە و مزگەوتەکان بە شێوەیەکی فراوان دەرچوو. واتە بوو بە هۆی بڵاوبونەوەی هۆنراوەی هاوچەرخ و ئەدەبیاتی چاپکراوی نویٚ. پێشکەوتن ڕۆژنامەیەکی گشتی بوو، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕای دەردەبڕی و هانی خەڵکی دەدا بەرەو ڕوناکبیری و پێشکەوتن. (ڕەحیم، ٢٠٠٣: ٧٧)

### 2. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان (١٩٢٢)

لە کاتی دەستبەسەرکردنی شێخ مەحمود و دورخستنەوەی، ئینگلیز حوکمی ناوچەی سلێمانی گرتە دەست و بۆ کۆنترۆڵکردنی دەستیان کرد بە چاکسازی. یەکێک لەو چاکسازییانە دانانی کوردێک بوو بە ناوی (حەمدی بەگ نەوەی سلێمان پاشای بابان) لە شوێنی شێخ مەحمود، بەڵام هاونیشتیمانیان لە دەسەڵاتی ئینگلیز ناڕازی بوون و لەو سەروبەندەدا و لە کاتی جۆش و خرۆشی لایەنگرانی شێخدا، کۆبونەوەیەکی فراوان کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵەیەکی سیاسی بە ناوی (جەمعیەتی کوردستان) بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشای یامولکی دامەزرێنرا. هاوکات لەسلێمانی ڕۆژنامەیەکی هەفتانەش کرا بە زمانحاڵی جەمعیەتەکە بە ناوی

(بانگی کوردستان). پاشان دوای فشاری جەماوەر شێخ هێنرایەوە و دواتر کرا بە سەرۆکی (جەمعیەتی کوردستان) و دەستی کرد بە ڕێکخستنی کاروباری ناوچەکە لەڕوی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە. (ساڵح، ٢٠٠٦: ٣٤٣)

شایەنی باسە ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بابەتی شیعر و بابەتی نووسەرانی کوردی بە زمانی فارسیش بڵاوکردۆتەوە، هەفتەی جارێک لە شاری سلێمانی بە زمانی (کوردی و فارسی و تورکی) لە لایەن جەمعییەتی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە و چەند نووسەر و شاعیرێک سەرپەرشتییان کردووە. هەروەها ئاگاداری و وتاری لەبارەی ڕوداوەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، هەوڵی گەشەپێدانی زانست و زانیاری داوە و بابەتی نەتەوەیی و نیشتیمان پەروەری بڵاوکردۆتەوە. (حسێن، ٢٠٠٨: ٣٤٣)

### 3. ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان (١٩٢٢)

یەکێکی ترە لەو ڕۆژنامانەی لەسەردەمی حکومەتەکەی شێخ مەحموددا لە دوای ڕۆژنامەی بانگی کوردستان لەسلێمانی دەرچووە، هاوزەمان بووە لەگەڵ ڕوداوەکانی ئەو سەردەمەدا "ڕۆژی کوردستان جگە لەوەی تۆمارێکی بە نرخی ڕوداوەکانی سەردەمی خۆیەتی، ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچونی هەڵبژاردەی کورد و ئاواتەکانیانە لە بواری سەربەخۆیی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەیی دا، ئەمیش کە سێیەمین ڕۆژنامەی سلێمانی یە یەکێکە لە پێشەنگە دامەزرێنەرەکانی قوتابخانەی سلێمانی" (ئەمین،٢٠٠٢:٢٢٨)

پێویستە بڵێین کاتێک ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) دەرچووە (شێخ نوری شێخ ساڵح) یەکێک بووە لە دوو نووسەرەکەی بەشی کوردی و فارسی و تا ژمارە (١٣) لەو ڕۆژنامەیەدا کاری کردووە، هەروەک لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا نووسیویەتی دوای بانگی کوردستان بووە بەخاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان.

### 4. ڕۆژنامەی بانگی حەق (١٩٢٣)

لە هەلومەرجی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان شێخ مەحمود و هێزەکانی ئینگلیزدا فڕۆکەی بەریتانی ناو شاری سلێمانیان بۆردومانکرد. هەر لەو ڕۆژەدا دوا ژمارەی (ڕۆژی کوردستان) دەرچوو. دوای ئەوە "شێخ مەحمود سلێمانی بە جێهێشت، لەگەڵ هێزەکەی ڕووی کردە ناوچەی سورداش لەگەڵ خۆی چاپخانەکەی هێنابوو، لەئەشکەوتی جاسەنە دایمەزران لە ٢٨ی مارت ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی بانگی حەق لەو ئەشکەوتە، لەشاری سلێمانی دەرچوو. لەژێر ناوەکەیدا نوسراوە (ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق، سیاسی، ئەدەبی،

ئیجتیماعی، غەزەتەیەکی ڕەسمییە، لەقەرارگاهی عمومی ئۆردوی کوردستان تەبع دەکریٚ، غایە و ئەمەلی ئیستیحسالی حقوقی کوردانە" (ئەمین، ٢٠٠٢: ٢٣٤)

بێگومان هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێک دەردەکرێت، پێویستی بە ئامێری چاپکردن هەیە بۆ نووسینەوەی بابەتەکانی. لێرەدا دەمانەوێت تیشکێک بخەینە سەر ئەو چاپخانەیەی شێخ مەحمود لە ئەشکەوتی جاسەنە بانگی حەقی پێدەرکردووە "هەمان چاپخانەیە میجەرسۆن لەسالی ١٩٢٠ هێنایە سلێمانی و پێشتر ڕۆژنامەی (پێشکەوتن و بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان) لەناو شاردا ، پاشان (بانگی حەق)ی لەئەشکەوتی جاسەنە، دیسان دوای هێنانەوەی بۆ سلێمانی تاقە ژمارەیەکی (بانگی کوردستان) و ئەم دەورەی سێیەمەشی (ئومێدی ئیستیقلال)ی پیٚ لەچاپدرا، ئەمە جگە لە چاپکردنی پسولە و ئەوراقی تری دائیرەکان" (سالح، ٢٠٠٤: ٣٢). ڕۆڵ و گرنگی ئەو چاپخانەیە لە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکی ڕۆژنامەی کوردی و بەرەو پێشبردنی زۆر بەرچاوە.

### 5. ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال (١٩٢٣)

ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری و وێژەیی هەفتانەیە، بە کوردی لە جێگای (بانگی حەق) دەرئەچوو، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٣ لە سلێمانی لەلایەن ئەحمەد سەبری یەوە دەرچووە لە ژمارە (٤ هەتا١٤) ڕەفیق حلمی سەرپەرشتی دەرکردنی دەکرد، لە دواییدا مامۆستا حسێن نازم هەتا دوا ژمارەی کە ژمارە ٢٥ بوو بە ڕێکوپێکی هەڵیسوڕاندووە. ئەم ڕۆژنامەیەش زمانحالی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی نەمر بوو لەخزمەت نواندن درێخی نەکرد (جباری،١٩٧٠: ٨٦).

### 6. ڕۆژنامەی ژیانەوە (١٩٢٤)

ڕۆژنامەی ژیانەوە یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی تر لەشاری سلێمانی دەرچووە. گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی کۆن و نوێی کورد، وەک (حاجی قادری کۆیی، زێوەر، فایەق بێکەس، شێخ نوری، پیرەمێرد.....هتد) داوە. هەر چەندە زمانی نووسینەکانی کوردی پەتی نەبووە وشەی عەرەبی و بێگانەی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ناوەڕۆکی نووسینەکانی خزمەتکردنی کورد و کوردستان بووە "نووسەرەکانی بە بەرهەمە بەرزەکانیان سامانی ئەدەبی کوردییان دەوڵەمەند کردووە و لە نووسینەکانیاندا گەلێک لە وەڵامی پرسیارە گرنگەکانی ئەو ڕۆژگارە بەرچاو دەکەون، چونکە هەموویان عەودالی ئازادی و سەرفرازیی گەل و نیشتیمان بوون، دڵسۆزانە بەرەنگاری کێشە و گریٚ کوێرە ڕامیارییەکان و دەردە

کوشندەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری بونەتەوە، هەموویان ڕوناکی پەروەربوون، خوێندن و خوێندەواری بە لایانەوە تاکە دەرمانی چارەسەر کردنی کێشە و دەرد و ئازارەکانی نیشتیمان بووە" (جاف،٢٠٠٤:٩٠)

### 7. ڕۆژنامەی ژیان (١٩٢٦)

ڕۆژنامەیەکی کوردییە و لە شاری سلێمانی دەرچووە، چەند نووسەرێک بە دوای یەکتریدا سەرپەرشتییان کردووە . سەر نووسەر و دەستەی نووسەرانی دیاریکراو و هەمیشەیی نەبووە، بابەتی هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و وتار و لێدوان و زمانی نووسینی تێدا بڵاوکراوەتەوە "ئەگەر چی ژیان چەند جارێ باسی بژاری زمانی کوردی کردووە لەژمارە ٤٥ دا هەواڵی پێکهێنانی کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە...... بەڵام ژیان خۆی لەم قۆناغەدا بەهیچ جۆرێک گوێی نەداوەتە پاکی و پاراوی زمانی نووسینەکانی. ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی بەکارهێناوە، کە دەیتوانی لەباتییان وشەی کوردی باو بەکاربهێنێ، هەروەها هەندێ وشەی لە زمانە ئەوروپییەکانەوە وەرگرتووە بەڵام بە فۆنەتیکی تورک نووسیونی و کافەکانی کردووە بەقاف" (ئەمین،٢٠٠٢:٣١)

لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی ڕۆژنامەی ژیان لەبواری (مێژووی سیاسی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی، مێژووی پەروەردە و خوێندن، مێژووی کۆمەڵایەتی)دا دەردەکەوێت. بۆ نمونە مێژووی سیاسی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق، هەواڵەکانی شۆڕشی شێخ محمود و پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز و عێراق، ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری و کاریگەری لەسەر کوردستان، مێژووی ئەدەبی و بانگەوازی بۆ زیندوکردنەوە و چاپکردنی بەرهەمی شاعیران کردووە، گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و نوێکردنەوەی شیعری کوردی داوە. جگە لەمانە بایەخی بە پەروەردە و خوێندن و مێژووی کۆمەڵایەتی داوە، وەکو داکۆکی لە ژن، داکۆکی لە جووتیاران، چاککردنی ژیانی دانیشتووانی لادێ، کردنەوەی مەکتەب، سیستەمی پەروەردە و پرۆگرامەکانی خوێندن... هتد (سەرچاوەی پێشوو،٣٥)

### 8. گۆڤاری زاری کرمانجی (١٩٢٦)

دروشمەکەی (گۆڤارێکی ئیجتیماعی، تاریخی، فەنی، ئەدەبی، مانگانەیە) گەلێ وتاری لەبواری جۆراوجۆری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و زانستی بڵاوکردۆتەوە، تەنانەت وتاری سیاسیش، هەروەها هەواڵی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی تێدا بڵاوبۆتەوە، سەرباری گۆشەی چەسپاوی وەک چیرۆک و بزەی لێو و وتەی دانایان و نەخۆشییەکانی دەروون و هی دیکە.

هەروەها نووسینەکانی کوردین بەڵام گەلێ وشەی عەرەبی دەکەوێتە نێوانیانەوە، هیچ ڕەنگدانەوەیەکی تانوپۆی پەخشانی عوسمانی پێوە نەبووە، لەبەرئەوەی نووسەرەکەی زمانی تێکەڵەیەکی یەکگرتووی زار و شێوە زمانی وەکو کرمانجی ژوور و موکریان و ڕەواندوز و کۆیە و کەرکوک و سلێمانی بووە، دەرگای لەبەردەم دەوڵەمەندبوون و یەکێیەتی زمان کردۆتەوە. (عومەر،٢٠٠١: ١٤٩)

## 9. گۆڤاری ڕوناکی (١٩٣٥)

دەرچوونی ئەم گۆڤارە دەکەوێتە بەرواری ١٩٣٥/١٠/٢٤، گۆڤارێکی زانستی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی بووە یەکەمین گۆڤاری شاری هەولێرە، ١٥ ژمارەی لێدەرچووە، وێنەی لەسەر بووە، دوا ژمارەی لە ١٩٣٦/٧/١٦دا دەرچووە، حوسێن حوزنی موکریانی کاتێک چاپخانەکەی لە هەولێر دامەزراندووە ئەم گۆڤارەشی دەرکردووە (محمد،٢٠٢١: ٧٤).

سەبارەت بەم گۆڤارە جەمال خەزنەدار دەڵێت: سەرنووسەری شیت مستەفا بووە، ساڵی دەرچوون و کۆتایی هاتنی بە هەمان بەرواری سەرەوە ڕونکردوەتەوە. بوونی ئەم زانیارییانە تاڕادەیەک جیاوازن. نووسەرێکی تر سەبارەت بەم گۆڤارە دەڵێت: " لە بەرگی پشتەوەی هەموو ژمارەکاندا ئەم دەستەواژانە نووسراوە: ڕوناکی ئاکار و بەرنامەیەکی بەرزی هەیە ، ڕابردوو بە ئێستا دەبەستێتەوە، بە دڵێکی پاک بۆ یەکێتی عێراق خەبات دەکات، ڕوناکی ئەدەبیات و زانستی کوردان کۆدەکاتەوە، ڕوناکی مەعاریف بۆ کورد و کوردستان دەکات، ڕوناکی ئاکار و کەسێتی کورد تازە دەکاتەوە، ناوی ناودارانی کورد دەپارێزێ، ڕوناکی لە ژمارەکانی دا دیوانەکانی کۆن و ئێستا و قاموس و شێوەزارەکانی کورد، زانست و کۆمەڵایەتی بڵاو دەکاتەوە. خاوەنی (ڕوناکی) بەڕێوەبەری بەرپرسی (شیت مستەفا)ی پارێزەرە، نووسەرانیشی حوسێن حوزنی موکرییانی دوو لەسەر سێی بابەتەکانی ژمارە بەراییەکانی دەنووسێ.... ژمارە (١-٢)ی گۆڤارەکە لەچاپخانەی موسڵی نوێ لەموسڵدا چاپکراوە، ژمارە (٣-٦) لە ڕەواندز چاپکراون، دوای ئەوە تا ژمارە ١١ لە هەولێر چاپکراون، پاش ئەوەی حوسێن حوزنی چاپخانەکەی گواستوەتەوە بۆ شاری هەولێر" (عومەر،٢٠٠١: ١٥٧)

لە بەراوردی ئەو زانیارییانەی لەو سەرچاوە جیاوازانەدا خراونەتەڕوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەم گۆڤارە لەچەند شوێنی جیاواز دەرهێنراوە، لەشاری موسڵ و ڕەواندز حوسێن حوزنی سەر نووسەری بووە. دوای هێنانی بۆ هەولێر، (شیت مستەفا) سەرنووسەری گۆڤارەکەی لە ئەستۆ گرتووە. گۆڤارەکە (١١) ژمارەی لێ چاپکراوە نەک (١٥) ژمارە. دروشمی بەرگەکەشی گرنگی و پەیامی (ڕوناکی) تێیدا ڕەنگی داوەتەوە.

لەکاتی دەرچوونی گۆڤارەکانەوە تاوەکو سەردەمی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، (ڕوناکی) یەکەم گۆڤارە مۆمی تەمەنی لە شاری هەولێر بکوژێنێتەوە. هەروەها لە ڕەواندزیش تەنها (زاری کرمانجی خوارو) دەرکراوە. بە هەوڵ و کۆششی حوسێن حوزنی موکریانی بناغەی ژمارەکانی هەر دوو گۆڤارەکە دانراوە، زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تر تا ئەو کاتەی سەردەمی دەنگی گێتی تازە لە شاری سلێمانی دەرچوون و لەم ڕووەوە سلێمانی پشکی شێری بەرکەوتووە لەدەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا.

### 10. ڕۆژنامەی زبان (١٩٣٧)

ئەم ڕۆژنامەیەش لەلایەن ساڵح قەفتانەوە لە شاری سلێمانی لە مانگی ئەیلولی ١٩٣٧یەکەم ژمارەی دەرکراوە، هەتا مانگی کانونی دووەمی١٩٣٧ هەر لە کۆششدا بووە. بە زۆری بابەتی چیرۆک، وەرگێڕان، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، هۆنراوە، دەنگ و باسی گشتی بڵاودەکردەوە. مامۆستا شێخ محمدی خاڵ و ئەحمەد شوکری هاوکارییان دەکرد. (جباری،١٩٧٠: ٩٤)

لێرەدا مانگی ئەیلولی ١٩٣٧ دیاری کراوە بۆ دەرچوونی یەکەم ژمارەی، بەڵام عەلادین سەججادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا مانگی مارتی ١٩٣٨ی بۆ دەرکردنی یەکەم ژمارەی داناوە. هەروەها جبار جباری مانگی کانونی دووەمی ١٩٣٩ی بۆ کۆتا ژمارەی داناوە، کەچی جمال خەزنەدار دەڵێت ژمارە (٧٠)ی دوا ژمارەی ڕۆژنامەکە بووە لە ٢٩ی نیسانی ١٩٣٩ دەرچووە.

### 11. گۆڤاری زانستی (١٩٣٨)

لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە ئەم گۆڤارەش وەکو گۆڤاری پەیژە تەنها یەک ژمارەی لێدەرکراوە، گۆڤارێکی وێژەیی، مێژوویی بووە، لە شاری سلێمانی لە لایەن ساڵەح قەفتانەوە دەرکراوە. (خەزنەدار،١٩٧٣: ٣٨).

### 12. ڕۆژنامەی ژین (١٩٣٩)

ڕۆژنامەیەکی "حەفتەیی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، کوردییە لەلایەن حاجی تۆفیق پیرەمێردەوە یەکەم ژمارەی لە ٢٦ی کانونی ١٩٣٩ لە سلێمانی دەرچووە لە ١٩ی حوزەیرانی١٩٥٠ پیرەمێرد مرد (جەمیل سائیب) بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٥١جەمیل سائیب مرد (نوری ئەمین) سەروکاری ڕۆژنامەکەی بە ناوی مودیر مەسئولەوە کرد لە ژمارە (١١٠٦) ئەحمەد زرنگ بە ناوی سەروکاری ئیدارەوە خەریک بوو. لە ژمارە (١١٢٢) بەرلە تشرینی دوەمی ١٩٥٢ ئەکەوێ (گۆران ) بۆ نووسین و

ئەرکی ناوەوەی ڕۆژنامەکە لەگەڵ (نوری ئەمین) قۆڵیان کرد بە یەکا و ئێستا لە ژێر ئیدارەی ئەوان ئەو ڕۆژنامەیە ئیش دەکات" ( سەجادی، ٥٨٩:١٣٨٩). ئەم چەند دێڕە سەبارەت بە ژین بەپێی دەربڕینی هەندێک لە ڕستە و دەستەواژەکانی کاتێک نووسراوە نووسەر لە نزیکەوە ئاگاداری دەرچونی ڕۆژنامەکە بووە و هاوزەمانی خۆی بووە. ئەوەشی ڕونکردۆتەوە گۆرانی شاعیر لە کۆتاییدا ئەرکی ڕۆژنامەکەی گرتووەتە ئەستۆ. ئەوەی تێبینی دەکرێت چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارمان باس کردووە، ئەم ڕۆژنامەیە لە ناویاندا زۆرترین ژمارەی لێ بەرهەمهاتووە، لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە یەکجاری داخراوە. (عومەر،٢٠٠١: ٧٥).

## 13. ڕۆژنامەی خورماڵ و باسەڕە

کاتێک باس لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەین، ناکرێت دوو ڕۆژنامە فەرامۆش بکەین، کە دەکەونە ناو بازنەی ئەو ڕەوتەوە. لە سەردەمێکی نزیک لە پێش دەنگی گێتی تازە، دوو ڕۆژنامەی تر لە دوو ناوچەی جیاواز لەلایەن (شاکر فتاح)ەوە دەرکراون: یەکەمیان بە ناوی ڕۆژنامەی (خورماڵ)ەو ئەو کاتە شاکر فەتاح خۆی بەڕێوەبەری خورماڵ بووە، ژمارە (١)ی لە ڕۆژی ١٩٤٠/٦/٣ دەرچووە، بە گشتی (٢٤) ژمارەی لێ دەرچووەو لە ژێر ناوەکەیدا نووسراوە ڕۆژنامەیەکی مێژووییە. دووەمیان بە ناوی ڕۆژنامەی (باسەڕە) لە ١٩٤٢/٦/٢٥ دا لە ناحیەی قادرکەرەمی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ دەرچووە. (عومەر،٢٠٠١: ٧٥).

کاتێک لەم پۆلێنکردنە ورد دەبینەوە، دەبینین لە سەرەتاوە لە ناوچە جیاوازەکاندا ناو بڕ کەوتۆتە ساڵەکانی ڕۆژنامەگەرییەوە، چونکە ساڵی وا هەبووە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی تێدا دەرنەچووە هەروەکو کەمال مەزهەر دەڵێت: "دوای ئەوەی ڕوی شۆڤێنی سیاسەتی نەتەوەیی ڕژێمی تورکمانی لاو دەرکەوت چاپەمەنی کوردی دیسان گلۆڵەی کەوتە لێژی تا شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد سەرتاپای ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان داخران"(مەزهەر،١٩٧٨: ٧٦)، کەواتە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان لە برەو و پەرەسەندندا بوون، بە تایبەتی لە کوردستانی باشور و ناوچەی سلێمانیدا ڕۆژنامەگەری لە "بیستەکانی سەدەی بیست و لەشاری سلێمانی بەشێوەیەکی ڕێک وپێک و ئازاد و بەردەوام دەستی پێکرد، قۆناغی حکومەتەکەی شێخ محمود قۆناغێکی زۆر گەشی ڕۆژنامەگەری کوردییە و دوای ئەویش دەتوانین سەردەمی کۆماری مەهاباد دیسان بە قۆناغێکی تری ڕۆژنامەگەری لە قەڵەم بدەین. لە نێوان ئەم دوو سەردەمەشدا بێشک ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆرباش لە شارەکانی دیکە وەک گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە لەبەغداد دەردەچوون و

له هەولێریش گۆڤاری ڕوناکی و هەتاو و گۆڤاری دیکە دەردەچوون کە هەموویان بەیەکەوە مێژوویەکی پڕ شانازی بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی تۆمار دەکەن" (سەپان،٢٠١٥: ٨٧)

مەبەستی نووسەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە دوای دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لە ساڵی (١٩٤٦)ەوەیە، باسی سەردەمی زێڕینی ئەو کاتەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکات، کە دەکەوێتە دوای دەرکردنی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە. ئێمە لە باسکردنی ڕەوتەکەمان باسی پێش دەنگی گێتی تازەمان ڕونکردوەتەوە. هەروەها گۆڤاری (هەتاو)یش دوای دەنگی گێتی تازە دەرکراوە.

سەبارەت بەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دەرکراون دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەنووسان توانیویانە "ڕۆژنامە یا گۆڤارەکەیان بکەن بە کەشکۆڵی دەروێش، هەموو بابەتێکی تیا بنووسن لە هەموو شتێکی تێ بئاخنن بیکەن بە بڵند گۆی سیاسی، بە میحرابی مزگەوتەکان، بە پۆلی قوتابخانە، بە دیوانی ئەدەب، بە کتێبی مێژوو، بە مۆزەخانەی پاشماوەی کۆن، بە تاقیگەی زمانەوانی، بە پێشەنگای فۆلکلۆری، چونکە ئەگەر وایان نەکردایە شوێنی تر نەبوو ئەم بابەتە جۆراوجۆرانەی تیا بنوسرێ زۆریان ئەفەوتان و هیچیشیان نەئەگەشتە بەرچاوی خەڵک) (مەلاکریم،١٩٨٦: ٧٩) کەواتە کاتێ گۆڤاری دەنگی گێتی دەرچووە تاقیکردنەوەیەکی تاڕادەیەک باش لەبەردەستی ڕۆشنبیراندا بووە و شارەزاییەکی باشیان لە دەرکردنیدا هەبووە. خوێنەوارانی کوردیش تاڕادەیەکی باش بە گۆڤار و ڕۆژنامە ئاشناییان پەیداکردبوو. بوو بوون بە خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤا

## پاری سێیەم: ناساندنی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە

ئەگەر ڕوونکردنەوەیەک لەسەر وشەی (گۆڤار و ڕۆژنامە ) بکەین. ئەوا دەردەکەوێت لە زمانی کوردیدا وشەی (گۆڤار) بەرامبەر وشەی (magazine)ی ئینگلیزی (المجلة)ی عەرەبی دانراوە. (فرانک لوسرموت) دەڵێت گۆڤار بریتییە لە چاپکراوێکی بەرگدار بە شێوەی خولی دەردەچێت، ڕۆژنامەش بە هەمان شێوە ئامرازێکی گەیاندنی چاپکراوە بە شێوەی خول دەردەچێت. لە زمانی ئینگلیزی دا (news paper)ی بۆ بەکارهاتووە، لە زمانی عەرەبی وشەی (الصحافە)و لە زمانی کوردی دا وشەی (ڕۆژنامە)ی بۆ بەکار هاتووە. (سەلام،٢٠١٠: ١٠٨). ڕۆژنامە و گۆڤار کۆکردنەوەی هەواڵ و بابەتن، پەیوەندییان بە چاپ و بڵاوکردنەوەوە هەیە. تیشک خستنە سەر گۆڤار و ڕۆژنامە زیاتر بۆ نزیککردنەوەمانە لە مەبەستەکەمان ، دەنگی گێتی تازە ڕۆڵی گۆڤار و ڕۆژنامەی بینیوە و بە شێوەیەکی زنجیرەیی دەیناسێنین.

سەرەتا بە پێویستی دەزانین لەناوی گۆڤارەکەوە دەست پێبکەین، کە بریتییە لە (دەنگی گێتی تازە) و ناوێکە بە بینین و خوێندنەوەی لای هەر خوێندەوارێک  وا دەردەکەوێت هاوسەردەمی خۆیەتی، بەڵام بە خوێندنەوە و شارەزابوون لە ڕەوتی قۆناغەکە لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامە نووسییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی ساڵانی چلەکان ئەم گۆڤارە لە بەغداد بڵاوکراوەتەوە، ڕوناکبیرانی کورد وەک ڕوناکبیرانی هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهان دەمێکە هەوڵیان داوە نەتەوەی کورد ببێتە خاوەن گۆڤار و ڕۆژنامە، تا لە کاروانی شارستانییەت و پێشخستنی نەتەوەدا بە جێ نەمێنن. بەڕێوەبەرانی دەنگی گێتی تازە بە چەند خولێک و چەند بەرگێک بۆ ماوەی چەند ساڵێک درێژەیان بەم گۆڤارە داوە. ئێمە خولەکانی دەخەینە ڕوو و لە هەمان کاتدا کولتووری بڵاوکراوەکانی ڕوون دەکەینەوە.

### 1. خولی یەکەم

بەپێی چاپی ساڵی (٢٠١٠) ، کەچاپکردنەوەی گۆڤارەکەیە، خولی یەکەمی گۆڤارەکە لە چوار بەرگ پێکهاتووە، هەر بەرگێکیش لە شەش ژمارە پێکهاتووە، بەڵام پێنجەم بەرگ لە یەک ژمارە پێکهاتووە. دواتر لەخولی دووەمدا ئەو ژمارەیە لەبەرگی یەکەمی خولی دووەمدا نووسراوەتەوە، واتە خولی دووەم بووە بە درێژە پێدەری ژمارەکانی خولی یەکەم.

ئەوەی تێبینی کراوە لەبەرگی دووەمی ئەم خولەدا ژمارە (٤) هەڵە لە ڕیزبەندی ژمارەی لاپەڕەکانیدا هەیە، چونکە لە دوای لاپەڕە (٣٤٠) نوسراوە (٤٤١) و هەتا (٤٨٠) بۆ (٤٧٩) بەم شێوەیە ڕۆشتووە. دوای ئەوە بووەتەوە بە ژمارە (٣٨١) و ڕیزبەندییەکە ڕێک بۆتەوە. لە دوای لاپەڕە (٣٩٩) ژمارە (٤٠٠) هاتووە و ڕیزبەندییەکەی ڕێک بووەتەوە.

هەر لە لاپەڕە (٤٤١)ی بە هەڵە نووسراودا باسی لە چیرۆکێک کردووە، سەرەتای چیرۆکەکەی تێدا نییە، لێرەدا بووە هۆی دروستکردنی پرسیارێک، ئایا دەبێت ئەم چیرۆکە پوختەکەی باسی چی بکات؟ پاش گەڕان بە دوای زانیاریدا سەبارەت بەو چیرۆکە، دەرکەوت ئەو چیرۆکە لە هەمان لاپەڕەدا تەواو نەکراوە، بەڵام لە ژمارە (٤) دا بە ناونیشانی (پەیوەندی دڵ، وەفا، میهرەبانی، خۆشەویستی)یەوە نوسراوەتەوە، چیرۆکەکە باسی دوو کەسێتی دەکات بە ناوەکانی (پەریزاد و دلاوەر) لەلایەن حسێن حوزنی موکرییانیەوە نوسراوە.

لەم گۆڤارەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کاتێک بابەتێک پاشماوەی دێڕەکانی دەمێنێتەوە و لەلاپەڕەکەدا جێگای نابێتەوە، کاتێک چووە بۆ لاپەڕەی نوێ لەبری ئەوەی لە سەرەوەی لاپەڕەکە درێژەی پێبدرێت، لە بەشی خوارەوەی لاپەڕەکەدا لە سەرووی پەراوێز و حاشییەکاندا درێژەی پێدراوە و تەواوکراوە.

یەکەم ژمارە و کۆتا ژمارەی بەرگەکان و کاتی دەرچوونی ژمارەکانی خولی یەکەمی گۆڤارەکە بەم شێوەیە بووە:

| | | |
|---|---|---|
| ژمارە(١)ی بەرگی یەکەم / | تشرینی یەکەمی/ | ١٩٤٣ |
| ژمارە(٦)ی بەرگی یەکەم/ | مارتی / | ١٩٤٤ |
| ژمارە(١)ی بەرگی دووەم/ | نیسانی/ | ١٩٤٤ |
| ژمارە(٦)ی بەرگی دووەم/ | ئەیلولی/ | ١٩٤٤ |
| ژمارە(١)ی بەرگی سێیەم / | تشرینی یەکەمی / | ١٩٤٤ |
| ژمارە(٦)ی بەرگی سێیەم / | مارتی/ | ١٩٤٥ |
| ژمارە(١)ی بەرگی چوارەم / | نیسانی/ | ١٩٤٥ |
| ژمارە(٦)ی بەرگی چوارەم/ | ئەیلولی / | ١٩٤٥ |
| ژمارە(١)ی بەرگی پێنجەم / | تشرینی یەکەمی/ | ١٩٤٥ |

گۆڤارەکە تا ئێرە (٢٥) ژمارەی لێ دەرچووە بەشێوەی مانگانە، تەنها (٣) ژمارەی لەساڵی ١٩٤٣ دەرچووە. شایەنی ئاماژە پێکردنە سەرجەم ژمارەکانی ئەم خولی یەکەمە لەلایەن بەشی پەیوەندی گشتییەوە لە باڵیۆزخانەی بەریتانی لە بەغداد سەرپەرشتی کراوە. لە لاپەڕە سەرەتاییەکانی خولی یەکەم بەرگی یەکەم هەتا کۆتا ژمارەی، کە دەکاتە ژمارە (١)ی بەرگی پێنجەم، لە کلێشەی پێڕستی سەرجەمی ئەو ژمارانەدا ئەوە نووسراوە، کە باڵیۆزی بەریتانیا سەرپەرشتی و ئەرکی دەنگی گێتی تازەی لە ئەستۆ گرتووە (ساڵح وئەوانی تر،٢٠١٠). هەر سەبارەت بەمە تۆفیق وەهبی دەڵێت: "کاربەدەستانی ئینگلیز هاومەبەستی بوون ڕوویان لێناوە و ئامادەبوون ئەگەر ئەو کۆوارێکی کوردی بۆ پرۆپاگەندەی جەنگ دەربکات خەرجی بکێشن مەرجەکەی ئەویش قبوڵ کراوە" (عەلی،٢٠٢١). وەک لەم وتەیەدا و لە زاری تۆفیق وەهبییەوە دەردەکەوێت، دیارە ئەو جەنگە مەبەستی جەنگی جیهانی دووەم بووە. واتە سەردەمی دەستبەکاربونی دەنگی گێتی تازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی جەنگ و ئینگلیز خەرجی گۆڤارەکەی کردووە. لێرەدا نامانەوێ تیشک بخەینە سەر مەرجی ڕازی بوونەکەی تۆفیق وەهبی و لە شوێنی خۆیدا ڕوونکردنەوەی بۆ دەکەین.

جگە لەوەی باسکرا هاوکات "بەڕێوەبەری پەیوەندی گشتی باڵیۆزخانە لە بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی کوردی لە بەغدا وتویەتی لە ئامانجی دەنگی گێتی تازەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پاڵپشتی نەتەوە دیموکراتەکانە لەم جەنگە جیهانییە مەزنە، کە دژی فاشیست بەرپا بووە، لە پێناوی ئازادی و خوێندەواری دا تێدەکۆشێت و بەشێک لەلاپەڕەکانی تەرخان کردووە بۆ وێژە و مێژووی کوردی" (نەریمان،١٩٨٨: ٢٠٢). کەواتە دەنگی گێتی تازە جگە لە مەبەستی سەرەکی،

چەندان مەبەست و ئامانجی تری لە ناوەخندا هەڵگرتووە. نموونەیەک لەو مەبەستانە خزمەتکردنی ئەدەب و مێژووی کوردی بووە و لە خستنەڕووی بابەتە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکاندا مەبەستەکانی پێکاوە.

**بەڕێوەبەر و دەستەی نووسەرانی خولی یەکەم**

تۆفیق وەهبی بەگ سەرپەرشتی خولی یەکەمی (دەنگی گێتی تازە)ی لە ئەستۆ گرتووە، بەڕێوەبەری نووسینیش حوسێن حوزنی موکریانی بووە. بەرگی یەکەمی نرخی هەر دانەیەکی (٣٠) فلس بووە و ئابونەی بۆ شەش مانگ ١٨٠ و بۆ ساڵێکیش ٣٦٠ فلس بووە. لە چاپخانەی مەعارف و سیریان و مەنسور لە چاپ دراوە (خ١، ژ١، ب١: ٥).

## 2. خولی دووەم

دوای هەرەسهێنانی نازییەکان بەرامبەر بە ئینگلیز، لە ساڵی ١٩٤٥ شەڕیان دۆڕاند و نەتەوە ژێردەستەکان یەک لە دوای یەک کەوتنە خەبات بۆ ئازادی وەرگرتن. ئەو خەباتە لە دەنگی گێتی تازەشدا گرنگی پێدراوە، خواستی سەربەخۆبوون یەکێکی تر بووە لە ئامانجەکانیان. کاتێک ئینگلیز ئیشیان بە پڕوپاگەندە نەما، ئیتر گۆڤارەکەیان ڕاگرت و ئەرک و خەرجییەکانی گۆڤارەکەیان نەکێشاوە. دوابەدوای ئەمە (حوسێن حوزنی موکریانی، فایەق تۆفیق، موحەمەد بابان ) داوایان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە ماوەیان بدات درێژە بە دەنگی گێتی تازە بدەن. وەزارەتی ناوخۆش ڕێگەی پێداون و پاش ڕێگەپێدانیان ئاگاداری سەربەخۆ بوونی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە و ئەمە دەقەکەیەتی" یەکەم ژمارەیە دەستمان پێکردوە بڵاوی دەکەینەوە کە کۆواری دەنگی گێتی تازە سەربەخۆ دەردەهێنرێ و لەگەڵ هیچ حیزب و کۆمەڵێکیشدا پەیوەندی نییە مدیری ئیدارە و ڕەئیسی تحریری حوزنی موکرییانییە، هەموو مخابەرە و نووسین و حەواڵە و وتار بە ناوی ئەوەوە بنێررێ" (خ٢،ژ٢، ب١: ١٠٤). ئەم ئاگادارییە پەیامی ئەوە دەگەیەنێت بە خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد، کە چۆن خواستی نەتەوەی کورد وەکو هەموو نەتەوەکانی تر سەربەخۆیی و ئازادی بووە، بە هەمان شێوە گۆڤارەکەش بە هەوڵدانی دڵسۆزانی کورد سەربەخۆ بووە. پاش سەربەخۆبوونی گۆڤارەکە، بەرێوەبەرانی خولی دووەمی گۆڤارەکە ئامانجی هەرە سەرەکییان خزمەتکردنی کولتووری کورد و زمانی کوردی بووە.

### أ- خولی دووەم / بەرگی یەکەم

خولی دووەم بەرگی یەکەمی لە کۆتایی لاپەڕەکانیدا ئیندێکسی نووسەران و بڵاوکراوەکانیانی بۆ نەکراوە. بەڵام هەموو بەرگەکانی تری ئیندێکسی تایبەت بەخۆیان هەیە.

خولی دووەم / بەرگی یەکەم / ژمارە (١-٢٠)ە ، لە ناوەوەی بەرگەکە ئاماژە کراوە بە بەرگی پێنجەم و وەکو درێژە پێدانی خولی یەکەم دەستیان پێکردووە لە رۆژی دووشەممە (١٢)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ ساڵی سێیەم. ناڕێکییەک لە سێ ژمارەی یەکەمی دا بەرچاو دەکەوێت، چونکە لە سەر ژمارەی پێڕستەکەی نوسراوە:

ژمارە-٢- لە لاپەڕەی ناوەوەی نووسراوە -١-

ژمارە -٣- لەلاپەڕەی ناوەوەی نووسراوە-٢-

ژمارە -٤- لەلاپەڕەی ناوەوەی نووسراوە -٣-

بەڵام لە دوای ئەم ژمارەیەوە واتە لە ژمارە (٥)ەوە ڕێککراوەتەوە

**ب- خولی دووەم /بەرگی دووەم**

سەبارەت بەم بەرگی دووەمەی نووسراوە ژمارە (٢١-٣٦) دەگرێتەوە، واتە (١٥) ژمارە دەکات، بەڵام پاش خوێندنەوەی و وردبوونەوە دەردەکەوێت ژمارە (٢٣-٢٤) و (٢٥-٢٦) تێکەڵکێش کراون و پێکەوە بڵاوکراونەتەوە. هەر لە خولی دووەم بەرگی (یەکەم و دووەم)دا گۆڤارەکە لە مانگانەییەوە کراوە بە هەفتەیی. لە کلێشەی پێڕستی هەر ژمارەیەکدا درووشمی ( کۆوارێکی ئەدەبی، خوێندەواری، زمانی ، اجتماعی، پەیام، هەفتەیی کوردییە) دووپاتکراوەتەوە. کەواتە خولی یەکەم و خولی دووەمی گۆڤارەکە لە ڕووی دروشمەوە جیاوازن و درووشمی هەر یەک لەو دوو خولە بەم جۆرەیە:

خولی یەکەم ( کۆوارێکی مانگانەیە، لەلایەن بەشی پەیوەندی گشتییەوە، لە باڵیۆزخانەی بەریتانی لە بەغداد دەرئەهێنرێ ).

خولی دووەم ( کۆوارێکی ئەدەبی، خوێنەواری، زمانی، اجتماعی، پەیامی، هەفتەیی- کوردی یە).

**ج- خولی دووەم /بەرگی سێیەم**

بەرگی سێهەمی ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە/ لە ژمارە (١- ٣٤) دەگرێتەوە، بەڵام ژمارەکانی (١، ٢، ٣) لە ناو بەرگی دووەمیدا دانراون ئەو بەرگی دووەمە بووە بە ژمارە (٢١-٣٦)، واتە لەسەر ڕووبەری بەرگی سێهەمی ڕۆژنامەکە ژمارە (٤-٣٤) بڵاوکراوەتەوە. هەر ژمارەیەکی بەپێی لاپەڕەکانی لە لاپەڕە (١-٤) دەستی پێکردووە، واتە هەر ژمارەیەکی چوار لاپەڕەیەو کۆی گشتی لاپەڕەکانی (١٢٤) لاپەڕەیە. بەم پێیە ئەم بەرگی سێیەمە زیاتر وەکو ڕۆژنامەیەکی هەواڵی دەردەکەوێت، چونکە پانتایی ئەو (١٢٤) لاپەڕەیەی ڕۆژنامەکە (٣٠٢) هەواڵ و (٥٠) ڕاپۆرتە هەواڵ و ڕاپۆرتی شیکاری و (٢٢) وتاری سیاسی و (١٥) بابەتی

مێژوویی و (٢١) شیعر و (٩) چیرۆک و (٩) بابەتی هەمە جۆری تێدا جێ کراوەتەوە (زەنگەنەو ئەوانی تر،٢٠١٣ : ١٠٨)

**بەڕێوەبەری دەستەی نووسەرانی خولی دووەم**

سێ ڕووناکبیر و خاوەن قەڵەمی کورد ئەرکی ئەم خولەی دەنگی گێتی تازەیان خستووەتە سەر شانی خۆیان، مودیری ئیدارە و ڕەئیسی تەحریری حوسێن حوزنی موکریانیە و خاوەن ئیمتیاز موحامی فایەق تۆفیق و موحەمەد بابان مەسئول بوون. نرخی ژمارەیەکی (٢٦) فلس و بەدەلی ئیشتراکی ساڵانەی (١) دینار و (٢٥٠) فلس بووە. ناونیشانی لە بەغداد گەڕەکی (جدید حسن پاشا) بوو. (نەریمان،١٩٨٨: ٢٠)

لەچەند لاپەڕەیەکی گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا ناوی کۆمەڵێک لە باوەڕپێکراوانی گۆڤارەکە لە شارە جیاوازەکانیدا نووسراوە: بۆ نمونە نووسراوە

1. لە بەغداد مکتەب هیلال – سوق السرای.
2. لە کەرکوک - اخ حسێن – حەلواچییان – خالید کچانی
3. لە کۆی سنجق – کمال سدیق
4. لە سلێمانی کۆگای سەرچنار- اسماعیل عبدالله. (خ٢،ژ٨،ب١: ٢٨٢)

لەسەر ڕووپەڕی هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە مۆرێکی بچوک بە شێوەی چوار گۆشەیی لە سەروی لاپەڕەکان دروستکراوە، تیایدا زانیاری لەسەر ناوی نووسەر و شوێن و ژمارە و ڕۆژ و مانگ و ساڵ و ژمارەی بەرید نووسراوە. هەروەها وەک هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی سەربەخۆی تری ئەو سەردەمە، لە خولی دووەمەوە سەربەخۆیی و کولتووری کورد بوونی بە بابەتەکانەوە دەبینرێت. هاوکات گۆڤار و ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە وێنەیی بووە و ژمارەیەکی زۆر وێنەی جیهانی و ناوخۆیی و کوردی بڵاوکردۆتەوە. ئەو وێنانە لای خەڵکی بایەخێکی گەلێ باشی پێدراوە.

هەڵبەت، تا ساڵی ١٩٤٠یش ئەوەندە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەدەدرا، بەڵام بەهۆی شەڕی دووەمی جیهانییەوە گرنگیدان بە وێنە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. وێنە لەو ماوەیەدا دەورێکی بەرچاوی لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا بینی، ڕوداوەکانی جیهان کارێکی زۆری کردە سەر هۆیەکانی پێگەیشتن و ڕاگەیاندن لەوانەش گۆڤار و ڕۆژنامە. (سورمێ،٢٠٠٦: ١٥)

لە ڕووی هاوشێوەیی کلێشە و دیزاینی هێڵ و خەتکێشانی ناوەوەی لاپەرەکانی، گەلێ وێنەی گۆڤار و ڕۆژنامەمان لەکاتی کنە و پشکنیندا بەرچاو کەوت، تەنها وێنەی دیزاینی ڕۆژنامەی ( کوهستان، کوردستان) هەمان شکڵ و شێوەی هەیە، هاوسەردەمی دەنگی گێتی تازە بوون

لەڕۆژهەڵاتی ئێران. (کوهستان) ڕۆژنامەیەکی کوردییە بە زمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە و ڕۆژنامەی (کوردستان)یش هەر لەڕۆژهەڵاتی ئێران  بە زمانی کوردی لە چاپدراوە.

### خول و بەرگەکانی دەنگی گێتی تازە

بەرگ و ژمارە و کاتی دەرچوونی خولی یەکەم و دووەمی دەنگی گێتی تازە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

**خولی یەکەم**

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرگ (١) | ژمارە (١) | تشرینی یەکەم | ١٩٤٣ |
| بەرگ (١) | ژمارە (٢) | تشرینی دووەم | ١٩٤٣ |
| بەرگ (١) | ژمارە (٣) | کانونی یەکەم | ١٩٤٣ |
| بەرگ (١) | ژمارە (٤) | کانونی دووەم | ١٩٤٤ |
| بەرگ (١) | ژمارە (٥) | شوبات | ١٩٤٤ |
| بەرگ (١) | ژمارە (٦) | مارت | ١٩٤٤ |
| بەرگ (٢) | ژمارە (١) | نیسان | ١٩٤٤ |
| بەرگ (٢) | ژمارە (٢) | مارت ، ئاب | ١٩٤٤ |
| بەرگ (٢) | ژمارە(٣) | حوزەیران | ١٩٤٤ |
| بەرگ (٢) | ژمارە(٤) | تەموز | ١٩٤٤ |
| بەرگ (٢) | ژمارە (٥) | اغتسوس | ١٩٤٤ {أغستوس} August |
| بەرگ (٢) | ژمارە (٦) | ئەیلول | ١٩٤٤ |
| بەرگ (٣) | ژمارە (١) | تشرینی یەکەم | ١٩٤٤ |
| بەرگ (٣) | ژمارە (٢) | تشرینی دووەم | ١٩٤٤ |
| بەرگ (٣) | ژمارە (٣) | کانونی یەکەم | ١٩٤٤ |
| بەرگ (٣) | ژمارە (٤) | کانونی دووەم | ١٩٤٥ |
| بەرگ (٣) | ژمارە (٥) | شوبات | ١٩٤٥ |
| بەرگ (٣) | ژمارە (٦) | مارت | ١٩٤٥ |
| بەرگ (٤) | ژمارە (١) | نیسان | ١٩٤٥ |
| بەرگ (٤) | ژمارە (٢) | مایس | ١٩٤٥ |
| بەرگ (٤) | ژمارە (٣) | حوزەیران | ١٩٤٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرگ (٤) | ژمارە (٤) | تەموز | ١٩٤٥ |
| بەرگ (٤) | ژمارە (٥) | اغتسوس | ١٩٤٥ |
| بەرگ (٤) | ژمارە (٦) | ئەیلول | ١٩٤٥ |
| بەرگ (٥) | ژمارە (١) | تشرینی یەکەم | ١٩٤٥ |

**خولی دووەم**

| | | |
|---|---|---|
| بەرگ (٥) ژمارە (١) | تشرینی یەکەم | ١٩٤٥ |

تێبینی/ ئەم ژمارە (٥)ە لە دوو بەرگدا هەریەکن و دووبارە بوونەتەوە و لەگەڵ ژمارەکانی بەرگی (٤)،(٥) دا هەریەک ژمارەن

| | | |
|---|---|---|
| بەرگ (١) ژمارە (٢) | تشرینی دووەم | ١٩٤٥ لە ناوەوە نووسراوە ژمارە -١- |
| بەرگ (١) ژمارە (٣) | ١٩ تشرینی دووەم | ١٩٤٥ لە ناوەوە نووسراوە ژمارە -٢- |
| بەرگ (١) ژمارە (٤) | ٢٦ تشرینی دووەم | ١٩٤٥ لە ناوەوە نووسراوە ژمارە -٣- |
| بەرگ (١) ژمارە (٥) | ٣ کانونی یەکەم | ١٩٤٥ |
| بەرگ (١) ژمارە (٦) | ١٠ کانونی یەکەم | ١٩٤٥ |
| بەرگ (١) ژمارە (٧) | ١٧ کانونی یەکەم | ١٩٤٥ |
| بەرگ (١) ژمارە (٨) | ٢٤ کانونی یەکەم | ١٩٤٥ |
| بەرگ (١) ژمارە (٩) | ٣١ کانونی یەکەم | ١٩٤٥ |
| بەرگ (١) ژمارە (١٠) | ٧ کانونی دووەم | ١٩٤٦ |
| بەرگ (١) ژمارە (١١) | ١٤ کانونی دووەم | ١٩٤٦ |
| بەرگ (١) ژمارە (١٢) | ٢١ کانونی دووەم | ١٩٤٦ |
| بەرگ (١) ژمارە (١٣) | ٢٨ کانونی دووەم | ١٩٤٦ |
| بەرگ (١) ژمارە (١٤) | ٤ شوبات | ١٩٤٦ |
| بەرگ (١) ژمارە (١٥) | ١١ شوبات | ١٩٤٦ |
| بەرگ (١) ژمارە (١٦) | ١٨ شوبات | ١٩٤٦ |
| بەرگ (١) ژمارە (١٧) | ٢٥ شوبات | ١٩٤٥ |
| بەرگ (١) ژمارە (١٨) | ٤ مارت | ١٩٤٦ |
| بەرگ (١) ژمارە (١٩) | ١١ مارت | ١٩٤٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرگ (١) ژمارە (٢٠) | ١٨ مارت | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٢١) | ٢٥ مارت | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٢٢) | ١ نیسان | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٢٤،٢٣ ) | ٨ مایس | ١٩٤٦ | ئەم دوو ژمارەیە بەیەکەوە دەرچوون |
| بەرگ (٢) ژمارە (٢٦،٢٥ ) | ٨ حوزەیران | ١٩٤٦ | ئەم دووژمارەیە بەیەکەوە دەرچوون |
| بەرگ (٢) ژمارە (٢٧) | ٢٢ تەموز | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٢٨) | ٨ تەموز | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٢٩) | ٢٩ تەموز | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٣٠) | ٥ ئاب | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٣١) | ١٥ ئاب | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٣٢) | ٣١ ئاب | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٣٣) | ٨ ئەیلول | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٣٤) | ٢٣ ئەیلول | ١٩٤٦ | |
| بەرگ (٢) ژمارە (٣٥) | ٣٠ ئەیلول | ١٩٤٦ | |

واتە بە شێوەیەکی گشتی دەنگی گێتی تازە لە خوولی دووەمیدا تا ئێرە ٥٧ ژمارەی لێ دەرچووە.

| | | |
|---|---|---|
| ساڵی چوارەم ژمارە (١) | ٧ تشرینی یەکەم | ١٩٤٦ |
| ساڵی چوارەم ژمارە (٢) | ٢١ تشرینی یەکەم | ١٩٤٦ |
| ساڵی چوارەم ژمارە (٣) | ٢٨ تشرینی یەکەم | ١٩٤٦ |

مایەی تێبینی یە ئەم سێ ژمارەیە لەناوخولی دووەمی، بەرگی دووەمی دا کۆکراوەتەوە، لە سەرەتاوە دەسپێکی بەرگی حەوتەمە، لێرەوە بووە بە ڕۆژنامە. ئەو ڕۆژنامەیە لە ژمارە (٤-٣٤)ە واتە سێ ژمارەی سەرەتای وەک گۆڤار بووە و لەناو بەرگی دووەمدایە.

## پاری چوارەم: تێڕوانینی نووسەران سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە

وەکو پێشوتر ڕوونکراوەتەوە دەنگی گێتی تازە سەرەتا بریتی بوو لە گۆڤارێک لەلایەن سەفارەتی بەریتانی لەبەغداد بڵاودەکرایەوە. پێش ئەم گۆڤارە ئینگلیز بڵاوکراوەیەکی کوردی بەناوی (ناوبەناو) لە بەغداد دەردەکرد، یەکەم ژمارەی لە بەرواری (١ی نیسانی ١٩٤٢)دا دەرچووە، دوا ژمارەی لە (٢٣ی ئابی ١٩٤٢) دەرچووە، تێکڕا (٩٠ ) لاپەڕە بووە. دواتر ئەو بڵاوکراوەی بەریتانیا ناوی گۆڕا بە (بڵاوکراوەی هەفتەیی دەنگوباس)، یەکەم ژمارەی لە (٦ی ئەیلولی ١٩٤٢)دا دەرچووە، ژمارەکانی (١-١٤) بریتی بوون لە (١٦٦) لاپەڕە و ژمارەکانی (١٥-٣٢) تێکڕا (٢١٠) لاپەرە بوون. واتە کۆی گشتی بریتی بووە لە ٣٧٦ لاپەڕە . (خ١،ژ١،ب١: ٥)

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاوڕ لەو نووسین و تێڕوانینانە بدەینەوە، کە لەلایەن نووسەرانەوە دەربارەی دەنگی گێتی تازە خراونەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەدا سەرنج و تێبینی خۆمان لە بارەیانەوە دەنوسین. سەرەتاش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە دەست پێدەکەین.

- لە گۆڤاری گەلاوێژدا سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە نووسراوە: "خزمەتی بێپایانی مادی و مەعنەوی دەوڵەتی گەورەی بەریتانیا بەرامبەر بە هەموو قەومە هاوپەیمانەکانی خۆی، لەوانە نی یە یەک شکی تێدا مابێتەوە، هەموو کاتێ بە هەموو دڵێکەوە ویستویەتی لە ڕێگەی سەربەستی و خوێندەواری سەقافەتدا لەگەڵ هەموو تیرەیەکدا ببزوێتەوە و ئامانجیان بە جێ بهێنێ، ایجگار قەومی کورد تا ڕۆژی دوایی چاکە و دڵسۆزی میجەرسۆن کە ئەندامێکی بە کار و عالمێکی زانای انگلیز بوو لەبەرچاوی ون نابێ، بوو بە هۆی ژیانەوە و هەژاندنی زمانی کوردی لەخاکی کوردستانا.....وا ئێستەش بۆ تێگەشتنی چەند ملێون خوێن کورد و کورد زمان، لەچۆنێتی کردەوەکانی و بۆ بەرزبونەوە و پەرەسەندنی زمانەکەمان گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)ی بەزمانی کوردی بۆ دەرکردوین، بەڵام چۆن گۆڤارێکە؟ گۆڤارێکە، بە هاڵو هەواڵی دەرەوەی دیموکراتی بە وێنە و نیگاری جوان جوان و شیعر و ئەدەبیاتی کوردی هەموو مانگێ لە شاری بەغدا لە سەرحسابی باڵێوزخانەی بەریتانیا دەردەچێ" (ساڵح، ٢٠٠٦ :٢٠). لێرەدا دەردەکەوێت گەلاوێژ وەک گۆڤارێکی سەربەخۆ و هاوسەردەمی دەنگی گێتی تازە، سەرەتا بە وەسفی ئینگلیز دەستی پێکردووە، دانانی گۆڤارەکەشی بۆ خزمەت کردنی گەلی کورد گەڕاندۆتەوە، بابەتە جۆراوجۆرەکانی لەپوختەیەکی یەک دێڕە نووسیندا کورتکردۆتەوە.

لەم وتەیەدا پەیوەندییەکی تەواوکاری یەکتری لە مێژەوە لەنێوان کورد و ئینگلیزدا خراوەتە بەرچاو، تەنانەت گۆڤار و ڕۆژنامەکانی هاوسەردەم و پێشوی دەنگی گێتی تازە کەم و زۆر خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر ئینگلیز دەربڕیوە، ئیتر بۆ دەبێت دەنگی گێتی تازە بە نەرێنی سەیربکرێت ؟ ئەم نەرێنی ڕوانینەیە بووە بە هۆی پشتگوێ خستنی نووسینی توێژینەوە دەربارەی دەنگی گێتی تازە.

- هەروەها سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە باس لەوە کراوە "کۆڤارەکە بە ڕەسم و وێنەیە، سەد ڕوپەلێن دویٚ هەنە. بهمەتا بالێویٚزخانا بریتانی تێتە دەرخستن. سەیدایە دەلال حوزنی موکریانی و زەحف نڤێسەڤانێن کورد، تێدە بەندێن خوٚە بەلاڤ دکن، ئەڤ کوٚڤار هەردەم چیتر بکێر هاتیتردبە، هەژمارێن داوین دە، وێنەیێن کوردستانیٚ، دهاتن بەلاڤ کرن، ب تیپێن ئەرەبی تیتە چاپکرن. (ئەحمەد،٢٠٠٨: ١٦٥). نوسەر ئەم وتەیەی سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە لە گۆڤاری (ڕۆژانۆ) وەرگرتووە. (ڕۆژانۆ) هاوسەردەمی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە بووە و لەلایەن کامەران بەدرخان لە سوریا چاپکراوە. دیارە ئاگاداری بابەتەکانی دەنگی گێتی تازە بوون و بە گۆڤاریکی بە وێنەو ڕەسم ناساندوویانە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نوسەرانی دەنگی گێتی تازە، کە بە بیٚ ماندوبون گرنگییان بە وێنەی شاخ و شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان داوە. بۆ ئەمەش تکایان لە لاوە خوێندەوارەکانمان کردووە دیمەنی نیگاری باخ و شاخ و هەر دیمەنیکی تری ولاتیان هەیە بۆیان بنێرن، بۆ ئەوەی لە گۆڤارەکەدا بلاویان بکەنەوە. هەروەکو ئەورەحمانی حاجی مارف دەلێت: (بارێزی لێکۆلینەوەی زانستی بگرین). (مارف،١٩٧٩: ٤٧) پێویستە لە سەر ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد، کاتێک لە بابەتێک دەدوێن زەربی سفری نەکەنەوە، ڕەنج و هەولی نووسەران و بەڕێوەبەرانی دەنگی گێتی تازە بە هەند وەربگیرێت بە وردبونەوە لە بابەتەکانی ماندوبوونیان ڕەنگی داوەتەوە. بەتایبەتی لە خولی دووەمی گۆڤارەکەوە، بەتەواوی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی کولتوور و زمان و ڕۆشنبیرکردنی کورد. شاعیران و نووسەرانی ناسراوی کورد جگە لەوەی بابەتیان لە دەنگی گێتی تازە بلاوکردۆتەوە، ڕای خۆشیان لەسەر گۆڤارەکە دەربڕیوە. ئەمانەی خوارەوە ڕاو بۆچوونی بەشێک لە ئەدیب و نووسەرانی کوردە سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە:

- پیرەمێرد هەستی خۆی دەربڕیوە و گەیاندوویەتییە دەست حسێن حوزنی موکرییانی، موکریانیش گوزارشت لە هەستەکەی پیرەمێرد دەکات و دەلێت: " ئەم وتارە لەلایەن مامۆستای زانای پیری ڕەوشەن زەمیر، شاعیری بە ناوبانگ جنابی حاجی تۆفیق بەگمان بۆ هاتوە، کە دەفەرموێت: ئەوەتی دەنگی گێتی تازە بە تایبەتی کەوتۆتە دەست خۆتان هەموو جاریٚ بۆم دێت و سەراپا ئەیخوێنمەوە چاوم پێی ڕوون ئەبێتەوە. من ئەمەویٚ لە هەموو شوێنێک و لە هەموو مەلبەندێکدا بانگێکی خۆمانی تیا بدریٚ" (خ٢، ژ٩، ب١: ٣٠٤). وەک دیارە مەبەستەکەی شاعیر لە دەستەواژەی (کەوتۆتە دەست خۆتان ) چڕکراوەتەوە، مەبەستی سەرەکی لە سەربەخۆبوونی گۆڤارەکە بووە و خۆشحالی خۆی بەرامبەر دەربڕیوە.

- (ا. ب. هـ.) بە پارچە پەخشانێک هەستی بەرامبەر دەنگی گێتی تازە دەردەبڕێت و دەلێت: "لەو بیرەدا بووم مۆمێک بخوازم بەلکو بە هۆییەوە چرا ونبووەکە بدۆزمەوە کەچی هاوڕیٚ یەکم پەیدابوو وتی. ها بگرەوە ژمارە یەکی دەنگی گێتی تازەی دایە دەستم بەلام چۆن دەنگی گێتی یەک، دەنگی گێتی تازە بە پەیمانەوە، هاتووە لە قوڕگی پڕ گریانەوە بە سۆزی سینەی وەک بریانەوە بە ئاهونالەی بیٚ سامانەوە، نیشانەی مێشکی بێداری شەوە، بەلگەی دوو چاوی قەت نەچووە خەوە، نمونەی بیری بەرزی لاوانە، یەک دلی چەند ڕیٚ هەم دوو ئاوانە.....پەیمانی وایە ئیتر لەمەولا بەپشتی هاوین ڕوو بکاتە خودا، بە بیری بەرز و پێتی وردەوە تەقەلای شەو و

ڕۆژ ببەستێ بەیەکەوە و مەبەستی بەرزی خزمەتکردنی زمانی کوردی یە بخاتە پێش هەموو ئامانجێکەوە) (خ٢، ژ٦، ب١: ٢١١). لە خوێندنەوەی پەخشانەکەدا مەبەستی شاعیر لە دەستەواژەکانی (ژمارە یەکی، بەڵگەی دووچاوی قەت نەچووە خەوە، پەیمانی وایە ئیتر لەمەولا....). لێرەدا نوسەر مەبەستی ژمارە یەکی ،خولی دووەمی گۆڤارەکەیە. (دووچاوی قەت نەچووە خەو) بەڵگەیە بۆ هەبوونی گۆڤارەکە. کە پەیمانی وایە ئیتر لە مەولا، واتە لەدوای ئەم ژمارەیەوە خزمەتی تەواو بە گەلی کورد بکات. کەوا بوو لە ڕێگەی وشە و دەستەواژەکانی پەخشانەکەوە خۆشحاڵی شاعیر بە بوونی گۆڤارەکە دەردەکەوێت .

جگە لەوەی باسکران، لە ڕوویەکی ترەوە هەندێک بۆچوون هەیە سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە و حسێن حوزنی موکریانی، کە جیاواز لەو نووسەرانەی پێشوو لە بابەتەکەیان ڕوانیوە و بە پێویستی دەزانین بیانخەینە ڕوو و لێیان بدوێین. فاروق عەلی عومەر لە کتێبەکەیدا بەناوی (ڕۆژنامەگەری کوردی لەعێراقدا دەڵێت: "لە دووەم جەنگی جیهانی دا ئینگلیز حوسێن حوزنی موکریان یان ناچارکردووە دەنگی گێتی تازە دەربکات" (عومەر،٢٠٠١: ١٤٩)، هەر سەبارەت بە هەمان بابەت سەباح موسا لەنامەی ماستەرەکەیدا دەڵێت: "لەگەڵ داگیرساندنی ئاگری دووەمی جەنگی جیهانی ئینگلیزەکان حوسێن حوزنیان ناچارکرد بێتە بەغداد و دەنگی گێتی تازە دەربکات" (عەلی ،٢٠٠٢: ٩٦)

بە ڕای ئێمە ئەم زانیارییانە شێوێندراون، بە بەڵگەی ئەوەی یەکەمجار تۆفیق وەهبی دەریکردووە نەک حوزنی موکریانی. پاشان ئەگەر وا بوایە و ئەم گۆڤارە بە ناچاری دەربکرایە، ئەوا دوای دەستبەرداربوونی ئینگلیز، حوزنی موافەقەی بەردەوامبوونی بۆ دەنگی گێتی تازە وەرنەدەگرتەوە. دەبوایە ئەو دوو لێکۆڵەرە بە بەڵگەوە وتەکانیان بسەلماندایە.

هاوکات شاکر فتاح وتویەتی "دەنگی گێتی تازە گۆڤارێکی زرنگ کاری و مێژوویی و وێژەیی بوو. لە بەغداد لە ناوەندی ساڵەکانی ١٩٤٣ و ١٩٤٥دا ٢٤ ژمارەی لێدەرچووە هەر مانگی جارێک دەردەچوو. دوایی بوو بە هەفتەیی لە ناوەندی ساڵەکانی ١٩٤٥ و ١٩٤٦دا ٣٦ ژمارەی تری لێدەرچوو ئینجا بوو بە ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی. لە ناوەندی ساڵەکانی ١٩٤٦ و ١٩٤٧دا ٣٤ ژمارەی تری لێدەرچوو باڵیۆزی بەریتانیا ئەرکی دەرهێنانی ئەم گۆڤارەی خستبووە سەر ئەستۆی خۆی، بەڵام لەژێر سەرپەرشتی (داماو) دا بوو. مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگیش یارمەتی دەدا" (فتاح،١٩٨٩:٧). سەبارەت بەم وتانە سەرنجی سەرەتا ئەوەیە تێکەڵاوییەکی ئاڵۆزکراوە لە زانیارییەکاندا، بەوەی بە بەرواری ساڵەکاندا جیاکردنەوە کراوە، بە بێ دەرخستنی خولەکانی. جگە لەوەش خول و بەرهەمەکانی خراوەتەوە ئەستۆی ئینگلیز، لە کاتێکدا لە خولی دووەمیدا ئینگلیز هیچ مافێکی بە سەر دەنگی گێتی تازەوە نەماوە. پاشان هەتا لەژێر دەستی ئەواندا بووە تەنها ٢٥ ژمارەی لێ دەرچووە. هەروەها دەڵێت: سەرپەرشتی

گۆڤارەکەی بە داماو داوە، دیارە مەبەستی حوسێن حوزنی موکریانییە، بەڵام ناوبراو سەرپەرشتی خوولی دووەم، واتە دەوری سەربەخۆیی بوونەکەی بووە. بەڵام خولی یەکەمی لەلایەن حوسێن حوزنییەوە سەرپەرشتی نەکراوە. هەر سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە خەزنەدار دەڵێت: "تۆفیق وەهبی دامەزرێنەری کۆواری دەنگی گێتی تازە بوو، بێ گومان بە پێشنیاری ئەوەوە ئەم چاپەمەنییە کەوتە ناوەوە، ئەمە کۆوارێکی مانگانە بوو لەلایەن بەشی پەیوەندی گشتی یەوە لە باڵیۆزخانەی بەریتانیدا لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام سەرۆکی نووسین و تەکنیکی و بەڕێوەبەری هونەری تۆفیق وەهبی بوو، زۆر شانازی بەوەوە دەکرد ڕۆژێ لەڕۆژان سەر نووسەری دەنگی گێتی تازە بووە..... گەلێ جار لە تۆفیق وەهبیم بیستووە دەیوت لەبەر ئەوە حوسێن حوزنی موکریانی و حەسەنی شێخ حەمەمارفم داناوە لەدەنگی گێتی تازە دا ئیش بکەن، چونکە یەکەمیان خوێندەوار بوو کوردییەکەی باشبوو لەو ماوەیەدا بێ کاریش بوو بەوەی چاپخانەکەی ڕەواندوز و هەولێری لە چاپ وەستابوو، دوەمیان کوردی دەزانی و توانای ئەوەی هەبوو پلەی زانینی بەرزتریش بکاتەوە" (خەزنەدار،١٩٨٩:٣٤)
یان لە سەرچاوەیەکی تردا سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە وتراوە: "ئەم گۆڤارە لەساڵی ١٩٤٣وە لەلایەن ئیستیعلاماتی بەریتانیی یەوە بۆ پروپاگەندەی خۆی لە شاری بەغدا دەرئەچوو، بە کوردستانا بڵاو ئەکرایەوە، بەڵام ڕەواجی نەبوو، هەتا ساڵی ١٩٤٧ هەر دەرئەهێنرا، لەلایەن ( تۆفیق وەهبی) یەوە سەرپەرشتی ئەکرا" (ئەمین،٢٠١٣: ٧٩)

مەبەستمان لەهێنانی ئەم چەند دێڕانە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە بۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی ئەو لایەنانەیە، کە تەمومژ لای خوێنەر دروست دەکەن، چونکە لەم دوو سەرچاوەی دوایدا مەبەستەکە خولی یەکەمی گۆڤارەکەیە لەلایەن تۆفیق وەهبییەوە سەرپەرشتی کراوە، بەڵام خولی دووەمی کە لەلایەن حوزنی موکریانییەوە سەرپەرشتی کراوە، کەچی باس نەکراوە.

- عەلادین سەججادی بەم شێوەیە باس لەدەنگی گێتی تازە دەکات: "گۆڤارێکی پەیامی و ئەدەبی بووە، باڵیۆزی بەریتانیا لەبەغدا دەری کردووە، سەرەتا بڵاوکراوە بووە، لەپاشان بە وێنەی گۆڤار یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەم لە ساڵی ١٩٤٣ لەبەغدا دەرچووە تۆفیق وەهبی و سەید حوزنی موکریانی سەرنووسەری بوون لە سەرەتای ١٩٤٧دا ئیتر دەرنەچووە" (سەججادی،١٣٨٩:١٩٠). لێرەدا مەبەستی عەلادین سەججادی بە بەراوردکردنی دێرە سەرەتاکانی ئەم بابەتە دەردەکەوێت، کە بڵاوکراوەکە سەربەخۆ بووە پەیوەندی بەدەنگی گێتی تازەوە نەبووە بە چەند زنجیرەیەک لەلایەن بەریتانیاوە دەرچووە، هیچ جیاکارییەکی بۆ خول یان پلەکانی گۆڤارەکەی دەنگی گێتی تازە نەکردووە، چەند بەرگێکی لە ژێردەستی ئینگلیز نەبووە کورد بە سەربەخۆیی دەریان هێناوە.

- عبدالجبار جباری باسی هەر دوو خولی گۆڤارەکە دەکات، بەڵام بە بێ ناوهێنانی خولەکانی کاتێک سەربەخۆ نەبووە یان سەربەخۆ بووە. بە شێوەیەکی زۆر نەرێنی لێی دەدوێت و دەڵێت: "گۆڤارێکی مانگانەیە، لە لایەن باڵیۆزی بەریتانی لە بەغا دەرئەهێنرا لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ دەرچووە، بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بۆ ئینگلیزی داگیرکەر. هەروەها گۆڤارێکی هەفتەیش بوو لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥، ئەوەش بزانن ئەم گۆڤارە هەمان گورگ بوو، بەڵام لەپێستێکی ترابوو. هەر زوڕناکەی جارانی ئینگلیز بوو بەڵام بە شێوەیەکی تر فووی پیا ئەکرد، کەمێک بایەخیان دا بە بڵاوکردنەوەی چیرۆک و هەڵبەست و فۆلکلۆر و نووسینی زانیاری و مێژوویی بە بەرگێکی هونەریەوە بە تەرزێکی تر ئەخرایە پێش دەست، بۆیە توانی گەلێ نووسەر و شاعیران بەلای خۆی دا ڕابکێشێت و بەرهەمەکانیان بڵاوبکاتەوە...... نابێت ئەوەشمان لە بیربچێت ئەم گۆڤارە یەکەم گۆڤاری کوردی یە بە شێوەیەکی فراوان پەخش و بڵاو ئەکرایەوە، بە بێ هیچ کۆسپێک بە باشی لە عێراق بڵاو ئەکرایەوە لەپاشان بۆ گەیلان و سەقز و تاران لە ئێران ئەنێردرا، ئەم گۆڤارە هەرچی چۆنێک بێت هەتا مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٨ ژیا، ئیتر هۆی پەککەوتنەکەی نەزانراوە) (جباری،١٩٧٠:٩٩)

تێڕوانینی ئێمە لەم بارەیەوە ئەوەیە نووسەر زانیاری پێدانی پێچەوانەی یەکتر دەدات، بە بەڵگەی ئەوەی گۆڤارەکەی بە زوڕناژەنی ئینگلیز داناوە، لێرەدا مەبەستی خولی دووەمی گۆڤارەکەیەو لە ڕێگای دەستەواژەی (زوڕناکەی جارانی ئینگلیزبوە). کەچی هەر خۆی دیسان ئاماژەی بەوە داوە بە نرخ بووە، چونکە ئەگەر گۆڤارێک بێکەڵک بێت نووسەران و شاعیران بۆ دەبێت لێی کۆببنەوە؟ ئەمە لەگەڵ لۆجیکدا ناگونجێت. هەروەها بەڵگەیەکی تری بە سودی گۆڤارەکە بە تایبەتی خولی دووەمی خوێندنەوەی بابەتەکانی شایەتی دەدەن، یان هۆکارچی بووە نێردراوە بۆ شارەکانی تری کوردستان؟ دیارە زۆر ڕوونە گرنگی دەنگی گێتی تازە و بە پێزی بابەتەکانی بووە.

هەروەها هەمان نووسەر لە سەرچاوەیەکی تردا دەڵێت: گۆڤارێکی ئەدەبی، هەواڵییە، هەروەها بە هەمان شێوەی وتەکانی تری ساڵی دەرچوون و ژمارەکانی دیاری کردووە. لێرەدا باسی ئەوەی کردووە، دواترلە شێوەی ڕۆژنامەی هەفتانە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ەوە ٣٤ ژمارەی لێدەرچووە، تا ساڵی ١٩٤٧ بەردەوام بووە، دوا ژمارەی لە ٢٥ ئابی ١٩٤٧ کۆتایی پێهاتووە (جباری،٤٢:١٩٧٥). لە بەراوردی ئەم دوو وتەیەی نووسەر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، ئەو بەروارەی نووسەری ناوبراو لە وتەی یەکەمیدا ئەیلولی ١٩٤٨ی داناوە و لەوتەی دوەمیدا ٢٥ ئابی ١٩٤٧ی دیاری کردووە بۆ کۆتایی هاتنی گۆڤارەکە، بەرواری دووەمی ڕاستە و دورە لە هەڵە. واتە بەرواری ساڵ و مانگی کۆتایی هاتنی گۆڤارەکە، لەوتەی یەکەمیدا بە هەڵە خراوەتە ڕوو. لە کتێبێکی تریشدا هەمان هەڵە نووسراوەتەوە دەڵێت: "ئەم گۆڤارە هەرچۆنێک بوو بێت هەتا مانگی ئەیلولی ١٩٤٨ ژیا، ئیتر هۆی پەککەوتنەکەی نەزانراوە. دیارە هۆی پەککەوتن و وەستانی ئەم گۆڤارە کۆچی دوایی حوسێن حوزنی موکریانی بووە- ع.زەنگەنە" (زەنگەنە،٢٠١٠: ٨٩). ڕاو سەرنجی ئێمە ئەوەیە نووسەر لەکتێبەکەیدا دەستکاری وشەکانی کردووە، کاتێک باسەکەی گواستۆتەوە. بۆ نمونە وشەی (لەسەرەتای دەرکردنیا)ی کردویەتی

به (سەرەتای دەرچوونی)، (لێپرسیاو) کراوە بە (لێپرسراو)، هەروەها بۆچوونی خۆی لەسەر هۆکاری نەزانراوی داخستنەکەی خستۆتەڕوو، بەڵام باسی هەڵەکەی نەکردووە لە ساڵ و مانگی کۆتایی هاتنەکەی، کە لەلایەن جبار جبارییەوە خراوەتەڕوو.

- جەمال خەزنەدار دەڵێت: "گۆڤارێکی مانگی وێنەداربووە، لەلایەن بەشی پەیوەندی گشتی لە باڵێوزخانەی بەریتانی لە بەغدا دەرچووە، ژمارە یەکی لە نیسانی ساڵی ١٩٤٣دا دەرچووە، هەتا ساڵی ١٩٤٧) (خەزنەدار،٤٣:١٩٧٣)

- کمال مەزهەر دەڵێت: "سەرەتا لە نیسانی ١٩٤٣وەک پەخشە دەردەچوو، لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵەوە بووە بە گۆڤار. تا ساڵی ١٩٤٧ژیا، لە گەڵ ئەوەش کە ئینگلیز بۆ پڕوپاگەندەی خۆیان لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهانی دەریان دەکرد، بەڵام پڕە لە وتار و بەرهەمی ئەدەبی و زانستی بایەخدار. لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە (ئەدەبی، خوێندەواری، زمانی، اجتیماعی، پەیامی، هەفتەیی- کوردی یە)"(مەزهەر، ١٩٧٨: ٢٣٧). لێرەدا مێژوونوسی کورد هەموو ژمارەکانی داوەتە پاڵ ئینگلیز، سەیر لەوەدایە درووشمی کلێشەی سەربەخۆیی گۆڤارەکەی نووسیوەتەوە، لە کاتێکدا بەهیچ شێوەیەک باسی لەسەربەخۆیی بوونەکەی نەکردووە و درووشمی کلێشەی گۆڤارەکەش لەوکاتەی لەلایەن ئینگلیزەوە دەرکراوە جیاواز بووە. لە پێڕستی دەنگی گێتی تازەدا، واتە هەر دوو خولەکەی درووشمی جیاوازی خۆیان هەبووە.

- مارف خەزنەدار بەم شێوەیە لێدوانی خۆی نووسیوە: "دەنگی گێتی تازە کۆوارێکی مانگانەی کۆمەڵایەتی، سیاسی وئەدەبی و زمانەوانی بووە، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٣ ژمارە یەکەمی لەلایەن بەشی پەیوەندیی گشتی باڵیوێزخانەی بەریتانی دا لە بەغدا بڵاو کرایەوە، بە زمانی کوردی و تیپی عەرەبی چاپ دەکرا، هەوڵی مەشقێکی کەمیش دەدرا بۆ نووسینی هەندێ تێکستی کوردی بە تیپی لاتینی. لە ڕاستی دا کۆواری دەنگی گێتی تازە زمانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بوو ئەوانەی لەجەنگدا بوون دژی فاشیزم، بە گشتی هەواڵ و دەنگوباسی سیاسی و جەنگی گێتی بڵاو دەکردەوە بە هۆی ئەوەی لەلایەن ئینگلیزەوە بڵاو دەکرایەوە دیاربوو زیاتر بایەخی بە دەوری بەریتانیا دەدا لەجەنگی گێتی دژ بە ئەڵمانیای هیتلەری، ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ ئەوەیە تۆمارکردنی جەنگی و سیاسی و بڵاوکردنەوەی دوکۆمێنتی دیبلۆماسی لەسەر لاپەڕەکانی ئەم کۆوارە بووە هۆی گۆڕان و دەوڵەمەندبوونی زمانی کوردی بە تایبەتی لە ڕووی لێکسیکۆن و زاراوەی جەنگی و سیاسی و دیبلۆماسی یەوە، ئەم کۆوارە بە شێوەیەکی فراوان بایەخی دەدا بە مەسەلەی پێشکەوتنی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردی، هەروەها بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لە ناو گەلی کورد دا، ئەدەبی نوسراوی کلاسیکی جێگەیەکی دیاری هەبوو، لە سەر لاپەڕەکانی دا بەرهەمی کلاسیکی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی تازە و وتاری ئەدەبی و هونەری و فۆلکلۆری و وەرگێڕان لە زمانانی عەرەبی و فارسی و زمانەکانی ئەوروپا بە ڕێکوپێکی جێگەی خۆیان لە سەر لاپەڕەکانی کرد بۆیەوە، بە تایبەتی تێبینی و بیرەوەری گەڕۆکەکانی ئینگلیز و زانا و ڕۆژهەڵاتناسەکانی تر لە بابەت کوردەوە، گەورەترین پرسیش بەلای ئەم کۆوارەوە گفتوگۆ و دوان و وەرام دانەوە لە بابەت زمانی

ئەدەبی یەکگرتووی کوردی و زمانی پەتی کوردییەوە بوو، لەپاش کۆتایی جەنگی دووەمی گێتی مافی بڵاوکردنەوەی کۆواری دەنگی گێتی تازە درایە پارێزەری کورد فایەق تۆفیق، ئیتر لەپاش ئەمە دەنگی گێتی تازە لە قەوارەی کۆوار هەندێ جاری تریش بە شێوەی ڕۆژنامە بڵاو دەکرایەوە، ژمارەی لاپەڕەکانیشی لەچاو جاران کەمتربوو بوەوە، لە ساڵی ١٩٤٧ کۆواری دەنگی گێتی تازە پەکی کەوت وداخرا" (خەزنەدار،٢٠٠٦:١٢٧)

لێرەدا مارف خەزنەدار شیکردنەوەیەکی پوختی بۆ گۆڤارەکە کردووە. ئەوەی لە وتەکانیدا سەرنجی ڕاکێشاین ئەوەیە دەڵێت: ئەم گۆڤارە بووە بە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانی کوردی بەتایبەتی لە ڕووی وشە و زاراوەوە، لە ڕووی زاراوەی جەنگی و سیاسی و دیبلۆماسی. لێرەدا پرسیارێک دروست بوو ئایا مەبەستی کام زاراوانە بووە ؟ کاتێ چاو دەگێڕینەوە بە بەرگەکانی دەنگی گێتی تازەدا، دەبینین بۆ ئەو سەردەمە چەندین زاراوەی نوێی بەکارهێناوە، بۆ نمونە (نیوشیک= خولاسە، پوختە. هاوپرسەکی = کۆنفرانس. بەکەڵک هێنان= استیخدام ، بەرهەم هێنان...هتد). تەنانەت "زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسی)ش بۆ یەکەم جار لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەلاپەڕە (٢٣٥)ی ژمارە (١٢)ی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە لەحوزەیرانی (١٩٤٤)دا لە شێوەی ڕۆژهەڵاتییەوان لە لایەن (حسێن حوزنی موکریانی)یەوە بە کارهاتووە پاشان لە لایەن مێژوونوسانی هاوچەرخەوە کراوە بە (ڕۆژهەڵاتناس)" (هاوڕاز،٢٠٠٣: ٤٣). زاراوەی ڕۆژهەڵاتییەوان بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتناس بۆ یەکەم جار لەم گۆڤارەدا ڕەنگی داوەتەوە، دواتر کەوتوەتە فەرهەنگی زمانی کوردییەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لەو وتانەی لە سەرەوەدا دەردەکەوێت زۆرێک لەو نووسەرانە دوو بڵاوکراوەکەی پێشوی باڵیۆزی بەریتانیایان گرێداوە بە دەنگی گێتی تازەوە، لە کاتێکدا جیاوازن. تەنانەت ئەو دوو بڵاوکراوەیەش جیاوازبوون لە یەکتری، چونکە ژمارەی تایبەتی خۆیان هەبووە و ناکرێ بیانکەین بە سەرەتای دەنگی گێتی تازە .

پاشان ئەوەی جێگەی سەرنجە دەنگی گێتی تازە لە خوولی دووەمدا ژمارەی لاپەڕەکانی لە چاو جاران کەمتر بووەتەوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک بە شێوەی مانگانە دەرچووە، ژمارەی لاپەڕەکانی زیاتربووە، بەڵام کە بووە بە هەفتەیی، ژمارەی لاپەڕەکانی کەم بوەتەوە.

- مستەفا نەریمان یەکێک بووە لەو نووسەرانەی بابەتی زۆری لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەتی لە خولی دووەمیدا. ئەم نووسەرە ڕایەکی هاوسەنگ سەبارەت بە گۆڤارەکە دەردەبڕێت و دەڵێت: "بە بۆچوونی من بە دوو پلەدا تێپەڕیوە پلەی یەکەمی لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانی دەرکراوە بە مەبەستی پڕوپاگەندەی جەنگ بۆ ماوەی دوو ساڵ. پلەی دووەمی دوای ئەوەی هاوپەیمانەکان سەرکەوتنیان بە دەستهێنا (ئێستگەی شرق الادنی) بە عەرەبی و کوردی یەوە داخرا لە بەغدا دەستی یان لە دەنگی گێتی تازە کێشایەوە، پاشان سێ کوردی دڵسۆز داوایان کرد ڕێگا بە دەرچوونی بدرێت و لێرەوە سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و بەردەوام بوو، هەندێ کەس قۆناغ بە کاردەهێنن، بەڵام لە بەرئەوەی لە سەرچاوەدا وشەیەکی تورکی یە (پلە) بۆ (مرحەلە) لە بارتر دەزانم. (نەریمان،١٩٨٨:١١٧). سەرنجێکی کورت وەک بەراوردێک لێرەدا (پلە) بۆ خولەکانی زنجیرە ژمارەکانی دەنگی گێتی تازە بە کارهاتووە، ئێمە لە

بەرئەوەی سەرچاوەی سەرەکیمان بۆ توێژینەوەکەمان بڵاوکراوەکانی (بنکەی ژین و دەزگای ئاراس)ە، کە لە دووتوێی چەند بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ و جواندا کۆیان کردۆتەوە، هەر وشەی (خول) مان بە کارهێناوە.

– نەوشیروان مستەفا ڕای خۆی دەربارەی گۆڤارەکە دەربڕیوە و دەڵێت: "بەریتانیای گەورە، تا ئەو دەم، گەورەترین زلهێزی دنیا و یەکەم دەسترۆشتوی ناو عێراق بوو، ئەویش هەوڵی بەکارهێنانی زمانی کوردی داوە لە بەشە گرنگەکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بەغدا بە هاوکاری تۆفیق وەهبی بەگ و حسێن حوسنی موکریانی کەوتە دەرکردنی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە... بەشێک بوون لە دەزگای زەبەلاحی پڕوپاگەندەی جەنگی دەوڵەتی بەریتانیای گەورە لەگەڵ کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانیدا بەریتانیا پێویستی پێی نەما، لەبەر ئەوە ڕایگرت" (ئەمین، ٢٠٠٤ :١٢). بە پێی ئەم وتانە بێت، سیاسەتمەداری کورد نەوشیروان مستەفا تەنها باسی خولی یەکەمی گۆڤارەکەی کردووە و کۆتایی بە باسەکەی هێناوە، هەروەها بە شێوەیەکی نەرێنی باسی گۆڤارەکەی کردووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ژمارە و بەرگەکانی دەنگی گێتی تازە ئەو پرسیارەمان لا گەڵاڵە دەبێت ئایا ئەم سیاسەتمەدار و نووسەرەی کورد ئاگاداری سەربەخۆیی گۆڤارەکە نەبووە لە خولی دووەمدا، وا ئاماژەی پێنەداوە ؟ بۆ وا نەرێنی لێی ڕوانیوە ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دوای گەڕان و بەدواداچون بۆمان دەردەکەوێت، خۆی وەک نووسەر سودی لە سەرچاوەی دەنگی گێتی تازە بەتایبەتی خولی دووەم وەرگرتووە و وەک سەرچاوە لە کتێبەکانیدا بەکاری هێناوە، بۆ نمونە سودی لەم ژمارەیەی وەرگرتووە و ئاماژەی بەسەرچاوەکەی کردووە بەم شێوەیە "دەنگی گێتی تازە، ژ١٢ساڵی سێیەم ،٢١ کانونی دووەمی١٩٤٦، یان ساڵی سێیەم ١٩٤٥" (ئەمین،٢٠١٢: ٢٤٦). کە سود وەرگرتن لە بەکارهێنانی (دەنگی گێتی تازە) وەک سەرچاوەی کتێبەکانی و داڕشتنەوەیان نمونەی هۆشیاری مرۆڤ دەردەخات، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئاگاداربوونی نووسەرە لە سەربەخۆیی خولی دووەمی گۆڤارەکە، کەچی بە داخەوە بە بێ ئاماژە کردن بەم سەربەخۆبوونەی گۆڤارەکە کۆتایی بە باسەکەی هێناوە.

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو کەوتۆتە بەر شاڵاو و سیاسەتەکانی نەتەوەکانی دراوسێ، ئەم سیاسەتانە وەک هەرلایەنێکی تری ژیان کاری کردۆتە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بۆنمونە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی مەبەست لە دەرچوونی وا باسکراوە وڵاتی تورک وڵاتی ئێمەیان خراپ کرد لە زەمانی میرانی کوردا لە وڵاتی کورد هەموو شتێکی باش هەبوو وردە وردە هەمووی خراپ بوو، پاشایانی عوسمانی بینیان بە باشی ناتوانن وڵات بگرن تۆوی خراپەیان فڕێدایە ناو کۆمەڵگەی کوردەوە، میر مەدحەت بەگ کوڕی میر بەدرخان لەپێناو چاکەی کوردا تێدەکۆشێت و دەچێت بۆ میسر لە قاهیرە ڕۆژنامەی کوردستانی دەرکرد (ئەمین،٢٠٠١: ٤٦) . کەواتە هۆکاری سیاسی پەیوەندییەکی دانەبڕاوی لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا گرێ داوە. دەنگی گێتی تازەش بە هەمان شێوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بۆ

مەرامی سیاسی و دژایەتی سیاسەتی ئەڵمانیای دژ بە کورد دانی پێدانراوە لەلایەن نووسەرە کوردەکانەوە "ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ مەبەستی سیاسەتی خۆیان و پڕوپاگەندە و بەهۆی بانگەشەی سیاسییەوە دەردەچوون لەخزمەتکردنی ڕۆشنبیریی کوردیدا و دەوری هۆشیارکردنەوە و پاککردنەوەی زمانی کوردییان دەبینی لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا بوو" (حسێن، ٢٠٠٨: ٤٨)

- (هیوا حمید شریف ) لە کتێبەکەیدا، کە بە ناونیشانی (تۆفیق وەهبی حیاتە و دورە السیاسی و الثقافی )یە و لە بنەڕەتدا نامەی ماستەرە، دەربارەی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە ) دەڵێت: "لە هەموو حاڵەتێکدا خاڵێکی وەرچەرخانی جۆری بووە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەهۆی ئەوەی ئاستێکی بەرزی لە زمان و دەرهێنان و قەبارەدا هەبووە و پڕوپاگەندەی دژی وڵاتانی ( تەوەر) بە گشتی و ئەڵمانیای نازی بە تایبەتی بڵاو کردۆتەوە ، ئەمە سەرباری ئەوە بایەخێکی تایبەتی بە مێژووی کورد و ئەدەبی کوردی داوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ (تۆفیق وەهبی) کە کۆمەڵێ وتاری جۆراوجۆری تێدا بڵاوکردۆتەوە وشەی کوردی پەتی تیایاندا بەکارهێناوە، هەر بۆنمونە زاراوەی (ڕستە) لەدوایدا لەلایەن نووسەرانی کوردەوە بەکارهاتووە یەکێک بووە لە داهێنانەکانی (وەهبی)و بۆ یەکەمجار لەم گۆڤارەدا بڵاوی کردۆتەوە" (شریف، ٢٠٠٦: ١٢٥)
- هەر سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە وتراوە لەساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا گەلێ لە ناوەندەی کاریگەری کورد چوونەپاڵ ڕاگەیاندنی دژ بە بیری نازی و ئەڵمانیای هیتلەری، لە تشرینی یەکەمی (١٩٤٣) سەفارەتی بەریتانی لەبەغدا گۆڤارێکی مانگانەی بە ناوی (دەنگی گێتی تازە) بڵاوکردەوە، خاڵێکی وەرچەرخانی جۆریێ بوو لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دا بەهۆی ئەوەی ئاستێکی بەرزی هەبوو لەزمان و دەرهێنان و قەبارەدا هەروەها بە هۆی ئەوەی چووە پاڵ ڕاگەیاندنی دژ بە وڵاتانی (تەوەر) بە گشتی و ئەڵمانیای نازی بە تایبەتی سەرباری ئەوە بایەخێکی تایبەتی بە مێژووی کورد و ئەدەبی کوردی داوە لەلایەن دوو کەسایەتی ناوداری کوردەوە بووە، تۆفیق وەهبی بەگ لەسلێمانی و حوسێن حوزنی موکریانی لە هەولێر بون. (البرزانی،٢٠٠٦: ١١٦). لێرەدا جێگەی خۆیەتی باس لەوە بکرێت، تا ئیستاش لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی زانستی لە بارەی دەنگی گێتی تازەوە نەنووسراوە، جگە لە چەند ئاماژەیەکی پەرت و بڵاو نەبێت، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە گوایە خزمەتی بێگانەی کردووە، بەبێ لێکدانەوەی ورد بۆ مەبەست و ئامانجەکانی نووسەرانی ئەم گۆڤارە و تێڕوانین لە بابەتەکانی، کە لە خزمەتکردنی ئەدەبیات و ڕۆشنبیری میللەتی کورد دا هیچی کەمتر نیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تر. بە تایبەتی لە دەوری دووەمیدا.

# بەشی دووەم

## کولتووری نەتەوەیی (کورد) لەدەنگی گێتی تازەدا

## بەشی دووەم: کولتووری نەتەوەیی (کورد) لەدەنگی گێتی تازەدا

### سیمای کولتووری ڕۆژنامەگەری کوردی

وشەی کولتوور لە زمانی کوردیدا بەرامبەر بە وشەی (الثقافە)ی عەرەبی و وشەی (Culture)ی لاتینی بەکاردەهێنرێت. وشەی کولتوور لە وشەی (کەڵچەر)ەوە وەرگیراوە و خراوەتە ژێر کاریگەری فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە واتای "(Culture)یش لە زمانە ئەوروپییەکاندا حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی یە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگا." (فیلالی، ٢٠١٣: ١٠٧). کولتووریش لەو ئەزمون و باگگراوندە ڕۆشنبیرییەی تاکەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتووە. مرۆڤ و کولتوور لەپەیوەندییەکی ڕاستەوانەی ڕۆشنبیری و بیری بەهێزدان تێڕوانینیەکان بۆ ژیان دیاری دەکەن. بۆ زیاتر شارەزابون لە کولتوور پێویستە پێناسەی کولتوور وەرگرین بۆ ناسینی ئەو کولتوورانەی تایبەتن بەنەتەوەکان" هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە ئێمە وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بیری لێدەکەینەوە وخاوەندارێتی دەکەین" (یونس، ١٩٩٧: ٩) هەروەها کۆنترین پێناسەی زانستی کولتوور ئەوەیە" لەساڵی ١٨٧١ز کراوە کولتوور هەموو ئەو پێکهاتەیە دەگرێتەوە لە زانست و بیروباوەڕ و هونەر و ئەخلاق و یاسا و داب و نەریت و تواناکانی تر، مرۆڤ وەریان دەگرێت لە کۆمەڵگاکەی بەو پێیەی کە ئەندامێتی....هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢ لە ڕاگەیاندنی مەکسیکۆدا کولتوور بەم شێوەیە پێناسە کراوە لەلایەن کۆنگرەی گشتی حکومەتەکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە، دەڵێت کولتوور سەرجەم ئەو خەسڵەتە ڕوحی و ماتریالی سۆزدارانەیە تایبەتن بەخودی کۆمەڵگایەک، یان گروپێکی کۆمەڵایەتی و لەکۆمەڵگا و گروپێکی تری جیا دەکاتەوە" (حمەساڵح ،٢٠١٨: ١٢٢). لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەدا دەردەکەوێت هەر نەتەوەیەک هەڵگری سیمای نەتەوەیی و کولتووریی خۆیەتی، هەموو ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا ئەنجامیان دەدات، هەموو ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە تاک و کۆی کۆمەڵگاوە هەیە وەکو زمان و ئەدەب و هونەر و پەروەردە و ئایین و یاسا و تەندروستی و زانست و کەلەپور، هەموویان دەچنە ژێر چەمکی کولتوورەوە.

نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تری سەر ئەم زەوییە خاوەن کولتووری جوان و دابونەریتی کوردەوارییانەیە، کە هەڵقوڵاوی جوانی و بەها پیرۆزە کۆمەڵایەتیەکانە. بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دوژمن و نەیارانی کورد و وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە هەوڵی سڕینەوەی کورد و ناسنامەی نەتەوەیی و کولتوریی کورد دراوە، بەڵام بەهۆی بەرگری کورد و هیمەتی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد، نەیانتوانیوە بگەن بەو ئامانجەیان. بەڵگەش بۆ ئەمە بوونی ئەو دابونەریت و کەلەپورە کۆنانەیە لە بیر و بۆچون و کردەوەی باوباپیرانەوە بۆمان

ماوەتەوە. ئەو هەوڵانەی کورد لە ناو کوردانی یەکێتی سۆڤییەتەوە دەردەکەوێت زۆر گرنگی پێدراوە وەک عەلادین سەججادی وتویەتی (یەکێتی سۆڤییەت زۆر گرنگی بە لەناونەچوونی ئەو کەلەپورانە داوە بەم هۆیەشەوە نوسەرانی کوردی ئەو ناوچەیەمان دەستێکی درێژیان بۆ کۆکردنەوەیان لەم مەیدانەدا هەیە) (نەریمان ،١٩٧٤: ١٢). دیارە ئەم کولتوورە کوردییە لە نووسیندا بە فۆلکلۆر دەستی پێکردووە، فۆلکلۆریش کەلەپوری نەتەوەکانی جیهان و نەتەوەی کوردیشە "نەتەوەی کورد خاوەن گەنجینەیەکی نەتەوایەتی بەنرخ و فراوانی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و ئەدەبی کلاسیکی یە، وە ئەدەبیاتی هاودەمیش بە ڕێگەی بەرەو پێشچووندا هەر ڕۆشتوە" (ئیبراهیم،١٩٧٩: ٧٧)

فۆلکلۆریش لە (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و داستان و چیرۆک و گۆرانی و ئەفسانە ...هتد)دا بەرجەستە دەبێت. لە گەڵ گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا هەندێ لەو بابەتانە هەر بەو ناوانەوە گەشەیان کردووە و بەرەو پێشچوون، وەک داستان و گۆرانی و چیرۆک. جیاوازی ئەمانە لە گەڵ بابەتە فۆلکلۆرییەکەدا ئەوەیە، لە فۆلکلۆردا ناوی نووسەرەکانیان دیار نییە و بە موڵکی میللەت دانراون، بەڵام لەو دەمەی ناوی نووسەرەکان دەرکەوتن بوون بە موڵکی تاکەکەسی و لە هەردوو بارەکەشدا بۆ بەرژەوەندی میللەتی کوردن. ئەم بابەتە کولتوورییانە بێجگە لە نووسینەوەیان لەناو کتێب و کەشکۆڵەکاندا، لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا پارێزراون. ڕۆژنامەگەری کوردیش بایەخی تایبەتی داوە بە هەموو ڕەهەندە کولتوورییەکانی کورد و میللەتانی تریش ، لە بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆر و ئەدەب و زانست و زانیاری درێخیان نەکردووە. گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)ش لە ماوەی ساڵانی تەمەنیدا ڕۆڵێکی ئەرێنیی بینیوە لەخزمەتکردنی نەتەوەی کورد و کولتووره ڕەنگاو ڕەنگەکەی لە زمان و شیعر و ئەدەب و ...هتد.

ئێمەش لێرەدا نمونەی کولتووری و پۆلێنکردنی بابەتەکان لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا دەخەینەڕوو، کە گرنگترینیان بریتین لە:

## زمانی کوردی

زمانی نووسین وەک کولتوورێکی نەتەوەیی لە ناو نەتەوەی کورددا بەپێی سەردەمەکان گۆڕاوە، بە هۆی بارودۆخی سیاسی و ژێردەستەیی و نەبوونی کیانێکی سەربەخۆوە، نووسین بە زمانی کوردی لە کوردستاندا دواکەوتوە و وەک ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێن: "تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمیش لە ناو کورد دا سێ زمان بە کار دەهات، زمانی عەرەبی بۆ کاروباری ئاییني ، زمانی فارسی بۆ ئەدەبیات و زمانی تورکیش بۆ کاروباری میری، ئینجا دوای ئەو زمانانە زمانی کوردی بەپلەی چوارەم دەهات" (تۆفیق،٢٠٠٧:

٨). واتە  لە ڕابردوو و سەدەکانی پێشوودا بواری نووسین بەزمانی کوردی نەدراوە، چونکە بە زمانی نەخوێندەوار دانراوە و ئەو پلەیەی وەرنەگرتوە بۆ نووسین بەکاربهێنرێت، زمانەکانی تر تەنگیان پێهەڵچنیوە و بواری بەکارهێنان و گەشەکردنیان نەداوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد بەهۆی زاڵبونی هەستی نەتەوایەتی و بەرگریکردن لە مانەوەی زمانی کوردی خامەیان خستووەتە کار و بە زمانی کوردی شیعریان نووسیوە. کەواتە دەتوانین بڵێین سەرەتای بایەخدان بە زمانی کوردی لە ناو نەتەوەی کورد و لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە بە ئەدەبیات دەستی پێکردووە، بە تایبەتی شیعر و پەخشان، وەکو شیعرەکانی (عەلی حەریری و عەلی تەرمۆکی)، کە لە سەدەکانی (١٠ ،١١)دا ژیاون، هەرچەندە بە سەرەتای ئەدەبی نوسراو دادەنرێن، بەڵام ئەم ئەدەبە لە سەدەکانی (١٤، ١٥)دا لەسەر بنجی شیعرەکانی فەقێ تەیران و مەلای جزیزی ڕێگای گەشەکردنی ڕاستەقینەی گرتووەتە بەر. سەدەکانی ناوەڕاست لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا  سەروبەندی  گەشەکردنی داستان و غەزەلیاتە "ئەحمەدی خانی بە شاکارەکانی (مەم و زین)یەوە نالی بە لیریکە نەمرەکانییەوە لە دڵداری و شیعری ویژدانیدا لە جیهانی هونەری ڕۆژهەڵاتدا شانبەشانی ئەدەبیاتی عەرەبی دەوەستن" (مستەفا،٢٠١٠: ٢١). لەدوای ئەو قۆناغەش ، قۆناغێکی نوێ لە بایەخدان بە زمانی کوردی و پاراستنی کولتووری زمانی دەستی پێکرد، ئەویش قۆناغی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بوو، کە بەهۆی پەیدابوونی چاپخانەوە سەریان هەڵدا، هاوکات "پەیدابونی نووسین و پاشانیش بوونی چاپخانە وەکو ئەساسێک ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە پێشکەوتنی زمان و کولتوور و مەعریفەکانی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی" (جعفر،١٩٧١: ١٥٢). جا بەو پێیەی زمان ناسنامەی نەتەوەی کوردە و مانەوەی کوردیش بە زمانەکەوە بەندە و رۆژنامەگەریش ڕۆڵی هەبووە لە پاراستن و بەرەو پێشبردنی زمانی کوردیدا، کە "زمانی کوردی ئەمڕۆ قەرزارباری ڕۆژنامەنوسییە، توانیویەتی نیمچە زمانێکی ستاندارد لە کوردستانی باشور بێنێتە کایەوە.....ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری دا ڕوودەدەن ناکرێ بەبێ گرنگی و کاریگەری زمان ڕوبدەن" (حسێن،٢٠٠١: ٨٩). کەواتە ڕۆژنامەگەری ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە پاراستنی کولتووری زمانیدا لە هەر قۆناغێک دا بوو بێت. دەبێت ئەوەش بزانین ئەو جۆرە زمانەی وەکو بنیاتنانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە کارهاتووە چ جیاوازییەکیان هەیە. زمانی (شیعر) تایبەتمەندی  خۆی هەیە و ڕەگەزەکانی (خەیاڵ و هەست و سۆزو ئەندێشە) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن تیایدا، هەر ئەمەش جیای دەکاتەوە لەزمانی (ڕۆژنامەو گۆڤارەکان). (دەنگی گێتی تازە)ش لە ڕۆژنامە و گۆڤار پێکهاتووە، واتە هەم رۆژنامەیە و هەم گۆڤارە و زمانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش جیاوازن،  چونکە "ڕۆژنامە بە کاتەوە بەستراوە

هەواڵەکان دەبێت گەرماوگەرم بگەن، گۆڤار بە کاتەوە نەبەستراوە گرنگ نییە هەواڵەکان کەی دەگەن بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆژنامە بە زمانی باڵا و بە زمانی چینەکانی کۆمەڵگا دەنووسرێت، زمانی ڕۆژنامە سادەیە و بۆ تێگەیشتنە، چونکە ڕۆژنامە بۆ کارتێکردن و بزواندنە، بە واتا بۆ گەیاندنی زانیارییە زمانی نووسینی گۆڤار زمانی باڵایە" (مەحوی،٢٠٠٠: ٣)، جیاوازی نێوان گۆڤارو ڕۆژنامەی دەرخستووە،

زمانی ڕۆژنامە زمانێکی کارایە بۆ گەیاندنی ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن و بەخێرایی دەیانگوێزێتەوە. واتە دوور لە بەکارهێنانی خەیاڵ زانیارییەکان دەگەیەنێت و لە نووسیندا زمانی حکومەت و دەسەڵات و دامەزراوەکان بە کاردەهێنێت. ئەگەر تێبینی بکەین، دەبینین کاتێک کەسێک ڕۆژنامەیەک دەخوێنێتەوە ڕاستەوخۆ سەیری بەرواری دەرچونەکەی دەکات، چونکە بە کاتی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگاوە بەستراوەتەوەو هۆکارێکی باشە بۆ هۆشیارکردنەوەی نەوەکان و ئاگاداربوون لە بارودۆخەکان. زمانی گۆڤار لە بەرئەوەی نەبەستراوە بە کاتەوە، ماوەیەکی پێدەچێت تا دێتە بەرهەم و بڵاوکردنەوە و بابەتی هەمەڕەنگ لە خۆدەگرێت. ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەکرێنەوە وەک هەواڵێکی مێژوویی دەپارێزرێن. زمانی کوردیش بەهۆی ڕۆژنامەگەرییەوە فۆڕمێکی بەهێزی وەرگرت. سەرەڕای هەوڵدانی نەتەوەکانی تر بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد و زمانەکەی، بەڵام گەلی کورد خۆی و زمانەکەی لە مەترسی لە ناوچوون پاراستووە، تەنانەت ڕۆژهەڵاتناسەکانیش درکیان بەو ڕاستییە کردووە هەروەکو میجەرسۆن دەڵێت" "گەلی کورد لە هەموو کاتێکدا هۆشی بە زمانەکەی خۆیەوە بووە و پاراستویەتی"(مەزهەر،٢٠٠١: ٢٠)

خەمی ڕۆشنبیرانی کورد بە گشتی و ڕۆژنامەگەری کوردی بە تایبەتی، بایەخدان بوو بەزمانی کوردی و بەرە و پێشبردنی و ئاراستەکردنی بەرەو کوردی پەتی. هەموو ئەم هەوڵانەش لە زۆربەی زۆری گۆڤارەکانی پێش (دەنگی گێتی تازە)دا دەبینرێن، لەوانە بایەخدانی (پێشکەوتن) بە کوردی پەتی، کە گرەوێکی ڕێکخست بۆ ئەو کەسانەی بە کوردی پەتی دەنووسن، دروستبوونی کۆمەڵەی (بژاری زمانی کوردی)، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، کە بەتایبەتی لە وتارەکاندا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، تا چ ڕادەیەک خەمیان زمانی کوردی بووە. تەنانەت پیرەمێرد دەربارەی وتارەکەی (سیاپۆش) لە (یادگاری لاوان)دا ئەم ڕاستییە دەخاتەڕوو و دەڵێت: "ئەو کوڕە ڕاستەکات ئێستا شیعر ئەوەیە چۆن هاتە پێش چاو چۆنت دی ئەوە بە شێوەی ڕەوانی و بە زبانی خۆت بیهۆنیتەوە" (سابیر، ٢٠٠٦: ٢٢٦). ئەم وتارەی سیاپۆش بە ناونیشانی (شاعیرەکانمان)، کە لە ساڵانی (١٩٣٢) و لە کاتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ڕۆژنامەی ژیان دا بڵاوکراوەتەوەو دواتر لەلایەن میرزا غەفورەوە جارێکی تر لە یادگاری

لاواندا بڵاوکراوەتەوە (ساڵح ،٢٠٠٥: ٩)، داوا دەکات گۆڕانکاری لە بنەماکانی شیعری کوردیدا بکرێت، یەکێک لەو بنەمایانە بەکارهێنانی کوردی پەتی بوو، پیرەمێردیش ئەوەی بە لاوە پەسەندبووە ، گرنگی بە زمانی کوردی پەتی بدرێت.

لەم بوارەدا هەنگاوی بالا "لەگەڵ سەرهەڵدانی (ژیان و ژین و گەلاوێژ) ڕووی دا بە تایبەتی لە سەردەمی گۆڤاری (گەلاویژ١٩٣٩–١٩٤٩) کە زمانی سادە و کورت و ڕەوان و میللی بوون، واتا لە ئاستێکدا بووە سەرجەم کۆمەلانی خەڵک لێی تێگەیشتوون و لێی حاڵی بوون..... لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی، زمانەکەش بالای کرد و پێشکەوت و پەرەی سەند" (عەلی،٢٠٠٢: ١١٠). ئەوە ڕاستە زمان سادە و کورت و ڕەوان بووە لەو سەردەمە، بەڵام لەوەش ڕاستتر، کە سەباح موسا بە هەر هۆکارێک بێت باسی نەکردووە، ئەوەیە (دەنگی گێتی تازە)ش زمانەکەی سادەو ڕەوان و پەتی بووە. ئەو مێژووەی توێژەر بۆ زمانی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا دیاریی کردووە، سالانی (١٩١٤– ١٩٤٥ )ە، سەرهەڵدانی (دەنگی گێتی تازە)ش دەکەوێتە ناو ئەو ڕێکەوتەوە، کە یەکێکە لەو گۆڤارانەی لە عێراقدا بڵاوکراوەتەوە بەڵام بە داخەوە توێژەر لە هیچ گۆشەیەکی نامەکەیدا ئاماژەی پێ نەداوە.

## زمانی کوردی لە(دەنگی گێتی تازە)دا

کاتێک تۆفیق وەهبی و حسێن حوزنی موکریانی ڕازی بوون بە دەرکردنی (دەنگی گێتی تازە)، هەمان خەمی ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی پێشوو و سەردەمەکەی خۆشیان هەبوو بۆ گەشەدان بە کولتوورە جۆراوجۆرەکانی کورد. ئەوان دەیانویست زمانی کوردی بەرەو پێش بەرن. (دەنگی گێتی تازە) بە بەراورد بە هەندێ گۆڤاری تری کوردی، زیاتر کوردی بوونی خۆی دەسەلمێنێت، چونکە بە وردبوونەوە لە زمانی نووسینی بابەتەکانی دەردەکەوێت هیچ گۆشەیەکی تەرخان نەکراوە بۆ نووسین بە زمانی بێگانە و بایەخ دان بە زمانی بێگانە. هەرچەندە فێربوون بە زمانانی تر دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵگا و بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی، بەو پێیەی ئەوەی چەند زمان بزانێت ئەوەندە مرۆڤە، بەڵام دەنگی گێتی تازە گرنگی بە زمانی (دایک) داوە. ئەمە دەیسەلمێنێت نووسەرانی ئەم گۆڤارە ئامانجێکی گەلێ گەورەیان هەبووە لەدەرکردنی گۆڤارەکە، ئەویش پێشخستنی کولتووری زمانی کوردی پەتییە. بابەتە وەرگێڕاوەکانی ناو دەنگی گێتی تازە بەڵگەیەکی تری ئەم ڕاستییەن، چونکە نووسەرەکانی دەیانتوانی بەبێ وەرگێڕان و بەزمانی بێگانە دەقاودەق بینووسنەوە و بڵاوی بکەنەوە، بەڵام وەرگێڕەکانی ئەمەیان نەکردووە و بابەتەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە مەبەستی ئاشنابون و زیاترکردنی زانیاری میللەتەکەمان. کەواتە دەتوانین بڵێین "ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەلایەن ئینگلیزەکانیشەوە بۆ مەبەستی خۆیان و پڕوپاگەندە و بانگەشەی سیاسی

یەوە دەردەچوون، لەخزمەتکردنی ڕۆشنبیری کوردی دا بوون و دەوری وشیارکردنەوە و پاککردنەوەی زمانی کوردییان دەبینی، لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا چیرۆکنوسانی وەکو (دڵسۆز، حسێن حوزنی موکریانی، ئیحسان فواد...) دەرکەوتن و هونەری وەرگێڕان بۆ کوردی گەشەی کرد" (حسێن، ١٩٩٥: ٥٠)

ئەو ڕۆڵەی دەنگی گێتی تازە بینیویەتی لە گەشەدان بە زمانی کوردی (ئەدمۆنس) هەستی پێکردووە. باسێکی لەسەر زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوە، زمانی کوردی پێ پەسەندتر بووە بەلای ئەوەوە زمانی عەرەبی زمانێکی قورسە، زمانی فارسیش ئەگەر وشە عەرەبییەکانی لێ لابەیت، ئەوا هیچی وای لێ نامێنێتەوە، چونکە هەندێک وشە و پیتی نەبێت ئەوانی تری هەمووی عەرەبین. لەڕووی خۆشنووسی و خوێندنەوەوە، زمانی کوردی خاوێنی زمانی هەر ماوە، بەڵام زمانی عەرەبی کاریگەری لەسەر زمانی کوردیش هەبووە، نەوەکانی داهاتوو سوپاسی تۆفیق وەهبی بەگ دەکەن توانی بەرگری ئەم کاریگەرییە بکات. ئەدمۆنس بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "دروستکردنی پیتی تازە شتێکی ناخۆش بوو لەلای بەرەی پارێزکاران (کۆنە پیاوەکان) بەڵام دەبێت ددان بەوەدا بنێین کە پیتی تازە لەسەرخوێندەوارەکان کاریگەری زیاتربوو لە پیتە عەرەبییەکان مرۆڤێک لەعەشیرەتی جاف خوێندەواری فارسی هەبوو پێمی گووت: هێشتا چاوەکانم فێرنەبووە بە خوێندنەوەی دەنگی گێتی تازە، بەڵام دەخوێنرێتەوە زۆرشیرین و سوکتر دێتە گوێچکەم مانایان زۆرئاشکرا دیارە، بەهۆی ئەم نەشریاتانەوە ئێستا مانای وشە عەرەبییەکان چاکتر تێدەگەم لەپێشان. (خ٢،ژ٣،ب١: ١٦٢)

تۆفیق وەهبی هەوڵیداوە وشەی کوردی پەتی دابرێژێت، دیارە هەر شتێک سەرەتا سەرهەڵدەدات یار و نەیاری دەبێت، بەکارهێنانی وشەی کوردی بۆ ئەو سەردەمە لەلایەن نەوەی پێش خۆی ڕەتکراوەتەوە، بەڵام کەسێک شارەزای نووسینی کوردی نەبووە بە باشی هەستی بەو سوکی و ئاسانی دەربڕین و ئاوازی وشەکانی لەکاتی خوێندنەوەی دەنگی گێتی تازەدا کردووە، بووە بەهۆی باشتر تێگەیشتنی ئەو وشانەی بە کاریگەری قورئان هاتونەتە ناو زمانانی تر و لەڕووی فۆنەتیک و دەنگسازییەوە بوون بە بەشێک لەزمانەکە.

تۆفیق وەهبی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی لایەنی زمانەوانی لەدەنگی گێتی تازەدا گرتۆتە ئەستۆ، خۆی دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٤٣دا گۆڤاری دەنگی گێتی تازە- دامەزرا بە چاودێری زمانەوانی من دەردەچوو نەمدەهێشت هیچ گوتارێکی نووسراوی دەستەی نووسەرانی بڵاوببێتەوە هەتاکو لەچاکی زمانەکەی دڵنیا نەبوومایە. هەندێ جاریش پێویست دەبوو، خۆم چاکم دەکرد"(محمد،١٩٨٤: ٩). جگە لەوەش چەندین وتاری لەبارەی زمانی کوردی لەدەنگی گێتی تازەدا بڵاوکردۆتەوە، گرنگترینیان (وتارێک)ە بەناونیشانی (دەستووری زمانی کوردی)،

که به چەند بەشێک و لە چەند ژمارەیەکی جیاجیای دەنگی گێتی تازە بڵاویکردۆتەوە. لە پێشەکی بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا ئامانجەکەی بە ڕوونی دەخاتەڕوو و دەڵێت: "بۆ ئاخاوتن و نووسین بە زمانێکی بێ هەڵە و بەخاوێنی. زانینی بنکەکانی دەستوری ئەو زمانە پێویستە، ئەم پێویستی یە هەر بۆ زمانێکی بێگانە نییە. پیاو بۆ ئەوەی بە زمانەکەی خۆیشی بێ هەڵە و بە خاوێنی بئاخێوێ و بنووسێ، دەبێت شارەزای دەستوری زمانەکەی ببێت، ئەم هەموو پشێویە کە لەنوسینی ئێمەدا هەیە تەنیا لەبەرئەوەیە کە کەس هەتا ئێستا گوێی نەداوەتە دەستوری زمانەکە، هەموو خوێندەوارەکانمان بەهای زمان و ئەدەبیات تێگەیشتون، بەڵام یەکێکیان بە لای ئەوەدا نەچوون کە زمان و ئەدەبیات هەر لەسەر دەستوری زمان دەتوانێت بگەشێتەوە و بەرز ببێتەوە" (خ١، ژ٢، ب١: ٩٣). ئەم دەستورە پێشوتر لەساڵی( ١٩٢٣) بڵاوکراوەتەوە لەدەنگی گێتی تازەش دا بۆ سودی گشتی و ناساندنی زمانەکەمان بە کەسانی بێگانە بە(٦) بەش دووبارە بڵاوی کردووەتەوە. لەڕووی شێوازەوە گرنگی بە زمانەوانی داو، هەروەها لەڕووی ناوەڕۆکەوە گرنگیی بە ڕێزمانی زمانی کوردی و پێناسەکردن و شیکردنەوەی بەشەکانی ڕستەی تێدا خراوەتەڕوو، بۆنمونە پێناسەکردنی (زمان، ئاخاوتن، نووسین، وشە، کەرتە، پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان و کاری ئەو پیتانە)، هەروەها بەشەکانی ڕستە (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، کار، ئامرازی پەیوەندی، هاوەڵکار، ئامرازی بانگکردن....هتد)

لە (وتارێک)ی تردا بە ناوی (باکور= شیمال، نیوڕۆ = جنوب) تۆفیق وەهبی پێشنیاری کردووە بەرامبەر وشەی (شمال)ی عەرەبی وشەی (باکور) بە کاربهێنرێت، بەرامبەر وشەی (جنوب)یش وشەی (نیوەڕۆ) بە کاربهێنرێت و هۆکاری گونجاویی ئەم دوو وشەیەی باسکردوە (خ١، ژ١، ب١: ٤٦). بەڵام وشەی (نیوەڕۆ) بەو واتایەی تۆفیق وەهبی دەیویست نەڕۆیشت. واتە لەناو خەڵکدا بە واتای (جنوب)ی عەرەبی بەکارنەهات و بە واتای ناوەڕاستی ڕۆژ جێگەی خۆی گرتووە.

لە (وتارێکی) تردا باس لە وشەکانی (پس پور، ئازاد (ئازا، زات)، شارەزا) دەکات، ڕەگوڕیشەی ئەو وشانەمان بۆشی دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان و ئەشکانییەکان. پێیوایە وشەی (پس پور) لەوشەی (ڤیس پور)ەوە هاتووە، ڤیس پورەکان لەو سەردەمەدا خاوەنی دێ و زەوی فراوان بون، بەگ بون، دەرەبەگی بون. ئەم وشەیە لەلایەن نوسەرانی عەرەبی سەردەمی ئیسلام بۆ ئەو نوسەرانە بەکارهێنراوە، کە خاوەنی دەسەڵات بوون و کاری (دیوان)یان دەکرد. واتە لە ناو خەڵکدا خاوەن دەسەڵاتی دادوەری بوون و پێیان دەوترا (ڤیس پورەکان). دواتر دەڵێ ئەم وشەیە لەناو فارسەکاندا ونبووە، بەڵام لەناو کورددا ماوەتەوە و دەربڕینەکەی گۆڕاوە و بووە بە (پس پۆر) و بەو کەسانە دەوترێت شارەزابن

لەبواری کارەکەیاندا. هەر ئەم وشەیە لەلایەن نوسەرەکانەوە بۆ مانای گشتی (پرۆفیسۆر، مامۆستا، ئیختیساس) بە کاردەهێنرێت. هەرچی وشەی (ئازاد ،ئازا)یە لەسەردەمی ئەشکانییەکان و ساسانییەکاندا بە مانای (پیاوی شەریف، نەبیل) (ئازاد، حور، قارەمان) بووە و لە وشەی (ئازاتانە)وە هاتووە. ئەم وشەیە لەزمانی فارسی کۆندا تەنیا مانای (ئازاد، حور )ی هەبووە. لە سەردەمی عوسمانیدا (زادەگان) بە مانای (نەبیلەکان) بوو، بێگومان لە ئازادەگانەوە هاتووە بەفڕێدانی (ئا) پێشەوەی. زمانی کوردی دوو مانای کۆنی (ئازاد)ی پاراستوە، (ئازاد) بە مانای سەربەخۆ و حورِ، (ئازا)ش بە لابردنی (د) بە واتای قارەمان و ئازا و پاڵەوان، بێگومان لەوشەی (ئازات)ەوە هاتووە. جگە لەمانە هەندێ باری بەکارهێنانی وشەکە لە (زات، زاتکردن = جەسارەتکردن = بەزات = جەسور)یشدا دێت.

وشەی (شارەزا) لە (شەهرەزاد)ەوە هاتووە مانای بنچینەیی دەبێت (قارەمانی وڵات )بێت، لەدوای سەردەمی ساسانییەکان بەکارهێنراوە و لەفارسی ئێستادا بەکارناهێنرێت. لەچیرۆکی (هەزارو یەک شەوە)دا شەهرەزاد ناوی کچێکەو دەشێ لەبەر زیرەکییەکەی ئەو ناوەی پێدرابێت. بەڵام وشەی (شارەزا) لەکوردی دا پارێزراوە و بە واتای (خەبیر) دێت (خ١، ژ٣، ب١: ١٤٣). واتە ئەمیش وەکو پسپۆڕ واتا بنچینەییەکەی خۆی ونکردووە و لەڕووی شێوە و واتاوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

هەروەها لەدەنگی گێتی تازەدا ئەوە خراوەتەڕوو، هەندێ لەوشەکان بەهۆی کاریگەری زمانەکان لەسەر یەکتری هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە. لەلاپەڕە (٧٠٢و٧٣٨)دا باس لەوە دەکات وشەی (بەگوێرە، هێرش) وشەی تورکین. نووسەر دەڵێت: بەرامبەر وشەی (بەگوێرە) وشەی (بەپێی) خۆماڵیمان هەیە و جوانترە لەوشەی (بەگوێرە)، چونکە وشەی (بەگوێرە) بەبێ لێکدانەوە و وردبونەوە لە وتار و نامەکانی کوردیدا بەکاردێت، بەڵام وشەیەکی ناحەز و لەسەر زمان گرانی بێگانەیە، وشەیەکی زۆر کۆنە و کاتێک کوردانی دەوڵەتی عوسمانی دەستیان دایە نووسین بە زمانی کوردی، لە کوردییەکەشدا بەکاریان هێناوە. (خ٢، ژ٢٧، ب٢: ٧٠٢)

هەروەها باس لەوە دەکات وتارنووس و وتاربێژەکان بەگەرمی وشەی (هێرش) بەکاردەهێنن، ئەمەش وشەیەکی تورکی زۆرکۆنە نەک کوردی. لەبری (هێرش) پێشنیاری چەند وشەیەکی کردووە وەک (پەلامار، ڕەو، هەڵکوتان...) هەریەکەیان لەجێگای وشەی (هێرش) بەکارببرێن زۆرباشە (خ٢،ژ٢٩، ب٢: ٧٣٨)

هەرچەندە هەوڵەکانی نووسەر بۆ پاراستنی کولتووری زمانی کوردی پەتی بێت، ئێمە پێمان وایە بەکارهێنانی ئەو وشانەی، کە هاتونەتە ناو زمانی کوردی و لەناو زمانەکەدا تواونەتەوە لەبەرامبەردا وشە هاواتاکانیان بۆ زیاد بکرێت و بەکاربهێنرێن کارێکی زۆرباشە و دەبن بەهۆی

دەوڵەمەندکردنی زمانەکە. هەروەک چۆن بەکارهێنانی ئەو وشانە (بەگوێرە، هێرش) وشەی ناحەز و قورس نین بوونە  بە وشەی کارا، ئێستاش لەناو زمانی نووسین و ئاخاوتنی کوردیدا بەکاردەهێنرێن، تەنانەت وشەی (هێرش) ئەوەندە پەسەندکراوە، جگە لە واتا سەرەکیەکەی، بۆ ناوی تایبەتی مرۆڤیش  بەکاردەهێنرێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو هەولانەی تۆفیق وەهبی بەرز دەنرخێنین و لەپێناو خزمەتکردندا بووە بە زمانی کوردی و بەکارهێنانی وشەی خۆماڵی و دوورکەوتنەوە لە وشەی بێگانە.

دەنگی گێتی تازە یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی ئەوەیە، زۆرجار نووسەرێک بابەتێکی لە یەکێک لە ژمارەکانیدا بڵاوکردۆتەوە، سەبارەت بەو بابەتە نووسەرێکی تر هاتووە هەر لەهەمان گۆڤاردا و لە ژمارەیەکی تردا بیروڕای خۆی لەسەر بابەتەکە دەربڕیوە. ئەمەش مەیدانێکی باشبوو بۆ کولتوری لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجیاکاندا و بە تایبەتیش لەبواری بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتیدا. بۆ نمونە لە (وتارێک) بەناونیشانی (ڕەنج بەر و ڕەنج دەر)دا (م. نریمان) دەڵێت: "لە وردبونەوە لە وشەی (ڕەنج بەر) مانایەکی پێچەوانەی لێ تێدەگەین لەگەڵ ئەوەدا دوورە خۆمان دەیزانین چۆن؟ ڕەنجبەر ئەوەیە ڕەنجی ئەم و ئەو ببات بۆ خۆی ، یان ئەو ڕەنجە کە دابوی کەسێکی تر لەبەرەکەی بخوات، جا لە جیاتی ڕەنجبەر (ڕەنجدەر) بێت چۆنە ؟ بەڕاستی (ڕەنجدەر) بەرگێکی تازەی نەخشینە پڕ بە بەری فەلاح و پاڵەو ئیشکەرەکان دروومە و ئەندازەم گرت زیاد و کەمی نەبوو، جا با ئەم وشەیە بۆمان ماوەتەوە بیگۆڕین و ئەم بەرگە تازەیە لەباتی وشەی (ڕەنجبەر)ی کۆن (ڕەنجدەر)ی تازە بەکاربێنین، وشەی (ڕەنجبەر) بەوانەوە بنوسێنین  ڕەنجی ڕەنجدەران دەخۆن" (خ٢، ژ١٧، ب١: ٤٩٧). سەبارەت بەم وتارە لە ژمارەیەکی تردا بەناونیشانی (لەسەر وتاری ڕەنج بەرو ڕەنج دەر) دا (ج. ب. ڕۆژبەیانی) وتویەتی: "لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەوڵ و کۆششێکی زۆر هەرەوەزی پیرۆز دەبینرێت هیوایەکی زۆر پتەوی پێوە بەستراوە چونکە خوێندەواری  لاو و نووسەری کۆن و نوێ هەموو بە گەرم وگوڕی و بەجۆش و پەرۆشەوە هاتونەتە مەیدانی بەرهەمهێنان و لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە و سەرنجدان و ڕاستکردنەوە، ... ... ... ئەگەر ناشیرینی و ناڕێکی لە نووسراوەکەیدا هەبوو لەلایەن (ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)ەوە بە ڕەخنە وریا بکرێتەوە، بە چەشنێ نووسەرەکە بیکا بە سەرمەشق لەئایندەدا پەیڕەوی بکا و کەم وکوڕی نەهێڵێت". دوای ئەمە نووسەر دێتە سەر باسی وشەی (ڕەنج بەر، ڕەنج دەر)، کە ئەمە دەقەکەیەتی "لە ژمارەی(١٧)ی بەرگی(٥)ی ئەم ساڵی گۆڤاری دەنگی گێتی تازەی نازداردا وتارێکم دەربارەی دوو وشەی (ڕەنجبەرو ڕەنجدەر) خوێندەوە. نووسەرەکەی (م. ن.)ی خۆشەویست، سەرنجێکی زۆر قوڵی دابوو، لەبەرئەوە وشەی (ڕەنجبەر)ی پێچەوانە بۆ دەرکەوتبوو، ناچار لە وشەی (ڕەنجبەر)ی

کوردی کۆنی چەند هەزارساڵە لوتە لابووبوو، جا ئەم بیرەی نووسەری خۆشەویست هەرچەندە لەبنەڕەتەوە هەڵەبێت، نابێت لەلایەن گۆڤارەکەوە فەرامۆش بکرێت. کاکە (م.ن) وشەی ڕەنج بەر لەزۆر کۆنەوە لەناو کوردا بەکاردەهێنرێت وشەیەکی هەڵە نییە زۆر لەشوێنی خۆیەتی و دوو مانای زۆر جوانی هەیە. (ڕەنج بەر= ئەرک بەر) واتە لە جیاتی هەوڵ و تەقەلا و ماندویەتی: ڕەنجی پێ برراو- نەوەک سود و دەستکەوت بەر- جا ئەمە حەلێکە وشەکە تێهەڵکێشی (ڕەنج – بەر) بێت سەرچاوەکەی (ڕەنج بردن= ڕەنج پێ برران)بێت..(ڕەنج بەر=ڕەنج سود=ڕەنج کەڵک=ڕەنج میوە) ئەمەش حەلێکە، وشەکە تێهەڵکێشی (ڕەنج = ئەرک) و (بەر = سود = میوە = کەڵک = قازانج = دەسکەوت) ە، واتا: بەر و قازانج و سود و دەسکەوتی لەباتی ئەرکەکەی تەنها (ڕەنج)ە ئیتر بە هیوام زویرنەبن) (خ٢، ژ٢٠، ب١: ٥٤٩).

لێرەدا جێی ئاماژەیە ئەو دوو وتارە لەلایەن دوو کەسەوە لەسەر وشەی (رەنجبەر و ڕەنجدەر) نووسراون و نووسەری وتاری دووەم بە ڕێزەوە وەڵامی نووسەری وتاری یەکەم دەداتەوە و ڕەخنە لە بۆچوونەکانی دەگرێت. هەردوو وتارەکەش لە خزمەتی دەوڵەمەندکردنی کولتووری زمانەوانی و زمانی کوردیدان.

هەوڵ و تەقەلای نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەو دەمەی (دەنگی گێتی تازە) بۆ خزمەتکردنی کولتووری زمانی کوردی و پەرەپێدانی وشەی کوردی پەتی، لەناو زمانەکە و کایە ڕۆشنبیرییەکەدا ڕەنگیداوەتەوە و گۆڤارەکە بوارێکی باشی ڕەخساندووە بۆ ئەو بەرەو پێشبردنە لەلایەن کەسە ڕوناکبیر و خاوەن ئەزمونەکانەوە. ئەم نووسەرانە کەسانی بە توانا بوون و خەمخۆری پاراستن و گەشەپێدانی زمانی میللەتی کورد بوون. هاوکات هەر تازەگەریەک سەرەتا سەرهەڵدەدات، بێ هەڵەو کەموکوڕی نابێت، (دەنگی گێتی تازە)ش سەرەڕای ئەو خزمەتە زۆرەی بە زمان و بوارە جیاجیاکانی کولتووری کوردی کردووە، دەربارەی زمانەکەی ڕەخنەی ئاڕاستە کراوە. لە (دەنگی گێتی تازە) نووسەرێک بە ناوی (ت. دڵپاک) دەڵێت: "بەڕاستی ئەم گۆڤارە خزمەتێکی باڵای زمانی کوردی کردووە بە نووسینی کوردی پەتی وە بژارەکردنی زمانەکەمان لە ووشەی بێگانە ، بۆ ئەم کارەی لای ئەوانەی کە نرخی زمانەکەیانیان لا هەیە سوپاس و ستایش دەکرێت، بەڵام ئەم کتوپڕی یەی کە کردویەتی لە تەتەڵەکردنی زمانەکەماندا و هێرشی ووشەی پەتی کە لە زۆری خوێندەواران ڕانەهاتون ، خوێندنەوەی بۆ گەلێ کەس قورس و نالەبار بووە چونکە بەشی زۆرمان بۆ خۆشی ئەخوێنێتەوە نەک بۆ کەڵک وەرگرتن و فراوانکردنی زانیاریمان لە وشە و وتەی کوردی پەتی. ئینجا لەم بابەتەوە تکام وایە کە لەمەولا بەیەک شێوە (لهجە)، بە کوردی پەتی یەک کەوا وشەکانی هەموو خوێندەوارێک لێیڕاهاتبی بنووسرێ، ئەگەر هەندێ وشەی بێگانەشی تێبکەوێت

قەیدیناکا، دوایی بەرەبەرە ووشەی کوردی پەتی تر بڵاوبکەنەوە، تا خوێندەوارەکانیش بەرە بەرە لەسەری ڕابێن. لە نوسەرەکانی کوردیشم ئەوێ کە لەمەودوا بەم چەشنە وتار بنوسن و لەم گۆڤارەدا بڵاوی بکەنەوە"(خ٢،ژ٨، ب١: ٢٦٥). ئەم قسانەی نووسەر پوختەکردنەوەی هەوڵەکانی دەنگی گێتی تازەیە، ئەو دەست و بردییەی کردوویەتی لە بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و گەڕانەوە بۆ کولتووری کوردی پەتی دەردەخات. دیارە ئەمەش خوێنەرانی تووشی کێشە و گرفت کردۆتەوە، بەتایبەتی خوێنەرانی کلاسیک بە خوێندنەوەی ڕانەهاتبون و سەردەمەکەش لە قۆناغی دەرکەوتنی نوێگەری دا بووە، دەنگی گێتی تازەش لەڕەوتی گەشەسەندنی زمانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەنگاوی بەرەو ئەو جوڵە نوێگەرییە ناوە و بناغەیەکی گرنگی ئاراستەکردن بوو بەرەو کولتووری نوێگەری لەچوارچێوەی بایەخدان بە بوارە جۆراوجۆرەکان بە گشتی و کولتووری زمان و لێکۆڵینەوەی زمانی بە تایبەتی.

## ئەدەبی کوردی و ڕۆژنامەگەری

پێش سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری، شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ڕێگای بابەتە ئەدەبییەکانەوە ڕووداوی کولتووری و کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی ناو کۆمەڵگای کوردییان دەخستەڕوو، بۆ شارەزابوونی کۆمەڵگا لەلایەک و لەلایەکی ترەوە بۆ خاڵی کردنەوەی ناخی خۆیان. ئەدەب وەک چرا و مەشخەڵێکی زانستی لە مزگەوتەکان و کۆڕو کۆبونەوەی ئەدیبان دا بەکاردەهات. بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژنامەگەری سەری هەڵدا، ئیتر "هاتنە کایەی تەکنیک لە ئاستێکی باڵادا و هەوڵدان بۆ بەخێرایی گەیاندنی پەیامەکان، لەدورترین شوێنەوە و بەخێراترین شێوە بۆ زۆرترین خەڵک و ڕووبەری جوگرافی وایان کردووە ئیدی تەنها زمانی ئەدەب و ژانەرەکانی ئەدەب نەتوانن لەم بوارەدا کاربکەن، هەر لێرەوە تەرزێکی نوێی نووسین کە نووسینی ڕۆژنامەنووسییە هاتۆتەکایەوە، ڕۆژنامەکان لەدایک بوون و خزمەتێکی گەورەیان بە بوارە جیاجیاکانی ئەدەب و دەقە ئەدەبییەکان کردووە" (ئەبوبەکر، ٢٠٠٦: ١٤٤). واتە ڕۆژنامە و گۆڤار بوون بە مەیدانی بڵاوکردنەوەی ئەو کولتوورە ئەدەبییانەی شاعیران و ڕۆشنبیران. هاوکات دەکرێ بڵێین بە هەوڵی ئەدیب و نووسەران و ئەو کەسانەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا کاریان کردووە و ئەزموونێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبییان هەبووە، ڕۆژنامەنووسی لە هەناوی کولتووریی ئەدەبدا لەدایک بووە. لەبەرئەوە ڕۆژنامەگەری کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەوڵی زیندووکردنەوەی کولتووری ئەدەبی کوردی داوە. کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی تر هەوڵیداوە لە ڕێگای دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە لە کاروانی پێشکەوتن دوانەکەوێت و لاپەڕەیەکی زێڕینی لەخەباتی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و مێژویی نەتەوەی کورد دا تۆمار کردووە.

## کولتووری نەتەوەیی شیعر و ڕۆژنامەگەری

لەلاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ئاوڕ لەژانەرەکانی ئەدەب بە تایبەتی شیعر دراوەتەوە. ئەگەرچی توێژەرێک دەڵێت "ڕۆژنامەگەری نەیتوانیوە هەموو شیعرێک بڵاوبکاتەوە بە تایبەتی هەتا شیعری کورت هەبوایە خۆی لە بڵاوکردنەوەی چامە و شیعری درێژ نەداوە، "(ئەحمەد،٢٠٠٠: ١٦٧)، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین ڕۆژنامەگەری گرنگی داوە بە بڵاوکردنەوەی هەموو شیعرێک، چونکە ڕۆژنامە یەکێک بووە لە ئامڕازە گرنگەکان بۆ پاراستنی کولتووری شیعر، چ شیعری درێژ بووبێت یان شیعری کورت. یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیش، کە (کوردستان) بوو "بۆ زیندووکردنەوەی هۆنراوەی کوردی کۆن هەر لە ژمارە دوویەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەیتەکانی (مەم و زین)ی هۆنیاری کورد ئەحمەدی خانی و بە زنجیرە بڵاوی کردۆتەوە" (جاف،٢٠٠٤: ٤٥) . دەشێت مەبەستی توێژەر لەشیعری کورت ئەوەبێت هەموو شیعرەکە لە یەک ژمارەدا و بەسەریەکەوە بڵاونەکراوەتەوە، بۆ نموونە لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە بەشێک لەو بەیتانەی مەم و زین بڵاوکراوەتەوە، لەچەند ژمارەیەکی دواتردا بەشەکانی تری تەواوکرا بێت. لە ڕۆژنامەی کوردستانەوە تا زنجیرە ڕۆژنامەکانی پێش دەنگی گێتی تازە و دواتریش، گرنگی دەدرا بە بڵاوکردنەوەی شیعر، سەردەمی زێڕینی گرنگیدانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە شیعر لە کوردستان و عێراق ساڵانی بیستەکان بوو، هۆکارەکەی ئەوە بووە" لەدوای تەواوبونی شەڕی یەکەمی جیهانی لە١٩١٩_١٩٢٠دا جوڵانەوەی ڕۆشنبیری کورد لە عێراق پێشکەوت ئەو برا کوردانەی لە دەرەوەی عێراق دەژیان لە ئەستەمبوڵ بوون لەبەر زۆرداری و ستەمی تورکەکان هەموو گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە دوو شوێنی گرنگدا نیشتەجێ بوون لە سلێمانی و بەغداد" (قەزاز،١٩٧١: ٥٤).

هەر ئەو ڕۆشنبیرانەش دەستیان دایە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان، بابەتی جۆراوجۆر و بەپێزیان تیادا بڵاودەکردنەوە. یەکێک لە بابەتەکان شیعری شاعیران بووە، ئەمەش بە مەبەستی بوژانەوەی کولتووری شیعری بووە، هەروەها ویستویانە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی شیعری شاعیرانەوە پەیامەکان بگەیەنن بە کۆمەڵ. کەواتە پەیوەندییەکی تەواوکاری دەبینرێت لەنێوان کولتووری ئەدەبی کوردی و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەگەریدا، لەبەرئەوەی هەم خەمی ڕۆشنبیران و هەم ڕۆژنامەکانیش بەشێوەیەکی بەرفراوان گرنگی دان بووە بە هونەرەکانی ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی.

## شیعر له (دەنگی گێتی تازە)دا

دەنگی گێتی تازە لەپێناو بوژانەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و ناساندنی سەلیقەی شیعری کوردی و شاعیرانی و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمە و سەردەمی پێشوتریش لە هەست و نەستی شاعیراندا، دەورێکی کارای گێڕاوە. لەخولی یەکەم و بەرگی یەکەم و ژمارەی یەکەمەوە، تا دوا ژمارەی، هەرجارەی تێکستێکی شیعری کوردی بڵاوکردۆتەوە. لە تەماشاکردنی شیعرەکاندا دەردەکەوێت ئاوڕیان لە شیعری شاعیرانی کلاسیک و شاعیرانی سەردەم داوەتەوە.

بەپێی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و دیالێکتە کوردییەکان، هەر ناوچەیەک بە دیالێکت و شێوەزاری ناوچەکەی خۆی شیعری بەرهەمهێناوە، ئەم جیاوازی دیالێکتانە بەڕوونی لەدەنگی گێتی تازەدا دەبینرێت. بەپێی قۆناغە جیاوازەکانیش، شیعری کوردی شانبەشانی ئەو قۆناغانە لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لە گۆڕاندابووە. لە قۆناغی کلاسیکدا شیعری کوردی پابەندی بەها و پێوەرەکانی ئەو قۆناغە بووە، دواتر و بە دیاریکراویش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، قۆناغی ڕۆمانتیک و ڕیالیزم سەریانهەڵداوە و شاعیرانیش ویستویانە لەگەڵ گۆڕان و بەرەو پێشچوونەکاندا بن، بۆیە چەند بەها و پێوەرێکی تریان کردۆتە پێوەری شیعر. ئەوەی گرنگە دەنگی گێتی تازە شیعری شاعیرانی ئەو قۆناغە جیاوازانەی خستۆتە بەردەست. لێرەدا جۆری شیعرەکان دەستنیشان دەکەین، کە بەپێی سەردەم وتراوە، چونکە " شیعر هەرگیز نایەتە دابڕان لەبیر و فکر، بیری شاعیریش ڕەگی لە ژینگە و سەردەمی خۆیدایە، ئەگەر ژینگە و سەردەمەکەی سادە و ساکار بێت ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە سادە و ساکار دەبێت، خۆ ئەگەر ژینگە و سەردەمەکە ئاڵۆزبێت، تەژی{تژی)نیگەرانی فکری بێت و یەکپارچە ناسەقامگیری دەروونی و ڕوحی بێت ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە ئاڵۆز و تەمومژاوی و قورس دەبێت" (عارف، ٢٠٠٧: ١). ئەگەر چی توێژەر لێرەدا شیعری بەستۆتەوە بە بیر و ژینگەی شاعیرەوە، لەگەڵ ئاڵۆزیی ژینگەو سەردەمەکەدا، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ توانا و سەلیقەی شاعیریش لە ڕووی بەکارهێنانی هونەرەکانی جوانکاری و ڕەوانبێژی و زمانەوانی و بیری شاعیرەکە. ئێمە لە کولتووری ئەدەبی شیعری کوردیدا دوو جۆر شیعرمان هەیە، کە بریتین لە: شیعری هونەریی بەرز و شیعری میللی. (شیعری میللی) بە شێوەیەکی سادە و ساکارە و ئاڵۆزیی تێدانییە بەهۆی کەمتر بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، کە ئەم جۆرە شیعرەش لە سەردەمە جیاوازەکاندا هەبووە. هەندێ جار لای یەک شاعیریش هەردوو جۆرەکە دەبینرێن، لەهەمان کاتدا (شیعری هونەری)یشمان هەیە تەکنیکی هونەرییان بەرزە و تاڕادەیەک ئاڵۆزی

تێدا بەدی دەکرێت. ئەم دوو جۆرە شیعرە لەسەر لاپەڕەکانی دەنگی گێتی تازەدا دەبینرێن و ئێمەش بەجیا دەیانخەینە ڕوو.

## شیعری هونەریی بەرز (کلاسیک)

لەبارەی شاعیرانی کلاسیک و زیندووکردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانیان لەدەنگی گێتی تازەدا، چەندین پارچە شیعری شاعیرانی وەک (ئەحمەدی خانی، پرتەوبەگی هەکاری، مەلا مستەفای بێسارانی، مەولەوی، ئاهی، مەلا عارف سائیب، ناری، مسباح، حاجی قادری کۆیی، ئەحمەد موختاربەگ ...) لە ژمارە جیاوازەکانی گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە. ئێمەش چەند پارچەیەک لەو شیعرانە دەخەینەڕوو. هەر شاعیرێکیش لە شیعرێک زیاتر یان چەند شیعرێکی لەدەنگی گێتی تازەدا بڵاوکرابێتەوە، ئاماژە بەو بەرگ و خول و ژمارانە دەکەین، کە شیعری ئەو شاعیرەیان تێدایە. لەبەر ئەوەی شیعر بۆ خۆی کولتوورێکی نەتەوەیی میللەتی کوردە، گرنگی بە ڕەنگدانەوەی لایەنی کولتووریش دەدەین لەشیعرەکانداو لێیان دەدوێن .

١. لەژمارە (١) ی خولی (١) ی بەرگی (١) ی گۆڤارەکەدا لەلاپەڕە (٨) دا[1] پارچەیەک لە(مەم وزین) ی شاعیری مەزن (**ئەحمەدی خانی**)، بەدیالێکتی کرمانجی باکوور نووسراوەو دەڵێت:

**کو عادەتی پێشی زەمانان — ئەڤ بو لەهەی جەهو مەکانان**
**وەختی وەکو شاسواری خاوەر — تەحویلی دەکردە ماهی آزەر**
**یانی کو دەهاتە برجی سەری سال — قەت کەس نەدەما دە مەسکەن و مال**
**سەرپاک دەچونە دەر ژ مالان — هەتا دەگەشتنە پیرو کالان**
**ڕوژا کو دەبووی جەژنی نەورۆز — تەعزیم ژبو دەما دل ئەفروز** (خ١، ژ١، ب١: ٨)

لە دەنگی گێتی تازەدا ئەم پارچە شیعرەی ( ئەحمەدی خانی ) خراوەتە ڕوو، کە بەشێکە لە داستانی مەم و زینی خانی. لەم پارچەیەدا بەشێوەیەکی هونەری زۆر بەرز ئەوەمان پێدەڵێت کولتووری کوردەواری ڕۆژی نەورۆز لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ لەناو میللەتی کوردا کولتوورێکی کۆنە و بە درێژایی مێژوو ئەو کولتوورە کوردییە پارێزراوە. یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی کوردی، کە یەکەم ڕۆژی هاتنی وەرزی بەهاریشە، بەپێی نەریتی کوردەواری ئێوارەی ڕۆژی پێشوو ئاگریان کردۆتەوە، بۆ ڕۆژی داهاتوو خەڵکی لەماڵەکانیان چوونەتە دەرەوە بۆ گەشت وسەیران. "خانی لەمەم وزین دا وێنەی شارستانیەتی کورد و کۆشک و تەلار و بیناسازی ولایەنی پزیشکی و مۆسیقا و گەوهەر و موجەوهەراتی وابەستە بەژنان و جل وبەرگ و پۆشاکی کوردی ژنانە و پیاوانە و منداڵ و پیر و کەرەستەی خواردەمەنی وجۆرەکانی

[1] لەمەودوا بە کورتکراوەیی بەرگ و ژمارە و لاپەڕەی دەنگی گێتی تازە دەنوسین، بۆ نمونە (خ١،ب١: ل٨).
(خ١) واتە: خولی یەکەم ، (ب١) واتە: بەرگی یەکەم، (ل٨) واتە: لاپەڕە (٨).

خۆراکمان نیشاندەدات وەکو کەسێکی کوردی لێزان و شارەزا وەسفیان دەکات"(نازم و مەولود، ٢٠١٨: ٣٤٢) هەر ئەو لێزانییەی خانی وایکردووە بەرهەمەکە بەزیندوویی بمێنێتەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر لەبارەی مەم و زینەوە بخرێتە ڕوو.
جگە لەمە چەند پارچە شیعرێکی تر، کە بە قەڵەمی تۆفیق وەهبی خراوەتە ڕوو، بە ناونیشانی (یەک دوو وێنە لە شیعر و فەلسەفەی بەرزی ئەحمەدی خانی)، سەرەتا باس لە مردنی مەم لە بەندینخانە دەکات لەو کاتەدا تاجدین تووشی بەکرمەرگەوڕ دەبێت و دەیکوژێت و پاشان دەچێتە ژێر دارەمەیتەکەی مەم و هەڵیدەگرێت. لێرەدا خانی ڕوونکردنەوە دەدات سەبارەت بە کاری خوا، کە چۆن دوو مرۆڤی پێچەوانەی پێکەوە خەڵق کردووە بۆ بەڕێوەبردنی جیهان. تۆفیق وەهبی ئەم فەلسەفەیەی لە ئاینی زەردەشتیدا بە فەلسەفەیەکی بنچینەیی داناوە. نمونەیەک لە شیعرەکەی دەڵێت:

**راوی وەها گوتە من ریوایەت　　　زینی کو بهیست ئەڤ حیکایەت**
**ئەڤ رەنگە گوتە میرو تاجدین　　　ئەی شاهـ و وەزیر عیززو تەمکین**
**ئەز هیڤی دکم نەکەن عینادی　　　دەرحەق وی مەنبەعی فەسادی**
**لورا کو خودانی اینس و جانان　　　وی خالقی ئەرز و اسمانان**
**روژا ئەوی حوببی دا حەبیبان　　　هەنگی ئەوی بوغزی دا رەقیبان**
**مەوجوود کرن دەما ژ مەعدووم　　　ئەم پیکەڤە دە لازمین و مەزلووم (خ١، ژ٢، ب١: ٨١)**

ئەو شیعرانە بەپارچەی کورت کورت نووسراون، تۆفیق وەهبی ڕوونکردنەوەی بۆ کردوون و زیندوکردنەوەی کولتوور و نەریتە کۆنەکانی وەک (ڕێوڕەسمی مردو، تۆڵەکردنەوە، بوونی ئاینی کۆن لە ناو کورد (ئاینی زەردەشت) و بیروباوەڕی ئەو ئاینە، فەلسەفەی سۆفیگەری...هتد)یان لێ هەڵدەهێنجرێت.

٢. لەسێ ژمارەی تری دەنگی گێتی تازەدا (**سترانی قەڵای دم دم**) بڵاوکراوەتەوە، کە بە شێوەزاری موکریی، لەساڵی ١٩٠٢دا لەلایەن (**ڕەحمان بەکر**) ی سابڵاخییەوە بۆ (ئۆسکارمان) خوێندراوەتەوە. ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا ئەوەیە، گەلی کورد ڕۆڵەی دڵسۆزی تێدا هەڵکەوتووە، ئەوەتا (ڕەحمان بەکر) سابڵاخی هاتووە گرنگیی داوە بەزیندووکردنەوەی داستانی شیعری کوردی و هەوڵیداوە بەکەسێکی بێگانەی بناسێنێت. (تۆفیق وەهبی) لە دەنگی گێتی تازەدا بەرهەمەکانی ئەم (ڕەحمان بەکر)ەی بڵاوکردووەتەوە، کە بریتین لە:

- سترانی قەڵای دم دم.　　　(خ ١، ژ٥، ب١: ٢٣٦)
- مەم و زین　　　(خ١، ژ١، ب٢: ٣٤٩)
- مەم وزین　　　(خ١، ژ٢، ب٢: ٤٧١)

٣ـ شاعیرێکی زۆر دێرینی کورد (**پرتەوبەگ**) مان هەیە، (لەکتێبی شەرەفنامەدا ناوی بنەماڵە و باپیرانی پرتەو هاتووە، ئەو برە شیعرەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دۆزراوەتەوە مامۆستا تۆفیق وەهبی دەوری دیاری هەبوو لەناساندنی ئەم شاعیرە بەخەڵکی کورد، لە سەرلاپەڕەکانی دەنگی گێتی تازە لەبەغدا چەند غەزەل و قەسیدەیەکی شاعیری بڵاوکردۆتەوە) (خەزنەدار،٢٠٠٢: ٤١١) دەنگی گێتی تازە بۆ پاراستنی شیعرەکانی ئەم شاعیرە بەشەش بەش لە خول و ژمارە جیاوازەکانیدا ئاوڕی لێداوەتەوە و لەبەشی یەکەمی شیعرەکانیدا نووسیویەتی (غەزەلێک لەدیوانی شاعیری ڕەندو شیرین و وتەی گەورە، میری هەکاری پرتەوبەگ ١٢٢١هجری ئەم شاعیرە ڕەندە هاوتایەکی حافزی شیرازییە). ئەمەش نمونەیەکە لە شیعرەکە:

**زەرەیەک لوتفی تە، قیمەت بە دووسەد جانە بە من**

**دەرهەقی من تەوەکی نینە سەری ڕەحم وکەرەم**

**ژ لەبی لەعل دژوونیکی تە، آیحسانە بەمن**

**سەبروسامانی سکوون پر لەدژوار گەلەک**

**ئەژەل ومەرگ ومردن حالەتەک ئاسانە بەمن (خ١، ژ٢، ب٢: ٤٦٧)**

شیعرەکە لە دڵداری دەدوێت و شاعیر باسی بێ مەیلیی وگلەیی لە یارەکەی دەکات، کە بەهۆی دووری یارەوە ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، بێگومان دڵداری کولتوورێکی شیعری زۆر کۆنە، لەهەمان کاتدا کولتوورێکی نێونەتەوەیی مرۆڤایەتیشە ئەوەی کولتوورە کوردییەکە دەردەخات و جیای دەکاتەوە لە کولتوورە گشتییەکە ئەو وەسف و پیاهەڵدان و گلەیی و گازندانەی شاعیرانە بە زمانی کوردی ، پاراستنی ئەو زمانە لەڕێگای شیعرەوە، کلتوورێکی کوردی بە نرخی نەتەوەی کوردە. شیعری دڵداریش بەشێکی گرنگی کولتووری کوردەوارییە لەشیعری ئەم شاعیرە و شیعری شاعیرانی دواتریشدا، کە دەیخەینەڕوو ڕەنگیداوەتەوە. هەندێک لە شاعیران بەهۆی کەوتنە داوی خۆشەویستیەوە توانیویانە شیعر بنووسن، واتە ئافرەت سەرچاوەی ئیلهامی شیعرییان بووە.

بەشەکانی تری شیعری پرتەوبەگ لەژمارە و خولەکانی دەنگی گێتی تازەدا دەخەینە بەرچاو:

| | |
|---|---|
| ـ پرتەو بەگ | (خ١، ژ٢، ب٢: ٤٦٧) |
| ـ پرتەوبەگ ئەمیری هەکاری | (خ١، ژ٥، ب٢: ٧٩٥) |
| ـ پرتەوبەگ میری هەکاری | (خ١، ژ١، ب٣: ٣٢) |
| ـ میری هەکاری | (خ١، ژ٢، ب٣: ١٨٦) |
| ـ پرتەوبەگ | (خ١، ژ٥، ب٣: ٤٤٥) |
| ـ پرتەوبەگ | (خ١، ژ٣، ب٤: ٢٨٥) |

٤. شاعیر و زانای بەناوبانگی موکریان (**ئاهی**) یەکێکی ترە لەو شاعیرانە، کە دەنگی گێتی تازە گرنگی پێداوە و شیعری بڵاوکردووەتەوە. ئەمەش نمونەی شیعرەکانیەتی:

**خودا هەڵناگرێ چاوم ئەمەند من شێت و شەیدابم**

**لەمابەینی خەلایقدا وەها بەدناو و ڕیسوابم**

**گەلی جاران دەلیم بیم دلبگویزم خۆم لەوی لادەم**

**لە دوریدا خەریک ماوم بەلا واچاکە تیکرابم (خ١، ژ٥، ب٣: ٤٥٣)**

شیعری ئەم شاعیرە باسی دڵدارییە، یەکێک لەو تایبەتمەندییە کولتوورییانەی دڵداری لە خاکی کوردەواریدا (چاوەڕوانی)یە، کە شاعیر باسی لەو چاوەڕوانییە کردووە. ئەم چاوەڕوانییەش لە ئەنجامی ئەوەوە دروست بووە، لەخاکی ئێمەدا دڵداری نێوان کچ و کوڕ قەدەغە و ڕێگا پێنەدراو بووە. ئەوەش نیشانی دەدات، کە خۆشەویستییەکەی بووە بەهۆی بەدناو بوون و ڕسوایی، ئەو بەدناویی و ڕسوا بونەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ کولتوور و دابونەریتەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی و ڕێگا نەدان بە دڵداری. هەندێ جار شاعیر لە ئەنجامی ئازاری ئەو دوری و چاوەڕوانییە ئارامی نامێنێت، تا وای لێدێت گوێ بەو کولتوورە کۆمەڵایەتییانە نەدات و بچێت بۆ لای یارەکەی.

ئەم شاعیرە لەدەنگی گێتی تازەدا بە شاعیری موکریان ناسێنراوە، بەڵام ڕەفیق حلمی لەکتێبی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا، کە ئەویش لە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) وەریگرتووە، دەڵێت: "سالح ئەفەندی ئاهی خەڵکی سلێمانی و لەشوعەرای عەسری سیانزەمین و چواردەمینی هیجرییە زۆری حەیاتی لەکۆیە- کوێسنجەق ڕابواردووە، عالمیکی باش وشاعیرێکی حەساس بوو"(حلمی،٢٠١٠: ٤٩). جگە لەمە هەمان ئەو شیعرەی لەدەنگی گێتی تازەدا نوسراوە، لە کتێبەکەی ڕەفیق حلمیش بە ناونیشانی (خودا هەڵناگرێ) بە گۆڕانکارییەوە نوسراوەتەوە، لێرەدا دەستەواژە گۆڕاوەکان بەرامبەر یەکتر دەنوسینەوە.

| <u>دەنگی گێتی تازە</u> | <u>شیعروئەدەبیاتی کوردی</u> |
|---|---|
| ئەمەند | ئەمەندە |
| وەها بەدناو و ریسوابم | وەها مەهتوک و ریسوابم |
| گەلێ جاران دەلێم | گەلێ دەفعە ئەڵێم |
| دلبگویزم | دڵ بگۆڕم |
| بەلا وا چاکە تیکرابم | بەڵام وا چاکە یەک ڕابم |

٥. دەنگی گێتی تازە چەند شیعرێکی دڵداری (**مسباح** )ی لەسێ ژمارەدا بڵاوکردۆتەوە، هەروەکو عەلادین سەجادی وتویەتی "شیعری ئەدەب تەنها یەک پەردەی نازکی غەرامییە و هیچی

تر"(سەججادی،١٣٨٩: ٤٢٨). ئەوەی تێبینیمان کرد عەلادین سەجادی بۆ ئەم شاعیرە دوو نازناوی شیعری بەکارهێناوە سەرەتا بە ئەدەب ناوی هێناوە، باسی ئەوەشی کردووە ناوی ڕاستەقینەی (عەبدوڵلابەگ) بووە، لەلایەن محمد علی پاشای قاجاری یەوە نازناوی (مسباح الدیوانی) پێدراوە

ئەمەش پارچە شیعرێکی (مسباح)ە، کە لەدەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە:

**شیفتەم بو سەنەمی ماهروخی، سیم تەنی**

**حوریی، لالەعوزاری پەریی خوش سەمەنی**

**لیو وەکوو خونچە و چەهرە بەمثالی گولی گەش**

**گول دەربارەی لەدەمی خونچە ئەگەر پی دەکەنی (خ٢، ژ٢، ب١: ١٣٧)**

بەگشتی لەدەنگی گێتی تازەدا چەند پارچە شیعرێکی میسباح بڵاوکراوەتەوە، کە بریتین لە:

- پارچە شیعرێکی مصباح (خ٢، ژ٢، ب١: ١٣٧)
- پارچەشیعرێکی مصباح (خ٢، ژ٦، ب١: ٢١٣)
- پارچەشیعرێکی مصباح (خ٢، ژ٨ ، ب١: ٢٦٦)

٦. یەکێکی تر لەو شاعیرە کلاسیکییانەی لە چوار ژمارە و شوێنی جیاوازی دەنگی گێتی تازەدا شیعرەکانی بڵاوکراوەتەوە **(وەفایی)**یە، کە لەشیعردا پەیڕەوی شیعری نالی کردووە. ئەمەش نمونە پێنج خشتەکییەکی وەفاییە:

**سوڵتانی هەموو سەروقەدان ماهی حساریی**

**چـــــــاوی کە غزالان دەگرن شیرشکاریی**

**بـــەو مشک ڕیازی چەمەن و بای بەهاریی**

**زوڵفی کە هەوا خستییە سەر خونچەی زاریی**

**هەر لـەحزە لەخەندە کە گوڵ و نافە دەباریی (خ٢، ژ٣٤، ب٢: ٨٣٣)**

پۆلێنی خول و بەرگ و ژمارەی ئەو لاپەڕانەی دەنگی گێتی تازە، کە شیعری وەفایی تێدایە بەم جۆرەیە.

- پێنج خشتەکی میرزاڕەحیم (خ٢، ژ٣٤، ب٢: ٨٣٣)
- میرزا ڕەحیم وەفایی (خ٢، ژ٣٥، ب٢: ٨٥٦)
- میرزاڕەحیم وەفایی (خ٢، ژ١٣، ڕۆژنامەکەی دەنگی گێتی تازە: ٢)
- میرزاڕەحیم وەفایی (خ٢، ژ٢١، ڕۆژنامەکەی دەنگی گێتی تازە: ٢)

٧. **حاجی قادری کۆیی**: شاعیرێکی ناسراوی کلاسیکی کوردە. لەدەنگی گێتی تازەدا دەربارەی حاجی نووسراوە شاعیری نیشتیمان پەرستی بەناوبانگ ناوی شاعیرە کوردەکان بە شیعر باس

دەکات ، هەرچەندە بیست ساڵ لەمەوپێش ئەم شیعرانەی لەدیوانەکەیدا چاپکرابوون، بەڵام بۆ یادکردنەوەی حاجی قادر، بیرهێنانەوەی شاعیرە کوردەکان پارچە پارچە لەکۆوارەکەماندا چاپیدەکەین. دەفەرمووی:

**شاعیری کۆن وتازەیی کوردان     کە لەتەعدادی عاجزە آینسان**

**ئەوی خۆم دیومە یا نەخو ئەسەری     ئەمەیە بۆت دەڵێم بەموختەسەری**

**مەعدەنی علم وعالمی عامل     قوتبی دەوران ومورشیدی کامل** (خ٢، ژ١١، ب١: ٣٥٢)

لەهەشت ژمارە و بە هەشت پارچە شیعری حاجی قادر لاپەڕەکانی دەنگی گێتی تازە ڕازێنراوەتەوە، وەکو خۆیان دەڵێن هاوتای بیرۆکەکەی شاعیر دەنگی گێتی تازەش هەمان خەمی حاجییان هەبووە بۆ پاراستنی ناوی ئەو شاعیرانەی خاوەنی کولتوری شیعری کوردین دەیخەنە بەر دەستی نەوەی سەردەم و داهاتوو. پۆلێنی ئەو ژمارە و بەرگانەی شیعری حاجییان تێدایە بەم شێوەیە:

- حاجی قادری کۆیی (خ٢، ژ١١، ب١: ٣٥٢)
- حاجی قادری کۆیی (خ٢، ژ١٢، ب١: ٣٧٤)
- لەمەیدانی بەهارا شارەکەی کو، (خ٢، ژ١٥، ب١: ٤٤٧)
- پارچەشیعرێکی حاجی (خ٢، ژ٣٠، ب٢: ٧٥٠)
- حاجی قادری کۆیی (خ٢، ژ٣١، ب٢: ٧٧٤)
- حاجی قادری کۆیی (خ٢، ژ٣٣، ب٢: ٨١١)
- حاجی قادری کۆیی (خ٢، ژ١، ب٢، ساڵی چوار:٨٨٠)
- شاغەزەلێکی بەرزی نیشتیمانی حاجی (خ٢، ژ٢٤، ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە:٢)

بەرهەمی چەند شاعیرێکی تری کلاسیکی لە (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراوەتەوە، کە ئەمانەن.

- (گۆڕینی خیام )یەکێکی ترە لەو پارچە شیعرانەی لەحەوت ژمارەی دەنگی گێتی تازەدا لەلایەن (محمدساڵح کریم)ەوە نوسراوەتەوە یەکەم بەشی لە (خ٢، ژ١١، ب١: ٣٣٨) بڵاوکراوەتەوە
- (وتەی زۆربە بەهای شاعیرێکی کۆن، میرزاشەفیع) (خ١، ژ١، ب١: ١٧)
- (شاعیرێکی بەناوبانگی سەدەی ڕابردو(شیعری ڕەنجوری) (خ١، ژ٣، ب١: ١٢٩)
- (مەلا مستەفای بێسارانی) (خ١،ژ٣، ب٢: ٢٤٦)
- (ئارەق چون شەونمی، مەولەوی) (خ١،ژ٥، ب٣: ٤٤٧)
- (مەولا ناخالید) (خ٢، ژ٢٧، ب٢: ٦٩٤)

- (غەزەلێکی عەبدولاّ لەبەیازێکی کۆن وەرگیراوە) (خ٢، ژ٢٧، ب٢: ٦٩٦)
- (سعدالله شاعیرێکی سەدساڵ، خەسرەوی ثانی) (خ٢، ژ٢٩، ب٢: ٧٣٠)
- (موفتی پێنجوێنی) (خ٢، ،ژ٨، رۆژنامەی دەنگی گێتی: ٢)

## شیعری (میللی) کۆن

شیعری میللی بەراورد بەشیعری کلاسیک مێژوویەکی کۆنتری هەیە و بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی دادەنرێت "هەندێ شاعیر و گۆرانی بێژی میللی بەشدارییەکی تەواویان کردووە لە دەوڵەمەندبوونی فۆلکلۆری کوردی، ناوی هەندێکیان ون بوون لەگەڵ ئەوەشدا مێژوو ناوی هەندێ شاعیری میللی کوردی سەدەکانی پێشووی پاراستووە، عەلی بەردەشانی و حەمەکۆر بادینانی و هەرەکۆل بۆتانی و زمرۆ هەکاری و وەلی دێوانەی دیالێکتی گۆران. شیعری میللی کوردی لەژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام بووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ میللەت دەوڵەمەندتری کردووە بە بەرهەمی هاوچەرخی تازە ئەم شیعرانە تەنیا لەبابەت دڵدارییەوە نین، بەڵکو ناوەڕۆکیان یەکجار ڕەنگاوڕەنگە و هەموو سوچێکی ژیانی گرتۆتەوە" (خەزنەدار،١٩٨٩: ٢٠) ، کەواتە شیعری میللی بەشێکی گرنگی ئەدەبی کوردییەو بووە بە هۆی دەوڵەمەندکردنی کولتووری کورد.

پۆلێنی شیعری میللی لەدەنگی گێتی تازەدا دابەش دەبێت بەسەر دوو بەش دا: کە بریتین لە (شیعری میللی سەردەم، شیعری میللی کۆن) شیعری میللی سەردەم شیعری ئەو شاعیرانەیە، لە سەردەمی دەنگی گێتی تازە لەژیاندا بوون. شیعری میللی کۆنیش شاعیرەکانیان لەو کاتەدا لەژیاندا نەماون، ئەمانە زیاتر ئەو شاعیرانەن، کە جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی گرنگی پێداون و بەژیان و بەرهەمەکانیانەوە باسیکردوون. لەناو ئەو باسکراوانەشدا ژیان و شیعری ئەو شاعیرانەی تێدایە کۆچی دواییان نەکردووە و داوایان لە جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی کردووە شیعرەکانیان بۆ بڵاوبکاتەوە، ئێمە ئەم شیعرانەش دەخەینە خانەی شیعری سەردەمەوە.

شاعیرانی میللی کۆن لە لادێیەکانی کوردستان و بە ئاوهەوا سازگارەکەی ئەو شوێنانە توانا و بیریان گەشەی کردووە، بەشێک لەم شاعیرانە سەرەڕای نەبوونی خوێندەواری ئیلهامی شیعرییان پشکاوە و شیعریان وتووە، ئەو شاعیرانە لە دەنگی گێتی تازەدا باس لە کورتەیەکی ژیانیان کراوە، ئێمەش ناوی هەندێک لەشاعیرەکان و هەندێ لەو زانیارییانە و گرنگی و بەهای کولتووری شیعرەکانیان دەخەینە ڕوو.

١. **مەلا فتاح جەباری**: ناوی تەواوی، (مەلا فتاح کوڕی سید مستەفای کوڕی سید اسماعیل کوڕی سیدجانی)ە، لە نەتەوەی سەید (عبدالجبار)ە، ناوی پیرۆزی جباری لێوە بەجێ ماوە. مەلا خوێندەواری کەم بووە، بەڵام شەنگی و تەڕپۆشی و بە کەیف و ئاهەنگ و ئاوهەوای پڕ مێرگ

و میرغوزار و چیمەن و لالەزار و دارستان و بایەخی وڵاتە شاخاوییەکەی شەوقی داوەتە مێشکی و خستویەتی یە سەرئارەزووی شیعر نوسین. لای گەورە پیاوانی کوردستان و تیرەکانی دراوسێی زۆر خۆشەویست بووە. بە تایبەتی (محمود پاشای جاف) زۆری خۆشویستوە و بانگهێشتی کردووە، دیاری و شتی گرانبەهای بۆناردووە، تەنانەت جارێک فەرەنجییەکی بە دیاری بۆ ناردوە سەرمای زستانی لەکۆڵ بخا، ئەویش لەوەڵامی سوپاسکردنیدا شیعرێکی بەناوی (محمود پڕ جود) بۆ دەنوسێت و تیایدا دەڵێت:

**محمود پڕ جود، غەزنەوەی تەرزم　　　کیاناویت جلی پەی دەفع لەرزم**

**ئەو شەهەنشای نەرد، نیک وبەد شانا　　　بەی تو تەوق زەر، بەی منجل کیانا**

**ئافەرین میرزام ،خوالیت بو راضی　　　تکزییت نەکەرد (خواجە شیرازی)(خ٢، ژ٤،ب٤: ٣٣٥)**

دیاری پێدان و ڕێزگرتن وسوپاسگوزاری لەنەریت و کولتووری کوردەواریدا بایەخی پێدراوە. (فەرەنجی) یەکێکە لەو جل وبەرگە کوردەوارییانەی تایبەتە بەپیاوان، لە کۆندا لەخوری پەستەکێنراو دەکرا بە (لباد) و لەو لبادە فەرەنجی دروست دەکرا، کە تاسەر ئەژنۆکان درێژە و مرۆڤی لە باران و سەرمای زستان دەپاراست.

لەبوێژەکانی جەباری لە دەنگی گێتی تازەدا چەن شاعیرێکی تر باسکراوە، کە بریتین لە:

**أ- سید ئەحمەد کوڕی سید ئیسماعیل کوڕی سەیدجانی،** لەوڵاتی پڕ زورگ و هەڵەتی (جباری)دا پەروەردە بووە، لە ئاوایی بانگۆل مردووە. ئەگەر چی خوێندەواری نەبووە، بەڵام ئاووهەوای سازگاری ئەم خاکە مێشکی هێناوەتە جۆش و دڵی هێناوەتە خرۆش هەر شتێکی جوانی بینیبێت، شیعری بەسەردا هەڵداوە. جارێکیان دیمەنی کچە شۆخ و شەنگەکەی خۆی، جوان و قەشەنگ هاتۆتەبەر چاو و ئەم بەندەی پێدا وتووە:

**ڕاز ناسەرین**

**ڕاز ناسەرین، شای شیرین دەستور　　　دیدەش سیاه کەرد وە سورمەی کوی طور**

**قدش ألفەکەی کشیدە قودرەت　　　مەردەستی قودرەت کێشاوە ئەوخەت**

**ئەبروان چون قەوسی یەک شەوەی هلال　　　مەردەستی وەستای بینای بی زەوال (خ١، ژ٥، ب٤: ٤٢٩)**

(دیدەش سیاه کەرد وە سورمەی کوی طور) لەکۆندا (سورمە = کل) یەکێک بووە لەو بابەتە جوانکارییانەی ئافرەتانی کورد بۆ چاوڕەشتن بەکاریان هێناوە ، واتە چاوەکانت ڕەش کردووە بەو کلەی لە کێوی طور هەیە، کێوی طوریش لە کولتوورە ئاینییەکەوە سەرچاوەی گرتووە. (یەک شەوەی هیلال) لێرەدا برۆی کچەکەی شوبهاندووە بەو شێوەیەی مانگ، مانگی یەک شەوە زۆر باریکە و شێوەی قەوسی زۆرە ئەو ناوەش کۆمەڵگای کوردەواری بۆی داناوە.

ب ـ (**کاک علی کوڕی مەلا سەید فتاحی جەباری**)، شاعیرێکی نەخوێندەوار بوو، بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا نمونەی زیرەکی و بیرتیژی و سۆزی دەروونی بەخەڵک نیشان داوە. ئەمەش نمونەیەک لە شیعری ئەم شاعیرە جوانەمەرگەیە:

**خەمیازە**

**خەمیازەی وری خیوەت خانەی خەم          هوردانە ئەطراف سەرچەشمەی زەم زەم**
**رەسەن، ڕیشەی غەم،، میخ بیخ دەردەن          ستونی جەباخ مەینەت ئاوەردەن** (خ١، ژ٥، ب٤ : ٤٢٩)

(خەمیازە) جۆرە برینێکە، کاتێک مرۆڤ لەخەو ڕادەچەڵێکێت ئەو برینە لەدەوروبەری دەم و لوت دەردەچێت، لەکوردەواری دا(تامێسک)ەشی پێدەڵێن، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بۆ چارەسەری ئەو برینە کاتییە پارچەیەک لە (بەفر یان شتێکی سارد) خراوەتە سەر برینەکە بۆ ئەوەی نەمێنێت. هاوشێوەی (خەمیازە)  (ئاگرە)ش هەیە، بۆ چارەسەری ئەمە قوڕێکی پاک بەترش و ئاو تێکەڵ دەکرێت و دەدرێت لە شوێنی برینەکە و ساڕێژدەبێت. ئەم دیاردانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەچنە ناو کولتووری چارەسەری میللیەوە و شاعیریش لەشیعرەکەیدا ئاماژەی پێکردوون.

٢ـ **بوێژەکانی زەنگەنە:** بە (چوار) بەش لە خول و بەرگەکانی دەنگی گێتی تازەدا باسی بوێژەکانی زەنگەنە کراوە لەهەر بەشێکدا باسی چەند شاعیرێک و نمونەی شیعرییان کراوە. لەبەشی یەکەمدا باس لە شوێنی نیشتەجێبونی تیرەی زەنگەنە کراوە لەناوچەی قادرکەرەم و چەن ناوچەیەکی تر. پاشان باسی سێ بوێژی ئەوسەردەمەی کۆن کراوە بەناوەکانی (میراحمدبەگ، غەمناکی بچوک ، غەمناکی گەورە)و هەریەکە و پارچەیەک لەشیعرەکانیان بڵاوکراوەتەوە (خ١، ژ١،ب٥: ٥). لەبەشی دووەمی بوێژەکانی زەنگەنەدا دووشاعیری تر (زەبونی، مەلانوشا) خراوەتەڕوو. لەناوشیعرەکاندا زانیاریمان دەداتێ لەسەر ناوی هەندێ گوند و ئاوایی و سەیرانگا و شوێنی مەزارگە و کەسایەتی ناسراو. لە زۆرشوێندا وەک نوسەر خۆی دەڵێت لە بەردەست نەکەوتنی زانیاری تەواو، نەیانتوانیوە پارچە شیعرەکە هەمووی بخەنەڕوو. دەبێت ئەم ئەرکە بەرزبنرخێنرێت بۆنوسەران و پارێزەرانی کولتوری نەتەوەیی کۆنی کوردی، نووسەرەکانی ماندوبوونە بە دوای زیندوکردنەوەی بەرهەمی شاعیران، شاعیران و بەرهەمەکانیان بەشێکن لەو کولتوورە بۆ نەوەی ئێستا و داهاتومان.

زەبونی لە وەسفی هاوینگای (میر ئەحمد)دا کە ناوی (خۆرنەوازان)ە، دەڵێت:

**هام سەران رویی، هام سەران رویی          رویی جە تقدیر چەروان رویی**
**غارێک دیم نەچاک دامان کویی          چینی بەگلەران، خوسرەوان خویی**

**چی غار، بەوینەی کەللەی کوی تا      فەرقش، چەنی فوق قاف مەدا گەزاف** (خ٢، ژ٥، ب١: ١٨٩)

٣. **بویژەکانی دەلۆ**: لەبویژەکانی دەلۆ دا نوسەر دەڵێت لەپاش ماندوبونێکی زۆر چەند کەسێکم لە بویژەکانی دەلۆ هێنایە بەرهەم. یەکێک لەوانە (میرزا شەفیع)ە، کە هەموو جۆرە هەڵبەستێکی (شەیدایی، پەسنی، دڵسۆزی، لاوانەوە...هتد)ی هەبووە. بۆ نمونە لەشیعری (وەلد وحش)دا دەڵێت:

**دەست دام تفەنگی بەگشتی قدیم      لویلەی زەرنیشان، قۆناغ ساف نەسیم**

**دام وەشانما وتم الله خیر      رویم کر، وە ئاوایی هەردەی گەرمەسیر**

**ئەو قەرگیلیام نەچیری نەدیم      پاڵ دام وەسەنگی، تەمام عاجزبیم** (خ٢، ژ٨ ، ب١: ٢٦٩)

(ڕاوکردن) لەناو کوردا یەکێکە لەپیشە هەرەکۆنەکان، بووە بە کولتوورێکی کۆن و لەباوباپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە. شاعیریش باس لەچوونی خۆی دەکات بۆ ڕاوشکار و لەکۆتایدا جۆرە ئاژەڵێکی بینیوە بە (وەلد وەحش)، کە دەکاتە کوڕ یاخود بێچوی وەحش، ناوی هێناوە و ڕاوی کردوە.

لەبەشی دوەمی بویژەکانی دەلۆدا باس لە (**حسن کەنۆش**) دەکات، ئەگەرچی ئەمین زەکی بەگ دەڵێت نەخوێندەوار بووە، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی لە ناوتیرەی دەلۆدا بە میرزاحسن جنونی ناوبراوە، ڕەنگە نیمچە خوێندەوارییەکی هەبوو بێ، بەڵام سەر گوزەشتەی تەواوی نەزانراوە، هەڵبەستەکانی زۆر بێ گرێ و قۆرتن. ئەمەش نمونەیەک لەشیعری ئەوە، کە لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە:

**خوشە سەربەرزی، لەگەل سەربەستی      گەر چەرخ بچەرخی چەرخەکەی پەستی**

**ازادی هەلکا بەشەوقی خەستی      پرتەوی لادا تاری بەربەستی**

**شەوی زەنگ کۆچکا گورج وتەڕدەستی      خەڵکی ڕزگارکا لەخەو و سستیبی دەست**

**هەڵبڕی، تا بگا دەستی      چەپکی گوڵ بچنێ لەباغی هەستی** (خ٢، ژ ١٠، ب١: ٣٢٩)

هیوا و ئاواتی هەموو تاکێکی کورد لەپشتاوپشتەوە (ئازادی وسەربەستی) نەتەوەی کوردبووە و تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامی هەیە، ئەم بابەتی سەربەستی و ئازادییە لەشیعردا وەک کولتوورێکی نەتەوەیی پشکی بەرکەوتووە و شاعیر لەم شیعرەدا پیایدا هەڵداوە.

٤. لە بابەتی تایبەت بە (**بویژەکانی داودە**) دا باس لە شوێنی جوگرافیی (داودە) و تیرەکانی کراوە، وتراوە ئەم تیرەیە گەلێک بویژ و خوێندەواری خاوەن دێرینی تیا هەڵکەوتووە، بەڵام بەهۆی زاڵبونی نەخوێندەواری و تەشەنەی درمی نەزانینەوە، بەشی زۆری ئەم پاشماوانە

نەماون و بەزۆر کێشمەکێش و تەقەلادان ناوی دوو بوێژ و هەڵبەستیانم چنگ کەوت. ئەو دوو شاعیرەش بریتین لە:

أـ **محاک:** نیمچە خوێندەواربووە و نازناوی (فنونی) هەبووە، هاودەمی (حسن کەنۆش) بووە و لە زۆر شتا بەرەنگاری یەکیان کردووە ، ئەمە نمونەی هەڵبەستێکێتی:

**هەردەم خەیالەن**

**تاتای کلافەی، وینەی پەردالەن　　گری بەند پیچ دەور دەس مالەن**
**موژانش خەدەنگ شەرجوو قتالەن　　ڕشتەی صنع، شای بی زەوالەن**
**بینی زەرد وەرەق، چون غونچەی کالەن　　دائیرەی غەبغەب کیداب سالەن**
**لەب غونچەی گولان، پای چەمچەمالەن　　دڵشادو زەوق زەمان وساڵەن**
**لەسەر سینەش دو قبەی کالەن　　حیاتی مەمات مردەی سەد سالەن** (خ٢،ژ١١، ب١: ٣٤٤)

شاعیر لەم شیعرەدا وەسفی کچێک دەکات، لە دێڕی یەکەمدا وشەیەکی کوردەوارییانە (دەسماڵ) ی تێدایە، کە تایبەتە بەکولتووری کۆنی جلوبەرگی ژنانە، داپیرەکانمان لەکۆنەوە بەکاریان هێناوە جوانی و ڕێکپۆشییەکی تایبەت دەبەخشێت بەئافرەتی کورد.

ب ـ **مەلا خەلیل پیرومەوەنی:** بە (خەلیل منەوەر) بەناوبانگ بووە، زۆربەی ژیانی لەکفری بەسەر بردووە، پاشان چووەتە خانەقین و لەوێ مردووە. ئەم پارچە هەڵبەستەی (خەلیل منەوەر) لەدەنگی گێتی تازە بڵاوکراوەتەوە.:

**شیرین، شیرین دا.........**

**شیرین، شیرین دا.........**
**شیرین سەرتاپای شێوەی شیرین دا**
**چین سای پەرچین، چەشن چین چین دا**
**هەرچەن خارج چین وماچین دا**
**شنوی شەونمی، شنگەی گوڵ گوین دا**
**ریزەی ربیعی عەتر مشکینی دا** (خ٢، ژ١٣، ب١: ٣٩٧)

٥ـ **بوێژەکانی شێخان:** لەم بابەتەدا پاش ئەوەی باسێکی کورتی تیرەی (شێخان) و ئاواییەکانیان و تیرەکانی دەوروبەریان کراوە، باسی (٣) شاعیری ئەو ناوچەیەو نمونەی شیعرەکانیان بەدووبەش لەژمارەی جیاوازی دەنگی گێتی تازەدا خراوەتەڕوو. شاعیرەکانیش بریتین لە:

أ. **ڕەنجوری:** حاجی قادری لەشیعرەکانیدا ناوی ئەم شاعیرەی هێناوە و لەدێڕێکدا دەڵێت ( یەکی (ڕەنجورە) خەڵقی کەرکوکە_ فیکری بیکری هەموو وەکو بوکە). ئەمەش نمونەی شیعرێکی ڕەنجورییە، کە لەدەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە:

**نیشانەی هەزاروهەن**

**یاران تەمەنەن ، یاران تەمەنان جاکەی حق شوناس تحقیق تەمەنەن**
**خەلائق سکەی بێ شەرتیش ژەنەن تحقیق نیشانەی هەزارو هەنەن**
**رسول سەروەر أمین ألطاف فەرمودەی هویشەن، نەدارو خلاف**
**سوایەت کەردەن، فتنە و ئەفسانە عەلامەت ضهور ئاخر زەمانە(خ٢، ژ١٤، ب١: ٤٢٣)**

شاعیر لەم چەند دێڕەدا باس لەنیشانەکانی خراپ بوونی زەمانە دەکات، کاری شێخ و زاناو فەقێ و دەروێش وسۆفی وخانەقا بەخراپ لەقەڵەم دەدات.

ب . **عەبدوڵا فاتەکە:** نوسەر لەبارەی ئەم شاعیرەوە دەڵێت ئەم بوێژە نەخوێندەوارە، ڕۆژگاری بە کشتوکاڵ ڕابواردووە، داخەکەم بە سەرهاتی تەواو نەزانراوە، تەنها ئەم پارچە هەڵبەستەی دەست کەوتووە:

**وەرە ماس**

**میرزام لەسەررەم ...... وەرەماسی دیم، دلیل سەررەم**
**تاریای تەتار، دیر کەفتەی هام دەم بی باک نە صیاد، خالی بی جەخەم**
**جەرەسش مەکەرد، لە گول و غونچەگول خەف صیادان، نماورد وە دل(خ٢، ژ١٧، ب١: ٤٩٣)**

ج . **سەی سایەقە شێت:** ناوی سەید صادق کوڕی سەید خدرە، خەڵکی ئاوایی (چەم سورخاو)ە، پیاوێکی سەرشێتی ئاین پەروەربووە. ئەم بوێژە بەتورکی و فارسی و عەرەبی و کوردی زۆرهەڵبەستی وتووە، کە هەمووی چەند شیعرێکی کەمی ماوە و ئەمەش نمونەی شیعری ئەم شاعیرەیە:

**بوعون الله الکاظمی**

**لیحبتە تکیف کیف ەکیفا لثقبة ضیقة (نضیفه)**
**ایسر ایسەک سویلەدە (لطیفه) یا(ضریفه) (خ٢، ژ١٧، ب١: ٤٩٤)**

لەم دوو دێڕە شیعرەدا دەردەکەوێت بەزمانانی تر شیعری هۆنیوەتەوە، هەروەها ئەوەی باسکردووە (متصریف عون الله الکازمی) کردویەتی بە مامۆستای سێ کچەکەی (لطیفه، نضیفه، ضریفه)، ئەم شیعرەشی بۆ سێ کچەکەی ئەو متصریفه وتووە.

٦. لەدەنگی گێتی تازەدا شیعری چەند شاعیرێکی تری ناوچەکانی کوردستان بەهەوڵ و کۆششی جمیل بەندی ڕۆژبەیانی بڵاوکراوەتەوە، بە تایبەتی باسی (بوێژەکانی گل،

مەلاڕەحمەتواللە)ی کردووە. هەروەها بویژەکانی قەرەحەسەنی بە دووبەش باسکردووە. لەبەشی یەکەمدا، قەرەحەسەنی ناساندووە، لەبەشی دووەمیدا باسی شێخانی قەرەحەسەن و پاشماوە و دێرینەکانیانی دەکات، کە چوار کەسایەتی دێرینی ئەو ناوچەیە و دوو پارچە شیعرییانی بڵاوکردووەتەوە. کەسایەتییەکان بریتین لە (شێخ مەحمودی شۆڕیجە، شێخ نەجمەدینی سابری، علی کوڕی ناسر، مەلاشەریف کوڕی محمد)

ئەمەش نمونەیەکە لەشیعری **(علی کوڕی ناسر)**

**بێ پارە، بێ هێز، خێزان ڕوت وقوت      ماڵمی تەنیوە تەواوعەنکەبوت**

**بێ لیفە، بێ دۆشەگ، سەرین بۆپاڵی      مالم وەک کارگەی هەلاجان خالی**

**بێ کەوا، کراس، بێ کالاوکەلپەل      ڕاستی ئەمەیە بڕیومی لەگەل** (خ٢، ژ٢٣و٢٤، ب٢: ٦٣٢)

شاعیر لەم شیعرەدا باسی دەردی هەژاری خۆی کردووە، ناوی کۆمەڵێک کەلوپەلی نێو ماڵی کوردەوارییانەی هێناوە وەک (لێفە، دۆشەگ، سەرین، کەوا، کراس) و (کارگەی هەلاجان). هەلاجیش پیشەیەکی کوردەواری کۆنە، بۆ دروستکردنی دۆشەگ وسەرین لەخوری ئاژەڵ. شاعیر لەڕێگەی باسکردنی ئەو کەلوپەل و کەرەستانەوە شیعرییێکی میللی بەرهەم هێناوە.

## شیعری سەردەم لە(دەنگی گێتی تازە)دا

مەبەستمان لە شیعری سەردەم شیعری ئەو شاعیرانەیە، کە لەکاتی دەرچوونی دەنگی گێتی تازەدا لە ژیاندابوون و شیعرەکانیان لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها یەکەمین بەرهەمی ئەو شاعیرەش دەناسێنین، کە لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە. پێویستە ئەوەش بڵێین هەریەک لەشاعیرانی وەکو (پیرەمێرد و کامەران موکری) ئەگەر چی شیعری میللی یان لە دەنگی گێتی تازە بڵاوکردۆتەوە بەڵام وەکو قانیع بە شاعیری میللی هەژمار ناکرێن بەڵکو شیعرەکانیان لە ئاستێکی هونەری بەرزدایە و دەچنە خانەی شیعری (هونەری)یەوە. (محمد تۆفیق وەردی)یش لەگەڵ ئەوەی شیعری بڵاوکردۆتەوە، بەڵام شاعیر نەبووە و خۆی بۆ لایەنێکی تری ئەدەبی تەرخان کردووە، ئەویش فۆلکلۆری کوردی بوو. (ڕەفیق چالاک )یش وەکو نوسەر لەگۆڤارەکەدا ڕۆڵی هەبووە، (محمد سالح سەعید)یش چیرۆک نوسبووە. سەبارەت بە (نەریمان)یش، ئەوا خۆی باس لەوە دەکات سەرەتا لەم بڵاوکراوەیەدا دەستی بەنووسین نەکردووە و پێش دەنگی گێتی تازەش نوسینی تری هەبووە. هەر وەکو خۆی دەڵێت: "لەبەرئەوەی یەکێک بووم لەتازە نووسەرەکانی ساڵانی چل و لەپێشدا لە گەلاوێژ (پەخشان و شیعر)م هەبووە، هاتم بۆ ئەم گۆڤارەش نووسینم نارد و بڵاوکرایەوە" (نەریمان، ١٩٨٨: ٢٠٨)

وتەکانی خۆی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، سەرەتا لەگۆڤاری گەلاوێژ بەرهەمی بڵاوکردۆتەوەو دەنگی گێتی تازە دووەم شوێنی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بووە.

(کامەران)ی شاعیر یەکەمین بەرهەمی شیعری خۆی لەدەنگی گێتی تازەدا بڵاوکردۆتەوە. مایەی ئاماژە پێکردنە کاکەی فەلاح لەبارەی ئەم شاعیرەوە دەڵێت: (ناوی تەواوی محمد ئەحمەد تەهایە لەشاعیرانی کورد دا سەرسامی پیرەمێرد و گۆران و بێکەس وقانیع بووە، سەرەتای شیعردانانی بۆساڵی (١٩٥٤) دەگەڕێتەوە، کە هۆنراوەیەکە دەربارەی ئاشتی) (کاکەی فلاح،١٣٩٧: ٢١٠). واتە بەلای کاکەی فەلاحەوە کامەران لە ساڵی (١٩٥٤)ەوە دەستی بە شیعردانان کردووە، دەنگی گێتی تازەش پێش ئەو بەرواره دەرچووە، کەواتە نووسەری ئەو کتێبە ئەو شیعر و پەخشانەی بەرچاو نەکەوتووە، جگە لە شیعرەکەش پەخشانێکی ئەدەبی هەیە بەناوی (شەونمی بەری بەیان) ، پێش ساڵی ١٩٥٤ لەدەنگی گێتی تەزەدا بڵاوکراوەتەوە، شیعرەکە بەناوی (محمد ئەحمەد تەها)وەیە نەک (کامەران)، کە نازناوی شیعریی شاعیرەکەیە. شیعرەکەشی زۆر لەشێوەی شیعرە میللییەکانی (قانیع) دەچێت، کە کامەران پێی سەرسام بووە. دەقی شیعرەکەش بەم شێوەیەیە:

**ئامۆژگاری بۆ(آسۆ)ی برازام**

| | |
|---|---|
| **آسۆ وەک آسۆبەرز و بڵندبە** | **بۆکەڵکی مەکتەب چەشنی پڵنگ بە** |
| **گیانت پێشکەشی نەتەوەت بکە** | **لە ایش وکارا ایشی و ورد بکە** |
| **لەجیی گرِوگاڵ تۆبڵێ کوردم** | **گریان نەزانی و قەت مەڵی ووردم** |
| **بەسە شیرمەخۆ شیربۆ مناڵە** | **شەرمت بێ زل بوون بەسیە ئەم حاڵە** |
| **بەچکە و مناڵی گشت دراوسێکان** | **بۆ قوتابخانە ئامادەن هەموان** |
| **دەسا درەنگە ڕۆڵەی شیرینم** | **تۆش وەک ئەوان بەکولەکەی ژینم**(خ١، |

ژ٥، ب٣: ٤٥٤)

١ـ **گۆران:** گۆرانی شاعیر لەدوو ژمارەی دەنگی گێتی تازەدا دوو شیعری بڵاوکردووەتەوە، کە بریتین لە: (گەشتی هەورامان) لە (خ١، ژ١، ب١: ١) (لەسەرەمەرگی هیوا)دا لە(خ١، ژ٤، ب١: ١٧٠). گەشتی هەورامان یەکێکە لەشیعرە جوانەکانی گۆران وێنەیەکی واقیعی ناوچەی هەورامانمان بۆ دەکێشێت بەپێی سەلیقەو توانای شیعری خۆی. ئەم شیعرەی گۆران سیمایەکی کولتووریی هەیە و بەشێوەیەکی وەستایانە و شارەزاییانە دەمانگەڕێنێتەوە بۆکولتوورە جوانەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەتی ژیانی لادێنشینی و ئاشناکردنمان بەسروشتی کوردەواری. ئەمەش کۆپلەیەکە لە شیعری (گەشتی هەورامان):

کانی ژنان

سەرچاوەی ئاوێک، کەڵەکێک لەسەر ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتەدەر
ئەمەش لەدێ دا کانی ژنانە قبلەی دڵداری هەرزەکارانە
ئێواران پۆل پۆل لاوی کاکول لوول سەرەڕێ ئەگرن، سەرگەرم وعەجول (خ١، ژ١، ب١: ١)

٢. **ئەحمەد دڵزار**: دڵزار بە سێ پارچە شیعر بەشداریی لەدەنگی گێتی تازەدا کردووە، شیعرەکانیش بریتین لە:

- گفتوگۆی دڵزار لەگەڵ دڵ (خ١، ژ٦، ب٤: ٥٣٨)
- نامەیەک لەدڵزارەوە بۆ وەردی (خ٢، ژ٢٣و٢٤، ب٢: ٦٢٨)
- گیانە گۆڕاوی (خ٢، ژ٢٥و٢٦، ب٢: ٦٧٠)

ئەمەش کۆپلەیەک لە شیعری( گیانەگۆڕاوی)ی شاعیر:

**گیانە گۆڕاوی، گیانە گۆڕاوی لەسەرپەیمانی پێشوو نەماوی**
**من دڵێکم بوو، بولبولێکم بوو لەسەرچڵی ژین سوور گوڵێکم بوو**
**ئەو گوڵەش تۆبوی، خۆشی ڕەنگوبۆبوی لە بۆ ژینی من واستەو هۆبوی**
**کەچی نازانم ڕوحی ڕەوانم لەسەرچی تۆرای دەرد و دەرمانم** (خ٢، ژ٢٥و٢٦، ب٢: ٦٧٠)

٣. **جگەرخوێن**: یەکێکە لە شاعیرەکانی سەر بە دیالێکتی کرمانجی سەروو، سێ پارچە شیعری لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە، کە بریتین لە:

- وتەی جگەرخوێن (خ٢، ژ٢، ب١: ١٣٦)
- وتەی جگەرخوێن (خ٢، ژ٨ ، ب١: ٢٦٧)
- أخ پیری (خ٢، ژ٨ ، ب١: ٢٧٢)

ئەمەش کۆپلەیەک لە شیعری (أخ پیری) یە،کە دەڵێت:

**ئەیا پیرکا لە کوو ماویە لیرا مەژی بونا تەدە دل داکەدەرا**
**دەلەبی ژوکی تەمە ئەز، هەرشەڤ ورۆژ چی دەبی کوتە ببینم ژی خەورا**
**جارەکی من تەدیا سورو سپی هیژی تەڤا تە یادل سورو زەرا** (خ٢، ژ٨، ب١: ٢٧٢)

٤. **پیرەمێرد**: پیرەمێردیش بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لەم گۆڤارەدا بەشداری کردووە، جا چ بە شیعر بێت یان ڕەخنە یان خۆشحاڵی دەربڕین بێت بۆ دەنگی گێتی تازە.

لە شیعری (هەژار و ستەمکار)دا دەڵێت:

**ئـــامان چەند خۆشە تافی منداڵی بەڵام تێناگەی تا کۆنەساڵی**
**لـــــە منداڵیما کە باوکم ساغ بوو گەلێ ئارەزوی لەڕەزو باخ بوو**

ڕەز و خانومان لە (گورگەدەر) بو (گورگانە شەویَ)م زۆرچاک لەبەربو
هــاوینان کۆچمان ئەچو بۆ ئەویَ رامان ئەسپارد ولاٚخمان ئەویَ
ورد و درشتیان ئەهاتنە شویٚنمان لەو (دیارە)دا دیار بو شویٚنمان
ئــــــەکـەوتینەڕیَ بەڕیز و قەتار بەدەنگی (شمشاڵ)بە بەستەو قەتار(خ٢،ژ٩، ب١: ٢٩٣)

کولتووری کوردەوارییانەی (گەرمیان وکویٚستان)ی خیٚڵەکانی کورد لەناو کوردا باو بووە، پیرەمیٚردیش لەم شیعرەدا ڕیٚوڕەسمی ئەو کولتوورەمان نیشان دەدات و وشەکانی (ڕەز و باخ، گورگانە شەویَ، ولاٚخ، کۆچ، ڕیز و قەتار بۆ کاروان، شمشاڵ و بەستە و قەتار) ویٚنەیەکی جوانی ئەو کولتورە دەردەخەن. هەروەها لە(خ١،ب١: ٣٩٠)ی گۆڤارەکەدا شیعریٚکی تری پیرەمیٚرد بلاٚوکراوەتەوە، کە بەناوی (بەهار)ەو وەسفی جوانیی بەهار دەکات. لە کۆتایی شیعرەکە پەیامیٚکی پیرەمیٚردی تیٚدایە بۆ سەید حوزنی و دەڵیٚت: "استازی خۆم سید حوزنی، داستانە چاپکراوەکەی شیرین وفەرهادم پیَ گەیشت شیرینە تۆش ڕەنجی فەرهاد بۆئاساری کوردی دەدەی جیٚی ئافەرینە، یوسف زلیٚخایەکی دەستخەتی تەواوم لایە خۆم پیری پەکی خستوم مەگەر بینیٚرم بۆتۆ خوا پاداشتی ڕەنج و ئەمەکت بداتەوە. پیرەمیٚردی شاگرد شاگرت"(خ٢، ژ١٩، ب١: ٥٤٣). لەم وتەیەی پیرەمیٚردەوە دڵسۆزی نوسەرانی دەنگی گیٚتی تازە بەدی دەکریٚت بۆ زیندووکردنەوەی کولتوور و ئاساری کوردی کۆن ، تەنانەت ئەرکی تەواونەکراوی خۆیشی بەحوسیٚن حوزنی موکریانی دەسپیٚریٚت، بەڵگەیە بۆ متمانەپیٚکراوی نوسەر. پیرەمیٚرد یەکیٚک بوو لەڕۆشنبیرە ناسراوەکان لەمەیدانی زانست و زانیاری ، لەڕۆژنامەگەریش دا دەستیٚکی بالاٚی هەبوو"لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، لەتورکیاوە دوبارە دەگەڕیٚتەوە کوردستان بیرۆکەی بابەتەکانی و پوختەی ئەزمونەکانی لەسەر لاپەڕەکانی (ژیان و ژین) دەنووسیٚت. نزیکەی چارەکەسەدەیەک بەردەوام بووە لەنووسین و خزمەت کردن" (هاوار، ٢٠٠٨: ٢٦)

٥- چەندین شیعری ترلە دەنگی گیٚتی تازە تۆمارکراون بۆئەوەی بەسەریان دا تیٚنەپەڕین وحەقیان پیٚبدەین دەیانکەین بەبەشیٚک لەپۆلیٚنکردنەکەمان، لیٚرەدا بەکورتی ئاماژە بەناوی کەسەکە و شیعرەکانیان دەکەین، دەڵیٚین (کەس) لەبەرئەوەی هەندیٚک لەو شیعرانە لەلایەن ئەوکەسانەوە وتراون شاعیر نەبوونە خۆیان بۆ نووسەری یان هەربواریٚکی تری ئەدەبی تەرخان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستی شیعر نووسین و بلاٚوکردنەوەیان هەبووە، هەندیٚکیشیان شاعیربوونە و دیوانی شیعرییان هەیە:

- پارچە شیعریٚکی (عەونی) (سکالاٚی کچیٚک) (خ٢، ژ٨، ب١: ٢٧١)
- محمد تۆفیق وەردی (قسەکردن لەگەڵ گوڵ) (خ١، ژ٥، ب٢: ٤٦٨)

- محمد تۆفیق وەردی (نازەنین) (خ١، ژ٣، ب٣: ٢٢٧)
- عبدالکریم حسین هەکزی، سەنگاو (نازەنین) (خ١، ژ٥، ب٣: ٤٥٣)
- حوزنی موکریانی (سەختی زستان،ڕوتی هەژار) (خ١، ژ٥، ب٣: ٤٤٦)

- محمد شێخ ڕەشید (وەسفی یار) (خ١، ژ١، ب٤: ٦٠)
- حەسەن شێخ حمەمارف (گفتوگۆ لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا) (خ١، ژ١، ب٤: ٥٦)
- میرزا محمدحسێن زەنگەنەیی (لەپاسێنی ساڵح زەکی بەگدا) (خ١، ژ١، ب٤: ٥٩)
- محمود فەهمی هەمەوەندی (سکاڵا لەگەڵ نەسیم) (خ٢، ژ١٠، ب١: ٣٢٣)
- پارچە شیعرێکی سیف القضاء (خ٢، ژ١٦، ب١: ٤٧٢)
- احسان – بەغداد (نەغمەی بەدوم) (خ٢، ژ٢١، ب٢: ٥٧٠)

- مستەفا سەفوا ندوەی حاجی رسول (لاوانەوە لەلوبنانەوە) (خ٢، ژ٢١، ب٢: ٥٨٣)
- پارچە شیعرێکی مەلا محمد ئەمین شنۆیی (خ٢، ژ٢٣و٢٤، ب٢: ٦٢٧)
- پارچە شیعرێکی محمد گلولانی عطری (خ٢، ژ٣١، ب٢: ٧٧٧)
- محمد گلولانی-عطری (من وگوڵە سویسنیک) (خ٢، ژ٣٢، ب٢: ٨١٥)
- جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی (ئافرەت) (خ٢، ژ٢، ب٢: ٨٩٩)

- محمد چڕوستانی(هاوتای ماتەمم) (خ٢، ژ١٧، ب١: ٤٩٥)
- شێخ سەلام (مەمکەکانت سێوی سەردەشتن) (خ٢،ڕۆژنامەی دەنگی گێتی،ژ١٥)
- شێخ سەلام (کورد وەکو یەعقوبە) (خ٢،ڕۆژنامەی دەنگی گێتی،ژ١٨)
- شاعیری بەرز میرزا ئەحمەد (خ٢،ڕۆژنامەی دەنگی گێتی ،ژ٣١)

## شیعری (میللی)ی سەردەم لە دەنگی گێتی تازەدا

لێرەدا ئەو شاعیرە میللییانە دەخەینەڕوو، کە لەسەردەمی دەرچوونی دەنگی گێتی تازەدا لە ژیاندا بوون و بەرهەمەکانیان لە گۆڤارەکەدا بڵاوکردووەتەوە. گرنگترینیان بریتین لە:.

١. **شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی:** ئەم شاعیرە میللییە خوێنەری دەنگی گێتی تازە بووە، هەر بۆیە شیعرێکی بۆ دەنگی گێتی تازە نوسیوە و لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە و تیایدا دەڵێت:

دیمانەت بەخێر

دیمانەت بەخێر، دیمانەت بەخێر    دەنگی گێتی نویٚ دیمانەت بەخێر
چاوڕوون کەرەوە و فێنکی دڵانی    هیوای ژیانی تازەی خۆمانی
چیرۆکەکانت پەندی لوقمانە    ڕیٚ پیشاندەری دواکەوتوانە
چرای زانستی هەڵ کرایەوە    خونچەی دڵی گشت پێی گەشایەوە
بەڕاستی دەنگی تازەی گێتی یە    بڵاوکەرەوەی وشەی پەتی یە
سەرچاوەی خۆشیمان ژیایەوە    هەزاران گرێی دڵ کرایەوە
دیمانەت بەخێر دیمانەت بەخێر    دەنگی گێتی نویٚ دیمانەت بەخێر

(خ١، ژ٣، ب١: ١٢١)

٢. **بەنگینە:** ئەم شاعیرە میللییە بەبۆنەی ڕۆژی نەورۆزەوە پارچە شیعرێک دەنێرێت بۆ دەنگی گێتی تازە. ئەمەش شیعرەکەیە:

(نەورۆز پیرۆزی)

بۆ دەنگی گێتی چیرۆکی تازە    بەخت بڵند و خاوەن ئاوازە
بەبۆنەی تۆوە بۆلاوی کوردان    نەورۆز پیرۆزە پێشکەش بەلاوان
نەورۆزتان پیرۆز لاوەکانی کورد    چراتان ڕووناک درشت تاکو ورد
موبارەکتان بیٚ، بیٚ پەشیمانی    گشت نەتەوەی کورد هەم سلێمانی
شەوقی ڕوناکی گەی یە ئاسمان    سەری هەڵبڕی دایکی نیشتیمان
وتی زۆر شوکر وەجاخم ڕوناک    ڕوناکی چرام گەیشتە ئەفلاک

(خ٢، ژ٢٣و٢٤، ب٢: ٦٢٦)

٣. **سورداش قانیع:** کەسێک بەم ناوەوە شیعرێکی بۆ موفتی پێنجوێنی نوسیوە بەناوی (بەهۆی دەنگی گێتی تازەی خۆشەویستمانەوە، بۆمفتی توتنچی لە پێنجوێن). بەپێی ئەوەی قانیع خەڵکی گوندی لەنگەدێی دەڤەری پێنجوێنە و موفتیش لەپێنجوێن بووە و یەکیان ناسیوە، گومانی ئەوە دەکرێت هی قانیعی شاعیر بێت، بەڵام کاتێک لە دیوانەکەی قانیعدا بۆ ئەم شیعرە گەڕاین، تیایدا

نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی ناوەڕۆکی شیعرەکە بێت، کە باس لە قوڕبەسەری و ماتی و خەفەتباری و ...هتد دەکات، لە هی قانیع دەچێت، چونکە ژیانی قانیع پڕ بووە لە کولەمەرگی و نەهامەتی و دەردەسەری . ئەمەش پارچەیەک لە شیعرەکەیە:

**ئەی حونەری ناوداری لەهەرایشی خەبەردار**

**ئەی چاوگەیی دیوان وغەزەلباری وئەشعار**

**ئەی تۆش وەکو من قوڕ بەسەرو مات وخەفەت بار**

**شێواو و سەراسیمە لەدەست هاودەم وئەغیار**

**سوچم چییە ایستاکە نەما گەرمی یەکەی پار**

**مەشهورە کەبەم ڕۆژە ئەڵێن ڕۆژی گوڵانە**

**کاتی هەوەس وشادی وزاخاوی دڵانە (خ٢، ژ١٦، ب١: ٤٧٣)**

٤. **مەدهۆش**: یەکێکە لەو شاعیرانەی لە دەنگی گێتی تازەدا شیعری بڵاوکردووەتەوە. ئەمەش نمونەیەک لە شیعرەکەیەتی بەناوی (نمونەیەکی ژیانم)، دەڵێت:

**باسێکی خۆشم ئەخەمە بەرچاو　　　لەباسی خەڵکی چاکترە بۆ پیاو**

**لەبەر دورمان شەوکار و تەقەڵ　　　زەردولاواز بوم وابوم بەچەقەڵ**

**کاری بەپەلە و بەرەچە ژنانی　　　قسە و تورەیی وەستاکارانی**

**دەستم ئەمەندە دەرزی پیاچووە　　　بەقەد بێژنگێ کونی تێ بوە**

**ئەوەندە سەری داوم قوت داوە　　　تێرم خواردووە دڵم گیراوە (خ١، ژ٢، ب٢: ٩٣)**

شاعیر لەم شیعرەدا بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز باس لەپیشەیەکی کولتووری کوردەوارییانەی خۆی دەکات، کە بەلای ئەوەوە بەرەچەڵەک پیشەیەکی ژنانەیە و پیاوانیش ئەو ئیشە دەکەن لەدوکان و بازاڕدا. وشەکانی (داو، دەرزی، بێژنگ، دورمان، تەقەڵ....هتد)، هەموویان وشەی کولتووری باوی ناو ژیانی کوردەوارین، شاعیر بێزاری و ماندوبوونی خۆی و گرانی پیشەکەی باس دەکات.

٥. **سامی دەلۆسین**: ئەمیش یەکێکە لەو شاعیرانەی بەدوو شیعر بەشداری لە دەنگی گێتی تازە کردووە، کە بریتین لە:

- کارێ مەکە تۆ دوژمن پێت خۆش بێت　　(خ١، ژ٤، ب٣: ٣٤٩)
- مەکری بێوەژن　　(خ٢،ژ٣،ب١: ١٦٥)

ئەمەش نمونەیەک لەشیعری (مەکری بێوەژن):

**یاران برادەر ایوە بن خودا　　　ئاگامان هەیە تەمامی ئاگاە**

**لەجوانتانەوە تاوەکو پیرتان　　　بێوەژن هێنان نەبێ لەبیرتان**

**نیزکی مەکەون ئیسمی بێوەژن دووای بەدەستی یەوە موبتەلا ئەبن**

**لەکردەوەیان خودا هاواربێ هێشتا هەرکەمە مەکریان هەزاربێ (خ٢،ژ٣، ب١: ١٦٥)**

شاعیر لەم شیعرەدا تێڕوانینێکی کولتووری باوی ئەو کاتەی ناو کۆمەڵگەی کوردی دەخاتەڕوو سەبارەت بە (بێوەژن)، کە بەداخەوە تێڕوانینێکی تەواو نەرێنییە و بێوەژن بەمرۆڤێکی فێڵزان دەزانێت و داوا دەکات کەس خۆی لە قەرەیان نەدات.

٦ـ **مستەفا نەریمان**: ئەم شاعیرە بەشداری کارای هەبووە لە دەنگی گێتی تازەدا، بەگشتی (٩) نۆ پارچە شیعری میللیی تیادا بڵاوکردووەتەوە، کە بریتین لە:

- دەمم درواوە (خ١، ژ١، ب٤: ٥٥)
- پێم ئەڵێن (خ١، ژ٣، ب٤: ٢٨٤)
- شاری کفری (خ١، ژ٥، ب٤: ٤٣٦)
- پیشەی ئێمەیە (خ٢، ژ٥، ب١: ١٩٦)
- گفتوگۆی چوارهەژار (خ٢، ژ٧، ب١: ٢٥٠)
- ئێوەش وەک من وابن (خ٢، ژ٩، ب١: ٣٠٢)
- بەرخی بەستزمان وگورگی ستەمکار (خ٢، ژ٢٢، ب٢: ٦٠٥)
- ئەوباڵی خەڵقی مەخەرە ئەستۆت (خ٢، ژ٣٢، ب٢: ٧٩٢)
- ئەمەش پارچەیەک لەشیعری( ناگوزیری واستە)ی شاعیرە:

**واسیتە دەردێ خراپە بوەتە قورتی ئەم گەلە**

**ناوی وایەکجار بڵاوە بووەتە مودەلەم حەلە**

**گەریەکێ بێبەش ببێ لەم ناوە کاکە سەیرئەکەی**

**هەرچەنێ گەورەش بیی ئەشکێ وەکو نەی**

**گەرهەژارێ بێت و ئەمرۆ داوەیی کارێ بکا**

**لازمە بوی ماچ بکا دەستی ئەم وئەو بەتکا (خ٢، ژ٣٣، ب٢: ٨١٣).**

شاعیر لەم شیعرەدا باس لەدیاردەیەکی ناشیرینی ئەوسەردەمە دەکات، کە بووە بەکولتوورێکی ناشیرین و لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوبووەتەوە، ئەویش دیاردەی واسیتەکردنە.

٧ـ **قانیع**: ئەگەرچی قانیع شیعری هونەری بەرزیشی هەیە، بەڵام لە کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا زیاتر بە شاعیرێکی میللی ناسراوە. ئەمیش بەسێ شیعر بەشداری لە دەنگی گێتی تازەدا کردووە و شیعرەکانیشی بریتین لە:

- بەری نیشتیمان (خ٢، ژ١٩، ب١: ٥٣٦)
- کوردەبێ چۆن بێ (خ٢، ژ٢٣و٢٤، ب٢: ٦٢٦)

ـ پێنج خشتەکی قانیع (خ٢، ژ٢٠، ب١: ٥٥٥)

ئەمەش نمونەیەک لە پێنج خشتەکییەکەیەتی، کە لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوی کردووەتەوە:

**هەوای خاکی سلێمانی پزیشکی دەرد و عیلەتمە**

**خودا ئاوابێ ئەم خاکە کە بوونەی ژین و سەحەتمە**

**دە یاخوا کوێری کەی هەرکەس لەسەر فەوتانی جەنەتمە**

**پەشێوی ایێشی دیلی بێت ئەوەی ناحەز بە میللەتمە**

**نەخۆشی دەردی نەگبەت بێت ئەوەی دوژمن سەعادەتمە** (خ٢، ژ٢٠، ب١: ٥٥٥)

بەوشەی میللی وپەتی کوردی لێزانانە قاڵبی شیعری کلاسیکی کوردی بەکارهێناوە و تیایدا خۆشەویستی خاکی کوردان و بە تایبەتی سلێمانی باسکردووە. هەروەها قانع بە هیوا و ئومێدەوە لەپەیمان و بەڵێنەکانی ئینگلیزی ڕوانیوە وەک هەر تاکێکی تری کورد لەو سەردەمەدا، کە "میللەتی کورد، سەرکردە و کەسایەتییە ناودارەکانی ئارەزوی ئازادی وسەربەخۆییان هەبوو هەندێکیان ئەم ئارەزوانەیان بە لێپرسراوانی بەریتانیا ڕاگەیاند، ئەمەش لە کاتێکابوو کە هێزە ململانیکەرەکان هەوڵی سەرنج و ئارەزوی کوردیان بۆلای خۆیان ڕادەکێشا، لەڕێگەی بەڵێندان بە مافە نەتەوەییەکان و لایەنگریکردنیان"(ڕەوف ،٢٠١٠: ١١٢) .

هەر ئەمەش وایکردووە قانع و چەند شاعیرێکی تری وەک ( مەلا حەسەن کوڕی مەلا قادر بیارە، ئەحمەد شوکری برین پێچ، میرزا مارف، گیو موکریانی، مستەفا نەریمان )، لە دەنگی گێتی تازەدا شیعر بۆ سەرکەوتنەکانی بەریتانیا بنووسن، چونکە وولاتە سەرکەوتووەکانی جەنگ بڕیار و پەیمانیان بە گەلانی ژێردەستە و زۆرلێکراوان دابوو، کە سەربەخۆییان بدەنێ، دیارە دڵیشیان بەو بەڵێنانە خۆشبوو هیوایان سەربەخۆیی و ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بووە.

هەر لەم ڕووەوە قانیع لەشیعرێکیدا، کە لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوی کردووەتەوە، گفتوگۆیەک لەنێوان (کوتەک) و (خەنجەر)دا دروست دەکات. لەم شیعرەدا قانیع ئینگلیز بە دەسەڵاتدار و فریادڕەس دەزانێت و لەو بڕوایەدایە ئینگلیز میللەتەکەی ڕزگار دەکات، وەک دەڵێت:

**کوتەک**

**خەنجەر براگیان، گێتی شێواوە هەموو بەجارێک چاک شڵەژاوە**

**ایمەچۆن بژین، چی بکەین چاکە کێ لەگەڵ ایمە دڵی زۆرپاکە**

**خەنجەر**

**کاکە گیان ئەمڕۆ ڕۆژی شادی یە ڕۆژی دڵ خۆشی ودڵ ئازادی یە**

بۆئێمە ئینگلیز هیمەت ئەنوێنێ            هەزارپێوەند و زنجیر ئەشکێنێ
بەریتانیایە پیاو ئەکا بەپیاو            بەریتانیایە بەرد ئەکا بەئاو(خ١، ژ٢، ب٢: ١٥٠)

وتنی ئەم شیعرانە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا بە ڕوداوەکانی ئەوسەردەمەوە بەستراوە و گرنگی خۆی هەیە، هەروەکو مارف خەزنەدار دەڵێت: "شاعیرێکی ناسراو و کوردپەروەری وەکو قانیع شیعری لەدەنگی گێتی تازە بڵاودەکردەوە دژی ئەڵمانیا و لایەنی ئینگلیزی دەگرت. لەوسەردەمەدا ڕەنگە هەبووە گەلێ کوردی نیشتیمان پەروەری پاک دژی ئەوە بووبێت لەسەر ئینگلیز بکرێتەوە بەڵام لەدوایدا دەرکەوت کە ئەم جۆرە بەرهەمە دەچنە ناو لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە چونکە لایەنگری هێزێک بوو لەدژی هێزی تاریکی نازیزم"(بەرزنجی،٢٠٠٥: ١٣)، واتە ئەو شیعرانەش وەکو پێگەیەکی کولتووریی، لە ئەدەبی کوردیدا جێگای خۆیان گرتووە و بوونە بە بەشێک لە کولتوورەکە.

٨ ـ **هەژار موکریانی**: هەژاریش وەک شاعیرێکی هاوسەردەمی گۆڤارەکە دوو شیعری لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکردووەتەوە، کە بریتین لە(هەی لێفەشڕە، هەی لای لایە).

ئەمەش نمونەیەک لەشیعری (هەی لای لایە)

**ڕۆڵە ڕوناکی گلێنەی چاووم            بەندی جەرگ ودڵ هێز و هەناوم**
**ڕێحانەی بۆن خۆش سوورە گوڵەکەم    ئاوپریشکێنی کوولی دڵەکەم**
**چولەمەی ئەستۆم ڕەگی حەیاتم         هەنگویین وقەندم نوقڵ ونەباتم**
**خەوی خێرت بێ بنوو درەنگە            تا کەڵەبابی بەیان بێ دەنگە**
**هەی لای لایە ڕۆڵەلای لایە**
**ئەمشەو بەزەییت بەمن دانایە**    (خ٢، ژ٢، ب٢: ٨٩٧)

گوتنی گۆرانی (لای لایە) بۆ منداڵ لەلایەن دایکەوە، کاتێک دەیەوێت منداڵەکەی بنوێنێت، دیاردەیەکی باوە لەناو کولتووری کوردەواریدا. تەنانەت وشەکانی (ڕێحانە، نوقڵ و نەبات، کەڵەباب.... ) وشەی کولتووری کوردین .

٩ـ **حەسەن ئەمین حاجی حسێن**: جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی لەبەشی سێیەمی (بویژەکانی زەنگە)دا، شاعیرێکی میللی هاوسەردەمی دەنگی گێتی تازەی ناساندووە و نمونەیەک لە شیعری ئەم شاعیرە میللیەی بڵاو کردووەتەوە و لە بارەیەوە دەڵێت: (ناوی حسن کوڕی امین حاجی حسێن خدربووە، بەهۆی ناهەمواری ڕۆژگارەوە بەتوڕەیی زەنگەنەی بەجێ هێشتووە، ایستاکە لەئاوایی پەڵکانەی هەرێمی قەرەحسن دادەنیشێ.

ئەمەش نمونەیەک لەشیعری ئەم شاعیرەیە، کە بەناوی (نازداران)ەوە جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوی کردووەتەوە:

میرزام نازداران، میرزام نازداران          ئارودیم، وەچەم سوپای نازداران
چوین سوپای عسکر تازە فاریقە          وەعین تعلیم مەشق وموزیقە
جمع نازداران، چوین سوپای سەرواز          وەلارەولەنجە ئەگلیجەو ناز
وەو ئەگلەنجەوناز، ئامان لەڕیوە          مەدان لەچەپڵە هەل هەلەپێوە (خ٢، ژ٦، ب١: ٢١٥)

هەروەکو (دڵشاد عەلی) وتویەتی"کۆمەڵێ تەرکیباتی وەک (لارولەنجە) (ئەگلەنجەوناز) (زڕەی پۆیلە)و (لەرزەی پۆیلە) و (هاڕەی مێخەک بەن) وێنە و کەشێکی کوردەوارییانەی ئەوتۆیان پێ سازداوە کە وەک (ئاوازی شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵای گۆران) مەزاجی کوردانە زاخاو دەدەن" (عەلی،٢٠٢١). واتە ئەم شیعرەی شاعیر کەشێکی کولتوورییانەی کوردەواریی تێدایە.

١٠. **فەقێ ڕەشید جاسم ئاغا:** جەمیل ڕۆژبەیانی لەبەشی چوارەمی (بوێژەکانی زەنگەنە)دا باسی شاعیرێکی تر دەکات: "فەقێ ڕەشید کوڕی جاسم ئاغا، ئەم بوێژە خوێندەواری یەکی کەمی هەیە بەڵام خۆڕسکی هەڵبەستی (نیشتیمانی، ایینی، شەیدایی، پەسینی) هەیە.....خۆی ئێستا لەژیان دایەو سەرۆکی یەکێکی ترە لەتیرەکانی زەنگەنە"(خ٢، ژ٧، ب١: ٢٤١)، واتە ئەم شاعیرەش هاوسەردەمی دەنگی گێتی تازە بووە و سەرۆکی یەکێک لە تیرەکانی زەنگەنەبووە . ئەمەش پارچەیەک لەشیعرەکەیەتی، کە بە ناوی (شاە گەیلانی)یەوەیە:

شاە گەیلانی ،شاە گەیلانی          یابار پەرەناز غوث گەیلانی
ڕوح جەنورپاک یەک تای ڕەبانی          ئافەریدەی سونح حبی سبحانی
نضر کەردەی نور بینای بی نضیر          سەردار سوپای شێخ ومەلاوپیر
دار خوش میوە، سامی صبح بی عیب          عالم اسرار دانای علم غیب
علم گیرفتح، روی دەشت معشر          بەفرمان پاک ئەمر پێغەمبەر(خ٢، ژ٧، ب١: ٢٤١)

گومانی تێدانییە، نەتەوەی کوردیش وەکو نەتەوەکانی تر پەیڕەوی ئایینی ئیسلامیان کردووە، دینداری و خواناسی کاریگەرییان لەسەر شاعیران هەبووە. کولتووری ئایینی لەشیعرەکە ڕەنگی داوەتەوە. کەسایەتییەکی پاک (شای گەیلانی) دەخاتەڕوو لەڕووی زانایی و زانست و دینەوە.

شیعری میللی ئەم شاعیرانەی، کە باسمانکردن جگە لەوەی شیعری میللی هاوسەردەمی دەنگی گێتی تازەن، ڕەوێنەوەی ئەو تێڕوانینە نەرێنیانەن بۆ گۆڤارەکە هەبووە و پێگە و گرنگی دەنگی گێتی تازە دەردەخەن.

کولتووری نەتەوەیی شیعری شاعیرانی کورد بەبێ جیاوازی دەنگ و ڕەنگی ناوچە جیاوازەکان و دیالێکت و شێوەزارە کان لە (کرمانجی خواروو، کرمانجی ژوورو و، سۆرانی، سلێمانی ، موکریانی ، کەلهوڕی ولوڕی، هەورامی، برادۆستی....) لەدەنگی گێتی تازە بەرچاو

دەکەون، بەڵام وەکو هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی تر بۆ ئەوەی مەودای بابەتەکانی تریش بکاتەوەو پەیڕەوی شێوازی نووسینی گۆڤار و ڕۆژنامەی تێدابێت، شیعرەکانی پەرش و بڵاون و پێویستیان بە کۆکردنەوەو پۆلێنکردن هەیە. سەبارەت بە شاعیرە کلاسیکییەکانیش بە تایبەتی نالی وسالم وکوردی، ئەوا بێجگە لە (تەخمیسێکی سالم لەسەرشیعری مەولانا)، کە پیرەمێرد ناردوویەتی بۆ گۆڤارەکە، هیچ شیعرێکی ئەو شاعیرە کلاسیکیانەی تێدا بڵاونەکراوەتەوە. سەبارەت بە شاعیرانی سەردەمیش، (بێکەس، ع.ح.ب) و زۆرشاعیری تریش لە دەنگی گێتی تازەدا شیعریان بڵاونەکردووتەوە، دەشێ هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینە نەرێنییەی لەسەر گۆڤارەکە هەبووە، کە گوایە گۆڤارەکە خزمەتی بێگانەی کردووە، چونکە لە لایەن ئینگلیزەوە پاڵپشتی خولی یەکەمی گۆڤارەکە کراوە.
جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە ڕێنووسی دەنگی گێتی تازە بەجۆرێک بووە، پیتی (ڕ) قەڵەو حەوتەکەی ژێرەوەی بۆ دانەنراوە، هەروەها پیتەکانی (ۆ، ڵ)یش حەوتەکانی سەریان بۆ نەکراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو سەردەمەدا هێشتا ڕێنووسی کوردی تەواو گەڵاڵە نەبوو بوو و بۆ ئەو کاتە ئەمە شتێکی ئاسایی بووە.

### پەخشان لە(دەنگی گێتی تازە)دا

بەرهەمی پەخشان زۆر کۆنە و "ڕەگ و ڕیشەی لەو بەرهەمە بە نرخانەوەیە کە پێشینان هێشتویانەتەوە و بەجێیان هێشتووە بۆ دوای خۆیان، ئەوانەش وەکو هۆنراوە و پەخشان، پیشەی قەشەنگ، مۆزیقا و ساز وئاواز و وێنەی بە پەردەخ ئەمانە بەقسەی جوانی مرواری ئامێز نووسراوە بوو یان نەنووسراوە - بەڵگەی کۆنی سەربەردەکان" (سەججادی،١٩٧٨: ٥). لەسەرەتادا پەخشان لە کۆڕو کۆبونەوەوە و دیوەخانەکاندا بەسەرزاری بووە، پەخشانی نەنووسراوە دەماودەم گێڕراوەتەوە، لەپەندی پێشینان و قسەی نەستەق و مەتەڵ و چیرۆکەکاندا، کە بەرهەمی فۆلکلۆرین، خۆی نواندووە و بەهەوڵ و کۆششی ڕوناکبیران کۆکراونەتەوە. پەخشانی نووسراویش وەک دەزانین دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر "پەخشانی زانستی (زانیاری) ئەو جۆرە پەخشانەیە کە ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینەی زانیاری دەردەبڕێ و دورە لە سۆزو ئەندێشە، وەک ئەوەی لەبەرهەمە ئابوری و فیزیایی و ئەو جۆرە بەرهەمانە بەدی دەکرێت. پەخشانی ئەدەبی یان (هونەریی) زۆربایەخ دەدا بە دەربڕینی هەست و سۆزو ئەندێشە، بەشێوازێکی هەست بزوێن دەنووسرێت، مۆرکی کەسایەتی دانەری پێوە دیارە، ئەوەی لە وتار و چیرۆک و ڕۆمان و نامە و خوتبە و ئەو بابەتانەدا بەزەقی دەنوێنرێت" (جاف،٢٠٠٤: ٩٥). ئەم دوو جۆرە پەخشانەی باسکراون، وەک بەشێکی ئەدەبی کوردی لەدوای شیعر سەریان هەڵداوە. ئەگەر شیعر لەسەر بنەمای ڕەگەزەکانی (هەست و سۆزو بیرو

ئەندێشە و خەیاڵ) بنیات نرابێت، ئەوا بە شێوەیەکی سەرەکی بنەمای پەخشان ڕەگەزی (بیر)ە، بەڵام لە ڕەگەزەکانی تریش خاڵی نییە، چونکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە هەندێ جۆری پەخشاندا ئەو ڕەگەزانەی شیعر خۆیان دەنوێنن، بە تایبەتی پەخشانی ئەدەبی (هونەری) و لە پەخشانی زانستیدا کەمتر ئەو ڕەگەزانە هەیە، چونکە ڕەگەزی بیر زاڵە و لەسەر بنەمای عەقڵ و ئاوەز و ژیریی دادەڕێژرێت.

سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی نووسراو بەزمانی کوردی، وەک عەلادین سەججادی دەڵێت پەخشانی کوردی پاش ئاینی ئیسلام بە سرودەکانی یارسان دەستی پێکردووە بە یانزە بەشی کورت، لەدوای ئەوە (دەقی مەولود نامەکەی شێخ حسێنی قازی) دێت کە "نمونەیەکی تر لە دەقی پەخشانی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بووە، ئەم زاتە لە (١٢٨١)ی هیجری کۆچی دوایی کردووە و مەولودنامەکەی لە (١٢٦٠)ی هیجری داناوە. ئەم مەولود نامەیە لەلایەن عبدالکریم حاجی ئەحمەدی هەکزییەوە لەساڵی ١٩٣٥ لە بەغدا چاپکراوە"(سەججادی،٢٠٠٠: ٣٤). لەمەوە دەردەکەوێت نەتەوەی کورد مێژوویەکی دێرینی هەیە لەبەرهەمی نووسراو، لەگەڵ هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام چەندین پەرتوک و دەستنووسی هەبووە، مەولودنامەکەش تاساڵی ناوبراو دەستنووس بووە، دواتر چاپکراوە، کە بریتییە لەنامیلکەیەک لە ئاهەنگی لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د.خ) دەخوێنرایەوە. ئەم پەخشانە هەنگاوێکی گرنگە، داڕشتنە کوردییەکەی هێندە جوانە وشە عەرەبی و فارسی وتورکییەکانی داپۆشیوە، بەپێی بۆچوونی شارەزایان سەرەتایەکە بۆ چەکەرەکردنی چیرۆکی کوردی، هەرچەندە بەشێوەیەکی سادە و ساکار داڕێژراوە (رسول،٢٠١٠: ٢٠٦). لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین پەخشانی نووسراوی کوردی  بە پەخشانی ئاینی پشکوتووە. کەواتە ئەو پەخشانە وەک کولتوورێکی ئەدەبی کوردی، بوو بە بناغەی پەخشانی کوردی. کولتووریش وەک شێوازێکی ژیانی مرۆڤ شایستەی گۆڕانە، بەمەش بارودۆخی پەخشان و نەریتەکانی لەسەر یەک ڕێگا و میتۆدی جێگیر بەردەوام نەبووە، بەڵکو وابەستەی گۆڕانی ڕۆژگار و سەردەم و گواستنەوە بووە لەبارێکەوە بۆبارێکی تر، یان لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر.

دواتر و بە دیاریکراوی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان سەریان هەڵدا، ئیتر پەخشانی کوردی لە سادە و ساکارییەوە بەرە و سەرەتایەکی نوێ لە چرۆپڕی بابەتەکانی هەنگاوی نا "یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کوردستان ١٨٩٨ بەردی بناغەیەکی پتەو و بێ موناقەشەی بۆ پەخشانی کوردی دانا و ئەوانەی پێش خۆی هەمووی کردە هەوڵی سەرەتایی بۆ ئەو هونەرە"(ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٢١). لێرەوە پەخشانی ئەدەبی و زانستی بەهەموو لقەکانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەلسەفی و ئایینی و پەروەردەیی

و مێژوویی...هتد جێگای خۆیان کردەوە. کاتێک ڕۆژنامە کەوتە چالاکی، پەخشانیش کارایی و چالاکییەکەی گەشایەوە، چونکە تەنها نووسینی شیعر بەس نەبووە بۆ شۆڕشی زانیاری و ڕوداوە گەرموگوڕەکان، لەبەرئەوە لەپاڵ نووسینی شیعردا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا پەخشانیش پەلوپۆی بۆ بوارەکان هاویشت. لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تری دوای ڕۆژنامەی (کوردستان)دا، وەکو ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد، بانگی کورد، تێگەیشتنی ڕاستی.....هتد پەخشان بە چڕوپڕی دەبینرێت. بەڵام قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی ماوەیەکی گرنگ و بە بەرهەم بوو لە مێژووی گۆڕانی پەخشانی کوردیدا "ئەم قۆناغە و قۆناغی پێشوتر دەچووە ناو گیروگرفتی بە سەرهاتی ڕۆژانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. لە ڕووی پێشاندان و گێڕانەوە، شێوەی ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەگەری وەرگرتبوو" (خەزنەدار،٢٠٠٦: ٢٦).

ئەم قۆناغە، قۆناغێکی پڕ بایەخ و پەرەسەندوو بوو، ڕەنگ و بۆی ڕۆژنامەگەری و پەخشان تێکەڵ بەیەکتری بوون. نووسەرانی پەخشان لەم ڕۆژگارەدا "کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی ناودار و لێهاتوو و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و شاعیری بەدیمەن بوون، لەوانە تۆفیق وەهبی و ڕەفیق حیلمی و حسێن حوزنی موکرییانی و ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فتاح و پیرەمێرد و دڵدار و سەلام و بێکەس وهی دیکە. ئەمانە لەدەوری کۆوارەکانی زاری کرمانجی و گەلاوێژ و ژین و دەنگی گێتی تازە و هی دیکە کۆبوبونەوە" (خەزنەدار،٢٠٠٥: ٣٢).

بێگومان هونەرەکانی پەخشان لەدەنگی گێتی تازە بە شێوەیەکی فراوان بەرچاو دەکەون، یەکێک لەو هونەرە گرنگانە هونەری (وتار)ە بەهەموو جۆرەکانییەوە، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین لەم باسە گشتییەوە ڕووبکەینە باسی تایبەتی هونەرەکانی پەخشان لە دەنگی گێتی تازەدا ، چونکە ئەم گۆڤارە هەردوو جۆرەکەی پەخشانی زانستی و ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە.

## کولتووری نەتەوەیی پەخشانی زانستی

### وتار:

وتار کولتوورێکی فراوانە و لقێکی پەخشان بریتیە لەوتار، کە "وتار بریتی یە لەپارچە نووسینێکی ئەدەبی بەشێوەی پەخشان دەنووسرێ هەڵگری بیرۆکەیەکی دیاری کراوە، کە ئایدیا و دونیابینی نووسەرەکە لەخۆدەگرێت و بەشێوەیەکی متمانەپێکراو لەڕێگای زمانێکی ڕەوانەوە هەوڵی قەناعەت پێکردنی خوێنەر دەدات " (عوسمان،٢٠٠٩: ٢٣). جگە لە لایەنی ئەدەبی، بوارە زانستییەکانیش سوود و گرنگییەکی ئێجگار زۆریان بۆ ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا هەیە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە مرۆڤ و پێشکەوتنی مرۆڤەوە. هەر بۆیە دەبێت وتار "ژیرانە لەگەڵ هۆشی خوێنەردا بدوێت، بۆ ئەوەی خوێنەر ئەو هەستەی لا

دروست ببێت، کە ئەمە ڕاستەقینەیە و تەنها جوڵاندنی سۆز و ئەندێشەکان نییە "(الدروی ، ١٩٩٦: ١٨٦).

وتار تەنیا نووسینی ئەدەبی ناگرێتەوە، بەڵکو نووسینی زانستیش دەگرێتەوە، وتار پەخشان ئامێزە و لە ڕێگەی بیرۆکە و زمانەوە دەردەبڕدرێت، وتارەکانیش بەپێی مەبەستی وتارنووس جیاوازن، زۆرجار باس لە لایەنێکی ژیان، یان چەند لایەنێکی وەکو مێژوو و فەلسەفە و چیرۆک و.. هتد لە وتارێکدا تێکەڵ بەیەکتری دەبن و دەنووسرێن. لە نووسینی وتاردا پێویستە ڕەچاوی زمانێکی پوخت و ڕەوان و دووبارەنەکردنەوەی وشە و ڕستە بکرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی بابەتەکەدا هەست بەبێزاری نەکات و بتوانێت بەجۆش و خرۆشەوە بیخوێنێتەوە و ئاسۆی زانیارییەکانی فراوان بکات.

بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە عێراق و ناوچەکانی کوردستان و ئەو گۆڕانکارییە خێراییانەی بەسەریدا هات، نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەنگی گێتی تازە خامەیان لە هەموو بابەت و مەبەستێ خستە کار و وتاریان دەنووسی. لە ڕێگای وتارەوە لە دەردەکانی کۆمەڵ و کێشەکانی دەدوان. لەپێناو پێشخستنی کۆمەڵ و نەهێشتنی دیاردە ناپەسەندەکان و ئاشناکردنی خوێنەر بەمێژووی کورد و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتی وتاری جۆراو جۆر دەنووسراو لە گۆڤارەکەدا بڵاو دەکرایەوە.

## 1. وتاری کۆمەڵایەتی:

پێش ئەوەی بچینە سەر وتارەکانی ناو دەنگی گێتی تازە وەکو کولتوورێکی کوردی، دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین بۆ هەر وتارێک ناوی (وتار)ەکە و ناوی (نووسەری وتار)ەکەمان خستۆتە بەردەست. سەبارەت بەناوی نووسەرەکان، ناوی هەر نووسەرێک لەسەر وتارەکە نووسرابێت، وەکو خۆی نووسیومانەتەوە، ئەگەر ناوی نووسەر نەنووسرابێت، ئەوا گەڕاوینەتەوە بۆ ئیندێکسی کۆتایی بەرگەکان و ئەگەر لەوێ هەبوو بێت نووسیومانە. ئەگەر نەشبووبێت، ئەوا ئەو وتارانەی ناوی نووسەریان نییە ناچار بەبێ ناوی نووسەرەکانیان نووسیومانە. شایەنی باسە حوسێن حوزنی موکریانی جگە لەوەی بەم ناوەی خۆی وتاری بڵاوکردووەتەوە، ئەوا بە ناوی (خدووک) یان (داماو)یش وتاری بڵاوکردووەتەوە. هەروەها لەناو کەوانەکاندا ئاماژەمان بە (خول و ژمارەی گۆڤارەکەو بەرگ و ژمارەی لاپەڕەکان) کردووە. لەلایەکی تریشەوە لە کۆتایی هەر وتارێکدا، پۆلێنی جۆری وتارەکەشمان کردووە. مەرجیش نییە هەموو وتارەکان پۆلێنکردنی کۆتاییان هەبێت. گرنگترین و دیارترین جۆرەکانی وتار، کە لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراونەتەوە بریتین لە:

گۆڤاری دەنگی گێتی تازە نووسینی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و دڵداری بەهێزو بەپێزی بڵاوکردۆتەوە. یەکێک لە وتارنووسە بەناوبانگەکانی کورد حوسێن حوزنی موکرییانییە. کەریم شارەزا لە بابەتێکدا بە ناونیشانی (حوسێن حوزنی و دەوری لە پێشخستنی هونەری وتاری کوردی دا)، بە شێوەیەکی گشتی و تێروتەسەل باس لە وتار دەکات، پاشان باس لەو وتارانەی حسێن حوزنی دەکات، کە لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا نووسیونی و دەڵێت: "پەنا نابەینە بەر نمونەی وتارەکانی تری لە گۆڤاری ڕوناکی و دەنگی گێتی تازەدا" (شارەزا،١٩٩٠: ٢٣)، بەڵام ئێمە لێرەدا پەنا دەبەینە بەر هەندێ لە وتارەکانی حسێن حوزنی، کە لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوی کردوونەتەوە.

حوزنی وتارێکی بەناوی (پەیوەندی دڵ، وەفا، میهرەبانی، خۆشەویستی) نووسیوە و لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاویکردووەتەوە. تیایدا دەڵێت: "وەرە، خۆشەویستم وەرە، گرێی پەیوەندی دڵ ببەستین، بناغەی وەفا، میهرەبانی خۆشەویستی دامەزرێنین، ئەمڕۆ کە یەکەمین جارە تیشکی خۆرەتاوی بەختیاری بەسەر ئێمەدا پرشنگی داوە، هەتاوی چارەخاوێن هەموو ئەندامێکی ڕوناک کردوین ، لە یەکەمین شەقامی زندەگانی خۆش و شیرینی ژن ومێردی دا هەنگاوی سەرەتایی دادەنێن ، وا چاکە بەڕاستی و دڵپاکی دەست بدەینە دەستی یەک"(خ١، ژ٥، ب٢: ٤٣٢) شایەنی باسکردنە ئەم وتارە پەیامێکی خۆشەویستی ڕاستەقینەیە و حەوت لاپەڕەیە، باس لەپەیمان و خۆشەویستییەک دەکات دور لە فرۆفێڵ و خیانەت و کات بە سەربردن. ئەوەش خۆشەویستی دوای هاوسەرگیرییە، کە لە ڕێگای دوو لاوی کوردەوە دەریدەبڕێن. دوو لاوەکە ناویان (پەریزاد و دلاوەر)ەو خۆشەویستییەکەیان بە دووپاتکردنەوەی بەڵێن و پەیمان بەردەوام دەبێت. لەناوەڕۆکی وتارەکەدا وەسفێکی زۆری کولتووری جلوبەرگ و ڕازاندنەوەی پەریزاد بەخشڵ و زێڕی کوردەواری و وەسفی دلاوەر بەخۆئامادەکردن بۆ ڕاوکردن دەکات و چاوەڕوانیی ئەم دوو دڵدارە و پەرێشانییان بۆ یەکتری و بەیەکتر شادبونەوەیان نیشاندەدات، هەموو ئەمانە نیشانەی بەختەوەری و  هاوسەرگیری سەرکەوتوو ڕوون دەکەنەوە.

لە وتارێکی تر بەناوی (ئەستێی دارفرۆش)دا ئاوڕ لەژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەت و تواناکانی دەداتەوە، ئەم وتارە هی نووسەر (طاهیر أحمد حەوێزی)یە. سەرەتا بەوەسفی ئافرەتەکە و جل و بەرگە کوردەوارییەکانی دەستی پێکردوەو دەڵێت: "کەلانگۆچکە (فەقیانە) پانە ڕەشەکانی خستبویە سەرپشت. ملی (فەقیانە) تایبەتە بە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی ئافرەتان، لە قوماشی جلەکە بەشێوەیەکی درێژ لە سەردەستی دەدورێت ، یان بۆ جوانی یان بۆ گورجوگۆڵی جلوبەرگەکە گرێ دەدرێت. نووسەر ئەم باسە کولتوورییەی تێکەڵ بەتوانا و هێز و هەوڵەکانی ئەو کچە کوردە کردووەو دەڵێت: " ئەم کچە کوردە شیرینە لادێ یە- کە ناوی (ئەستێ) بوو-

بەم هەموو تەن تەنە و مەن مەنەیەوە، بەگوریسێک-کە زۆر مومکینە هەرخۆی گوریسەکەی ڕستبێ – سەری کەرێکی بۆر سپی ڕادەکێشا، وە لە دەرگایەکە هێنایە حەوشە..... هەردوو دەستی لەسەرباره دارەکە بوو بەهەر دوو چاوە ڕەشەکانی حەوشە و هەیوانی ماڵەکەمانی نواڕی. ئەمجا وەک ئاگر، خێراخێرا گرێ یەکانی گوریسەکەی دەکردەوە، تا بارە دارەکەی شل کردەوە، هەندەی بڵێی یەک و دوو زرمەی لەبارەدار هێناو دای بەزەوی دا، جارجاریش دەیوت دارێکی چاکە هەر بە تالآنم داوە" (خ١،ژ١، ب٣: ١٤). لەم وتارەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئافرەت لە کوردستاندا، جگە لە کاری ماڵەوە، گەلێک ئەرکی تری ڕاپەڕاندوە و ڕایدەپەڕێنێت و "بەشداری هەموو جۆرە ئیش وکارێکی دەرودەشت و گەلاکردن وخەرمان و دروێنە و ئاوداشتن و توتن و تەڕەکاڵ ئەکات... شانبەشانی پیاو بەرهەم ئەهێنێ و بێ دواکەوتن ئەرکی سەرشانی خۆی بەڕێوە ئەبات، بەڵام لەژێر چاودێری پیاواندا.... ئافرەت جگە لە ئیش و کاری دەرودەشت و سەر کێڵگەکان ئیش و کاری ماڵەوەش ڕائەپەڕێنێت وەکو: دوورومان، نان و چێشت دروست کردن، میوان بەڕێکردن، جل شتن، ماڵ ڕازاندنەوە، بەخێوکردنی مناڵ ..... کە ئەمانە بەتایبەتی ئیشی دیاریکراوی ئافرەتانن و پیاوان دەستیان لێوە نادەن"(قانیع،١٩٧٩: ١٦). کەواتە وتارەکەی (طاهیر احمد حەوێزی) باس لەو دابونەریتانەی کۆنی کوردەواری دەکات، بەتایبەتی ئەو پیشەیە بۆ ئافرەت ئێستا کاڵبوەتەوە و ئافرەت ڕێچکەی تری گرتووە.

(ئیبراهیمی نادری) لە وتاری (لە کەناری ڕووبارێک)دا داوای یەکگرتوویی و هەنگاونان دەکات بۆ سەرکەوتن، لەڕۆژێکی ساردی زستان لەگەڵ هاوڕێیەکانی بۆ ڕاوکردن گەشتونەتە سەر ڕووبارێک، تەماشای جوڵە و شەپۆلەکانی ئەو ئاوەی کردووە، چۆن بەیەکگرتویی جێگای خۆی دەکاتەوە و بەربەستەکان دەبڕێت و دەڕوات. نووسەر لە کۆتایی وتارەکەدا پەیامێکی جوانی بۆ کۆمەڵگا بەستۆتەوە بە وتارەکەوەو دەڵێت: "مەگەر ئێمە لەم شەپۆلی ئاوە بێ هێزتر و ناتەوان ترین، کە ئێستا شیرازەی ڕێکی کۆمەڵایەتیمان لەیەک داپچڕاوە و ناتوانین سەرلەنوێ وەکو تنۆکەکانی ئەم ڕووبارە بێ زمان و بێ گیانە یەکیان پێ بگرینەوە و کۆی بکەینەوە، وە بە دڵێکی پاک و خاوێنەوەو بە ڕێگایەکی ڕاستی تەواوا بەرەو ئامانجی ئەسڵیمان بڕۆین و پێش بکەوین"(خ١،ژ١، ب٤: ١٠).

لە وتاری (تربیەی ئیرادە)ی (محمدبابان)دا باس لە هەوڵدانی مرۆڤ کراوە بۆ بەکارهێنانی عەقڵ بۆ بنیاتنانی شارستانێتی پتەو، لەڕێگای زاڵبون بەسەر ئەو ئارەزووانەی دڵ دەیەوێت، هەر کەسێک ئەگەر بەسەر ئارەزوو خود پەسەندیدا زاڵبێت، ئەو کەسە زیاتر بەرزدەبێتەوە، "بەڵام هەر وەختێ هێزمان بەسەر ئارەزوو و خواستی خۆمان نەشکا و نەمانتوانی لەبابەت چەن شتێکەوە خۆمان ڕاگیر بکەین، وە جڵەومان بۆ بەرەڵاکرد، وە خۆمان دا بەدەست ئەو

ئارەزوو خواستانەوە، وە نەفسی خۆمان پێ ڕانەگیراو پتر هانمان دا بێگومان هەستکردن بە بەرزبونەوەمان لەناو ئەچێ، هێز و وزەمان نامێنێ ناتوانین ئەو پێویستێە مقدەسانەی کۆمەڵ خستویەتییە سەرشانمان بەجێ بێنین، جگە لەوە ناتوانین ئەو شتانەی قانونی سروشت و شارستانیتی لەسەرمانی داناوە بەتەواوی جێ بەجێی بکەین" (خ٢،ژ١٠،ب١: ٣١٥). نووسەر لەم وتارەیدا مرۆڤی چاک وخراپ دەخاتەڕوو، بڕیاردان لەڕێگەی عەقڵەوە بەپەسەند دادەنێت و پێیوایە ئەو کەسەی بەپێی عەقڵ بڕیارنەدات و شوێنکەوتەی دڵی بێت، سەرگەردان دەبێت و مرۆڤێکی لاڕێ لە کۆمەڵگای لێدەردەچێت. هۆکاری سەرکەوتنی لە ژیاندا بەستووەتەوە بە پەروەردەی ئیرادەوە. هەروەها هۆی سەرکەوتنی نەتەوەکانی ڕۆژئاوای بەسەر نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی ئەوان بەپێی پرۆگرامێکی ڕۆژی ئاشکرا ئەژین، گیانی بەتینی ئیرادە لەمێشک و دڵی هەموویاندا واجێگیر بووە بەسەرهەموو سروشتێکا زاڵ بن. (سەرچاوەی پێشوو). هەروەک چۆن شاعیران بە شیعرەکانیان یادی نەورۆزیان بەرز ڕاگرتووە، نووسەرانیش بەهەمان شێوە ئەو یادەیان بە کرداری و بە وتاریش بەرز ڕاگرتووە و "هەموو ساڵێک شاعیری کورد زۆرنەبێ کەم، بەچەند وشەیەکی ڕێکخراوی ئاوازەدار هەستی دەرونی خۆی وەک تێگەیشتنی خۆی یادی نەورۆزی کردۆتەوە نووسەری دیکەی کوردیش زۆرنەبێ کەم بە وشەیەک یان چەند وشەیەک هەستی دڵ و دەرونی خۆی وەک تێگەیشتنی خۆی یادی نەورۆزی دەربڕیوە" (کەریم،١٩٨٤: ٢٧). ئەم یادە لە لاپەڕەکانی دەنگی گێتی تازەشدا لەلایەن نووسەرانەوە بەرز ڕاگیراوە و وتاری لەسەر نووسراوە و ڕێوڕەسمی ئەو یاد و بۆنەیە بەشێوەی چالاکی بڵاوکراوەتەوە.

لەوتاری (ئاهەنگی نەورۆز، لەلایەن لاوەکانی کوردی عێراقەوە)دا، کە لە دەنگی گێتی تازەدا نووسراوە، باسی یەکێک لە چالاکییەکان دەکات بە بۆنەی ڕۆژی نەورووزەوە و ئاماژە بەوە دەکات لە هۆڵی مەلیک فەیسەڵی دووەم دوانیوەڕۆی ٢٢ مانگی ئادار دەستە دەستە گەورە پیاوان و بانووە کوردەکان ئامادەبوون، سەعات چوار ئاهەنگەکە بە وتارێکی مکرەم تاڵەبانی دەستی پێکرد، پارچە مۆسیقایەک لەلایەن جمیل بشیر، هەڵپەڕکێی کوردی لەلایەن چواردە لاوەوە، وتارە کوردییەکان بە زمانی عەرەبی لەلایەن ساڵح ڕوشدی، چەند جۆرە هەڵپەڕکێیەکی کوردی، گۆرانی کوردی لەلایەن لاوێکی کوردەوە بەناوی (برزو)، مارشی کوردی دەمی ڕاپەڕینە، نەشیدی کوردی کەس نەڵێ کورد مردوە...هتد (خ٢،ژ٢١،ب٢: ٥٨٧). واتە ئەو چالاکییانەی لەو یادە دا کراون هەموویان بە شێوەی وتارێکی کۆمەڵایەتی بەپێی دابەشکردنی کاتی چالاکییەکانی بە وردی و دیاریکراوی لەم وتارەدا خراوەتەڕوو.

هەروەها چەند وتارێکی تری کۆمەڵایەتی لەدەنگی گێتی تازەدا هەیە، کە بریتین لە:

- آل، شەوە، مامان (بە قەڵەمی کاکەڕەشید) (خ١،ژ٣،ب١: ١٢٢)
- بەهەشت ها لەکوێ (ئیبراهیمی نادری) (خ١،ژ٦،ب٣: ٤٨٦)
- یەکێتی (م.نریمان) (خ١،ژ١،ب٤: ٣٦)
- کردەوەی مرۆڤ (بێ ناوی نوسەر) (خ٢،ژ٢،ب١: ١٣١)
- کزبونی ڕەوشت (بێ ناوی نوسەر) (خ٢،ژ٣،ب١: ١٥٨)
- بەختەوەری (حوزنی موکریانی) (خ١،ژ٦،ب٢: ٥٤٦)
- ژیانی اجتماعی (بێ ناوی نوسەر) (خ٢،ژ٨،ب١: ٢٦١)
- هەرکەس کارلەوانی تردەکات (بێ ناوی نوسەر) (خ٢،ژ١١،ب١: ٣٤٨)
- پەنابردنی لێ قەوماوێک بۆماڵ دۆم (یحی چڕوستانی) (خ٢،ژ١٣،ب١:٣٩٤)
- مرۆڤ وگیانەوەر (محی الدین نەژاد) (خ٢،ژ١٥،ب١: ٤٤٨)
- جەژنی نەورۆز (م. قەرەداخی) (خ٢،ژ٢٢،ب٢: ٥٩٨)
- دەستوری گەورەیی (بێ ناوی نوسەر) (خ٢،ژ٢٣و٢٤،ب٢: ٦٢٤)
- کورد دەبێت چلۆن بێ؟ (بێ ناوی نوسەر) (خ٢،ژ٣٢،ب٢: ٧٩٨)
- هەرسێ دوژمنمان (بێ ناوی نوسەر) (خ٢،ژ٣٤،ب٢: ٨٢٩)
- پیاوی دوامین بین بەختەوەرە (بێ ناوی نوسەر) (خ٢،ڕۆژنامەی دەنگی گێتی، ژ٢١: ١)

## 2. وتاری ئابووری:

دەتوانین بڵێین کولتووری ئابوری نەتەوەی کورد، چونکە کورد لەدێر زەمانەوە پشتی بەخێروبێری ئابوری وڵاتەکەی بەستووە و بەهۆی پیشەی ڕەنگین و دەستڕەنگینیی ژنان و پیاوانەوە کەرەستەی جۆربەجۆرەکانیان بەرهەم هێناوە، بۆ ئەم کارانەش بەزۆری سود لە کەرەستەی خاوی خاکی کوردەواری وەرگیراوە. یەکێک لەوانە بەروبومی ئاژەڵ و دار و درەختەکانی کوردستان بوون بە سەرچاوەی بەرهەمهێنان لە "ئاژەڵ و باڵدار بەخێوکردن سەرچاوەی سەرەکی شیر و بەرهەمەکانی و هێلکەو گۆشتیان بوە... جگە لەمە خوری و موەکەی سودی لێ بینراوە لەدروست کردنی بەرماڵی کوردی و جاجم و پۆپەشمین و مافور.،. ژنان لەماڵەوە دەیان ڕست و لە کارگەکاندا (موتابخانەکان)دا دەیان چنی وجلوبەرگی پیاوانە دروست دەکرا وەکو ڕانکوچۆغە و پەستەک و گۆرەویی وپوزەوانە" (بۆمبا، ١٩٨٥: ٩٣)

لە دەنگی گێتی تازەدا ئاماژە بە بەرهەمی دارودرەختەکانی کوردستان کراوە ، ئەگەر ئاوڕی لێبدرێتەوە بەرهەمی پیشەسازی بەنرخی لێ دروست دەکرێت و هەر ئەو دارەیە لە

سوید و نەرویج  ئاورێشمی لێ بەرهەم دەهێنرێت. نووسەر (کاروانچی) لەوتاری (ئاوریشمی بێ خاوەن لەکوردستان زۆرە) دەڵێت: "لەپایزی ساڵی ١٩٤١دا کاروانێکم کرد بۆ گوندێک ...لەم کاروانەدا هەندێ لەخێزانی مامورەکانم سوارکردبوو بۆگوندەکەم ئەبردن، چەن ڕۆژێک لەلادێیەکە مامەوە هەندێ ژنی ئەو گوندە کراسێکی درێژی فش و فوڵیان لەبەرایە هەودا ئەستورە لەگەڵ ئەمەشدا تۆزێک ئەبریسکێتەوە، سەرنجم دا نە لەخوری یە نە لە لۆکە ئەوسا پرسیم ئەم کراسە لەچی دروست کراوە، دەست بەجێ وتیان تەماشاکە لەسوڕی گوندی بجیل چی شتێک لە هەمو شتێک زۆرتر دەبینی، لەپاش وردبونەوەیەکی کەم وتم لە هەمو شتێک زۆرتر لێرەدا یەکەم شاخ و داخ، دووەم ئەو دارە ڕەشە بچوکانەیە، وتیان ئەم کراسانە ژنەکانی ئێرە لەبەریان دایە لەو دارە ڕەشانەیە وتم ئەو دارە ناوی چییە ؟ ئێمەو ئاکرێیەکان وسورچییان پێی دەڵێن (کەژۆک) لەئامێدی پێی دەڵێن (کیرات) لەناو سۆران دا پێی دەڵێن (قەرەقاج) ناوی دواییم بیستوە چونکە ئەو بەرگەی لێ دروستدەکەن "(خ١،ژ٦،ب١: ٢٧١). نووسەر لێرەدا باسی گرنگی و بایەخی ئەو دارە و ناوە جیاوازەکانی دەکات، جگە لەوەی لەو دارە ئاورێشم و جلوبەرگی ئاورێشمی دروست کراوە. ئەمەش واتای ئەوەیە وڵاتی کوردان بۆ خۆی گرنگی و بایەخی ئابوری و بازرگانی هەبووە، ئەمە جگە لەوەی ڕێگای کاروانی ئاورێشمیش بووە "کوردستان کاروانسەرای ڕێگای بازرگانییە ناودارەکەی ئاوریشم بوە، ئەوروپاییەکان بەم ڕێگا گرنگەیان گوتوە ڕێگای ئاوریشم"(پیربال،٢٠٢٠: ٤٩).

لە وتاری (ئەو چاوەڕاوانەی بۆ سەرنەگرتنی ڕێکخستنی (تنضیم) تەموین ئەکرێ)دا، حەسەن شێخ مارف باس لە قۆرخکاری بازاڕەکان دەکات لەلایەن بازرگانەکانی عێراقەوەو دەڵێت: "هەندێک لە ناوەندەکانی شار و ئەوانەی دەسیان بەسەر بازاڕ درێژکردووە هەموو شتەکانیان شاردۆتەوە، زۆر بەتوندی بەرامبەر بەدایەرەی تەموین بەتایبەتی بەرامبەر بەو مودیریەتەی شتومەک لەدەرەوە ئەهێنێ کەوتونەتە پروپاگەندە و چاوەڕاوکردن. بەشی زۆری ئەو پروپاگەندەکەرانە بازرگانەکان و ئەوانەن دەسیان لەدەست بەسەراکێشانی شتومەکدا هەیە" (خ١،ژ٦،ب١: ٢٨٠). لەم وتارەدا باسی دیاردەی گەندەڵی دەکات، کە دیاردەیەکی زۆر بێزراوە و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک لە بازاڕدا. هەر لەو وتارەدا باس لەوە کراوە مودیرو دامودەزگاکانی ناوخۆی عێراق هەوڵیانداوە چارەسەری کێشەی گرانیی بازاڕ بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە، بۆیە بە ناچاری ئەو ئەرکە گرنگە خراوەتە سەرشانی کەسێکی بێگانەی شارەزا و بڕیاری لەسەر نرخەکان داوە و  دەبێت فرۆشیارەکانیش بەپێی ئەو نرخەی بەڕەسمی دانراوە شت بفرۆشن. بێگومان ئەمەش باسکردنی لایەنێکی گرنگی ئابورییەو پەیوەندیی بە ژیانی خەڵکییەوە هەبووە.

(استیفادەی دەشتی بتیوێن و زەرەری) وتارێکی (ج. ک. باجرانی)یە و تیایدا باس لەوە دەکات "دەشتی بتوێن یەکێکە لە دەشتە بەپیتەکان بۆچاندن وبەروبومی توتن سودەکانی دەشتی بتوێن ئەوەیە، زۆر بە بەرەکەت و گەورەیە بە هەزاران کەس توتنیان لێکردووە حکومەت بەرهەمەکەی کڕیوە هەژار و دەوڵەمەند سودی لێوەرگرتووە، زەرەری ئەم دەشتە ئەمە بوو بە هەزاران کەس تووشی نەخۆشی (تاولەرز و مەلاریا) ئەبون، بەزۆری ئەم کەسانە بەم نەخۆشییە ئەمردن بەهۆی ئەو گۆماوە پیس پیسانەی ئەو دەشتەوە بوو، بەهۆی ئەو گۆماوە پیسانە (پیشکە)ی تاولەرزی لێ پەیدا بوبو، میکرۆبی ئەو نەخۆشییە لەلایەن ئەو پێشکانەوە دەگوێزرانەوە"(خ٢،ژ٩،ب١: ٣٠٥) دەشتی بتوێن سەربەقەزای ڕانییەیە سەرەتا بەراوی برنجی لێکراوە، لەساڵی ١٩٤٢–١٩٤٣ لەو ساڵە بەدواوە توتنی زیاتری لێکراوە لەلایەن دانیشتوانی کویسنجق و ڕانیە و بتوێنەوە.

وتاری (پیشەگەری لەپێش ژنهێنان دا)، کە ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە. لەم وتارەدا باس لەوە دەکرێت کارو پیشەی کوردەکان ئەوە بووە، پیشەسازییان لەلا خۆشەویست بووەو لەنێو ماڵدا هەموو پێویستییەک بەرهەم دەهێنرا "لەو سەدانەدا کورد ئاتاجی بەهیچ چتێکی دەرەوە نەبوو هەمو پێویستییەکی خۆی لەنێو خۆی دا بۆی پێک دەهات بەڵام ئەمڕۆ بێجگە لە قسەو خۆهەڵکێشان بە پیشەوکاری بێگانە، نازکردن بەولاوە ناتوانێ سوزنێک لە داریش دروست بکات" (خ٢،ژ٢٣و٢٤،ب٢ : ٦٣٥). ئیش و کار و پیشە بناغەو ڕیشەی ژیانن، مرۆڤ تا کۆتایی تەمەنی دەبێت لە ژیاندا هەوڵی دابینکردنی بژوێوی و پێداویستییەکانی خۆی بدات، بۆ ئەمەش پێویستی بە هەوڵدانەو دەبێت لەگەڵ ئیش و کارەکەیدا خەریک بێت و خۆی ماندوو بکات و ڕەنج بدات تا بگات بە سامانی بەروبومەکەی و ئاسوودەبێت . هەروەکو (حوسێن حوزنی) وتویەتی (کاکڵ لە توێکڵ دەرخرێ) سەرەتا ڕەخنەی لەو کەسانە گرتووە ڕێگەی هەڵەیان هەڵبژاردووە، بۆ ژیان و ئیش و کار لەسەر ڕەنجی هەژار دەژین و خۆیان ماندوو ناکەن "تەماشا دەکرێ هەرکەسە بەناوێکی هەزاران ڕەنگەوە خەریکی مفتەخۆرییە، هیچ شەرم لە وتە و کردەوە ناپەسەندەکانی خۆی ناکا بەسەربەرزییەکەوە، بە شانازییەکەوە، بە فیشاڵ بە تەرزە ڕەوشتێکەوە لەجەرگەی گشتی دا خۆی دەنوێنێ". لێرەدا باسی ئەو کەسانە دەکات، کە کە لەسەر ڕەنجی خەڵک دەژین، بەڵام هەر بە باسکردنی بابەتەکە ناوەستێت، بەڵکو ڕێگەچارەش دیاری دەکات و دەڵێت: " ئەگەر زانین هەبێ، وە تێگەیشتن و لێکدانەوە بەکارببرێ، کاکڵ لەتوێکڵ دەردەخرێت، بەمفتەخۆری وبێ ئیشی و بێ کارییەوە شانازی ناکرێ، وە فیشاڵ و چەوتی بەمایەی گوزەران و ژیان ناخرێتە ژمارەی ژیانەوە، ڕەنجبەرێکی هەژار لە سبەینیەوە تا ئێوارە شان دەکوتێ دەمی وچان نادات بە هەزاران ئازار و ناگوزیرییەوە نان پەیدا دەکا، وە

ژن و خێزانی دەژێنێ ساڵی جارێک بەرگی تازە بەخۆی یەوە نابینێ، وە بە نیوەش مزدی کارەکەی پێنادرێ هەمیسان لەسەر ئیش و کارەکەشی گەرمە. ئەوەیە نەزانین و بەراوردنەکردن... کاکڵ لە توێکل جوی نەکردنەوە، ئەگەر زانست و تێگەیشتن لە نێو گشتی دا فەرمانڕەوایی ئەو ناگوزیریانە بوو ئەوە ڕونادات" (خ٢،ژ٢٠،ب١ : ٥٥٢).

ژیانی ئەوکاتەی کۆمەڵگای کوردی لەدوو چین پێک هاتبوو ، دەرەبەگ و ئاغا لەگەڵ جوتیار و مسکێن. چینی دەسەڵاتدار (ئاغا) بۆ بژێوی ژیانی لەسەر ڕەنجی جوتیار ومسکێن ژیاوە جوتیارانیان چەوساندۆتەوە. نووسەریش لە وتارەکەیدا ڕەخنەی لەو بارە ئابورییە دواکەوتووەی ناو کۆمەڵگە گرتووە، چونکە کۆمەڵگایەکی دەرەبەگایەتی بووە.

## 3. وتاری جەنگ و ئاشتی:

جەنگ لەگەڵ دروست بونی مرۆڤایەتیدا هەبووە، بووە بەکولتوورێکی جیهانی ناهەموار، ڕەنگە تا دونیا دونیا بێت لێرەو لەوێ بەردەوامی هەبێت. ئەو جەنگە نەخوازراوانەی بەدرێژایی مێژوو ڕوویانداوە خراونەتە سەر لاپەڕەکانی کتێب و ڕۆژنامەکان، دەنگی گێتی تازەش بێبەش نییە لەو وتارانەی لە بارودۆخی ڕوداوەکانی ئەو کاتەی عێراق و کوردستان دەدوێت و لە دوو تەوەردا چربونەتەوە. ئەو وتارانەی تایبەت بوون بە عێراق و کوردستان بە گشتی، کە بەزۆری دژی ئەڵمانیای نازی و پشتگیری بەریتانیان، بەریتانیاش بۆ بەدەستهێنانی مەبەستەکانی خۆی و ئامانجەکانی، کۆمەڵێک بەڵێنی داوە بە کوردستان و عێراق "زیادبونی بایەخی بەریتانیا بە عێراق بەگشتی و باشوری کوردستان بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە دۆزینەوەی نەوت تێیدا بەبڕێکی زۆر و هەروەها بەکارهێنانی وەکو بنکەیەکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی دەسەڵات و قەڵەمڕەوییان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست ... وێڕای ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک هۆکاری ڕامیاری و سەربازی و ئابوری لەسەر ئاستی نیشتمانی عێراق و نێوچەییدا" (محێدین،٢٠٠٦: ٥١). بەشێکی تری وتارەکان باس لە شۆڕشەکانی مەلا مستەفای بارزانی و هەڵوێستی دەوڵەتەکانی دەوروبەر دەکات بەرامبەر ئەو شۆڕشانە، هەروەها لەلایەن عێراقەوە چاودێری ورد کراون "ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گرنگیان داوە بەچاودێریکردنی پرسی کورد و ڕوداوەکانی جوڵانەوە چەکدارییەکان لەم قۆناغەدا" (قادر،٢٠٠٧: ١٦٠).

وتاری ئاشتی و گەشبینی دوای ڕوداوەکانی جەنگ لەدەنگی گێتی تازە خراوەتە ڕوو، تۆفیق وەهبی ئاگاداری باری سیاسی و ناوچەیی عێراق و کوردستان بووە لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە. هەر بەو بۆنەیەوە سەبارەت بە بەریتانیا و هاوپەیمانان لەڕۆژنامەی ژین وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (دوانی مەعالی تۆفیق وەهبی بەگ لەسلێمانی)، دواتر وەکو نووسەرێکی

چالاک و کارامەی خولی یەکەمی دەنگی گێتی تازە هەمان وتاری وەکو پەیامێکی ئاشتی و پڕ لە ئومێد بۆ بەریتانیا دەربڕیوە "ئەمڕۆ ولاتەکەمان شادمانە بەدیداری باڵیۆیزی دەوڵەتی مەزنی بەریتانیا، فەخامەتی سەرهی یوستون هیوەر بەرد، نوێنەرێکی گەورەی دیموکراتی، مژدەبەرێکی ئازادی، تێری، تەندروستی، بێ ترسی خوێندەواری و بەختیاری نەژادی مرۆڤ، خاوەن فەخامەت، ئەم سەر زەوییەی ئەمڕۆ پێ تان تێناوە، ئەم نەتەوەیە کە ئەمڕۆ بە دیداری ئێوە شادە، لەو ڕۆژەوە کە ئێوە بە فریای گەشتون و لەمردن ڕزگارتان کردووە، لەساڵی ١٩١٨ەوە دڵی بەهەستی وەفاداری و سپاسبژێری یەوە لێ ئەدا بەرامبەر نەتەوەی زۆر بەرز و مرۆڤ پەروەری بەریتانی .... چەن ڕۆژێکی تر دوابکەوتنایە و نەگەیشتنایە ئێرە، ئەمڕۆ لەم زێدوبومەدا ئەم مرۆڤانەتان نەئەدی کە بەبەرگی شایی و ڕوو بە پێکەنینەوە بەپیرتانەوە هاتن" (خ١، ژ٤، ب٤: ٢٨٩). نووسەر لەم وتارەدا دوپاتکردنەوەی خۆشحاڵی نەتەوە و ولاتێک دەردەبڕێت بۆ هاتنی هێزێکی تازە، کە هێشتا کار و کردەوە و مەرامەکانی ڕون نەبۆتەوە، هەروەها سکالا لەدەست هێزی پێشوو دەکات، کە عوسمانییەکان بوون و لە کارو کردەوەکانیدا دەردەکەوێت ڕون و ئاشکرا میللەتیان چەوساندۆتەوە و میللەت لێیان بێزاربووە.

حکومەتی عێراق و دەسەلاتدارانی بەریتانی لەبری سەلماندنی مافە دەستورییەکانی کورد و بە دیهێنانی ئەو ئومێدانەی میللەتی کورد هەیبوو، بە پێچەوانەوە کاریان دەکرد و لەڕووی دەستوری و کرداریشەوە کوردیان لە هەموو مافەکان بێبەش دەکرد. لەبەرئەوە سەرکردە کوردەکان وەکو (شێخ مەحمودی نەمر، مەلا مستەفا بارزانی) هەڵوێستیان وەرگرت و چەندین ڕاپەڕین و چالاکی و دانوستان لەنێوان سەرکردەکانی کوردستانی باشورو ولاتەکانی دەوروبەریدا دروست بوو. دەنگی گێتی تازەش بە تایبەتی ڕۆژنامەکەی هەواڵ و وتاری سیاسی و جەنگی دەربارەی بارزانی بلاو کردۆتەوە.

بۆ نمونە وتاری (مەلا مستەفای بارزانی لەزمان و نوسینی ڕۆژنامەکاندا)، کە لە ڕۆژنامەی (السجل) وەرگیراوە، تیایدا هاتووە "مانگی لەمەو پێش مەلا مستەفا و پێنج سەد کەسی هەڵبژاردە و لە یەکەم پیاوە گەورە ئازاکانییەوە لەژێر پەنجەی سپای عێراقی ڕزگاربون کە دەورەی دابون، وە لە قوچەی کێوە بەرزەکان پەستاوتبون، خۆیان لەو تەپکەیە دەرهاوێژت کە بۆیان دانرابوو، ڕۆشتن گەیشتنە کێوەکانی سنوری تورکیە لە نزیک گوندی انیە لە باکوری تەرگەوەر سەرکردەکانی تورکیا لەوە ئاگاداربوونەوە پێشیان پێگرتن، وە چون بۆ سنوری ئێران و داخل بەو خاکەبون، نوسراوێکی سەرکردەی لەشکری چوارەمی ئێرانی ناردبوی کە دەبێتە هۆی ئەوە کە عفو عامی شا لەبارەی کوردەکانی ئێرانەوە داویەتی بەرئەویش بکەوێت حکومەتی ئێران پەنای بداتە لای خۆی وەکو کوردەکانی ئێران بۆ خۆی لەژێر چاودێری

حکومەتدا گوزەران بکات .... لە جوابی مەلا مستەفا ئاگاداریمان پەیداکرد کە ئێمە لەبزوتنەوەیان دڵنیا نەبین، ئەوا فەرمانم پێدان کە ژوانگەیەک دانێن بۆ چەک و خۆبەدەستەوە دانیان" (خ٢،ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە، ژ٢٨ : ٣). ئەم وتارە باس لەوە دەکات سوپای عێراق ویستویەتی مەلا مستەفا و پێشمەرگەکانی دەستگیر بکات، بەڵام ئەوان دەربازیان بووە و چوونەتە تورکیا و لەوێش نەگیرساونەتەوە و چوونەتە ئێران. دواتر پەیامی ئاشتی بۆ مەلا مستەفا نێردراوە لەلایەن ئێرانەوە، بەڵام ڕەتی کردووەتەوەو پێی ڕازی نەبووە. لە وردبونەوەی وتارەکە دەردەکەوێت میللەتی کورد لە پێناو بەدەستهێنانی مافی گەل لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەوروبەری، کە (عێراق، ئێران، تورکیا) بوون، لە بەربەرەکانیدا بووە.

بابەتێکی تری دەنگی گێتی تازە کورتەی هەواڵی سیاسی و ڕۆژانەیە. بێگومان دەبێت ناوەڕۆکی هەواڵ، پێوەری گرنگی هەواڵ و ڕۆژنامەکە بێت و پێویستە ناوەڕۆکێکی گەرمی هەبێت و سەرنجی زۆرینەی خەڵک بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. جا چۆن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا پەخش دەکرێت، لەم ڕۆژنامەشدا بەو شێوەیە نوسراوەتەوە و ناونیشانەکەی بریتییە لە (هەواڵی ناوخۆیی، لەهەفتەیەکدا)و بابەتی هەواڵی گەرماوگەرمی بڵاوکردۆتەوە.

پۆلێنی هەندێک لە وتارە سیاسی و جەنگییەکانی ناو گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ئەمانەن:

- ڕۆسایانی کورد لە ئێران (خ٢، ڕۆژنامەی دەنگی گێتی،ژ١١: ١)
- یازدە کوردی ئازادیخواز لەقەنارە دران (ژ١١،: ٤)
- هۆی نەگەشتنە ئارەزوی و بەهەڵەچونی ڕوس لەکوردستان (ژ١٣: ١)
- مەلا مستەفای بارزانی (ژ١٥: ٤)

## 4. وتاری پەروەردەیی:

پەروەردە وەک کولتوورێک بە یەکێک لەبنەما سەرەکییەکانی ڕێگای سەرکەوتن دادەنرێت. پەروەردەی دروست و باش لەلایەن خێزان و قوتابخانەوە نەوەیەکی تەندروست و بەسود بەرهەم دەهێنێت، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تاکێک، کە زیرەکی کۆمەڵایەتی زۆردەبێت و زیرەکییەکەی دەخاتە خزمەتی کۆمەڵگاوە. ئەم پەروەردەیەش زۆر لایەن دەگرێتەوەو دەتوانرێت بەڕێگای جیاواز لەڕێگەی خێزان و کۆمەڵ و ڕێکخراو و قوتابخانەو... هتد گەشەی پێ بدرێت. یەکێک لەو لایەنانە (خوێندن)ە، پاشان ژینگەی قوتابخانەو دەوروبەر دەورێکی سەرەکییان هەیە بۆ هۆشیاری تاک و کۆمەڵ و بەرهەمهێنانی تاکێکی خوێندەوار. لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا کۆمەڵێک وتار سەبارەت بە خوێندن و خوێندەواری بڵاوکراونەتەوە.

(حەسەن شێخ مارف) لە وتاری (خوێندەواری)دا لە خوێندەواری دەدوێت و دەڵێت: "ئەو سەربازەی بەشێکی لەخوێندەواری نەبێ لە جەنگدا بەکەڵک نایەت چونکە نازانێ بۆچی شەڕ

ئەکاو چۆن شەڕ ئەکا، ئەو پزیشکەی بەشێک لەزانایی و ئەدەب و خوێندەواری نەبێ بۆ پزیشکی دەست نادات پێش ئەوەی پزیشکی میکانیکی بێت پێویستە پزیشکی خوێندەواربێ، ژن ئەگەر خوێندەوار نەبێ ناتوانێ ببێ بە دایکێکی چاک ناتوانێ ببێت بەخاوەن خێزانێکی پێگەیشتو، خوێندەواری هەمو شتێکی ژیانە ئەگەر ئەتەوێ ببی بەپیاو- هەموو پیاوێک زۆر پێویستە خوێندەوار بێت" (خ١، ژ٢، ب٢: ١١٣)

سەرچاوەی سەرەکی خوێندەواریش لەناو هەموو میللەتاندا لەڕێگەی کتێب و نامە و توێژینەوە کۆکراوەکانەوە بووە بۆ فراوانبوونی زانیاری و ئاگاداربون لەڕابردوی مرۆڤایەتی. گرنگی نامە و کتێب، وەک بابەتێکی پڕ بایەخ لەدەنگی گێتی تازە باسکراوە. (خدووک) لە وتاری (نامە کۆکردنەوە)دا باسی گرنگی خوێندن و خوێندەواری دەکات و بەرچاوڕونییەکی لە ئایەتی قورئانی پیرۆز داوە و دەڵێت "خودا دەفەرموێ، اقرأ باسم ربک الاکرام الذی علم بالقلم علم الانسان مالم یعلم، ئەوەی کە لە بابەت هونەری نوسین و خوێندنەوە و ئارەزووی و مەبەسی و سودی و کەڵکی نامەوەیە خوداوەندی پەروەردگار لەقورئاندا فەرمویەتی، ئەوەیە بۆ خوێندەوارە کوردەکان لەوە زیاتر ناتوانم شاهیدێکی تربدۆزمەوە کە نووسین و خوێندن و کتێب و نامە کۆکردنەوە چەندە بەکەڵکە و بۆیان ئاشکرا بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوانەی بەڕەوانێکی نیشتیمان پەرستی و میللەتی یەوە هەریەک لەقەومەکان بۆ لەناوچون و پاراستنی کتێب و نامەی میللەتەکان تێکۆشاون، ئارەزویان کردوە، ئیش و کارو چی ڕەوشت و دەستوریکیان بەکاربردوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا چۆن پێک هاتون نامەیان لە گرانتر پایەی نرخ دا ڕاگرتووە، کە ئەم نامە ڕیزە زنجیرەی هۆش و زانین و تێگەیشتن و هەست پێ بردنی نەتەوەکانە لەڕۆژی ئاشکرابونی نوسینەوە تا ئەمڕۆ گەوهەری عەقڵ و تێگەشتنی مرۆڤی تێدا کۆکراوەتەوە" (خ١، ژ٥، ب٤: ٣٩٣). نووسەر لە بابەتەکەیدا گرنگی بە هۆشیارکردنەوەی خوێندەوارانی کورد دەدات بۆ پاراستنی بەرهەمی مێشک ڕوون و هۆشیارەکانی کورد، کە بەشێکی گرنگی کولتووری کوردن.

پەروەردەی خێزان بناغەیەکە بۆ ناسینی منداڵ "دەرئەنجامی ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دایک و باوک کراوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئاستی تێگەیشتن و زیرەکی ئەو منداڵ و هەرزەکارو لاوانەی لە خێزانی ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو ئابوری باش دا پەروەردە دەبن بەرزترە لە ئاستی تێگەیشتنی ئەوانەی لەژینگەی هەژارو تێنەگەیشتودا پەروەردەبون" (شەریف، ٢٠٠٨: ١٨٩)

ڕۆڵی سەرەکی دایک و باوک خوە سەرەتاییەکانی منداڵ بە باش و خراپی یەوە دەسازێنێت .لە وتاری (منداڵەکانتان فێری ژیان کەن)، کە ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە. دەڵێت: " پیاو لە

منداڵییەوە دەستورێکی باش نەگرێتەبەر بەگەورەیی توشی ناگوزیری و پەرێشانی دەبێت چونکە دار بەشوڵی نەبێت ناچەمێ، بێگومان قوتابخانەی سەرەتایی واتە بناغە دامەزراندنی سەرەتای زیندەگانی باوەشی دایکە پەروەرشتی باوکە، ئەو دوو دەستە بەچاکی جێگیر نەبێ کۆشکی تەمەن لەسەر پوچی دادەمەزرێنرێ دیواری شەق و پەق دەبێت" (خ٢، ژ٦، ب١: ٢٠٩) وتارێکی پەروەردەیی گرنگە پێمان دەڵێت چۆن منداڵەکانمان فێری ژیان بکەین لەڕێگەی دانانی پلانێکی گونجاو بۆ ژیانی ڕۆژانە.

وتارێکی تری دەنگی گێتی تازە بەناوی (سەرکەوتنی منداڵ)، ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە. جەخت لەسەر سەرکەوتویی منداڵ دەکاتەوە، کە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی وڵات، ئەویش لەڕێگای پەروەردەی دروستی منداڵ دەبێت بە شێوەیەک "پێویستە لەسەرمان کەوا منداڵ زۆر جوان پەروەردە بکرێ ڕێگایەکی خاوێن وەربگیرێ بۆ پێگەیاندنی، منداڵ عەقڵێکی زۆر بەقوت و ساغی هەیە چونکە هیچ نازانێ لە بابەتی ژیان و هیچ لە ژیان نازانێ وائەزانێ گێتی لەبەرخاتری ئەو دانراوە و نازانێ زەحمەت و خۆشی و ناخۆشی و سەرکەوتن و کەوتن چییە لەبەرئەوە لە منداڵیدا چۆن و بەچی جۆرێ پەروەردە بکرێ ئەوە ئەبێت بە وێنەیەک لەبەرچاویا هەتا مردن لەبیری ناچێتەوە) (خ٢،ژ١٥، ب١: ٤٥٠) نووسەر لەم وتارەدا جەخت لە گرنگی کولتووری پەروەردەکردنی منداڵ دەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی جوان بێت بۆ ئەوەی ئەو پەروەردە جوانە بە درێژایی تەمەنی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیدا ڕەنگ بدەنەوە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەبێ کەسانی دەوروبەری ناتوانێت هەڵکات و بژی، یەکێک لەو کەسانەی بێجگە لە خێزان و دایک و باوک و منداڵ و هاوسەر مرۆڤ پێویستی پێیەتی (هاوڕێ)یە، لەنێوان هاوڕێشدا دڵسۆزی و متمانە گرنگە. لەم ڕووەوە وتاری (دۆستیی و ئاشنایی) لەلایەن (نەوەی کاتب عزالدین)ەوە نوسراوەو لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە. نووسەر لە وتارەکەیدا دەڵێت: "دۆست عەیبێک یا ڕەخنەیەکی مرۆڤ ببینێ بە پەنهانی پێی ئەڵێ بەڵام بڵاوی ناکاتەوە لەبەرئەوە کە عەیبێکی دەستەبرای، هاوڕێی خۆی دی بەبێ دەنگی دەچێتە لای و پێی ئەڵێت و وشیاری ئەکاتەوە، ئەگەر لەناو ئەم و ئەودا ئەو کەموکورتییەی لێ ئاشکرا بکا بێگومان ئەوە ئاشکراو دیارە دەیخات و سوکی دەکات، مەرجی دۆست مەنفەعەت پەرستی نەبێ لەبەرامبەر یەکتری وەفا و مروەت نیشان بدەن، کەموکورتی و گوناهی یەکتری بە چاوێکی لێبوری و پۆشینەوە ببینن... نەوەک هەر لەدەمی پێویستی و تەنگیدا خۆشەویستی و دۆستی و ڕاستی بنوێنن بۆ کێشانی سودی خۆیان، بەو جۆرە کەسانە ناوترێت دۆست" (خ٢، ژ٩، ب١: ٢٩٦). لەم وتارەدا بە شێوەیەکی گشتی جەخت لە گرنگی کولتووری هاوڕێیەتی و بوونی هاوڕێی باش و دڵسۆز دەکاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی چەند وتارێکی پەروەردەیی بەسود لەم ڕۆژنامەو گۆڤارەی دەنگی گێتی تازەدا دەربارەی گرنگی دان بەپەروەردە بڵاوکراوەتەوەو ڕیزبەندی بابەتەکانی ئەمانەن.

- پەروەرشت (تربیە) (نەوەی کاتب عزالدین) (خ٢،ژ٩،ب١: ٢٩٤)
- خۆشبەختی بنکەی سەرکەوتنە (محی الدین نەژاد) (خ٢،ژ١٤،ب١: ٤١٩)
- یاریدەدان چاکەی لەشوێنە ( م.ع دڵسۆز) (خ٢،ژ١٧،ب١: ٤٩١)
- ژیان بەزانستەوە بخوازە (حوزنی موکریانی) (خ٢،ژ٢٧،ب٢: ٦٩٣)
- ڕەوشت و خوو (حوزنی موکریانی) (خ٢،ژ٣٠،ب٢: ٧٤٧)

## 5. وتاری تەندروستی:

لە سەرەتای ژیانەوە مرۆڤ لەم سەر زەوییە ژیاوەو توشی ئێش و ئازار و دەرد بۆتەوە، لەپێناو باشبوون و بەربەرەکانێی لەگەڵ نەخۆشی و ناتەندرووستی جەستەیی و ڕوحی و دەروونی تێکۆشاوە، بۆ بەگژاچونەوەی دوژمنی هەرە گەورەی ژیانی بەردەوام بەدوای چارەسەردا گەڕاوە بۆ بەدەستهێنانی تەندروستی و خۆش ژیان. دەنگی گێتی تازە چەن وتارێکی دەربارەی تەندروستی بڵاوکردۆتەوەو گرنگیی بەم لایەنەش داوە.

(بێزار) لە وتاری (نەخۆشییەکانی منالّ)دا، سەبارەت بە نەخۆشییە جەستەییەکان ئامۆژگاری و پەیامی بۆ دایک و باوک دەخاتەڕوو، چونکە ئەوان بەرپرسی یەکەمی پەروەردە و لایەنی تەندروستی منداڵن و دەبێت بەهۆی هەندێ نیشانەوە بزانن منداڵەکەیان نەخۆشە، چونکە منداڵ لە ڕێگەی گریانەوە ئێش و ئازاری جەستەی دەردەبڕێت و ناتوانێت گوزارشتیان لێبکات. نوسەر لەم وتارەدا ئاماژە بە چەند جۆرێکی نەخۆشی منداڵ دەکات، وەک (چاوئێشە، گوێچکەئێشە، ئیلتیهابات لوت، ئاڵوکەوتن (قورگ ئێشە)، کۆکەڕەشە، سورێژە، سک ئێشەو ڕشانەوە...) هەروەها دەرکەوتنی نیشانە سەرەتاییەکانی ئەم نەخۆشییانەی باسکردووە و نمونەیەک لەوانەی باسکراوە گوێ ئێشەی منداڵە، کە لەم دۆخەدا منداڵ دەگری و سەر ڕادەوەشێنێ، پێویستە لەسەر دایکەکە هیچ شتێک نەکاتە گوێی منداڵەکەوە- بەوێنە ڕۆنی شلەتێن ، ئەو ڕۆنە ناهێڵێت دکتۆرەکە باش تەماشای گوێی منداڵەکە بکات و نەخۆشییەکەی بدۆزێتەوە بزانێ باری پەردەی ناوەوەی گوێچکەکە چۆنە (خ١، ژ١، ب٣: ٢٧). نووسەر بە گرنگی زانیوە بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییانە سەردانی پزیشک بکرێت. ئەوەی لەم وتارەدا بەرچاو دەکەوێت بڵاوکردنەوەی کولتووری خۆپارێزی و هۆشیاریی تەندروستی یە.

ئەم بارودۆخە ناهەموارەی تەندروستی زیاتر لە لادێکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بۆیە لە وتارێکی تری دەنگی گێتی تازەدا بەناوی (سیحەتی دێهات)، (محمد ڕەشید دزەیی) ناخۆشی و ناهەمواری ژیانی لادێ و دواکەوتویی دەخاتەڕوو، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە لە کاتی

نەخۆشی (تاوزکی، چاوئێشە، گرانەتا، سک ئێشە، لەرز، سەرئێشە ...)دا خەڵکی دێهاتەکان پەنا بۆ دکتۆری کوردەواری دەبەن و دەیانەوێت بە دەرمانی کوردەواری چارەسەریان بکەن. لەم وتارەدا وەکو ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی چارەسەرەکان بەباش نازانێت، بەشێوەی تەنزئامێز لێی دەدوێت و دەڵێت: "ئەگەر کەسێک گرانەتای بێت بانگی مامۆستا دەکەن، مامۆستاش داوەبەنێک یاخود داوەدەزویک هەوت گرێی لێ ئەدات لە دەستی نەخۆشەکەی ئەبەستێ چەن فویەکیشی لێ ئەکا ئینجا لەژێر پێخەفەکەی درێژی ئەکەن یا ئەمرێ یا چا ئەبێ" (خ١، ژ١، ب٤ : ٤١ ). باس لەوە دەکات زۆر جار بۆ لە ناوبردنی ئێش و ئازار پەنایان بردۆتە بەر دوعا و موعجیزە و ئەو جۆرە شتانەی پەیوەندییان بەدەروونەوە هەیە. بێگومان ئەمەش کولتوورێکی دواکەوتوو بووەو نووسەر ویستویەتی بەرچاوی خەڵک ڕۆشن بکاتەوەو واز لەم جۆرە کارانە بهێنن.

هەر سەبارەت بەم بابەتە وتاری (تاو لەرز) لەلایەن (ڕەشید موفتی)یەوە لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە، کە گفتوگۆی (مەلا بامیە و مام ئاودل)ە. ئەم وتارە بە دەربڕینی نەخۆشیەکەی مام ئاودل و چارەسەرە کوردەوارییەکانی مەلا بامیە دەست پێدەکات. مام ئاودل دەڵێت "من هەمو ئەوانەم کردوە چاکیش نەبومەتەوە بەڵام دوێنێ توشی پیاوێک بوم ناوی مەتگەبلی بوو هۆکاری نەخۆشیەکەمی گەڕاندەوە بۆ مێشولەی  ئەو ئاو و زۆنگاوە پیسانە کە هەیە زۆر کەسیش توش بونە، دەستیگرتم و بردمی بۆلای ئەو کابرایەی پێیان دەگوت دختۆر، دختۆر ئەفەندیش سێ شوشەی هێنایە پێش خۆی لە هەر جۆرێک ئاوی تێکردنە پیاڵەیەکەوە دایمێ، خواردمەوە ئاوێکی تاڵ و ترش دەتوت زەهری مارە، دەستی برد دەرزیەکی لەڕانم دا بەڵام ئێشی دەرزییەکە دەتگوت چوزکەی ژەنگە سورەیە ئێستا زۆر باش هاتومەتەوە سەرخۆم هەروا بەرەو چاکبونەوە دەچم (خ١، ژ٤، ب٤ : ٣٥٩). ئەم وتارە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگایە بۆ ڕووکردنە ئەو چارەسەرانەی لە ڕێگای زانستییەوە بەدەست دەهێنرێن.

لە وتاری (ئەتەوێ بەختیاربیت)دا (خالید سەعید) گرنگی سیستەمی خواردن بۆ دەستەبەرکردنی تەندروستییەکی گونجاو دەخاتەڕوو. کۆمەڵێک ئامۆژگاری دەربارەی خواردن و هەڵسوکەوتی ڕێک بە سیستەمی گونجاو باسکردووە "بۆ خواردن نانەکەی لە گەنمی ڕووت بێ، تا بە تەواوی برسی نەبێت نەیخوات .... ڕاستەوخۆ لەپێش نوستن یا لە پێش دەستکردن بە ئیشێکی گران خواردن نەخوات، ئەوانەی  لاوازن خواردنێ نیشاستەی زۆرە بیخۆن، ئەگەر ئەتوانێت لە باتی شەکر هەنگوین بخوات، ئەگەر خواردنی خواردبوو برسی بووەوە میوە خواردن زۆر باشە .... خۆی فێری دەرمان خواردن نەکات تا زوو زوو پێویستی نەبێت، زەڵاتە خواردن باشە ئەگەر لەو میوانە بێت بەکاڵی ئەخورێن ، سەوزە و میوە و گوێزو بادەم زۆر بخوات، لەباتی چاو قاوە شیر بخواتەوە .....هتد"  (خ٢، ژ٩، ب١: ٣٠٠).

ئەو وتارانەی پێشوو بەگشتی باسی تەندروستی جەستەییان کردووە، بەڵام لە چەند وتارێکی تردا باسی تەندروستی دەروونی کراوە، کە کاریگەریی دەروونی دەبێتە هۆی ئاسودەیی یان بەدبەختی. بۆ نمونە لە وتاری (ئەزانیت چۆن ئەژیت)دا (دکتۆر ئەلەکسیس کارل) دەیخاتەڕوو چۆن "ئەندامەکانی لەش و هەستەکانی (یەکەیەک) پێکەوە دەنێن یەک بەیەکەوە بەستراون و تۆڕێک ڕەگی ورد و درشتیان دروست کردووە هەروەها پڕن لە هۆرمۆنات ئەمانە ئەوعونسوری کیمیاییە غودەکان بۆ هەمو لایەکی لەشی دەنێرن تەندروستی ڕاست ئەوەیە پارێزگاری ئەم شتانە بکرێ ، بەوێنە گرژبونی ڕەگەکان و کەموکوڕی سوڕانەوەی بەهۆی ئەو گرژبونەوە زیانێکی زۆر بەتەندروستی دەگەیەنێت، هەروەها ئەگەر توڕەبون یاترس یاخەمخواردن ڕەگەکانی دڵ وڕیخۆڵەکانیان گرژکرد زیانێکی زۆریان دەبێت بۆ تەندروستی، زۆر نەخۆشی هەیە وەک نەخۆشی (دیق) تاو دەکاتە سەر مێشک و دور نییە ئەو کەسە شێت بکات بەپێچەوانەی ئەوە خەمخواردن و پیشخواردنەوەش زۆر جار ماعیدە و ڕەگەکانی لەش ئازاردەدەن" (خ٢، ژ١، ب١ : ٣٧).

شارەزایی لە کار و کردەوە مەرجی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن، کارو ئیش بێ سەرنجدان و شارەزایی ئەنجامی پەشیمانی و پێنەگەیشتنە، پێویستە پێش دەستکردن بەهەر کارێک لێکدانەوە بۆ سود و زیان و چاکە و خراپەی کارەکە بکرێت. لێرەوە وتاری سەرگوزەشتەی دکتۆر و شاگردەکەی نیشان دەدرێت، لە وتاری (سەرنج بدرێتە کارێک پەشیمانی لەدوا نابێ)دا دەڵێت: "دەگێڕنەوە لەنێو کوردەواریدا پیاوێکی زۆر زانا و برین تیمارکەر هەبوو، ڕۆژێک نەخۆشێک دەبەنە لای تا تیماری بکات ، بە زانستی خۆی بۆی ئاشکرا دەبێت دوپشک چۆتە نێو کاژەڵەی سەری، لەبەرئەوە کاسەی سەری هەڵدەگرێت، دەبینێت دوپشکەکە چنگی لەسەر پەردە ناسکەکەی مێشکی گیرکردووە، دەستی دەداتە (ماشە)کە تا پێی بگرێت و فرێی بدات . شاگردی وریا چاوی لێ دەبێت ، زوو دەستی مامۆستاکەی دەگرێت پێی دەڵێت چی دەکەیت دەتەوێ نەخۆشەکە بکوژی ، گوتی نەخێر دەمەوێ ئەم دووپشکە لە مێشکی نەخۆشەکە بکەمەوە ، شاگرد ووتی تۆ ویستت بیگریت ئەو بەتین تر پەنجەکانی لەو پەردە تەنکە توند دەکات و پەردەکە دەدڕێت پەردەکە دڕا مێشک بڵاو دەبێتەوە و نەخۆشەکە دەمرێت، شاگرد زوو دەستی برد و (جفتە ) کەی لێوەرگرت و خستیە سەر ئاگر تا گەرمبوو، لەسەرخۆ خستیە سەر پشتی دووپشک و گوشی دووپشک لەجێی خۆی دەستی شل کرد، بە ئاسایی گرتی و فڕێیدا، وەستا ئافەرینی لێکرد و دەستیان دایە تیمارکردنی کابرای نەخۆش و چاکیانکردەوە" (خ٢، ژ١٤، ب١: ٤١٧). هەرچەندە ئەم وتارە زیاتر چیرۆکێکی دروستکراوە و پەیامێکە بۆ هەموو کەسێک بە

ورياييەوە مامەڵە لەگەڵ ژیان بکەن، بەڵام پەیامێکی تایبەتی بۆ دکتۆرەکان تێدایە، کە مامەڵەیان لەگەڵ نەخۆشدایە و ژیان و مردنیان بەڕاستی و هەڵەی ئەوانەوە بەندە .
ئەو وتارانەی باسکران و تایبەتن بە بواری تەندروستی و چارەسەر و خۆپاراستن، دەرخەری ئەوەن دەنگی گێتی تازە لەپاڵ کایەو بوارەکانی تردا، گرنگیی بە کولتووری پاک و خاوێنی و خۆپارێزی و تەندروستیش داوە.

## 6. وتاری زانیاری:

لە دەنگی گێتی تازەدا گرنگی بەو وتارانەش دراوە، کە تایبەتن بە پێدانی زانیاری گشتی لەبارەی ژینگە و دەوروبەری مرۆڤەوە. ئەمەش بەو مەبەستەی مرۆڤ بتوانێت سودیان لێ وەربگرێت بۆ ژیانی خۆی. سەبارەت بە بەرگری کردن و تەبایی لەنێوان ئاژەڵان سیستەمی چۆنیەتی لەوەڕ. لەوتاری (بزنە کێوی وڕاوکردنی)، کە ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە زانیاریمان دەداتێ لە کێوە بەرزەکانی کوردستاندا بزنە کێوی هەیە بۆ هاتوچۆو لەوەڕ ڕەوشتێکی تایبەتی هەیە، کاتێک بە کۆمەڵ دەگەنە مێرگە و گیاجاڕێک، لە پێشدا نێرەیەک بە پێشڕەوی دەچێتە سەر جێگایەکی بەرزی ئەوتۆ، کە بزنەکانی تر و دەوروبەریان ببینێ و ئەوانیش لەناو گیاجاڕدا ئەویان لێوە دیار بێت. لەو بەرزییەوە پاسیان دەکات و بەپێی دەستوری خۆیان ئاگاداریانە. لە دورەوە ڕەشاییەک یان پیاوێک یان دڕندەیەک بەرەوڕوویان بێت، ئەو نێرە دوو جار دەپژمێنێ و گوێیەکانی قوت دەکا و قیت ڕادەوەستێ و ڕوی خۆی دەکاتە ئەو لایەی بۆ هەڵهاتن و خۆڕزگارکردن دەرفەتی هەیە. لە یەکەم پژمیندا ئەوانەی هاوڕێی هەموو دەم لە لەوەڕ بەردەدەن و سەر بەرزدەکەنەوە، نێرەکە دەبینێت هاوڕێیەکانی بینیویانە و چاویان تێبڕیوە، چەند تینی تێدایە دەیداتە خۆی و بەرەو ڕێگەی ڕزگاری بازدەدات، ئەوانی تریش هەموو بەجارێک دەپژمێنن و قەڵانباز دەدەن و بۆی دەردەچن (خ٢، ژ١، ب١: ٣٨). لەم وتارەدا زانیاری سەبارەت بە ئاژەڵی کێوی کوردستان بە خوێنەر دەدات و باسی چۆنیەتی ژیان و خۆپارێزییان دەکات.

جگە لە زانیاری دەربارەی ئاژەڵان، زانیاریش سەبارەت بە ڕووەک و بەروبوومەکانی بڵاوکراوەتەوە، بە تایبەتی توتن، چونکە یەکێکە " لەو ڕوەکە گرنگانەی لە کوردستان دا هەن توتنە، لەو بەراو و زەوییانەدا بەکەڵکی توتن دێن ماوە هەیە نزیکە ٢٥-٣٠ ملێون کیلۆ توتن بهێنرێتە بەرهەم ئەگەر دەسەڵاتی توتنەوانەکان زۆربکرێن و دەستگیرۆیی بکرێن"(هاوار، ٢٠٠٨: ١٤١). لە دەنگی گێتی تازە شوێنی ئەو توتنە و بایەخی بڵاوکراوەتەوە "چاکترین خاکی پڕ سود و بەکەڵک بۆ بەرهەمهێنانی توتن خاکی قەزای ڕەواندزە خاکێکی شایان و ڕێک و پڕ پێزە بۆ

بەرهەمهێنانی توتنی هەرەباش و نایاب و ڕەنگ جوانی بۆنخۆش و بەستێن و خۆگر هەرچەندە توتنەکەی کۆنتربێت بە تامترو خۆشتر دەبێت. توتن کارەکانی ئەو قەزایە شارەزایی باشیان هەیە بۆ ئەوەی توتنەکەیان چاک و نایاب بێت خۆیان ماندو دەکەن" (خ٢، ژ٣، ب١: ١٥٧)

ئەم هەموو زانیاری و ڕۆشنبیرییە لەجیهانی مرۆڤایەتیدا دەنوسرێتەوە و بڵاودەکرێتەوە بەرهەمی بە برشتی (قەڵەم)ە لەو ڕۆژەی پەی بە دۆزینەوە و بەکارهێنانی (قەڵەم ) براوە، زانست و زانیاری بوارە جیاجیاکان لە مەترسی فەوتان و لەناوچوون پارێزراون، لە دەنگی گێتی تازەشدا لەوتاری (چلۆنی دروستکردنی دێرێکی قەڵەم)دا ، کە ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە. زانیارییەکان بەپێزتر بووە و بە پێی سەردەمەکان جۆری قەڵەمەکان و مادە و بەکارهێنانی گۆڕاون. "بۆ لەسەر شتی سەخت و ڕەق نووسین قەڵەمی ئاسنین و خەیزەران بەکاربراون بەڵام بۆ لەسەر شتی نەرم نووسین وەکو پاپیرۆس و پێست لەقامیشیان تاشیوە بۆڕاگرتنی مەرەکەب سەریان قەڵاشتوە، بەکاربردنی ئەم قەڵەمی قامیشە لەناو کوردەکان دا زۆرباو بووە ئێستاش هەرباوە خۆش نویسەکان و مەلاو فەقێ یەکان هەر بەوە دەنوسن ئەو قامیشە بۆ نوسین بەکاردەبەن لە گەلێک جێگایانی کوردستان دا هەیە ڕەنگی سور باریک و قەفە کورت دەبێ، مەرەکەبەکەی بۆ دەکەنە مرکەب دانەوە کە لە مس و زیو یان کاشی شوشە بووە"(خ٢، ژ٢، ب١ : ١٤٣). لەم وتارەدا قەڵەم و جۆرەکانی قەڵەم و مەرەکەبەکەی باسکراوە. بێگومان گرنگیی قەڵەم لەوەدایە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو بیرەوەرییە لەنێو مێشکی کەسێکی خوێندەواردایە بیخاتە سەر کاغەز سوودی بیرو بیرۆکەکەی بگەیەنێت. دواتر چاپ داهێنراوە، گرنگی و بایەخی چاپخانە لە دەنگی گێتی تازەدا بەرزنرخێنراوە و هانی کورد دەدات گرنگی بە چاپ بدەن و چاو لە نەتەوەکانی تر بکەن، ئەمەش لەڕێگای وتاری (شارەزای کە بتگەیەنێتە هەوارگەی دڵخوازی خۆت چی یە؟)ی نووسەری (حوسێن حوزنی)یە، کە تیایدا دەڵێت "لەنێو نەتەوە بەختەوەرەکان دا ئەوەندە چاپ سەرخراوە نزیک بەئاسمان بۆتەوە کاکی من تۆ دەبێت باش بزانی و تێبگەی کە نامە و نوسراو ئاشکراکردن بەخێوکردنی ئەو بیرەوەرییە ڕاستەقینانەیە، کە مرۆڤ هەستی پێدەکا جا ئەو هەستە بۆ پیشەگەری، دڵداری، سەربوردە، بەسەرداهاتو، مێژووکار، هونەر، هەرچێتێکی دیکە بێت دەبێ ئەو نوسراوانە پتر بکرێت بۆئەوەی بگاتە دەست هەمو کەسێک ئەوە بەچی دەبێت بەچاپخانە، چاپخانە ئەو هەموو ئارەزوانە دەتوانێت بەکەم وەختێک جێ بەجێ بکات" (خ٢،ژ٣٢،ب٢ : ٧٨٧).

جگە لەو بابەتە جۆراوجۆرانەی باس کران، لە دەنگی گێتی تازەدا ئەم وتارانەی خوارەوەش بڵاوکراونەتەوە، کە تایبەتن و بە زانست و زانیاری لەبارەی ڕەهەندە جیاوازەکانی مرۆڤ و ژیانەوە:

- ئیرادە ویستن چییە (بێ ناوی نووسەر) (خ٢،ژ٥،ب١: ١٨٣)
- سەعاتە سەمەرەکانی گێتی (بێ ناوی نووسەر) (خ٢،ژ١٦،ب٢: ٤٧٥)
- کۆن فۆشیوس (م.نریمان) (خ٢،ژ٢٣و٢٤،ب٢: ٦٣٦)
- ژن ومێرد کەیەکێکیان مرد ئەویتریان چی دەکا ( شێرزاد) (خ٢،ژ٢٣و٢٤،ب٢: ٦٣٨)
- هنری پێنجەم (شازادەو قازی) (دەرویش عەبدوڵڵا جبار) (خ٢،ژ٢٣و٢٤،ب٢:٦٤١)
- ڕێگای ڕاست بۆگەشتنەئاوات مەتبوعاتە (بێ ناوی نووسەر) (خ٢،ژ٣٣،ب٢: ٨٠٧)
- دێریکی نوسین و ڕۆژنامە بەزمانی کوردی (بێ ناوی نووسەر) (خ٢،ژ٧،ب١: ٢٣٥)
- کارنامەی ڕزگاربون لەلافاوەکانی ڕوبارەکانمان (ب. ع. دلێر) (خ٢،ژ١١،ب١: ٣٤٥)

## 7. وتاری مێژوویی:

هەموو نەتەوەیەک خاوەن کولتووری تۆماری مێژوویی خۆیەتی بۆ شارەزابون و ئاگاداربوون لە ڕابردوو، وەک وتراوە "مێژوو زانستی ڕەخنەگرتن و لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیە وەکو زانستی جیولۆجیا هەردوکیان شوێنەواری ڕابردوو شیدەکەنەوە و لێیدەکۆڵنەوە لەگەڵ بوونی تاکە جیاوازییەک ئەویش ئەوەیە، کەوا مێژونوس لە زانستەکەی خۆی دا ناچارە و بەڵکو پێویستە لە هۆی مرۆڤایەتی بکۆڵێتەوە و لێکیبداتەوە بۆ ئەوەی زیاتر لەڕاستی مێژویی نزیک بێتەوە" (ئەحمەد، ١٩٨٣: ٣٣). مێژوو ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە، دەربارەی کەسی ناودارو ڕوداوی مێژوویی دەدوێت. حوسێن حوزنی موکریانی وەکو مێژوونوسێکی بەتوانا لە دەنگی گێتی تازەدا جێ دەستی دیارە و زۆر وتاری مێژوویی سەبارەت بە کەسایەتییە دیارەکانی کورد بڵاوکردووەتەوە. ئەوەتا بە (هەشت) بەشی جیاواز لەلاپەڕە و ژمارەکانی گۆڤارەکەدا باسی (ئەمیرخان میری برادۆست، قەڵای دمدم، دەورەدانی قەڵای دمدم، پەلاماردانی قەڵای دمدم، پەلاماردانی سەر سارداو لەقەڵای دمدم....) دەکات. خانی لەپ زێڕین (ئەمیرخان میری برادۆست)بووە لەسەردەمی عومەر بەگی میری سۆران، لە جەنگێکدا ڕووبەڕووی دوژمن بۆتەوە، ئەمیرخانیش پاڵی داوە بە عمر بەگەوە. دەستی ئەمیرخان دەپەڕێت سەردانی شاعەباسی شای ئێران دەکات پاش ئەوەی ڕێزێکی زۆری لێدەگرێت، فەرمان دەکات بەزەڕەنگەرە بەناوبانگەکان دەستێکی لەزێڕی سور بۆدروست بکەن، ئیتر نازناوی خانی لەپ زێڕین وەردەگرێت و شاری ورمێ دەکاتە مەڵبەندی خۆی، لە بەرئەوەی قەڵایەکی کۆن و ڕوخاو بووە داوا لە شاعەباس دەکات ڕێگەی بدات قەڵایەکی تر دروست بکات بۆ بەرگری کردن لەبەرامبەر دوژمن. شاعەباسیش داواکەی پەسەند کردووە. باسی ئەو قەڵایەی تێدا کراوە لەڕوی دروستکردن و دیزاین و ئاو... کە قەڵای دمدم بوو لە پێنج قەڵای زۆر سەخت و دژوار

پێک هاتووە (خ١، ژ٤، ب٣ : ٣١٨). بەدرێژایی مێژوو هەر کارێک بۆ سوود و قازانجی کورد کرابێت، نەیار و ئاژاوەگێڕ دەستیان تێخستووە و بەربەرەکانیان کردووە. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی ئەو پەیوەندییە باشەی نێوان شاعەباس و خانی لەپ زێڕین هەروا نەمێنێتەوە. حوزنی لەبەشی دووەمی وتارەکەیدا باس لەوە دەکات دوژمنی قەڵای دمدم لە دووبەرەکی نانەوە هەر بەردەوام بووە "قزڵباشییەکان دژی دروست کردنی ئەو قەڵایە نامەیەکی دژ بە ئەمیرخان و قەڵاکەی دەدەن بە شاعەباس، ئەویش لەوەڵامدا بەرپەرچی نامەکەی پیربۆداقی دایەوە و ڕەتیکردەوە، بەڵام ئەوان بەوە وازیان نەهێنا تا ئامانجەکەیان بەدی هات) (خ١، ژ٥، ب٣: ٤١٩). حوزنی لەم زنجیرە وتارەدا بە شێوەیەکی گشتی باسی سەردەمی میرایەتی خانی لەپزێڕین و داستانەکانی دەکات.

لەگەڵ ڕوداوەکانی ڕابردوو مێژوو گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ژیانی کەسایەتییە مەزنەکان داوە، لەم ڕووەوە (حوزنی موکریانی) لە وتاری (ئەمین فەیزی بەگ)دا باس لە ئەمین فەیزی دەکات، کە مێژوونووسێکی بەتوانای کوردبووە، لە ژیان و خوێندن و پیشە و کارە ئەدەبییەکانی و تەندروستی و هاوڕێیەتی و مردنی دواوەو وەسفی کەسایەتی ئەم پایە بەرزەی کردووە (خ١، ژ٢، ب٤ : ١١٨).

کورد لەپارچە جیاوازەکانی کوردستان ژیاون هەر بەشێکی کوردستان خاوەن سیما و خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە لەگەڵ ئەوەی هاوخوێنن، بەڵام لە کولتوور و داب و نەریت جیاوازییان هەیە. تەنانەت لە ڕووی زوڵم لێکردنی کوردەوە، هەر پارچەیەکی لەلایەن ئەو وڵاتەوە چەوسێنراوەتەوە، کە نزیکە لێیەوە.

وتاری (کوردی تالیش )، کە لە نووسینی (حوزنی موکریانی)یە، بە (٥) پێنج بەش بەهەمان ناونیشانەوە لە خول و ژمارەکانی دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوەو تیایدا دەڵێت: "ناوچەی جوگرافی تالیش پارچەیەکە لە ئازەربایىنجان پیاوانی گەورەی تێدا بووە قوتابخانە و زانایان هەبو ئەمیرەکانیان حەسەن بەگ لە دەوری ئاقوقوینەل فەرمانڕەوایی کردوە، پاشایەکی سەفەوی زۆرجار داوای یارمەتی لێکردووە و یارمەتی داوە، دواتر ئەو پاشایەی سەفەوی لەدەستی ڕۆستەم میرزای ئاقوینول هەڵهات لە جەنگێک دا کوژرا، حەسەن بەگ تەرمەکەی ناشتوە و کوڕە بچوکەکەی بردووە بۆلای خۆی لەناو کوردانی تالیش پەروەردەی کردوە)(خ٢، ژ٧، ب١: ٢٣٩). لەسەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەویدا شای ئێران تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان کوردەکان و پیاوە گەورەکانی کوردی ئەم ناوچەیە چاندووە، بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەیان هەڵکەنێ. نەوەکو یەکبگرن و یەکێتی بهێننە ئاراوە ، هەوڵی لە ناوبردنی میرە کوردە گەورەکانی دا وەک هەمزەخان. چەندین ڕوبەڕوبوونەوەو جەنگ لە نێوانیان ڕویدا. لە کۆتاییدا

یەکێک لە سۆفییە قزڵباشەکان کەلێنی دەستکەوت، سەری هەمزەخانی بڕی و کەلەسەرەکەی برد بۆ شاعەباس (خ٢،ژ١١،ب١: ٣٤٧). نووسەر لەم وتارەیدا باسی ئەو ڕووداوە مێژووییانە دەکات، کە لەسەردەمی شاعەباسی سەفەویدا بەسەر کورددا هێنراون،

هەر سەبارەت بە بابەتی مێژوویی، لە وتاری (ئاوەدانێکی کاولبوو)دا، کە وتاری (داماو)ە، باس لە شوێنەوارە مێژووییەکانی هەندێ ناوچەی کوردستان دەکات. وتارەکە تێهەڵکێش و لەیەکچوونی زانستی مێژوو و جیولۆجیایەو تیایدا دەڵێت: "ئەو شوێنەوارە مێژووییانەی ڕوخاون و پێشتر ئاوەدانی بوونە ، دەستی مرۆڤی پڕ هێزو بەتین لەو شوێنە ژیاون هەموو خاوەن دەست و پێوەند و ماڵ و سامان و شان و شکۆ بوونە، بەردە گەورەکانی ئەو کەلاوانە بۆ هەموو ڕێبوارێکی دەخوێننەوە لەو کەسانە دەدوێن بەیەکێتی کۆیان کردۆتەوە لە هەولێر (قەڵای خانزاد) لە بەستورەکە سەردەکەوێ بە دەستەچەپدا قەڵای (بانەمانە) لە کێوی (بەنی پیرمام) چەن قەبرێک دەبینی، لە شەقڵاوە (قەڵای میرۆکە ) ...هتد لە گوندی هەریر ڕاست و چەپی شەقام و بەربناری کێو هەریەک نامەیەکی مێژووییان لە پێشە بۆ هاتوچۆکەرانی دەخوێننەوە بە تایبەتی سەرچاوەی کانی و مزگەوت و خوێندنگا کۆنەکانی نێو گوند. ڕوو بە باتاس چووی لەسەر بەردێک پەیکەری پیاوێک ڕاوەستاوە بە دەستی ڕاست ڕابردووی ئەو وڵاتە نیشان دەدات) (خ٢، ژ٢٨، ب٢: ٧١٤). لەم وتارەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی کەلاوەکان و ئەو قەڵا دێرینانە کراوە، کە لە دەوروبەری هەولێرن.

وەک دەزانین "شەرەفخان یەکەم کورد بووە مێژووی کوردی نووسیوەتەوە پاش شەرەفخان و لەڕێگەی بەرهەمەکەیەوە جەمیل وەریگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی و کوردی بەخوێنەری عەرەبی ناساند) (شوانی، ٢٠٠٩: ١٩٥). واتە جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی وەک ڕۆشنبیرێکی کورد یەکەم کەسە ئەرکی وەرگێڕانی شەرەفنامەی لەزمانی فارسییەوە گرتۆتە ئەستۆ و بەهۆی زۆری بەرهەمە بڵاوکراوەکانی لەدەنگی گێتی تازەدا نووسەرێکی ناسراوە. ئەم نووسەرە لە دەنگی گێتی تازەدا بە دوو بەش گرنگی و بایەخی ئەو مێژووەی بڵاوکردۆتەوە. لە وتاری (شەرەفنامە بەکورتی)دا دەڵێت: "(شەرەفنامە) لە هەموو ڕۆژهەڵاتا زۆر کەم بڵاوبۆتەوە هۆکەی ئەوەیە مێژوی کورد کاریگەری گەورەی نەکردۆتە سەر مێژوی ئاسیا سوود نابەخشی بەڕۆژهەڵاتییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا شەرەفنامە پلەیەکی کەم بەهای وەرنەگرتووە حاج خلیفە لە فەرهەنگی جهاتما دەربارەی جوگرافیا نووسیویەتی ، نامەی ریاض السباحە زین العابدین هێناویەتی بەرهەم، هەردوکیان لەشەرەفنامەوە زۆر زانیارییان هەڵهێنجانوە، پەیوەندی بەکوردەوە هەبێت، لەئەوروپادا یەکەم کەس ناوی ئەم مێژووە کوردی یە بردبێت ( دیریلو) ە بەدوو وتار لێی دواوە یەکێکیان (شەرەفخانی بەدلیسی) ئەوی تریان (دێریکی کوردان) ە.

میسوفراش یەکەم کەسێکە ساڵی ١٨٢٦ بانگی کەڵکداری ئەم مێژووە کوردییەی هەڵداوە" (خ٢،ژ٢٩،ب٢ : ٧٣٨).

لێرەدا ڕیزە وتارێکی مێژوویی تر دەخەینەڕوو، کە هەندێکیان بە چەند بەشێک لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراونەتەوە:

- ئەمیر شەرەفەدین محمد بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ١١ب١: ٣٥٠)
- کورد لەنوسراوی بێگانەدا (ب.ع. دلێر) (خ٢،ژ١١،ب١: ٣٥٥)
- کوردی سیامەنسور بە (سێ) بەش بڵاوکراوەتەوە (حوزنی موکریانی) (خ٢،ژ١٢،ب١: ٣٦٧)
- سەرزەوی ونەوەی ماد بە(دوو)بەش بڵاوکراوەتەوە (حوزنی موکریانی) (خ٢،ژ١٥ب١: ٤٤٠)
- گەشتێکی فریبا ستارک بۆ کوردستانی عێراق (ج.ب ڕۆژبەیانی) (خ٢،ژ١٩،ب١: ٥٣٥) بە(سێ)بەش بڵاوکراوەتەوە
- دەوڵەتێک دوستیک کورد بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ١٨،ب١: ٥٠٩)
- دەوڵەتی منشا (حوزنی موکریانی) (خ٢،ژ١٧،ب١: ٤٨٣)
- ئازەربایجان لەدێریکدا بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ١٧،ب١: ٤٨٧)
- دەوڵەتی جاندار ـ کورد (حوزنی موکریانی) (خ٢،ژ١٩،ب١: ٥٢٧)
- جەژنی نەورۆز (حوزنی موکریان) (خ٢،ژ٢١،ب٢: ٥٧١)
- پادشایانی شەدادیان (حوزنی موکریان) (خ٢،ژ٢٢،ب٢: ٥٩٥)
- کورد لەساڵانی ٩٩٠-١٠١٦ بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ٢٥و٢٦،ب٢: ٦٥٦)
- کوردی ڕۆژبەیانی بە (سێ) بەش بڵاوکراوەتەوە (حوزن موکریانی) (خ٢،ژ٣٠،ب٢: ٧٦١)
- نامەو نوسراوێکی دێریکی بەنرخ بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ٣٢، ب٢: ٧٩٧)
- مێژوی فەرمانڕەوایی ئەردەڵان (أسماعیل کوڕی ملا محمد، وەرگێڕ: حوزنی موکریانی) بە (دوانزە) بەش لە (ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراوەتەوە
- لاپەڕەیەک لە دێریکی کوردستانی موکری (حوزنی موکریانی) بە(هەشت)بەش لە (ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراوەتەوە.
- نەورۆز - بێ ناوی نووسەر بە(هەشت)بەش لە (ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین بڵاوکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی وتاری مێژوویی لە دەنگی گێتی تازەدا، ئەوە دەگەیەنێت گۆڤارەکە گرنگیی بە مێژووی کورد داوە.

جگە لەمە بەشی زۆری ئەو وتارە مێژووییانە لەلایەن (حسێن حوزنی موکریانی)یەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە. ئەمەش گرنگیدانی حوزنی دەگەیەنێت بە بابەتی مێژوویی و مێژووی کورد.

## پەخشانی ئەدەبی:

وەکو پێشتر وتومانە پەخشانی ئەدەبی دەربڕینی بیرو هەست وسۆزو ئەندێشەیە. لەدەنگی گێتی تازەدا کۆمەڵێک وتاری پەخشانی تێدا بڵاوکراوەتەوە و بە دەر لەو وتارانەیە پێشوتر خستومانەتە ڕوو. لەم وتارانەدا ئەندێشەو خەیاڵ بەشێوەیەکی فراوان دەبینرێت،

(حوزنی موکریانی) لە وتارێکی پەخشان ئامێزدا بە ناوی (خانزاد کۆشکێکی ڕەنگینی قەشەنگ)، بە شێوەیەکی ئەدەبی و بە زمانێکی بەرز باسی کۆشکێکی ڕازاوە دەکات و تیایدا دەڵێت: "ئەو کۆشکە بە نەخش و نیگارە دلگوشاو گیان بوژێنەرەوەکەی، تەلارەکانی بڵند شانیشینەکانی بەرز و فراوانی بە نیگار ڕازاندراوەکەی، پەنجەرە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شوشەبەند، بە شوشە ئاڵا واڵەکانی وەکو پەلکەزێرینە، ڕوناکی زەرد و سور و ڕەنگینی دەچێتە نیو وەتاخەکانەوە، دار و دیواری بەپرشنگ و تروسکە و بریقە جوانە دڵ فریوەکانی دەڕەنگاند بەتایبەتی بەیانیان گزنگی دەنگاوت، ڕۆژ لە شەرمەزاری قەشەنگی هەیوانە هەرە بڵندەکەی بەرەو کیوە قوچەکانی لەدارو بارو لێرەوارە تێکچرژاوە بێ وێنەکانی بەڕوو زەردی لای گۆشەی کۆڵەکەکانی دەدا) (خ١، ژ١، ب٤: ١٤).. لەم پەخشانەدا سەرەتا باس لە جوانی ئەو کۆشکە دەکات و بە بەهەشتی سەرزەوی دەچوێنێت. دواتر ئەو کۆشکە لە کەلاوەیەکی داڕماو زیاتر هیچی نەماوەتەوە، دوای ئەوە دێتە سەر باسکردنی کچێکی شۆخ و شەنگ و قەشەنگ بە ناوی خانزاد (سەرچاوی پێشوو).

(یەحیا چڕوستانی) بە بڵاوکردنەوەی پەخشانی ئەدەبی بەشداری لە دەنگی گێتی تازەدا کردووە. لە پەخشانێکدا بە ناوی (من و کەوێک)دا دەڵێت: "ئەی کەوی ژێر باڵ نەخشین گەردن بەخاڵ هاوڕێی غەمانم تۆ ئەو باڵدارە جوانەبویت کە بە عیشوەو خەرامەوە بە لەنجەولارێکی دلڕفێن لەسەر بەردی شاخە بەرزە سازگارەکانەوە کوسپەی میرگە ڕەنگینەکان لەگەڵ جووتە خۆشەویستەکەتا بەسەربەستی شێوەی دڵداریت بەجێ ئەهێنا هەموو بەیانییەک بەچریکە و قاسپە دڵگیرەکەت سازو سەمتوریکی خودا کردە لەگەڵ سروەی نەسیم دا ئەهاتیتە جۆش ، شاخ و دۆڵە سەختە بێ گیانەکانت دەهێنایە زمان بەوێنەی ئاوازە سازەکەت ئەوانیش هەریەکە لەلایەکەوە دەنگیان دەدایەوە) (خ٢، ژ٦، ب١ : ٢١٣) هەمان نوسەر لە پەخشانێکی تردا بەناوی (من وبولبول) دەڵێت: "ئەی بلبلی ڕەنجەڕۆ هەردوو هاودەردی سەرگەردانی دەستی یارین، هەردوو جەفای بێ وەفایی یارانمان چەشتووە، وەکو یەکتر جگەر کون کونی زامی بەمراد نەگەشتنین کەوابو وەرە دانیشین بەدڵێکی زۆر بەکوڵ و جۆشەوە شیوەنی بێوەفایی دڵداری یەک بۆ یەکتری بکەین" (خ٢، ژ٩، ب١: ٢٩٧). ئەم پەخشانەی نووسەر دەردە دڵی خۆیەتی لەگەڵ بولبول، داخی دڵی خۆی بۆ بولبول بەیان دەکات، کە یارەکەی بەجوانییەکەی هەڵیخەڵەتاندوە، کەچی مەیلی داوە بە یەکێکی تر، کە بە ڕەقیب ناوی دەبات. پێشتر خۆی و

یارەکەی تانەیان لەو ڕەقیبە داوە، کەچی ئێستاش بە وەسڵی خۆی شادی کردووە (سەرچاوەی پێشو).

باسی دڵداری و شکستی ئەو پەیوەندییە لە پەخشانێکی تردا دەردەکەوێت بەناوی (دڵی من بوو)، کە هی (دڵشادی ڕەسولی)یەو تیایدا دەڵێت: "خۆشەویستەکەم لە قومارخانەی ژیانا هەمیشە ئەتو بردراوە و ئەمن دۆڕاوبووم ئەوەی ئەمن دۆڕاندم و تۆ بردبووتەوە بەڵام ئەفسوس دۆڕاندنی من و بردنەوەی تۆ زۆریان نێوان بوو، شتێک ئەمن لەو قومارەدا دۆڕاندبووم هەموو شتێکی من بوو ، گەوهەرێک بوو وێنەی لەهیچ گەنجینەیەک دا نەبوو، چرایەک بوو ڕوناکی بەهەستی احساسات- من دەبەخشی، پایەیەک بوو بناغەی خانوی ژیانم لەسەر ئەوا بوو، بەخۆڕایم وەچنگ نەکەوتبو شتێک بوو لە دونیای دی یەوە بۆم هاتبوو، دیاریەک بوو خودا بەمنی دابوو خۆشم بوێت بەڕاستی زۆریشم خۆشەویست.... ئەویش دڵی من بوو بردتەوە نەتزانی چی دەبەیەوە" (خ٢، ژ٢٢، ب٢: ٥٩٣). ئەم بەرهەمەی نووسەر پەخشانێکی گەلێک جوان و پڕ مانایە دڵی خۆی داوە بەکەسێک ئەو بێ وەفا بووە فێڵی لێکردووە و نرخی نەزانیوە، بەڵام ئەم پڕ لە ئومێد و دڵخۆش بووە بەو خۆشەویستییە، ئەو ئومێدەش لە پەخشانی دوای ئەمەدا بە ناوی (ئایا دەتوانم) ڕەنگی داوەتەوە، کە هەموو ژیانی خۆی دەدات بەدەست فەرمانەکانی خۆشەویستەکەی و دەڵێت: "فەرمان بدە دڵم لە لێدان بوەستێ ئەو کات دەبینی دڵێکی وەک کورەیەکی ئاگر بڵێسەی خۆشەویستی تۆی تێدابوو ساردبۆتەوە و لە لێدان وەستاوە، یاخود بڵێ بگری هەتا چاوم هەیبێ فرمێسک پێیدا دێتەخوار و هەتا فرمێسک مابێ دەگریم ، کاتێک سەرچاوەی فرمێسکم وشک بوو بۆ بەجێ گەیاندنی فەرمانت گیانی خۆم دەتوێنمەوە بەوێنەی فرمێسک لە چاومی دێنمەخوار لە پێش بارەگات گیان بدەم زۆر لەوە خۆشترە کە فەرمانت ڕەوا نەبێ" (خ٢، ژ٢٢، ب١ : ٥٩٥).

لە دەنگی گێتی تازەدا بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک پەخشانی ئەدەبیی جوان بڵاوکرانەتەوەو بریتین لە:

| | | |
|---|---|---|
| • شەونمی بەری بەیان | (محمد أحمد طه) | (خ٢،ژ١،ب٢: ٨٧٩) |
| • هەی باڵندەی پیرۆز | (حوزنی موکریانی) | (خ٢، ژ٢٣و٢٤،ب٢: ٦١٨) |
| • نەورۆز | (گیوی موکریانی) | (خ٢،ژ٢٣و٢٤،ب٢: ٦٢٩) |
| • پۆلا | بێ ناوی نووسەر | (خ٢،ژ٢٣و٢٤،ب٢: ٦٣٣) |
| • خانویەکی تاریک | (حوزنی موکریانی) | (خ٢،ژ٢٥،ب٢: ٦٥٤) |
| • هەی خوشکی نادیار | (حوزنی موکریانی) | (خ٢،ژ٢٨،ب٢: ٧٠٧) |
| • ژوانێک بۆ دوارۆژ | (یحی محمد چرِوستانی) | (خ٢،ژ١٤،ب١: ٤٢١). |

## وتاری زمان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

لەلاپەڕەکانی دەنگی گێتی تازە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە نووسینی ڕەخنەگر و نووسەرە شارەزاکانی کورد بەرچاودەکەوێت، ڕەخنەلێگیراو بە دڵێکی فراوانەوە وەریگرتووە و جوابیشی داوەتەوە. یەکێک لەم ڕەخنەلێگیراوانە نووسینێکی (تۆفیق وەهبی)یە لەڕووی زمانەوە، کە لە لێکۆڵینەوەکەی سەلامدا بە ناوی (بەهۆی دەنگی گێتی تازەوە بۆ مامۆستای پایەبەرزم وەهبی بەگ)دا هاتووە: "لە مێژەوە نووسین و ڕێکخستنی مامۆستای بەرز و ناودار تۆفیق وەهبی بەگ دەماودەم ئەگەڕێ، لای گەلێ کەس پەسەن و لای هەندێکیش جوان نییە، مامۆستای گەورە ئایا بەنوسین لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە و گەلاوێژ گەلێ جار داوای (تنقید) ڕەخنەگری فەرمووە کە هەر کەس چی بەخراپ و ناتەواو ئەزانێ ئەتوانێت بەنوسین پێشکەشی بکا بەم بۆنەیەوە ئەم نوسینەم پێشکەش ئەکەم .... نابێ مامۆستامان لەمە دڵگیربێ چونکە ئەگەر لێکۆڵینەوە، وردبونەوە، بەراوردکردن نەمێنێ زۆرشت بە چەوتو گێڕی و خواروخێچی ئەمێننەوە"(خ١، ژ٦، ب٢: ٢٨٢). ئەم وتارە لەلایەن تۆفیق وەهبی خۆیەوە چاپکراوەو نووسیویەتی وتارەکەی سەلام بەبێ دەس لێدان لەچاپ درا، لێکۆڵینەوەی جوملە شکاو و ناتەواوەکانی و هەڵەکانی تری ئەسپێرم بەخۆی.

دواتر تۆفیق وەهبیش لە وتاری (سەلام سەردەقی شکاند)دا ئافەرینی ئەو کارە دەکات و دەڵێت: "لەپاش چەندێک سەلام بای دایە سەر ڕێی ڕاست لەگەڵ ئەمەشا ئافەرین بۆ سەلام، ئەو بوو بە پێشڕەوی ڕێگەی ڕاست سپاسی ئەکەم، هیوا ئەکەم و زەرورە پێویستە خوێندەوارەکانمان پتر پەیوەندی خۆیان بنوێنن لەگەڵ ئەو بزوتنەوە پیرۆزەدا کە دەستی دراوەتێ لەبارەی زمان و ئەدەبیات و دێریک و خوێندەواری یەوە، وە لەهەموو نووسینێکم وردببنەوە ئەگەر پێویست بێت، تەنقیدی کەن لەسەر کاغەز"(خ١،ژ٦،ب٢: ٢٨٣). لێرەداو لە ڕێگەی وتارەکەی سەلام و وەڵامەکەی تۆفیق وەهبییەوە دەگەینە ئەوەی وردبونەوە لە نووسینی نووسەران و پاڵاوتەکردنی لەلایەن ڕەخنەگر و لێکۆڵەرانەوە ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریی نووسەران دەردەخات. لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوەکانی دەنگی گێتی لەناو خۆیدا و لەسەر لاپەڕەکانی هەمان گۆڤاردا دەبینرێن. ئەمەش گرنگی گۆڤارەکەی زیاتر دەرخستووە.

وتارێک لەلایەن (پیرەمێرد)ەوە نێردراوە بۆ گۆڤارەکە بەناوی (بۆ دۆستێکی هونەروەر). تیایدا ڕەخنەی ئاراستەی شیعری تۆفیق وەردی و وتارێکی ئەدەبی جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی کردووە و دەڵێت: "بەڵێ ئەبینم بە ناچاری ... هەندێ داستان و ماستان ئەخەنە غزەتەکەتانەوە تەرز و شێوەی کوردییەکەی نازانی وەکو لاپەڕە ..... دوای ئەوە هەندێک شێوە دوانە هەیە با لە شوێنێک بەکاری بهێنن لە هەندێ ناوچەی تردا بە ڕەنگێکی تری تێدەگەن لە شیعری تۆفیق

وردیدا به لوتكه یا پوتكەی شاخات (قیتكه) بێژراوه كاشكا (بەلوكە) بوایه وردتره قیتكه زۆر درشته ...... دوای ئەمانه دەستبكەین به مەتاره ج،ب ... له خوبەنەوەزانی سەرچاوەی زەڵم و قەڵای خان ئەحمەد دواوه .....هتد "(خ٢، ژ٩، ب١ : ٣٠٥)، دواتر ج. ب. ڕۆژبەیانیش لەپای ڕەخنەكەی پیرەمێرد دڵخۆشی خۆی دەربڕیوەو دەڵێت: "سەرمەشقی شیرینی پیرەمێرد دا دەڵێت ، زانای هونەروەر و بوێژی مەزن نووسەری یەكانه ، كوردی بەناوبانگ .... بەوە حاڵی كردم كه زۆر میهرەبانانه و دڵسۆزانه تەماشای نووسینەكانی (زانستی فەرمایشت و مێژوویی ) وه (بوێژەكانی....)ه كردووم ، گەلی بەوردی ووته و ، وشه ، دێڕ، وه لاپەڕەكانی به بێژنگی بیری ڕۆشنی بێژاوه .... ڕاستییەكەی، سەرنج و بەراورده قۆڵەكانی ئەوەنده گەشاندمییەوه هیوام به نووسینەكانم قایم بوو، چونكه ئەو نووسینەی (باوكی نووسەران) لێی وردبېیتەوە، بێگومان نەمر و پیرۆز دەمێنێتەوه خەڵك به چاوی لێپێچان و لێكۆڵینەوەوه سەرنجی ئەدەن"(خ٢،ژ١٥،ب١: ٤٥٤)

لێكۆڵینەوەی ئەدەبی، بەدەر له بێژنگدان و ڕاستكردنەوه و پوختەكردنەوه، لێكۆڵینەوه له بابەتی تریش دەگرێتەوه، بۆ نمونه لێكۆڵینەوه له ژیانی شاعیران و ناساندنیان و ژیان و بەرهەمەكانیان، یەكێكه لەو بابەتانەی له دەنگی گێتی تازەدا بەرچاو دەكەوێت. لەم ڕووەوه لێكۆڵینەوەیەک به ناوی (سالمی سنەیی) كراوه لەلایەن (ناصر ئازاد پور)ەوەو تیایدا دەڵێت: "بێجگه له سالم ساحێبقڕان بەناوبانگی سلێمانی ؛ له ئەدەبیاتی كورد سالمێكی دیكەش هەیە ، زۆر بەناوه و لەقەریحەدا ناوبانگی كردووه . ئەمه شێخ سەلیم كوڕی ئەحمەدی (تەختە)یە كه له هەڵبەستدا ناوی (سالم) ه. وابزانم له بنەماڵەی مەردۆخەكانه له دایكیشیەوه دەچێتەوه بنەماڵەی شێخەكانی مەولاناوایی"(خ٢،ژ٢٠،ب١: ٥٥٣). ئەو زانیارییانەی ئەم نووسەر له بابەتەكەیدا سەبارەت به سالمی سنەیی باسیكردووە، زۆر گرنگ و جێی بایەخن، چونكه دەبێته هۆی ئەوەی سالمی سنەیی و سالمی هاودەمی نالی لەگەڵ یەک تێكەڵ نەكرێن.

سەبارەت به حمه ئاغای دەربەند فەقەرەش له دەنگی گێتی تازەدا (مستەفا نەریمان) ڕوداوێک و شیعرێكی دەربارەی ئەو شاعیره بڵاوكردۆتەوەو باس لەوە دەكات حەمه ئاغا شاعیرێكی نەخوێندەواری كورد بووه، ئەم شاعیره له تەک ئەحمەد پاشای بابان هاودەورن. ئەحمەد پاشا خۆی سوپاكەی جارێک ڕییان ئەكەوێتە دەربەند فەقەره و له ماڵێک داوای دۆ دەكات. كچێكی زۆر جوان و نازەنین كاسه دۆیەكی بۆ دەهێنێت، تومەز ئەم كچه دەزگیرانی حمه ئاغایە. ئەحمەد پاشا حەزی لێدەكات و داوا دەكات كچەكەی لێ ماره بكەن و ڕەوانەی سلێمانیی دەكات. كاتێک حمه ئاغا دێتەوەو بەمە دەزانێت، هەڵبەستێک ڕێكدەخات و ڕەوانەی دەكات بۆ

ئەحمەد پاشا. ئەویش کە هەڵبەستەکە دەخوێنێتەوە، کچەکە ڕەوانەی دەربەند فەقەرە دەکاتەوە، بەڵام کچەکە زۆر ناژی لە خەفەتا دەمرێت (خ١، ژ٦، ب٢: ٥٥٧).

## چیرۆک لە (دەنگی گێتی تازە)دا:

چیرۆکی کوردی ڕەنگدانەوەی کولتووری خۆماڵی کۆمەڵگەی کوردییە، وەک ئەدەبێکی نەتەوەیی "هەر لە سەرەتای چاو هەڵهێنانییەوە شناسنامەی نەتەوەیی خۆی هەڵگرتووە تام و بۆ و ڕەنگ و ڕوخسار و دەنگ و سەدا و ئاوازی کوردی پێوەیە بە زمانێکی سادە و ڕەوان گوزارشتە لەخو و ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی باو لە شین و شایی و جۆری بەرگ و کاڵا و خواردەمەنی میللی و شاخ و دەشت...هتد" (حسن، ١٩٨٢: ٧٦). ئەو چیرۆکانەی لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراونەتەوە هەڵگری سیمای کوردەوارین، یەکێک لەو چیرۆکانە (شەوێک لەسەر لوتکەی ئەڤرێست)ە، کە ناوی نووسەری لەگەڵ نەنووسراوە، بەڵام لە سەرچاوەی تردا زانیاری لەبارەی ئەم چیرۆکە دراوە "بەختیار زێوەر بایەخیشی بە نوسینی چیرۆک داوە، ساڵی ١٩٤٥ چیرۆکی شەوێک لەسەر لوتکەی ئەڤرێستی نوسیوە هەمان ساڵ بەپێنج بەش لەگۆڤاری دەنگی گێتی تازە بڵاوی کردۆتەوە" (عەبدوڵا،٢٠٢١: ٩٣). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم چیرۆکە هی بەختیار زێوەری شاعیرە و لێرەدا وتراوە بە (پێنج) بەش بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا بە (شەش) بەشی جیا لەخولی دوەمی یەکەمی بەرگی یەکەمی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە. لە چیرۆکەکەدا ئەو ڕوداوانەی لەسەر لوتکەی ئەڤرێست ڕویانداوە، بەتەواوی باس لە کولتووری کۆمەڵگای کوردی دەکەن بە شێوەیەکی فەلسەفی "گەیشتینە نزیک گردی سەیوان لەوێ ڕاوەستا و ڕوی تێکردم فەرمووی فلان کەس چەبێ لەتۆ نهێنی من خدری زیندەم، ناردویانم بۆلای تۆ ئەبێ لەگەڵما بێیت بۆهەر کوێیەکت ئەبەم لەودەمەدا ترسم لێ نیشت وتم بەم شەوە ساردە بەم شەوەزەنگە کە هەموو کەس لە خانوی خۆیان لەبەر ئاگردان کزۆڵە دانیشتون ئێمە بۆ کوێ بچین بەم شەوە من لەسەرما ڕەق ئەبمەوە وتی تۆ هیچ ترست نەبێت نە لەمن نە لە سەرما" (خ٢، ژ٢، ب١ : ١١٢). ئیتر کەسایەتێکە لەگەڵ خدری زیندە دەڕوات بۆ لوتکەی ئەڤرێست، کە لە چیرۆکەکەدا جێگای کۆبونەوەی پیاوچاکانە. لە هەموو هۆزێکی تێدا بووە و هەر تیرەیەک بە بەرگی وڵاتی خۆیەوە هاتووە. لەبەشێکی تری چیرۆکەکەدا ئەهریمەن لەلایەن دوو فریشتەی ئاسمانیەوە بەستراوەتەوە، لەبەرئەوەی لەسەر زەمیندا ئەوەندە جۆری پیاو خراپ زۆر بووە، پێویستی بە ئەهریمەن نەماوە. ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکی گشتی گەشتێکی خەیاڵیی فانتازییە بۆ سەر لوتکەی ئەڤەرێست.

نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە سەرەڕای ئەوەی خۆیان بە بابەتی هەمەڕەنگ لە گۆڤارەکەدا بەشداربوون، هانی ئەدیب و نووسەرانی تریشیان داوە بەکوردی پەتی بنووسن و تەنانەت خۆیان هەڵەکانیان بۆ ڕاست کردونەتەوە بۆ بەردەوامی دان بەکارەکانیان.

یەکەم بەرهەمی چیرۆکی نووسەرێک بەناوی (دڵسۆز) لەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە، ناوی ڕاستەقینەی دڵسۆز (حیلمی عەلی شەریف)ەو خۆی دەڵێت کاتێک لەپڕ چیرۆکێکی بۆ دێت بەناوی دڵسۆزەوە دەینێرێتە دەنگی گێتی تازە، ئەو کاتە حوسێن حوزنی موکریانی سەرنوسەری دەبێت، ئەو یەکەم چیرۆکەی کاک حیلمی لە ژمارەیەکی دەنگی گێتی ئەو سالانەدا بەکوردییەکی پاراو بڵاودەبێتەوە... ... کاک حیلمی هێشتا خوێندکاری ناوەندی بووە ( مزهەر،٢٠٠١: ٥٣٦) حیلمی عەلی شەریف لەڕۆژنامەی هاوکاریش وتاری دەربارەی کەمال مەزهەر نووسیوە ، کەمال مەزهەریش لە (سەرنج دەربارەی مێژوو) لەسەر ئەو وتارە ڕونکردنەوەی داوە (مەزهەر،١٩٨٤: ١٠). کەواتە حیلمی عەلی شەریف لە دڵسۆزان و پێشەنگی دەستەی ڕوناکبیران بووە . ئەم نووسەرە چەندین چیرۆکی لە گۆڤارەکەدا بڵاو کردووەتەوە، کە بریتین لە: (هەرکەس بەخەیاڵی خۆی ئەدویٚ، ئاش میزتویەتی، شێرۆ و نازدار، چاکە لەگەڵ ناکەس بەچاکەکردن خراپەیە).

حوسێن حوزنی موکریانی ئەوە نەبێت هەر لە دەنگی گێتی تازەدا ڕۆڵی هەبووبێت، بەڵکو لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی تریشدا باس لەشارەزایی و زانایی ئەم کوردە دڵسۆزە کراوە، بۆنمونە وتراوە "گەلێک وتاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەقی ئەدەبی و فۆلکلۆری کوردی شاعیرە ناودارەکانی بڵاوکردۆتەوە" (شارەزا،١٩٩٠: ٢٠) یان لە بارەیەوە وتراوە "حوزنی یەکێکە لەوانەی هەر لەسەرەتای نوسینی یەوە تا کۆچکردنی لەپاڵ هەموو کۆشش و بەری هەمەڕەنگی خامەدا، گەلێک چیرۆکی نوسیووە باس و خواسی سەرجەم چیرۆکەکانی حوزنی بریتین لە بەند و باوی فۆلکلۆری، یا سەرگوزەشتە و حیکایەتی دەماودەمی خەڵکی و قسە و باسی ناو کۆڕو کۆمەڵیان، وە یا ڕوداوی تایبەتی ژیانی خۆی، هەمویان لە قاڵبێکی سادە و ساکاری بیٚ فەنتازی دا نوسیوە"(ڕەسول،١٩٨٤: ١٠). لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا کۆمەڵێک چیرۆکی (حوسێن حوزنی) دەبیین، وەکو چیرۆکەکانی (دارستان و پشیلە، سەپان و جوتیار، مام پیاو، پادشاو کراس، وشیار ـ کچە پیرەژنێکی گوندی، دزو ڕەبەن ...هتد).

جگە لەو چیرۆکانەی باسکران، بەشێوەیەکی گشتی لە دەنگی گێتی تازەدا کۆمەڵێک چیرۆکی تریش بڵاوکراونەتەوە، کە بریتین لە:

- چیرۆکێکی مناڵیم (بەختیارو بەدبەخت) (تۆفیق وەهبی) (خ١،ژ١،ب١: ٥)
- تەرزی دابەشکردن بیٚ ناوی نووسەر (خ١،ژ٤،ب٤: ٣٧٧)

- قەزای گۆزە کەوت لەدێزە (تۆفیق وەهبی) (خ١،ژ٣،ب١: ١١٥)
- یامەنەیاهۆقە، نەمەنەنەهۆقە (سلام) (خ١،ژ٣،ب٢: ٢٧٣)
- دەتەوێ بژی فریومەخۆ (خدووک) (خ١،ژ٢،ب٤: ١٥٨)
- هاوڕێی خراپ (خدووک) (خ١،ژ٣،ب٤: ٢٨١)
- ورچ وڕێوی بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ٩،ب١: ٣٠٨)
- مام سۆفی ومەلائیکەی ڕەحمەت (یەحیاچڕوستانی) (خ٢،ژ١٢،ب١: ٣٧٨)
- گورگ وڕێوی بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ١٣،ب١: ٤١٠)
- چیرۆکی منداڵ وبریندار بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ١٥،ب١: ٤٥٥)
- چیرۆکی نێچیرەوان بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ١٧،ب١: ٤٩٨)
- سوێند دوسەری هەیە (یەحیا چروستانی) (خ٢،ژ١٨،ب١: ٥١٧)
- ڕاوکەرو ژنەکەی بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ١٤،ب١: ٤٢٥)
- مانگازەرد (ج. ب ڕۆژبەیانی) (خ٢،ژ٢٠،ب١: ٥٥٧)
- حاجی، سۆفی بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ٢٠،ب٢: ٥٦٣)
- پیاوێکی هەژارو شێرێک (ش. س) (خ٢،ژ٢٢،ب٢: ٦٠٩)
- چیرۆکی مام زۆراب بێ ناوی نووسەر (خ٢،ژ٢٣و٢٤،ب٢: ٦٤٣)
- حەرام زادە لەوە بێ بەشە (مەلا عبدالله سعید) (خ٢،ژ٢٥و٢٦ب٢: ٦٧٨)
- ڕەشەو شیرینە براڕۆ (دەروێش عەبدوڵلا جەباری) (خ٢،ڕۆژنامەکە،ژ٣٢: ٢)

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین لە (٢٨) لاپەڕەی خول و ژمارەو بەرگەکانی دەنگی گێتی تازەدا پەندی پێشینان وقسەی نەستەق هەیە ، هەروەها داستانێک بەدوو ناونیشان یەکێکیان بە (نۆ) بەش بەناوی (شیرین وفەرهاد) ئەوی تریان بە (هەشت) بەش بەناوی (شیرین وخەسرەونامەی کوردی) بڵاوکراوەتەوە.

- شیرین و فەرهاد (خ١،ژ٦،ب٤: ٥٣٩)
- شیرین و فەرهاد (خ١، ژ١،ب٥: ٤٥)
- شیرین و فەرهاد (خ٢،ژ٢، ب١: ١٢٢)
- شیرین و فەرهاد (خ٢،ژ٣، ب١: ١٤٩)
- شیرین و فەرهاد (خ٢، ژ٤،ب١: ١٧٥)
- شیرین و فەرهاد (خ٢،ژ٥،ب١: ٢٠٣)
- شیرین و فەرهاد (خ٢،ژ٦،ب١: ٢٢٨)

- شیرین و فەرهاد (خ٢، ژ٧،ب١: ٢٥٥)
- شیرین و فەرهاد (خ٢،ژ٨،ب١: ٢٧٩)
- شیرین و خەسرەونامەی کوردی (خ٢،ژ٤، ب١: ١٥٦)
- شیرین و خوسرەونامەی کوردی (خ٢،ژ٧،ب١: ٢٣٤)
- شیرین و خوسرەونامەی کوردی (خ٢،ژ٨،ب١: ٢٦٠)
- شیرین و خوسرەونامەی کوردی (خ٢،ژ٩،ب١: ٢٨٦)
- شیرین و خوسرەونامەی کوردی (خ٢،ژ١٠،ب١: ٣١٢)
- شیرین و خوسرەونامەی کوردی (خ٢،ژ١١،ب١: ٣٥٣)
- شیرین و خوسرەونامەی کوردی (خ٢،ژ١٢،ب١: ٣٧٥)
- شیرین و خوسرەونامەی کوردی (خ٢،ژ١٣،ب١: ٤٠٧)

**(وێنە) لە دەنگی گێتی تازەدا:**

لەپێش نووسیندا مرۆڤ وێنەی کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ گواستنەوەی زانیاری، وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان نموونەی ئەو وێنانەن. بڵاوکردنەوەی وێنە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بایەخی خۆی هەیە وکولتووریکی گرنگن بۆ نەتەوەی کورد بەتایبەتی، چونکە وێنەیەک دەتوانێت گوزارشت بێت لە چەند لاپەڕەیەک وتە و نووسین. ئەگەر لە ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێکدا وێنەی شاخێک هەبێت، توێژەر دەتوانێت لەڕێگەی ئەو شاخەوە دەربارەی ناو و ناونیشان و شوێن و دووری و مێژوو و دانشتوان و ڕوبارو دۆڵ و ناوچەکانی دەوروبەری زانیاری کۆبکاتەوە و بیکات بە کلیلی زانیاری. جگە لەمە" گۆڤار هەیە ئەگەر لەڕۆژنامە زیاتر وێنە بڵاو نەکاتەوە کەمتر نییە، وەکو زۆربەی ئەو گۆڤارانەی تایبەتن بەمنداڵان و هەندێ گۆڤاری دیکەی تەندروستی و پزیشکی و ئەوانەی تایبەتن بە لقەکانی زانست بەبێ وێنە ڕوون کردنەوە و تێگەیشتنیان ئاسان نییە ... .ڕۆژنامە کەمتر وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بڵاودەکاتەوە وەکی دی گۆڤار، ئەگەر وێنەی ڕەنگاورەنگی تێدانەبێ بەرگەکەی ڕەنگاو ڕەنگە" (سورمێ ،١٩٩٠: ٨٨) لەوەی سەبارەت بە وێنە باسکرا دەتوانین بڵێین دەنگی گێتی تازەش یەکێکە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی وێنەی زۆری تێدا بڵاوکراوەتەوە. وێنەکانیشی ڕەنگاو ڕەنگ نین و ڕەش وسپین، بەڵام بەرگی گۆڤارەکە ڕەنگاوڕەنگە. بڵاو کردنەوەی وێنە لە دەنگی گێتی تازەدا لەو ڕوانگەوەیە " تا ساڵی ١٩٤٠ یش ئەوەندە گرنگی بەبڵاوکردنەوەی وێنەی هەواڵ و تۆمارکردنی نەدەدرا، دوای ئەو ساڵە بڵاوکردنەوەی وێنە پێی نایە ئەو قۆناغەوە. دەگونجێ ئەم گۆڕانکارییەش بەهۆی شەڕی دوەمەوە بێ چونکە وێنە لەو ماوەیەدا دەورێکی بەرچاوی لە ڕۆژنامە و

بڵاوکراوەکاندا بینی"(سورمێ،٢٠٠٦: ١٥). دەنگی گێتی تازەش لەدوای ئەو ساڵەوە هاتۆتە ئاراوە، بۆیە بە هەر هۆکارێک بووبێت بە گرنگییەوە لە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕوانیوەو ژمارەیەکی زۆر وێنەی داناوە، بۆنموونە:

- لە (خ١،ژ٦،ب٢: ٥٢٩)دا وێنەی کۆمەڵێک منداڵ کێشراوە، دەم و ددانیان پاک دەکەنەوە. ئەمە وێنەیەکی پەروەردەییەو بۆ ئەوەیە منداڵان فێری ددان شتن بکەن لەدوای نان خواردن.
- لە (خ١،ژ١،ب٣ : ٧٨)دا وێنەی هەولێر دانراوە، کە دیمەنێکی شاری هەولێرە.
- لە (خ١،ژ١،ب٣: ٨٠)دا وێنەی ڕەواندز خراوەتە ڕوو، هەرچەندە ڕون نییە. هەروەها بەنوسین لە بەرامبەر و خوارەوەی وێنەکە وەسفی ڕەواندز کراوە.
- لە (خ١،ژ٦،ب٣: ٤٩٦)دا چەن کەسایەتیکی کورد نیشان دراوە، کە بریتین لە (ڕەسول پاشای میری سۆران، ڕەشید بەگ، احسان بەگ، عەبدوڵا موخلیس بەگ، یحیی بەگ، کوڕو نەوەکانی ڕەسول پاشا). هەروەها بە چەند لاپەڕەیەک زانیاری دەربارەی ئەو کەسایەتیانە خراوەتەڕوو.
- لە (خ١،ژ١،ب٤ : ١٥)دا وێنەی کۆمەڵێک لاوی کورد دانراوە، کە بەخۆشی و شادی نەورۆزەوە لە بەغداد لە هۆڵی مەلیک فەیسەڵ هەڵدەپەڕن.
- لە (خ١،ژ١،ب٤ : ١٨)دا وێنەی دوو لاوی کوردی بادینان دانراوە، کە بەجلی کوردییەوە لە حەوشەی کۆشکێک لە کۆشکەکانی کوردستان وەستاون.
- لە (خ١،ژ٢،ب٤: ١١٦)دا وێنەی مستەر ئەدمۆنس و پیرەمێرد وشێخ مەحمود و معروف بەگ موتەسەریفی سلێمانی و ئەحمەد ئاغا و شێخ جەلال و شێخ لەتیف و باباعەلی کوڕی شێخ مەحمود.. دانراوە.
- لە (خ١،ژ٣،ب٤: ٢٣٤)دا وێنەیەکی قەشەنگ و جوانی شاخی گۆیژەی سلێمانی دانراوە.
- لە (خ٢،ژ٣،ب٤ : ٢٦٧)دا وێنەی چیای هەڵگوردی بە بەفر داپۆشراو دانراوە.ئەم وێنانەو چەندەها وێنەی ناوچەو ڕوبارو چیاو کەسایەتی کوردو دەشت و گوڵی کوردستان باخچەی دەنگی گێتی تازەیان ڕازاندۆتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین "وێنە فاکتەرێکی زیندوو دینامیکی ڕۆژنامەگەرییە، بە ڕەگەزێکی گرنگی توخمەکانی دیزاینی سەرەکی دەژمێردرێت، هەروەها وەک فاکتەرێکی تەواوکاری دەق دادەنرێت، کارەکتەری زیندوویی و جوانی و کامڵبونەوە بەبابەتە نووسراوەکە دەبەخشێت) (قادر، ٢٠١٧: ١٦٧). هەرلەم ڕوانگەوەیە دەنگی گێتی تازەش بایەخێکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسایەتی و دیمەن و شارەکان داوە.

# بەشی سێیەم

## وەرگێڕانی

## کولتووری بێگانە لە (دەنگی گێتی تازە)دا

## بەشی سێیەم: وەرگێڕانی کولتووری بێگانە لە (دەنگی گێتی تازە)دا

### ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی پەخشان

لە دەنگی گێتی تازەدا کۆمەڵێک وتار و پەخشان دەربارەی کلتوورە جیاوازەکانی (وەرگێڕان، فەلسەفە، ئاین، مێژوو...هتد) بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا نمونەی ئەو بابەتە کلتوورییانە دەخەینەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش پشتمان بە بابەتە وەرگێڕاوەکانی ناو گۆڤاری دەنگی گێتی تازە بەستووە.

### وەرگێڕان :

وەرگێڕان لقێکی گرنگە لە لقەکانی زانیاری، بۆ گوستنەوەی کەلەپور و کولتوور و داب و نەریتی نەتەوەکان و شارەزایی پەیداکردن. سەبارەت بەوەرگێڕان دەوترێت: "وەرگێڕان هونەرێکی جوانە، واتا گواستنەوەی وشە و واتا و شێوازەکان دەگەیەنێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، خوێنەری دەقە وەرگێڕراوەکە هەست بەڕوونی دەقەکە بکات هەروەک چۆن خوێنەری زمانی سەرچاوە هەستی پێدەکات" (عەلاف، ٢٠٠٩: ١٧)

بایەخی وەرگێڕان لەوەدا دەردەکەوێت، کە (هونەرە)و پێویستی بەشارەزایی زۆر و ڕۆچوونە لەهەر دوو زمانەکە بۆ گواستنەوەی بیرۆکەی بابەتەکە. هەروەها "هۆیەکە بۆدەوڵەمەندکردنی زمان و پەرەپێدان و هاوچەرخایەتی کردنی چونکە وەرگێڕان پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بەدوای وشە و زاراوەی نوێ و بۆچونی نوێ بگەڕێت" (عەبدوڵا، ٢٠٠٧: ٢٢٤). وەرگێڕانی پوخت و سەرکەوتوو، لەڕێگای گواستنەوەی مەبەست و واتای دەقەکەوە دەبێت، نەک گۆڕینی زمانی دەقەکە بۆ زمانێکی تر ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەوەی وەردەگێڕرێت بیرۆکەکەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندی، نەک تەنها کردارێکی زمانی بێت. (ألبير،٢٠٠٧: ٤٥). کەواتە دەتوانین بڵێین وەرگێڕان ڕێگایەکە یان بەرهەمی پەیوەندییەکە، گۆڕانی گەوهەری دەخاتە سروشتی زمانەوە، چونکە هاتنە ناوەوەی وشە و دەستەواژەی نوێ دەستەبەر دەکات. هەر ئەمەش وادەکات ئاکامی جیهانبینی و ڕامانە قوڵەکان لەجیهانی دەوروبەرەوە بە دەست بهێنین و شارەزایی لەکولتووری بیانی پەیدا بکەین.

جگە لەوەی باسکرا، وەرگێڕان کەرەستە و ئامرازێکی نووسینە، لەڕێیەوە دەتوانین کۆمەڵێک ئەزموون و زانیاری و گەنجینەی بەنرخی نەتەوەیەک بۆ ناو دونیای کولتوور و زمان و ئەدەبیات و بوارەکانی تری نەتەوەیەکی دیکە بگوێزینەوە. دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەک بەستراوە بە "دەق و بەرهەمی شاعیران و چیرۆکنوسانی ئەو نەتەوەیە و ئەو وەرگێڕانەی، لەگەشەکردنی هزر و بیری مرۆڤدا ڕۆڵ دەگێڕن و بۆشایی و کەموکوڕییەکانی پڕدەکەنەوە."(حیکمەتی،٢٠١٠: ١٦١) هەروەها لقێکی تەواوکەرە لەلقەکانی زانیاری، سودی

لێوەردەگیرێت لەبواری هەموو جۆرە زانستەکانی وەکو پزیشکی، ئەندازیاری، ئابوری و بازرگانی....هتد. بۆ نمونە دیبلۆماتکار و بازرگانەکان ئیشوکارەکانیان بەستراوە بە چاوپێکەوتنی وڵاتانەوە و پێویستیان بە وەرگێڕانە، لە بواری گەشتوگوزاریشدا کۆمپانیاکان لەڕێگەی بڵاوکراوەکانیانەوە ئاگاداری و شێوەی چۆنییەتی پلان و کارەکانیان بە چەندین زمان ڕادەگەیەنن.

وەرگێڕان زیندوویەتی دەدات بە پەیوەندییەکان و ئاشنابوون بە دابونەریتی وڵاتان و دەوڵەمەندکردنی کولتوور و ئاوێتەکردنی زمان و ئەدەبیات و کولتوور، هەروەها دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی کۆمەڵ. بۆ ئەم کارەش پێویستی بە وەرگێڕی باش و شارەزا هەیە، لەبەرئەوەی وەرگێڕان کارێکی ئاسان نییە و هەموو کەس ناتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵکو پێویستە وەرگێڕ شارەزابێت لەزۆر بواردا، شارەزایی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێت بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە بتوانێت وشە هاوواتاکان بدۆزێتەوە. دەبێت "وەرگێڕ هەمان بەستێنی فەرهەنگی و توانای نووسەری هەبێت نە کەمتر نە زیاتر هەمان تام و چێژی دەقەکە بەخوێنەر ببەخشێ" (غەفور، ٢٠٠٨: ١٣٣) ئەمەش لەڕێگای "گواستنەوە دوای شیکردنەوەی دەقەکە لەسەر ئاستی ڕێزمان و فەرهەنگ دەبێت" (تمیم، ٢٠١٣: ٧٥). لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی لەکولتووری هەردوو زمانەکە پێویستە، چونکە هەندێ دەق و بابەت هەیە تاڕادەیەکی زۆر هەڵگری تایبەتمەندی کولتووری نەتەوەییە. لەم حاڵەتەدا ئەگەر وەرگێڕ شارەزایی نەبێت و ئاگاداری ئەو تایبەتمەندییە کولتوورییانە نەبێت، ئەوا تووشی هەڵە دەبێت و ڕەنگە شێوازی لێکدانەوەکەی بە ئاڕاستەیەکی تردا بڕوات. بۆنمونە: "لای ئێمەی کورد باوە کاتێک گەورەیەک منداڵێکی خۆشدەوێت پێی دەڵێت (بتخۆم؟) بەوە خۆشەویستییەکەی خۆی بۆ منداڵەکە دەردەبڕێت، بەڵام بەمنداڵێکی ئینگلیز بڵێیت ( shall I eat you) منداڵەکە دەترسێت چونکە لەناو ئینگلیزدا نییە" (بەرزنجی،٢٠١٢: ٣٥). بێگومان ئەم شارەزابوونەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی شێوەی داڕشتنی نووسین و وردبونەوە لەو بیر و دەستەواژە و ئیدیۆمانەی لەزمانەکاندا بەکاردەهێنرێن. وەرگێڕ کارامەیی زیاتر دەبێت، کاتێک لایەنە شاراوەکانی بۆ دەردەکەوێت، جیاوازییە کولتووریی و زمانی و نەتەوەییەکان لەکاتی بەراوردکردنی هەردوو زمانەکەدا درک پێدەکات.

وەرگێڕان مێژوویەکی زۆرکۆنی هەیە، لەو کاتەوەی مرۆڤ دەستی کردووە بە قسەکردن، پێویستی بە وەرگێڕان هەبووە. بەپێی سەرچاوەکان کۆنترین وەرگێڕان "یەکەمین بەرهەمی وەرگێڕاو بۆ٣٠٠ ساڵ بەر لەزایینی بۆ سەردەمی ئیمپراتۆری کۆنی میسر دەگەڕێتەوە، بەڵام لەڕۆژئاوا نزیک ٣٠٠پ.ز کاتێک ڕۆمییەکان بەشێکی گەورەی کولتوری یۆنانیان خستە ژێر

دەسەڵاتی خۆیانەوە وەرگێڕان بەهاو گرنگی خۆی بەدەست هێنا. یەکەمین ئەدەبی نوسراوی ڕۆژئاوا داستانی ئۆدیسەی هۆمیرۆسە بەزمانی لاتینی، لەساڵی ٢٧٠پ.ز بە هەوڵ و تەقەلای (لیڤسۆس ئاندونیکس) شاعیری ڕۆمییەوە ئەنجام درا" (یەعقوبی،٢٠٠٧: ٢١) وەک دەردەکەوێت یەکەمین وەرگێڕان لەوڵاتی بێگانەدا بە داستانێکی بەناوبانگ دەستی پێکردووە. دیارە ئیلیادە و ئۆدیسە دوو شاکاری هونەری مەزن و نەمر بوون و بەدرێژایی مێژوو کاریگەرییان لەسەر کولتووری ئەدەبی و هونەری نەتەوەکانی تر هەبووە و ئەم نەمرییان پارستووە، جگە لەوەی بیروبۆچونی جیاواز لەلایەن ئەهلی قەڵەمەوە دەربارەیان خراوەتەڕوو.

هاوکات (بەردی ڕەشیدی)ش بەناوبانگترین وەرگێڕانە لەکۆنەوە مابێتەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی پێش زاین، بەڵام بەردەکە تاساڵی ١٧٩٩ نەدۆزرا بووەوە. ئەو بەردە کلیلی کردنەوەی نهێنییەکانی میسری کۆن بووە، قفڵی نووسینی هێرۆگلۆفی کردۆتەوە. ئەو بەردە بەدوو شێوە نووسین نووسرابوو، نووسینی هێرۆگلۆفی میسری و نووسینی دیمیاتی لەمیسردا بەکاردەهات. دەقی هەردوو نووسراوی بەزمانی یۆنانیش لەسەر نووسرابوو. دوای ئەوەش شا سەرجۆنی پاشای ئاشوری هەواڵی سەرکەوتنەکانی بەچەند زمانێک بڵاودەکردەوە لەشاری بابل، شارێک بوو لەسەردەمی حامورابی دانشتوانەکەی بە زمانی جۆراوجۆر دەدوان لەبەرئەوە پێویستی بە کۆمەڵێک نوسەر بووە بۆ وەرگێڕان و جێبەجێکردنی کارە ڕەسمییەکانی. (خۆشناو، ٢٠١١: ١٥٧)

لەناو میللەتی کورددا بەهۆی داگیرکردنی وڵاتەکەی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ میللەتانی دراوسێ و کاریگەری ئایین، لە کۆنەوە دەستی کردووە بە کاری وەرگێڕان. هەروەها ئەم تێکەڵاوبوونە بووە بەهۆی ئەوەی نەتەوەکانی تریش دەربارەی کورد بابەت بنووسن، وەرگێڕی کوردیش هاتوون ئەو بابەتانەیان وەریانگێڕاوە بۆسەر زمانی کوردی. لە سەرچاوەی مێژووی کورد باس لەو کتێبە مێژوویانە کراوە بەزمانی عەرەبی لەسەر دەنگوباس و شوێن و پەیوەندییەکانی ژیانی کورد و مێژووی کورد نوسراون و بە نمونەوە خراوەتە ڕوو (أسماعیل،١٩٨٢: ٨٢)

لەسەرچاوەیەکی تردا باس لە نۆزدە گەشتیاری ئیتاڵی کراوە، لەزۆر ڕووەوە لەسەر کوردی ناوچە جیاجیاکان نوسیویانە، لەڕوی ئاینییەوە یەکێک لەو گەشتیارانە باسی جیاوازی ئاینی کورد و فارسی کردووە. دەڵێت: "گەلی کورد بە تەواوی سونە مەزهەبن، هەرچەندە فارسەکان شیعە مەزهەبن" (مستەفا، ٢٠٠٨: ٦٢). هەروەها سەرەتای وەرگێڕان لەناو کورد دا بە شێوەیەکی زارەکی بووە. وەک ئاماژەی بۆکراوە، مێژوونوسی یۆنانی (ئیگزێنیفۆن) لە کتێبەکەی بەناوی ئاناباز، ئەوەی خستۆتەڕوو کاتێک دەگاتە ناو کاردۆخییەکان، زمانناسێکی ناردووە بۆلای کوردەکانی ئەو کاتە بۆ ئەوەی شەڕەکە ڕابگرن، هەروەها داوای لاشەی کوژراوەکانیشی

کردووه. کاردۆخییەکان بەمەرجێ ڕازی بوون، کە ئەوانیش دەست لەسوتانی خانوەکانیان هەڵگرن. (حیکمەتی،٢٠١٠: ١١) هەروەها دوای وەرگێڕانی زارەکی و داهاتنی نووسین و پەیدابوونی چاپخانە گرنگی وەرگێڕان زیاتر دەرکەوت، لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە وەرگێڕان گەشەی کرد. ئامانجی وەرگێڕەکانی دەنگی گێتی تازەش ناساندنی کورد و گەیاندنی دەنگی کورد بوو بە وڵاتانی تر، هەروەها ناساندنی کولتووری بێگانەش بە نەتەوەی کورد. ئەو ڕۆڵەی وەرگێڕانیش لە بابەتەکانی دواتردا ڕووندەبێتەوە. سەرەتاش لەو بابەتانەوە دەست پێدەکەین، کە لەلایەن نەتەوەکانی ترەوە لەسەر کورد نووسراون بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی گرنگی ئەو کولتوورە هاوبەشەی وەرگێڕان.

## وەرگێڕان لە (دەنگی گێتی تازە)دا

وەرگێڕان بووە بەکولتوورێکی هاوبەشیکردن لەنێوان گەلان و پێویستیەکە لە پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ، کە دەبێتە هۆی ڕۆشنبیرکردنی نووسەران. کاریگەری نەتەوەکان لەسەر یەکتری لە ڕێگەی هۆیەکانی وەرگێڕان و گواستنەوە، وەکو چاپەمەنی و ڕۆژنامە و کتێب و تەلەفزێون و ئامێرە تەکنەلۆژییەکانەوە دەردەکەوێت، لەبەر ئەوە "بەڕاستی هیچ نەتەوەیەک نییە بتوانێ واز لەوەرگێڕان بهێنێ هەرچەندە سامانێکی نەتەوایەتی کۆن و بەنرخیشی هەبێت، چونکە هەر وەرگێڕانە دەبێتە هۆی ئەوەی گەلێک ئاشنای شارستانێتی و زانیاری و ئەدەبیاتی گەلێکی دیکە ببێ" (نەبەز، ١٩٥٨: ٣) . ئەو جۆرە وەرگێڕانە بۆ ئاشنابوونی کورد بە کولتووری کوردی ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی کوردستان لە دەنگی گێتی تازەدا هەیە. گۆڤارەکە سودی لێوەرگرتووە و وەک بەرهەمێکی خۆماڵی بە ئەرکی خۆی زانیوە وەریان بگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

لە (خ١، ژ٤، ب٣)دا وتارێکی تێدایە بەناوی (لاپەڕەیەک لەدێریکی کاسێت – کاسیو)، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی . ئەم وتارە بەکولتووری نەتەوەیەکی ئاری نەژاد ئاشنامان دەکات ، کە شەش هەزار ساڵ پ. ز ژیاون و دەڵێت: "پێویستە باس لە قەومێک بکەین لە خاکی لوڕوستانی پشتکو پێشکوی ئەمڕۆدا ژیاون ئەو چەک و ئامرازانەیان بەکارهێناوە دروستیان کردووە ، ئامرازی مسن، تێکڕا پەیکەری جوت و پێویستییەکانی جوتیارین، دووگا بەهۆی تیرەیەکەوە لیک بەستراون، ئەو تیرەیە لەمس داڕێژراوە، مردووەکەیان ناشتووە سەری مردوەکەیان لەسەر ناوەڕاستی تیرەکە داناوە گایەکان کەوتونەتە ئەملاولای سەری مردوەکە، لەگەڵ مردودا کەلوپەلی خەنجەر و سەرەگورز و تەور و سەرەنیزە و....هتد خستۆتە گۆڕەوە. سەبارەت بەتیرەی کاسێو مێژونوسەکان دەڵێن لە کێوەکانی باکوری ئازەربایجانەوە هاتوون، ئامێری جۆرا و جۆرییان دروست کردووە) (خ١،

ژ٤، ب٣:٣١٠). شایەنی باسکردنە ئەم بابەتە بەشێوەیەکی دووروودرێژ لە دووبەشی تری دەنگی گێتی تازە بڵاوکراوەتەوە، لەهەمان بەرگدایە لەلاپەڕەکانی (٤١٢) و (٥٠٢)دا.

وتارێکی تر بەناونیشانی (مەسئەلەی کوردەکان)، لە وەرگێڕانی (عبدالقادر حیشمەتی)یە. لە (٨) هەشت ژمارەی ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە، کە بریتیین لە ژمارەکانی (٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥ ، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٣٠. ئەم وتارە باس لە کورد و مافەکانی و چەوسانەوەی کراوە لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرییەوەو تیایدا هاتووە: "ئەگەر بێتو تەماشای پەیمانی ئەتلانتیک بکرێ بێگومان کوردەکانیش وەکو نەتەوەکانی تر حقی بەشیان لەهەر چوار مادە سەربەستییەکانا هەیە کوردێک ببێ لەتورکیادا بەکوردی بژی و قسە بەکوردی بکات و پەیڕەوی باوباپیرانی خۆی بکات معنای ئەوەیە خۆی توشی بەڵا دەکات. لەعێراقیشدا ئەگەر بێتو تەقەلایەکی ئیداری باش نەکرێ، دیسان کوردەکان لەکەناری لێواری هەژاری و کەساسییەوە نزیکن. ئەوسەربەستی یەی کوردەکان ئەیانەوێ ئەوەیە: بێ ترس منداڵەکانیان بەزمان و ڕەوشت و خوی خۆیان گەورە بکەن، بەهیچ جۆرێک لەتورکیا ڕێگەی ئەمە نادەن. لە عێراقدا لەمانە گەلێکی کەمە. لەئێران دا زۆرگرانە و مومکینی پێکهێنان نییە. کوردە نیشتیمان پەروەرەکان بەئینصافن تەنی ئەوەیان ئەوێ، بە کوردی بژین بە کوردی بخوێنن و بنوسن، بە کوردی ڕۆژنامە دەرهێنن، نەوەکو لەناو تورک وعەرەب وعجم دا ئاوەکی بکەون و قەڵاچۆیان بێ، بن کەن بکرێن" (خ٢، ڕۆژنامەی دەنگی گێتی، ژ٢٢: ١). لەم وتارەدا باس لە دەستوری (ئەتلەنتیک) کراوە، هەر ئەو دەستورە لەدەنگی گێتی تازە لە (٨) خاڵ دا خراوەتە ڕوو، کە لەلایەن (تۆفیق وەهبی)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی ئەم هەشت خاڵە لە بنەمادا لەلایەن سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا (میستەر ڕۆزفەلت) و سەرۆکی بەریتانیا (میستەرچەرچڵ) دانراون، بۆ ئەوەی ببنە بناغە بۆ ئایندەی چاکتر بۆ سەربەستی و بەختیاری و ئازادی وڵاتەکانی خۆیان و جیهانیش. (خ١، ژ١، ب١: ١٣)

وتارێکی تر بە ناوی (قسنێک لەکوردستان) لە (٤) چوار ژمارەی ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە (١٧ ، ١٦، ١٥، ١٤)دا هەیە. نووسەرەکەی (مستەر ئەدمۆنس)ەو لەلایەن (تۆفیق وەهبی)یەوە کراوە بە کوردی. باس لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان دەکات، سەرپەرشتی ئەنتیکەکانی عێراق وهەڵسوڕاندنی ئەو کارە دراوەتە دەستی ئەدمۆنس. لەو کاتەدا موتەسەڕیفی سلێمانی، کە ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ بووە، یارمەتی ئەدمۆنسی داوە، بۆ دۆزینەوەی ئەو شوێنەوارانە هاوڕێی گەشتەکانی کردووە. ئەشکەوت و دەشت و دۆڵی شارەزوور و زنجیرە چیای بەرانان و ئەزمەڕو...هتد شوێنی جوگرافی ئەو شوێنانە دەخاتەڕوو، بۆنمونە دەڵێت: "لە شاخی بەنزاد لە کێوە گەورەکەی پیرەمەگرون لە ئاستی ڕووی دەریاوە (٨٥٠) پێ بەرزە.... جۆگەکان ئەبن

بەدوو چەمی سەرەکی (تابین) و (چەرمەگا)، تابین لەباکوری پیرەمەگرونەوە دێ و لەگەڵ چەرمەگا لە نیوەڕۆیەوە دێ تێکەڵ بەیەک ئەبن ، ئەگەن بە چەپەری (سەرسەرد) ئەیبڕن شەش میلی بەرەو ڕۆژئاوا، لەپاشا وەرئەگەڕێنەوە بەرەو باکور بۆحەوت میلیک ڕێ بۆ خۆیان ئەدۆزنەوە بەناو گەرویەکی پێچ پێچۆکەدا پێی ئەڵێن سورقاوشان ئەڕژێنە (زێ) وە"(خ٢، ڕۆژنامەی دەنگی گێتی، ژ١٤: ٣)

وتارێکی تر بەناوی (هەجوکەرێکی کورد شێخ ڕەزا) لەلایەن هەمان نووسەر و وەرگێڕی وتاری پێشوو نووسراوەتەوە. سەرەتا حوکمی بنەماڵەی بابانەکان لە نەخشەیەکی شێوە درەختی دا ڕێکخراوە، دەڵێت: کردەوەیەکی سەیید حوزنی موکریانە لەساڵی ١٩٣١ خزمایەتی و حوکمی میرە گرنگەکانی بابان نیشان دەدا. پایتەختی ئەو حکومەتە سەرەتا قەڵاچوالان بووە دواتر سلێمانی. تیشکی خستۆتە سەر چەند شاعیرێکی کورد وەکو (نالی، مستەفابەگی کوردی، حاجی قادری کۆیی). پاشان هاتۆتە سەر باسی شێخ ڕەزا و دەڵێت: "شێخ وەکو بە کوردی نوسیویە، بە فارسی و عەرەبی و تورکیش نوسیویە، دیوانەکەی هێشتا لە چاپ نەدراوە، بەڵام هەندێ وێنە لەشیعرەکانی، لەدیاری کوردستاندا، کۆوارێ بوو لەمارتی ١٩٢٥ەوە هەتا مایسی ١٩٢٦دەرئەچوو. لەئەنجومەنی ئەدیبانی کورد دا، هەڵبژێراوێکی شیعرەکانی شاعیرە کوردەکانە و لەلایەن ئەمین فەیزی بەگەوە لەساڵی ١٩٢١ لە ئەستەمبوڵ بڵاوکراوەتەوە دەس ئەکەوێ. لەئەنجومەنی ئەدیبانی کورد دا چل پارچە شیعری کوردی و گەلێ نامەی بەشیعری فارسی و چەند پارچەیەکی تری شێخ ڕەزا هەیە. بەپێی ئەم شیعرانە کەوا بەدەسەوەیە، شیعرە کوردییەکانی شێخ رەزا ئەشێ دابەش بکرێن بەپێنج بەشی سەرەکیەوە ١. سەربورد نامە و بیرەوەری خۆی ٢. دڵداری ٣. هەجوی عەشیرەتە دوژمنەکان٤. کاغەزی گەدایی بەگشتی بەستایش یان بە هەڕەشەوە ٥. پیاوی چروک. هونەری گەورەی شێخ رەزا زۆری کەلامە" (خ١، ژ٢، ب١: ٦١)

هەر لەو وتارەدا باس لە بەکارهێنانی وشەی (شێخ) کراوە، وەک دوو کولتووری جیاواز لە ناو کورد و عەرەبدا بۆ مەبەستی جیا بەکاردەهێنرێت. لای عەرەب بە واتای ئەندامێکی سەرۆکی عەشیرەت دێت، کەچی کورد بە مامۆستای ئاینی و ئەو کەسانەی لەناو تەریقەتەکاندان پێیان دەڵێن شێخ. هەروەها چەند پارچە شیعرێکی شێخ ڕەزا (برا ئازیزەکەم، بەرخە نێر، کەڵەشێر، توتن، أیستری دیاری) نوسراون.

کۆمەڵە شیعرێکیش بەناوی بەیتی باپیر ئاغای مەنگوڕ، هەڵبەستی ئەوڕەحمان بەکری موکرییە لەکتێبی ئۆسکارمانەوە وەرگیراوە لە (٣) سێ ژمارەی (خولی دوەمی بەرگی یەکەم)ی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە لەلاپەڕەکانی (٤٠٩، ٤٢٩، ٤٥١ ) بڵاوکراوەتەوە.

له ژمارەکانی (٣٤ ،٣٣، ٣٢ ،٣١)ی دەنگی گێتی تازەدا وتارێکی تری مێژوویی بە شێوەیەکی دوورودرێژ لەسەر ناوچەیەکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی (گەشتێک لە لوڕستان) بڵاوکراوەتەوە، کە لە وەرگێڕانی (جواهیر ئەلکەلام)ە. تیایدا هاتووە "لوڕستان وڵاتێکە لەجنوبی کرمانشاوەیە، نزیک بە وڵاتی کوردستانی ئێرانە. هەرێمێکی ئەو عەشیرەتە تێدا دانیشتون پێی دەڵێن لوڕستان، جێگا دانیشتنی لوڕەکانە، بەو ناوەشەوە ناوبانگی کردووە. مرۆڤی لوڕستان وەکوو هەموو عەشیرەتە کوردەکانی دیکەی ئێران گوزەران و زیندەگانیان لەخاکی کوێستان و گەرمەسێرە، لەجێگا فێنکەکانی هاوینەهەوار و گەرمەسێرە زستانە هەوارەکانیاندا لەنێو کێو و دۆڵ و دەشتایە سەوزە ڕەنگا و ڕەنگەکاندا ڕای دەبوێرن، هاوینان لەکێوە بەرزە پڕ بەفر و چیمەن زار و دیمەن جوان بە سەردەبەن، چاندن و چاردا پەروەردە کردن- قاڵی و مافورە تەنین وتەون لەنێوانیاندا زۆر باوە"( خ٢، ڕۆژنامەی دەنگی گێتی، ژ٣١: ١)

هەروەها لەم وتارەدا باس لەوەش کراوە، کە لوڕەکان دابەش دەبن بەسەر دوو دەستە، کە بریتین لە: لوڕی بچوک و لوڕی گەورە. لەگەڵ ئەوەشدا  شوێنی جوگرافیان، لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارانەی حوکمی ئەو ناوچانەیان کردووە. باسکراون.

له ڕۆژهەڵاتەوە دەچینە سەرباسێکی تر لەباکور، گەشتێکە لەلایەن ئەفسەرێکی ئینگلیزەوە ئەنجامدراوە، لەو گەشتەدا باس لە دابونەریت و شوێنی ناوچە کوردییەکان کراوە. وتارەکە بەناوی (گەشتێ لەئەرزەڕومەوە بۆکوتور)ەو لەلایەن (ناجی عباس)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی. ئەفسەرە ئینگلیزەکە هاوسەفەری خێزانێکی کوردە، سەرەتا دوو دڵ بووە لە سەفەرکردنی لەگەڵ ئەو خێزانە بەهۆی ئەوەی ژنیان لەگەڵدا بووە، پێی وابووە کەسوکاری ژنەکان کێشەی بۆدروست دەکەن. بەڵام لە گەشتەکەدا چاکیی ئەو خێزانەی بۆ دەردەکەوێت و مەمنونی ئەخلاقی بەرزیان دەبێت. تیایدا هاتووە:" لەبابەت ئاثاری قەدیمەوە باسی گوموش کونبەت دەکات، خانویەکی گومەزە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئاق قوینلی حکومەتی تورکی قەرنی دووەمی میلادی. گومەزەکە ٣٥قەدەم بەرزە و لەبەردی چاک دروستکراوە، دەرگایەک و دوو پەنجەرەی هەیە، لەشکری ڕوس ساڵی ١٨٢٩ ئەرزەڕۆمی گرت ئەم قەڵایەی بە مەخفەر دانا بۆ مەراقەبە کردنی ڕێگاکان، بەڵام تورکەکان کردویانە بە چاپخانە". (خ١، ژ٦، ب٢: ٥٠٤). پاش گەشتن بە دەشتی پاسین و پشودانێکی کورت و کەوتنەڕێ بۆ سەفەرەکەی، باسی شوێن و ناوچەکان و وەسفکردنیان دەنوسێتەوە. هەر لەو باسەدا دابونەریتەکان و کولتووری کۆمەڵایەتی زۆرجوان ڕونکراوەتەوە. یەکێک لەو کولتوورانە میواندۆستی و ڕێز و تەقدیری خاوەن ماڵە بۆ ئەو کاروانە و بەڕێکردنیان زۆر بەڕێزەوە. ئەم گەشتە لەبەرئەوەی لەبەرگەکانی دەنگی گێتی تازەدا بە چەند بەشێک باسکراوە و بەشێوەی ڕیزبەندی نییە، لەیەک بەرگ دا

نووسرابێت، بۆیە لێرەدا پۆلێنکردنێکی ئەم گەشتە دەخەینە بەردەست، کە بەهەمان ناوەوە بڵاوکراوەتەوەو بەم جۆرەیە:

- گەشتێک لەئەرزەڕومەوە بۆکوتور (خ١، ژ٦، ب٢: ٥٠٤)
- گەشتێک لەئەرزەڕۆمەوە (خ١، ژ١، ب٣: ٦٨)
- گەشتێک لەئەرزەڕۆمەوە (خ١، ژ٦، ب٣: ٤٨٩)
- گەشتێک لەئەرزەڕۆمەوە (خ١، ژ٣، ب٤: ١٩٣)

بەدرێژایی مێژوو ڕۆژهەڵاتناسەکان ڕوویان کردۆتە ناوچەکانی کوردستان، لە هەر پارچەیەکی کوردستان بوو بێت هەوار و بارەگای خۆیان خستووە، زانیارییان لەسەر ناوچەکە کۆکردۆتەوە و لە لاپەڕەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ئەو زانیارییانەیان نووسیوەتەوە. هەندێک لەو کتێبانە لە کتێبخانە و مۆزەخانە گەورەکانی وڵاتەکاندا هەڵگیراون، کوردستانی عێراقیش بێبەش نەبووە لەو گەشتیارانە.

لەوتاری (مستەرسۆن لەهەڵەبجە)دا دەردەکەوێت، کە (ئەدمۆنس) ئەو وتارەی نووسیوە و (تۆفیق وەهبی) وەریگێڕاوە. ئەم وتارە باس لە شاعیری بەناوبانگی کورد (تایەر بەگی جاف) دەکات. میجەرسۆن لەسەردەمی حکومەتی عوسمانیدا پانزە ساڵ پێش جەنگی جیهانی یەکەم بە گەشتکردن هاتۆتە کوردستان، چووەتە ماڵی وەسمان پاشای باوکی تایەربەگ و بووە بە کارەکەری. شەش حەوت مانگ ماوەتەوە و ناوی خۆی نابوو خوڵام حسێن، لەئەرکی خزماتکاریدا باش کاری کردووە، لەبەرئەوە تایەربەگ زۆر ڕێزی دەگرت و خۆشی دەویست. بەڵام دواتر لە هەندێ ڕەفتاری ئەم خوڵام حسێنە دەکەوێتە گومانەوە، چونکە دەیبینی ڕەوشتی وەکو هی خزمەتکارەکانی تر نەبوو. کاتێک تایەربەگ نامەیەکی فەڕەنسی دەخوێنێتەوە، لێی دەپرسێ میرم فەڕەنسی دەزانی؟ تایەربەگ دەڵێت بەڵێ نەختێکی لێدەزانم، ئەی تۆ هیچی لێدەزانی؟ خوڵام حسێن دەڵێ بەڵێ شەش حەوت ساڵ لەمەوپێش لە ئێراندا کەڵک کاری کابرایەکی فەڕەنسی بووم لەوەوە کەمێک فێربووم، ئیتر لەبارەی هەموو شتێکی نهێنییەوە بە فەڕەنسی دەدوان. ڕۆژێک گفتوگۆ دەکەن، خوڵام حسێن وشەی (نەو) لەبری وشەی (نەء) لەدەمی دەردەچێت. ئیتر تایەربەگ دەگاتە ئەوەی ئەم پیاوە ئینگلیزە و دوای ئەوەی لێپرسینەوەی لێدەکات، دان بەوەدا دەنێت، کە ئینگلیزە و ناوی میجەرسۆنە، چەند ساڵێکە بۆ گەشت هاتووەتە عێراق و ئێران و تورکیا. تایەر بەگ تکای لێکرد لەوێ بڕوات، نەوەکو لەلایەن حکومەتەوە زیانێکی پێبگات، میجەرسۆن لەوێ ڕۆشت گەشتنامەیەکی نوسی، تێیدا زرنگی و زیرەکی تایەربەگی ستایش کردووە. (خ١، ژ١، ب١: ١٢)

کەواتە ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە، کە وەرگێڕانیش "ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەبواری پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەدەبی نەتەوەیی، لەڕێگای سود وەرگرتن لەئەزمون و نمونەی دەقە ئەدەبییە وەرگێڕاوە بیانییەکان و دەوڵەمەندکردنی سامانی فۆلکلۆر و دەقی خۆماڵی و تێکەڵکردنیان لەگەڵ ئەزمونە نەتەوەییەکاندا دەبێتە هۆی گەشەپێکردن و پەرەسەندنی ئەدەبی نەتەوەیی و لە ئەنجامدا چەند ژانەرێکی نوێی ئەدەبیاتی بیانی دەگواسترێتەوە بۆناو ئەدەبە خۆماڵی یەکە" (تاڵەبانی،٢٠٠٣: ١٩١). پاش ڕونکردنەوەی گرنگی وەرگێڕان، وەرگێڕان دەکەین بە ڕێچکەیەکی گرنگتر بۆناساندنی کولتووری بێگانە، وەک چۆن دەرکەوتووە لەگەشت و گەڕانەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ ناوچە جیاوازەکان، کولتوورێکی دیار و لەبەرچاوی بێگانە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتی ئەدەب و کولتووری نەتەوەیی (کورد)ی کردووە.

## 1. وتاری فەلسەفی:

لەگۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا وتاری تێدایە، کە تاڕادەیەک دەچنە ناو چوارچێوەیەکی فەلسەفییەوە.

فەلسەفە بە واتەی خۆشەویستی و داناییش دێت ڕۆڵی مرۆڤیش لەم نێوەندە ئەوەیە "بکەری چالاکییەکە بەناوی خۆشەویستی و بە نیازی بە دەستهێنانی بەهایەکە بەناوی دانایی، بەبێ ئەو بکەرە بەبێ مرۆڤ هەست و خۆشەویستییەک بۆدانایی ناگاتە ئەنجام" (سیوەیلی، ٢٠١٦: ٣٦). مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە دانانی بناغەی فەلسەفە، لەخوڵقاندنی پێکەوە ژیان، ئەمەش بە خستنەگەڕی ئەو خۆشەویستییەی خوای گەورە پێی بەخشیوە، لەگەڵ عەقڵ و ژیری بە مەبەستی پێکهێنانی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی. ئەم پێکەوەژیانەش تا سەر بەردەوام نابێت بەهۆی (مردن)ەوە، کە بە لەناوبەری خۆشییەکانی مرۆڤ دانراوە. وتاری (قوتابی مەرگ بۆ دوژمنەکانی مرۆکی) لەلایەن (ڕەفیق چالاک)ەوە وەرگێڕدراوە، دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە. لەم وتارەدا (نەخوشی و جەنگ و شێت بوون) بە کەرەستەی مردن و فەلسەفەیەکی لەناوبەر لە گفتوگۆی نێوان نەخۆشی و جەنگ و شێتبووندا خراوەتەڕوو. "بەیانییەک مەرگ لەژووری کارکردنیا دانیشت لە پشت مێزە گەورەکەیەوە، لەسێ ئێسقانی فیل چەسپ کرابوو پەنجەی خستە لاجانگی دەستی کرد بە بیرکردنەوە لەهەمان کاتدا چاوە قوڵەکانی ئەگێڕا بە کۆمەڵە داسێکی کۆندا، دیواری ژورەکەیان ڕازاندبوەوە، جگەرەیەکی گەورەی کوژاوە لەناودەم و دانە زل و زەردەکانیا ئەهاتوو ئەچوو وەکو لقێکی وشک بێت بە دارێکی گەندەڵەوە لەڕۆژی پایزدا با بیهێنێت و بیبات .... لەپاش تۆزێ مۆربونەوە دەستی بردو و لەچاوی مێزەکەی پارچە کاغەزێکی دەرهێنا بە وردی تەماشای ژمارە و نوسراوەکانی ناوی کرد و وردبوەوە، لەپاش

کەمێک کاغەزەکەی فڕێ داو بە توڕەبونێکەوە وتی: ئەمە نابوتییە، نابوتی تەواو ئەمەیە، دەستی نا بە زەنگەکەی بەردەمیا و داوای یەکێک لەژێردەستەکانی کرد، ناوی نەخۆشییە" (خ١، ژ٥، ب١: ٢٢١) پاش بانگکردنی (نەخۆشی و جەنگ)، بەڵام ئەم دوانە هیچیان پێی ناکرێت بۆ کۆتاییهێنان بە مرۆڤ و بێ ئومێدی خۆیان دەردەبڕن. دوای ئەوە مەرگ بەدوای پیاوێکی (شێت)دا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە، پیاوێکی بۆیاخچییە، زۆردڵخۆش دەبێت و دەڵێت دۆزیمەوە، ئەو پیاوەم دۆزییەوە، دەبێت شقارتەکەی بدرێتە دەست (سەرچاوەی پێشوو :٢٢٢)

ئەمەش دەریدەخات هیچ شتێک کار لەمرۆڤ ناکات بۆ قڕکردن و لەناوبردن و نەهێشتنی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان، تەنها ناکۆکی و دووبەرەکی ناوخۆیی و نەزانی نەبێت. نەبوونی دانایی و خۆشەویستی هۆکاری سەرەکییە بۆ نەفامی مرۆڤ و یەکتر قبوڵ نەکردن، کەوا دەکات مەرگ بهێنێت و یەکتری بسڕنەوە.

## 2. وتاری ئایینی:

ئایین بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان گرنگی و بایەخێکی ڕۆحیی هەیە. هەر نەتەوەیەک بەپێی ئایینی جیاوازی خۆی یاسا و ڕێسای دانراوی هەیە، بۆ تەواوکاری ژیان و ئاسودەکردنی ڕۆح پەیرەوی دەکەن و یاسا ئایینییەکان بوون بەکولتووری نەتەوە جیاوازەکان. لە وتاری (پەیدابونی دین و ویستەی بشر)دا، کە ناوی نووسەر یان وەرگێڕی لەسەر نەنووسراوە، ئەوە خراوەتە ڕوو "دین بۆ هەموو کەسێک شتێکی پێویستە، لەگەڵ پەیدابونی مرۆڤدا دەرکەوتووە و لەگەڵ ئەویش ون دەبێت، پێویستی باوەڕکردن پێویستییەکی بنەڕەتی وایە مرۆڤە پێشونەکان لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان لەم پێویستییە بێبەش نەبوونە، ڕاستی ئەمەش لەڕێ و شوێن و ئەو ئاثارانە بەجێیان هێشتووە دەردەکەوێت. عالمی تاریخ ئەدیان (بنیامین قونستان) لە موئەلفاتێکدا وتویەتی لەتاریخی بەشەر دین حاکمێتی لە هەموو زیاتر بووە، دەرکەوتنی بە چەشنی جیاواز و یەک لەدوای یەکە) (خ٢، ژ٢، ب٢: ٨٩٦)

فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامیش (د.خ) بەشێکی گرنگی ئاینن، لەلایەن دڵسۆزانی ئاینی ئیسلامەوە هەوڵی هێشتنەوەیان داوە وەک لە وتاری (زانستی فەرمایشت)دا، کە لەلایەن (ج. ب. ڕۆژبەیانی)یەوە کراوە بە کوردی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە شوێنکەوتوانی ئاینی ئیسلام بۆ پاراستنی بەشێکی گرنگی ئەو کولتوورە گرنگە، هەوڵیان داوە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کۆبکەنەوە. یەکێک لەو هەوڵانە ئەوەیە خۆی لەژیاندا بووە و دەیزانی بەشی زۆری یاران نەخوێندەوارن، ئەگەر بێتو فەرمودەکانی بنووسنەوە وەکو قورئان، ئەوا لە پاشەڕۆژدا قسەکانی لەگەڵ قورئان تێکەڵ دەکرێت، لەبەرئەوە فەرمویەتی مەنووسنەوە لەزاری منەوە، هەرکەس

شتێکی نووسیوەتەوە لەزاری منەوە جگە لە قورئان با کوێری بکاتەوە، قسەکانم بگێڕنەوە قەیدی نییە. ئیتر فەرمودە نەنووسرایەوە تا سەردەمی عمری کوڕی خەتاب هەوڵدرا بنوسرێتەوە عمر فەرمووی ئەو ترسە نەماوە تێکەڵ بە قورئان بکرێت، چونکە قورئان کۆکراوەتەوە نووسراوە و زۆر کەسیش لەبەری کردووە، کەوا بێ با قسەی پێغەمبەرەکەمان د،خ بنووسینەوە، بەڵام پاش چەند مانگێک ئەندێشە و بەراوردکردن پەشیمان بووەوە فەرمووی من لەو بیروباوەڕە پەشیمانم چونکە کەوتە یادم، خاوەن نامە، ئەهلی کیتاب هەر خویان دایە نووسینەوەی قسەی پێغەمبەرەکانیان ئیتر پشتیان کرد لەقسەی خوا لەنامە ئایینی یە ئاسمانییەکان گەڕان (خ١، ژ٦، ب٤: ٥٧٠). لەمەبەدوا فەرموودەکان کۆ نەکرایەوە وەک داستان و چیرۆک و سەرگوزەشتە دەماودەم وەرئەگێڕراو لەبەردەکرا، هەر کەسە مەبەستەکەی لەقاڵبێکی تازە دادەڕێژا، هەرئەمەش بوو بەهۆی هەڵەی گەورە گەوەرە و لەناوچوونی زۆر فەرمووده و پەیدابوونی زۆر قسەی دەسهەڵبەست و درۆ. دوژمنانی دین جولەکە، گاور، بوتپەرست...هتد بە فڕوفێڵ خۆیان خستبووە ژێر بەیداخی ئاین، چاوەڕوان بوون کەلێنێکیان دەست بکەوێ تا بناغەی ئاینەکە بروخێنن تا جارێکی تر لەسەردەمی (عمری کوڕی عبدالعزیز)، هەوڵی کۆکردنەوەی درایەوە، ناوبراو ئەو ئەرکە قورسە دەخاتە ئەستۆی خۆی و دەست دەکات بە کۆکردنەوەی فەرمودەکان، فەرمایشتەوانەکانیش سێ دەستەبوون.(خ١، ژ١، ب٥: ٦١). لەم وتارەی دەنگی گێتی تازەدا ناوی هەر یەکێک لە نووسەرانی ئەو دەستانە باسکراون. ئەم وتارە بەشێوەیەکی گشتی باس لە مێژووی نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ.) دەکات. لە دەنگی گێتی تازەدا بە شەش بەش لە بەرگ و ژمارە جیاوازەکانیدا بەردەوامی بەم باسەی فەرموودەکانی پێغەمبەر دراوە، بەم جۆرەی خوارەوە:

- زانستی فەرمایشت (خ١، ژ٦، ب٤: ٥٧٠)
- زانستی فەرمایشت (خ١، ژ١، ب٥: ٦١)
- زانستی فەرمایشت (خ٢، ژ٢، ب١: ١١٧)
- زانستی فەرمایشت (خ٢، ژ٥، ب١: ١٩٧)
- زانستی فەرمایشت (خ٢، ژ٦، ب١: ٢٢٠)
- زانستی فەرمایشت (خ٢، ژ٧، ب١: ٢٤٢)

یەکێک لەدەستور و یاسا گرنگەکانی ئاینی ئیسلام، بابەتی (میرات)ە، کە لە وتاری (زانستی کەلەپوربەش کەری، علم تقسیم المیراث= الفرائض)دا باسکراوەو لەلایەن (ج. ب. ڕۆژبەیانی)یەوە کراوە بە کوردی و تیایدا هاتووە: "زانستی کەلەپور بەشکەری زۆر گرنگ و بەنرخە پێغەمبەری خوا (د.خ) بۆ فێربوون و بڵاوبونەوەی گەڵێک دواوە، فەرمویەتی: (تعلموا

الفرائض وعلموها الناس...) واته فێری زانستی کەلەپور بەشکەری بن، فێری خەڵکیش بکەن)" (خ٢، ژ١١، ب١: ٣٥٧). لەم وتارەدا بە دوور و درێژی باسی چۆنیەتی بەشکردنی ئەو ماڵ و سامانە کراوە، کە کەسی مردوو لە دوای خۆی بەجێی دەهێڵێت.

لە وتاری (یارمەتی و خۆشویستنی یەکتر)دا (مەلا عبدالله سعید) بە ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر گرنگیی یارمەتیدان یان زیانگەیاندن بە هاوخوێن و نزیک و دوور دەخاتە بەردەست و دەڵێت: "زۆر پێویستە هەموو کەسێک بە ڕێکوپێکی لەناوخۆیاندا یارمەتی یەکتر بدەن لە خزم و خوێش و دراوسێ و دۆست و ئاشنا، یان ئەوانەی کڕین و فرۆشتن دەکەن دەبێت ڕاست و پاک بن. تاوەکو لە دەمی تەنگی و ناخۆشیدا فەرامۆش نەکرێن، نەتەوە ئەگەر بەو ڕەوشتە ڕۆیشت ژیانێکی خۆشەویستی و یەکێتی و میهرەبانی دەبێت. هەروەها پێویستە بۆ ئیش چاکەو کردەوەی پاشەڕۆژ یارمەتی یەکتری بدەن دەستی یەکتر بگرن و پشتیوانی یەکتر بکەن. خودای پەروەردگار لەقورئانی شەریفدا لەو کەسانە دواوە، زیان بە خەڵکی هاوخوێنی دەگەیەنێت، ناهێڵێت هی دیکەش هاوکارییان بکات دەبنە بەرهەڵست بۆچاکەکردن (ویمنعون الماعون) زانایان وتویانە (ماعون) بەوە دەڵێن، ئەگەر پرسیارکرا لە کەسێک کام یارمەتیدان باشە؟ خۆی بیزانێ، بڵێ نازانم یان کەسانی تر پەشیمان بکاتەوە لەچاکەکردن و یارمەتیدانی یەکتری ) (خ٢، ژ٢٣و٢٤، ب٢: ٦٢١)

سەبارەت بە خۆشەویستی یەکتریش باس لەوە دەکات، کە لە یارمەتیدانەوە سەرچاوە دەگرێت و دەڵێت: "خوداوەند فەرمان دەدا لەنێوانماندا دڵخۆشی و خۆشەویستی هەبێت، چونکە ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوەوە بجوڵێینەوە دەبێتە مایەی وێرانی و تێکدانی ئەو نیشتمانە، دەستی برایەتی و یەکێتی تێدایە. حەز لەیەکترنەکردن و کینە و ڕووترشی و ناحەزی سەردەکێشێت بۆ خراپە و لانەوێرانی دانیشتوان ڕەزیل و پەرێشان و ئاتاج و برسی ڕووبەڕوی لەناو چوون دەبنەوە"(سەرچاوەی پێشوو) ئەو ئایینەی بووە بە بەشێکی بەسودی کولتووریی نەتەوەکان لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا دانراوە وشە بە وشە دێڕ بە دێڕی پەیامی خوایی و فەرمایشتی (پەیامبەر د.خ.) بۆ چاکەی ئادەمی نووسراوە، سنوری پارێزراوی لەنێوان چاکە و خراپە و حەڵاڵ و حەرام کێشاوە.

## 3. وتاری سیاسی و جەنگ:

وتاری سیاسی زیاتر بابەتەکانی لە بارودۆخی ئەو سەردەمە سەرچاوەی گرتووە و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەوە هەیە، دەنگی گێتی تازەی تێدا بڵاوکراوەتەوە. وتار و لێکدانەوە سیاسییەکان لە خزمەت فکر و ئایدۆلۆژیای بێگانەدا دارێژراون، هەڵقولاوی فکر و سیاسەتەکانی جەنگی جیهانی دووەمن. دەنگی گێتی تازەش لە زۆربەی نووسین و بابەتە وەرگێڕاوەکانی دژ بە فاشیزم و ئیمپرالیزم و دار و دەستەکانی وتاری بڵاوکردۆتەوە. سەرچاوەی بڕیارەکانیش پێویستی بە شوێنێکی گونجاوە بۆ دەرچوون و جێبەجێکردنیان. بێگومان ئەو شوێنەش پەرلەمانی بەریتانیایە و لەم ڕووەوە وتاری (پەرلەمانی بەریتانیا) لەلایەن (تۆفیق وەهبی)یەوە وەرگێڕدراوەو تیایدا ئەو پەرلەمانە بە وەزارەتێکی دەستووریی ناوبراوە، دەستوور و یاساکانی بە شێوەیەکی دیموکراتی دارێژراوە، جێگای ئازادی ڕادەربڕین و قبووڵکردنی ڕەخنە و دەرکردنی بڕیارەکانە سەبارەت بە جەنگی جیهانی دووەم دەڵێت و تیایدا هاتووە: "کاتێ ئەم جەنگەی ئێستا ئاشکرا کرا، حکومەت بەرامبەر بە باری جەنگ مەبەستی بوو هەندێ قانونی سەراسا بخاتە کار، هێنای بەرەی حکومەتی هەڵگرت و لەگەڵ بەرەی ڕەخنەگردا یەکیان گرت لەوەزارەتێکا، تا پێکەوە ئاراستەی بکەن لە تەنیا ئاقارێکدا بەرەو ئەو ئەنجامە، کە وڵات پێویستییەتی، ئەندامەکانی وەزارەتی ئێستای بەریتانی هەرسێ بەرەکەی بەریتانی ئەنوێنێ وەکو بەرەی پارێزەر و کارگەر و سەربەستی..... هەر دوژمنایەتیک و ڕقەبەرەیەکی سیاسی و بیر جیاییەک لەمەیانی بەربەرەکانی فەرامۆشت بکەن بە یەک دڵ بپەرژێتە سەر بەرامبەری ئەو دوژمنەی ئەشی دەستی کرد بێ بە هەڕەشە لێکردنیی ، ئەوسا هەموو ئەم بەرانە پێکەوە بە ئارام وەندیەوە بەرامبەری ئەکەن و لەناوی ئەبەن"(خ١، ژ١، ب١: ٤). ئەم وتارە باسی دۆخی ناوخۆی بەریتانیایە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیداو باس لەوە دەکات هەموو بەرەو پارتە جیاوازەکانی بەریتانیا لە کاتی جەنگدا ناکۆکییەکانیان خستە لاوەو خۆیان یەکلایی کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە دەرەکییەکەیان کە ئەڵمانیای نازی بوو.

لە پاش بڕیاردانی جەنگ و هەڵگیرساندنی جەنگ لەنێوان بەرەی (سوێندخۆران_ هاوپەیمانان) و بەرەی (تەوەر_ میحوەر)دا، بەرەی تەوەر دوای خۆبەدەستەوەدان و پاشەکشەی ئیتاڵیا و بەرەو شکست چووە و ئینگلیز بەهێزبووە. ئەمەش لە وتاری (کەلەبەر کەوتە قەڵای ئەورووپای هیتلەرەوە)دا خراوەتەڕوو، کە لەلایەن (شێخ حەسەن شێخ مارف)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی و تیایدا هاتووە "زەریاپەڕەکان پڕ کرابوون لە ماین و بە تەلی دڕکاوی تەنرابوون، بەڵام هاوپەیمانەکان گوێیان نەدایە ئەو قۆرتانە، بە سایەی بۆمبابارانی

توندی فڕۆکەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا بە تایبەتی بە سایەی ئاگر بارانی تۆپەکانی کەشتییە جەنگییەکانەوە، کە گولەی هەر یەکێکیان قورساییەکەی تونێکە، بێ وچان جێی تۆپەکانی ئەڵمانیان گولەباران ئەکرد، زۆرچاک سەرکەوتن و لەسەر زەریا پەڕەکان پێیان داکوتا. شەڕێکی توندی خوێناوی هەفتەیەک درێژەی کێشا، بێگومان لەو شەڕانەی تا ئێستا کراون لە هەموویان توندتربوو، بەڵام نیروەکانی هاوپەیمانەکان بە سەر دوژمنا زاڵ بوون.... لە پێش هەموو شتێکا کەشتی گەلەکەی ئیتاڵی چوونە پاڵ هاوپەیمانەکان، کە ئەوە هێزێکی گرنگی ئەوتۆیە هیچ گاڵتەی لەگەڵا ناکرێ"(خ١، ژ١، ب١: ٩٠).

ئەو جەنگانەی لەنێوان ئەڵمانیاو هاوپەیمانانندا ڕوویانداوە پێشینەیەکی لە مێژینەیی هەبووە و پێش جەنگی جیهانی دووەم چەند جارێکی تریش ئاگری جەنگ ئەو وڵاتانەی تەنیوە. ئەم بابەتەش لە وتاری (لەبن دەرهێنانی ڕەگەکانی گیانی جەنگی ئەڵمانیا)دا دەردەکەوێت، کە بە قەڵەمی (ئەرنست بارکەر) نووسراوەو لەلایەن (حەسەن شێخ مارف) وەرگێڕراوە بۆ زمانی کوردی و تیایدا هاتووە: "لەدێریکی ژیانمانا دوو جار، لەدێرێکی ژیانی باوباپیرانیشمان سێ جار، ئەڵمانەکان ئاگری جەنگیان هەڵگیرساندووە و دەستدرێژیان کردووە، بە بیرەوەری ئێمە یەکەمیان جەنگی پێشووی ساڵی ١٩١٤_ ١٩١٩ دووەمیان ئەو جەنگەیە بەداگیرکردنی پۆڵەندە دەسی پێکرد، لە یەکی ئەیلولی١٩٣٩ دا، سێ جەنگ بەبیرەوەری باو و باپیرانمان ڕویداوە یەکەمیان ساڵی ١٨٦٤دا لەگەڵ دانیمارک کردوویەتی ..... دووەمیان شەڕی ساڵی ١٨٦٦ لەگەڵ نەمسەدا کردوویەتی، سێیەمیان شەڕی فرەنسە لەساڵی ١٨٧٠ڕویدا" (خ١، ژ٣، ب٢: ١٩٨). ئەم وتارە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی جەنگە کۆنەکانی ئەڵمانیایە لەگەڵ وڵاتە جیاوازەکان، کە سەرۆک وەزیری بەریتانیا لەئەنجومەنی گشتی باسیکردووە. سروشتی جەنگیش هەمیشە وابووە هەرجارەی بەرەیەک براوەیە و بەرەیەک شکست دەهێنێت و ئەم هاوکێشەیە ئاڵوگۆڕ تێدا ڕودەدات .

لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەمدا ساڵی ١٩٣٩، ئەڵمانەکان بە تەواوی لەڕووی چەک و سەرباز و هێز و پێویستی جەنگی خۆیان ئامادە کردبوو، لەو جەنگەدا پەلاماری هاوپەیمانانیان داوە و بۆ ماوەیەکی کەم بەسەر ئەوروپادا زاڵبوون. لەو دەمەدا هەڵسوکەوتیان نابەجێ بووە بەرامبەر میللەتەکانی ئەوروپا. ئەم بابەتە لە وتاری (دەمی تۆڵەکردنەوەیە)دا باسکراوە، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە وەرگێڕراوە بۆ زمانی کوردی و باس لەو ڕەفتارانە و بەرپەرچدانەوەیان دەکات و تیایدا هاتووە: "لەبری ئەوەی دڵنەواییان بکەن بە هەڕەشەو زۆرداری ئازاریان دەدان.... دەستیان بەسەر شعور و هەستیان دا درێژکرد، لەوەدا ئەڵمانەکان ئیسپاتیان کرد بێ دەسەڵاتن و ناتوانن ئیدارەی هیچ میللەتێک بکەن و

لەدەست نەهاتنی خۆیان بەهەموو دانیشتوانەکانی جیهان نیشاندا هاوینی ساڵی ١٩٤٣ هەروەکو ١٩١٨ لەهەموو لایەکەوە هێزی نیرومەندی پڕ چەکی زۆرداری تۆڵە ئەستێن ڕەگ و ڕیشەی ئەڵمانی لەبنەوە بڕیوە" (خ١، ژ٢، ب٢: ١٢٢).

گومانی تێدا نییە لە بڕیاری سیاسەتی هەڵگیرساندنی جەنگدا، هەردوو بەرە لە ترسی پەلامارەکان و پارێزگاری وڵاتەکانیان، سنوری وڵاتەکانی خۆیان توندوتۆڵ دەکەن. ئەم بابەتە لە وتاری (دیواری ئەتلەنتیک)دا خراوەتەڕوو، کە ناوی نووسەر یان وەرگێڕەکەی نەنووسراوە و باس لەو ڕێکارانە کراوە، کە بریتین لە "بڵاوکردنەوەی گەلێ ماین و ژێر زەریا و ڕوخێنەر و کەشتی فڕۆکەشکێن بەناو زەریادا..... تەلی دڕکاویی بەدرێژایی زەریا پەڕەکە دامەزرێنراوە بۆ ئەوەی قەدەغەی پێشکەوتن بکا، لەپاش ئەو تەلانە دیوارێک دێت. بێگومان دیوارەکەش پچڕ پچڕە بریتییە لەگەلێ قەڵا و لەناو ئەم دیوارەشدا بورجی تۆپی فڕۆکەشکێن دامەزرێنراوە لەپشت ئەو دیوەرەوە ڕێگای أسن درێژ بۆتەوە تۆپی قورسی بەسەردا ڕائەکێشرێ" (خ١، ژ٢، ب٢: ١٨٩)

لە دەنگی گێتی تازەدا باس لەو ئامڕاز و کەلوپەلە جەنگیانەش کراوە، کە لەجەنگدا بەکارهێنراون. ئەوەتا لە وتاری (کەشتی گەلە خورتەکەی بەریتانی)دا، کە ناوی نووسەر یان وەرگێڕەکەی نەنووسراوە، باسی ئەوە کراوە کەشتیگەلەکەی بەریتانیا لەو دوو شەڕەدا جەنگی جیهانی (یەکەم و دووەم) ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە، "هێزەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا توانیان پیاو و تفاقێکی زۆر بگوێزنەوە بۆ مەیانەکانی میسر و لیبیا و تەرابلوس و تونس، دووبارە ئەم بارەش لەشەڕەکەی سەقەلیە و ئیتاڵیای ئێستادا ڕوویداوە، چونکە کەشتی گەلەکەی بەریتانیا دەستێکی هەرە گرنگی هەبوو لەهەموو ئەو شەڕە گرنگانە، لەڕێی ئەو کەشتیەوە یارمەتیدانی بەریتانیا و ئەمەریکا گەیەنرا بە ڕوسیا" (خ١، ژ٣، ب١: ١٢٣). ئەم وتارە باسی یەکێک لە ئامڕازە گرنگەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەکات، کە کەشتییەو ڕۆڵێ هەبووە لە گواستنەوەی چەک و سەرباز بۆ بەرەکانی جەنگ.

تفەنگ یەکێکی ترە لەو ئامێرانەی لە جەنگدا بەکارهێنراوە و وتاری (پیاوێک لەدوای تفەنگەوە) تایبەتە بەم بابەتە، کە لەلایەن (شێرزاد)ەوە وەرگێڕراوە بۆ زمانی کوردی. ئەم وتارە باس لەو پیاوە دەکات  کە جۆرە جیاوازەکانی تفەنگی دروستکردووە و تیایدا هاتووە: "پێشکەوتنی گەورەی چەکی ئاگرینی پیادە لەم چل ساڵەی دوایی دا بەبۆنەی جۆن جارندەوەیە. لە پێشدا ئەو تفەنگە لەناو لەشکری نیروی زەریایی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بڵاوبوو بەکارئەهێنرا، جۆرە تفەنگێکی کۆن بوو پێی ئەوترا (اسیرنجفلید) بەناوی شاری اسیرنجفیلدەوە ، تیای دروست ئەکرا. لەپاشدا حکومەتی ئەمەریکا دەستی کرد بە دروستکردنی تفەنگێکی تری نوێ، لەخۆیەوە

گوله ئەهاوێژێ بەمانا ئۆتۆماتیکی..... ئەم تفەنگە نوێ یە لەسەد گوله پتر لەدەقیقەیەکدا ئاگر ئەدا"(خ١، ژ٣، ب١: ١٣١)

هەر لەو سەروبەندەی جەنگدا ئامێرێکی جەنگی نوێ دروستکراوە، کە لەناو ئاودا کاری کردووە. لە وتاری (تورپیدوی مرۆڤ)دا، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی، باس لەم ئامێرە کراوە و تیایدا هاتووە: "ئەمیرالی بەریتانی لەم نزیکانە پەردەی لەسەر ئەم دروستکراوە لادا بەناوی (تروپیدوی مرۆڤ) ناودەبرێ . لەم دروستکراوەدا بەشێکی زۆر لە ئەفسەر و پیاوە مەلەوانەکانی بەریتانیا ئیشی تێدا دەکەن، ئەم دروستکراوە ئەو چاخە، پەلاماری کەشتییەکانی ئیتاڵیای دا لەنێو بەندەری بالرمو زۆرچاک سەرکەوت و گرەوی بردەوە، بەڵام دێریکی ئەو پەلاماربردنە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٣" (خ١، ژ٢، ب٣: ١٥٥)

بۆ تێکدانی تانک و زرێپۆشەکانی جۆرە کەرەستەیەکی تر لەژێر زەوی حەشار دەدرێت هەر کە قورسایی بکەوێتە سەر ئەو ئامێرە وێرانکاریی دەسازێنێت ئەویش (لوغم_ مین)ە. وتاری مایین (لغوم) لە نووسینی (کولونیل پول) و وەرگێڕانی (حوزنی موکریانی) تایبەتە بەم بابەتە. وتارەکە باس لەوە دەکات "بۆ ئەو هەزاران تانکانەی لەم جەنگەدا بەکاردەهێنرێ هیچ وەڵام نییە بێجگە لە ملێونان مایین نەبێت. مایینی سووک،ماینی هەرزان بە ئاسانی دەخرێتە ژێر خاکەوە، بۆ ئەو سوکیە و هەرزانیەو ئاسانییە، دلێرە جەنگییەکان لەبەکاربردنیدا بەلایەنی پترەوە گەلێکی زۆر لەپێناویدا چوون" (خ١، ژ٢، ب٣: ١٥٨)

لەشەڕدا جگە لە ئامێری دەریایی و وشکانی، ئامێری ئاسمانیش بەکارهێنراوە. وتاری (بۆمبەی باڵدار)، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی، تایبەتە بەم بابەتە، باس لەفڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکات چەن ناوێکی جیاوازیشی لێنراوە "فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان - بۆمبەی باڵدار- بۆمبەی تەقیو بەوێنەی فڕۆکە- یان فڕۆکەی کوێر هەر ناوێکی بتەوێ ناوی لێنێ. هەموو ناوی ئەو جۆرە چەکەیە، کە ئەڵمانەکان دروستیان کردوو خستیانە کارەوە پێیان گوت: چەکی تۆڵەکردنەوە، ژمارە - ١، ئەو چەکە وەنەبێ نهێنی بوو بێ، هاوپەیمانەکان ڕێگایان پێ نەبرد بێ و نەیانناسیبێ، هاوپەیمانەکان زۆر لە زویکەوە ئاگاداری بوون و جێگاکەشیان دۆزیوە....فڕۆکەکانیان ناردە سەری و ڕەوێکی زۆر کرا سەر کارگەکەی بۆمبا بارانێکی قورسی کرایە و تێکوپێک درا"(خ١، ژ٦، ب٢: ٨٩٥)

لەئاکامەکانی جەنگ و ئەو نەهامەتییانەی بەهۆی جەنگەوە ڕوودەدەن، لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە ئاسەواری خراپ لەسەر مرۆڤ و ژیان بەجێ دەهێڵن. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ پێویستە لەلایەن وڵاتەکانەوە قەرەبووی زیانەکان بکرێتەوە. وتاری (فێڵێکی هەرە گەورە

لەدێریدا)، کە (حەسەن شێخ حمە مارف) وەریگێڕاوە بۆ کوردی، پەردە لەسەر زەرەر و زیانەکانی جەنگی جیهانی دووەم لادەدات. لەهەمان کاتدا فیلی ئەڵمانیا بۆ خۆدزینەوە لە قەرەبوو کردنەوەکە دەردەخات "ئەو پارەیەی لەسەر ئەڵمانیا دانرابوو،٦٦٠٠ ملیۆن لیرە بوو، ئەمە هەرچوار یەکی ئەوە ئەبوو هاوپەیمانەکان لەجەنگدا لەدەستیان چوو بوو، بەڵام زۆریش بوو چونکە ئەڵمانیا نەی ئەتوانی ئەو پارەیە بدا، ئەم هەڵەیە تاوێکی درێژی هەبوو چونکە ڕێی کردەوە بۆ چاوەڕاوەکانی ئەڵمانەکان لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر نەتەوەی ئەڵمانیا ڕۆژێ لەڕۆژان پەشیمان ببوایە لەو کارە بەدە ناخۆشانەی بەسەر گێتی دا هێنای، ئەتوانرا بەچاکی لەگەڵیا ڕێ بکەون، ئەشیا یاریدەی بدرایە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانە کاری کرد، هەر هەستی بەوە کرد پێویستییەکی زۆر نیشان بدا بۆ ئەوەی فێڵ لەسەرکەوتووەکان بکا و تالانیان بکا" (خ١، ژ١، ب٢: ٧١)

جەنگ ڕوداوی زۆر کارەساتبار و ناخۆشی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت جگە لە کاولکاری و زەرەری مادی و مەعنەوی، کاریگەری جەستەیی و دەرونیش بەجێ دەهێڵێت. وەک لە وتاری (پیرێژنێک)دا دەردەکەوێت، کە (ڕەفیق چالاک) وەریگێڕاوەو تیایدا هاتووە: "چەند سەربازێکی هێزی دەریایی ڕوسی لەکەنار دێیەک دادەبەزن، دەبینن جەنگ ئەو شار و دێیانەی وێران کردووە، تەنها کوخێک دەبینن لەبەردەمی دەرکی کولیتەکەدا چاویان بە پیرێژنێکی داماو دەکەوێت وەک ئەوەی لەگۆڕ دەرکرابێت، بەبێ ئەوەی ڕوناکی لەدڵدا بێت سەلامی لێدەکەن و داوای لێدەکەن، کە میوانداریيان بکات و ڕێگایان بدات لەلای بمێننەوە، پیرێژنەکەش سەرێک هەڵدەبڕێت و بەچاوە کزبوەکانییەوە دەڵێت ئەوە کولیتەکەمە چەندی دەمێننەوە بمێننەوە ماوەیەکی باش لەلای دەمێننەوە، کاتی ماڵئاوایی کردن و ڕۆشتنی سەربازەکان دێت پیرێژن زۆر دڵتەنگ دەبێت و دەگری پێی دەڵێین دەگەڕێینەوە لات و دەتبەین بۆ ماڵی خۆمان پاش تەواو بونی ئەرکەکەمان، نەنکە خۆشەویستەکەمان تۆ هێشتا لەتەمەنی شەست یان شەست و پێنج ساڵیدایت هیچ نەبێت سی ساڵی تر دەژیت پشت بەخوا، پیرێژن بە دەنگی پڕ لە ماتەمی و زوڵاڵەوە هاواردەکا ئەوکەسەی پێی دەڵێن داپیرە یان نەنک تەمەنی بیستویەک ساڵانە، هێشتا بیستویەک ساڵیشی  تەواو نەکردووە" (خ١، ژ٦، ب١ : ٢٦٨). ڕوخساری مرۆڤ هەڵگری کاردانەوەی دڵ و دەرونە، ئاکامی خراپی جەنگ لەسەر جەستە و دەرونی کچێکی لاو و تازە پێگەیشتوو، نیشانەکانی ڕوخساری تەمەنی شەست ساڵانی پێبەخشیوە. هەروەها لەم وتارەدا گیانی هاوکاریکردن و دڵسۆزی ژنەکەش نیشان دەدات. لێرەدا ئەم وتارە دەمانباتەوە سەر ڕۆڵی ژن وەک یارمەتیدەری سەربازی، کە لە وتاری (کرداری ژنە فەڕەنسییەک)دا دەردەکەوێت و ناوی وەرگێڕ یان نووسەرەکەی نەنووسراوە. ئەم وتارە باس لە هاوکاری

ژنێک دەکات لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمیش بەردەوام یارمەتی سەربازەکانی جەنگی داوە "ئەو ژنە بوو بوو بە بنێشتە خۆشەی ژێر دان و هەمیشە بەسەر زمانی ئەو سەربازانەوە بوو (ماری سوتی) بوو، ئەو ژنە دڵسۆزە دەروون و دڵباشە، دەستە دەستە بە پێچراوەیی جگەرە و چەشنەها شیرینی بۆ ئەناردن، لە کۆوار و ئەو ڕۆژنامانەدا هەموو ڕۆژێک دەرئەچوون ناو و نیگارە جوانەکەی بڵاو ئەکرایەوە و دور و درێژ لە چاکی و دڵسۆزی ئەم ژنە ئەدوان، بە تانیا ئەهاتن، کە ئەم ئافرەتە چۆن یاریەی هاوخوێنەکانی ئەدا و بۆ خۆشی و حەسانەوەی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی تێ ئەکۆشی، ئەو ڕۆلانە بەرامبەر بە دوژمنەکەیان سنگیان داکوتاوە. لە مەیدانی شەڕدا بۆ پارێزگاری وڵاتەکەیان خۆیان ئەدەن بە کوشت" (خ١، ژ١، ب٣: ١٨)

بە شێوەیەکی گشتی وتارە سیاسییەکانی دەنگی گێتی تازە بەپێی بارودۆخ دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتەی ئینگلیز سەرپەرشتی گۆڤارەکەی کردووە، ئەمەش لەکاتێکدا بووە بەرێوەبەرانی گۆڤارەکە ئومێدیان لەسەر بەڵێنەکانی ئینگلیز هەڵچنیووە. بەڵام لە خولی دووەم/ بەرگی دووەمیدا هیچ بابەتێک تەرخان نەکراوە بۆ وتاری سیاسی بێگانە. پۆلێنێکی وتاری سیاسی و جەنگی خولی یەکەمی گۆڤارەکە بەم جۆرەیە:

- سێ پیاوی ئازای هەرە گەورەی گێتی، وەرگێڕانی: (حوزنی موکریانی)، (خ١، ژ٣، ب١: ١٤٥).
- جەنگ لەڕۆژئاوادا گەشتۆتە ئەو پەڕی، وەرگێڕانی: (حەسەن شێخ حمەمارف)، (خ١، ژ٥، ب١: ٢١٩).
- بەریتانیاو داگیرکردنی ئەوروپا، (بێ ناوی نووسەر و وەرگێڕ)، (خ١، ژ٦، ب١: ٢٦٣).
- دوارۆژم لە بەرلین، وەرگێڕانی: (ب. ع. یحی)، (خ١، ژ٦، ب١: ٢٦٥).
- پاسارەکانی ئینگلترە، وەرگێڕانی: (حەسەن شێخ حمەمارف)، (خ١، ژ١، ب٢: ٣٦٧).
- مەیدانی نۆرماندی، وەرگێڕانی: (حوزنی موکریانی)، (خ١، ژ٤، ب٢: ٦٢٢).
- ناسیاری زاناکانی ئینگلترە لەگەڵ زاناکانی ئیسلام، وەرگێڕانی: (حوزنی موکریانی)، (خ١، ژ٤، ب٢: ٦٣٤).
- لەسەر هێڵی سیگفرید، وەرگێڕانی: (حەسەن شێخ حمەمارف)، (خ١، ژ١، ب٣: ٩١٧).
- تەماشایەکی جەنگ و سیاسەت، وەرگێڕانی: (حوزنی موکریانی)، (خ١، ژ٢، ب٣: ٩٧).
- بڕیاری هاوپەیمانەکان، وەرگێڕانی: (حەسەن شێخ حمەمارف)، (خ١، ژ٢، ب٣: ١٠٨).
- دێریکی پیوەندی ڕوس و ژاپۆن، (بێ ناوی نووسەر و وەرگێڕ)، (خ١، ژ٥، ب٤: ٣٨٩).
- بۆمبەی ئەستەم، (بێ ناوی نوسەر و وەرگێڕ)، (خ١، ژ٥، ب٤: ٤٦٥).

- لەشگرگای پڵسن لە ئەڵمانیا، (بێ ناوی نووسەر و وەرگێڕ)،        (خ۲، ژ۱، ب۱: ٦٤).

ئەم وتارانە و چەندین وتاری تری سیاسی و جەنگی بەرێژەیەکی بەرچاو، لەسەر لاپەڕەکانی دەنگی گێتی تازە دەبینرێن. لە خستنەڕووی پۆلێنی وتارەکانیش ئەوە دەردەکەوێت زۆربەی هەرە زۆری وتارەکان لەلایەن دوو کەسەوە وەرگێڕاون بۆ زمانی کوردی، ئەوانیش (حوزنی موکریانی) و (حەسەن شێخ حەمە مارف)ن.

## 4. وتاری زانستی:

لە دەنگی گێتی تازەدا کۆمەڵێک وتار بەرچاو دەکەون، کە دەچنە ناو بواری زانستەوە. ئەمەش لەوێوەیە لە گۆڤارەکەدا زانیاری گشتی دەربارەی زانست و زانایانی وڵاتانی تر بۆ هۆشیاری کۆمەڵگا و فراونکردنی ئاستی ژیری بڵاوکراوەتەوە، بەو پێی یەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چەندین ئەرکیان بەجێ هێناوە لەهەمووی گرنگتر "ناساندنی گەلەکانی جیهان بوو لەگەڵ یەکدا "(حمزە،١٩٦٣: ٥٣) ئەم وتارانەش زانیاریمان دەداتێ بۆ ناسینی زانست و کەسانی زانستخوازی ئەو گەلانە.

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ دروست بووە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕوناکی داوە بۆ ڕوناککردنەوەی شەو لەسەردەمە کۆنەکاندا، بە ڕۆژ کاروباری خۆیان جێبەجێ دەکرد و شەوان دەگەڕانەوە شوێنەکانیان. هەر ئەو شەوگارە تاریکە وای لە مرۆڤ کرد لە قۆناغەکانی پێش مێژوودا بیر لە داهێنانی ڕوناکی بکاتەوە. ئەم بابەتە لە وتاری (چۆن ئادەمیزاد توانی بەسەر تاریکیدا زاڵ بێت)دا بەرچاو دەکەوێت، کە لەلایەن (دەروێش عبدالله جباری) وەرگێڕراوە بۆ زمانی کوردی. ئەم وتارە باس لەوە دەکات مرۆڤ بە چەند قۆناغێک ڕوناکی دۆزیوەتەوە، تا گەیشتۆتە داهێنانی ڕوناکی کارەبایی "لەو ڕۆژەوە دەس کرایە دروستکردنی چرا دوکەڵدارەکان لە پاش ئەوە نەوت دۆزرایەوە و بەجێی ڕۆنی زەیتون بەکارهێنرا و چرا گەیشتە ئەم پایەی ئێستا ئەبینرێت. لەگەڵ ئەمەشدا کەڵکی شارستانێتی ناگرێ و هەر بە شتێکی کۆن دائەنرێ ، چونکە دوو شتی تریان دۆزیوەتەوە، یەکەمیان ڕوناکی گاز، دووەمیان ڕوناکی کارەبایە لەساڵی ١٨٦٥دا مامۆستا (لو)ی ئەمەریکی چۆنیەتی دەرهێنانی گازی لەخەڵوز دۆزیوەتەوە، لەماوەیەکی زۆرکورتا بە شار و دێهات و شەقامەکاندا بڵاوبووە ئەم ناوە گەورەیە هەر بۆ لوی مایەوە، تاکو ساڵی ١٨٧٩ ئەدیسۆن چرای کارەبایی تیا دروستکرد ئیتر مرۆڤ چاویان کرایەوە و تێگەیشتن لە هەموو ڕوناکییەکانی تر چاکتر و سوودبەخش ترە" (خ۲، ژ۷، ب۱: ٢٤٩). ئەم وتارە باسکردنی ئەو داهێنانە زانستییانەی مرۆڤە، کە بوونەتە هۆی ڕووناککردنەوەی ژیانی.

وتارێکی تر سەبارەت بە هەمان بابەت لەلایەن (دڵسۆز)ەوە وەرگێڕراوە بۆ زمانی کوردی، باسی ئەدیسۆن و زانستەکەی (دۆزینەوەی کارەبا)ی کردووەو تیایدا هاتووە: "ئەبینین یەکەم شت کەوا گێتی ئاوەدان کردەوە (چرای بروسکە) بوو، بە شەو ئەگەر سەیری شارە ئاوەدانەکان بکەین ئەبینین کەوا هەموو جێگەیەکی ئەدرەوشێتەوە پرشنگی بەختیاری بڵاو ئەکاتەوە.... هەروەها ئەتوانین بڵێن (چرای کهرەبایی) لەشکرێکی بەهێز و جەوهەرە بۆ شکاندنی تاریکی و دەستکێشان بەسەر زوڵم و بەدخویی تاریکی و لەو کاتەوە کەوا چرای کهرەبایی دۆزراوەتەوە هەمیشە لەشارە ئاوەدانەکاندا لەشکری ڕوناکی لەشکری تاریکی بەزاندوە... بەختیاری بە ئادەمیزاد بەخشیوە و سودێکی زۆر گەورەی دا بە ئادەمیزاد ئەبێ ئێمە بزانین کێ ئەم هەنگاوە گەورەی هەڵهێنا؟ ئەدیسۆن بوو"(خ٢، ژ٢٥و٢٦، ب٢ : ٦٥٩)

پاشان وردە وردە ئەو داهێنانەی ئەدیسۆن پەلی هاوێشت بۆ دۆزینەوەی داهێنانی جۆراو جۆر. یەکێک لەو داهێنانە گرنگانەی دواتر دۆزرایەوە، وزەی ئەتۆم بوو بۆ بەگەڕخستنی ئامێرەکانی کارەبا و ڕۆشتن بۆ سەر مانگ بەکارهێنراوە، ئەم بابەتە لە وتاری (بەخێربێت سەدەی هەودای ئەتۆم)دا باسکراوە، کە ناوی وەرگێڕ یان نووسەرەکەی لەسەر نییە. باس لە وەرچەرخانێکی گرنگی زانستی دەکات و دەڵێت: "کارەبا ئەبێتە کەڵک کارێکی هێمنی مرۆڤ، ئەگاتە دوا پلەی هەرزانی، بەڵکو ئەگاتە پلەیە پیاو لەڕووی نایە باسی بەختی بکا.... ئەو حەلە لە هەموو ماندووی و پیس و پۆخڵی ئێستە ڕزگار ئەبێ بە وێنە کەیوانوی ماڵ ئەتوانێ کارەبا بەکاربێنێ بۆ شوشتنی هەموو جلی خێزانەکەی لەچەن دەقەیەکدا.... هەروەها (سەهۆڵکەر، گسکی کارەبایی، کەرەستەی شورینی قاپ و قاچاخ و فڕنی کارەبایی .....) لەهەموو ماڵێکا پەیدا ئەبێ" (خ٢، ژ٣٣، ب٢: ٨١٠). وەرگێڕانی ئەم بابەتە سەبارەت بەو کەرەستانەی لەم وتارەدا باسکراون، بۆ ئەو سەردەمە شتێکی نوێ بووە لەناو کۆمەڵگەی کورددیدا. وتارەکە بەردەوام دەبێت و باس لە وزەی ئەتۆم دەکات، کە بەبێ تاوەری کارەباش بەکاردەهێنرێت بۆ گەڕانی گەرۆک و کەشتی و فڕۆکە، هەروەها هێزی ئەتۆم بۆ چونە سەر مانگ و ئەستێرەکانی تریش بەکاردەهێنرێت (سەرچاوەی پێشوو).

دەنگی گێتی تازە بەردەوام دەبێت لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە وتارە زانستییانە و لە وتارێکی تردا بەناوی (دۆزینەوەی تەلفیزیون)، کە لەلایەن ژون لوگیە بایرد نووسراوە، باس لە داهێنانی تەلەفزیۆن دەکات و دەڵێت: "ئەم پیاوە بەچاکی تێگەیشتبوو کە دەنگێک لەنێو دەنگەکاندا بەهۆی تەلیفونەوە شایانی بیستنە لە ڕووناکیش شارەزاییەکی تەواوی پەیداکردبوو کە لە ڕیزگرتندا لە چەند سەد میلەوە چۆن کاریگەر دەبێت. ئەو دوو باش و زانینەی بیژراو

بوو بەهۆی ئەم بیرەوەری پەروەردەکردنە لەمێشکێ دا ـ کە پێویستە و دەبێ بتوانی وێنەی چتی دڵخوازی ئارەزوو لێ بوو لەچەند سەد میل ڕێگا دورەوە بدات" (خ٢، ژ٢٨، ب٢: ٧١٩)

هەروەها زانیاری دەربارەی ئەو زانایانە خراوەتەڕوو، کە بەهۆی زانستەکەیانەوە ناسراون و ڕۆڵیان هەبوو لە دۆزینەوەی ئامێرە نوێیەکان بۆ سوود گەیاندن بە مرۆڤ. لەم ڕووەوە لە وتاری (ئەو پیاوەی سینەمای دۆزیوە)دا، کە ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە باس لەوە دەکات (پیاوێکی سنگ کراوەی دیوانەوار لە کوچەکانی شاری هالبون بەتاولنگی دەدا و دەیقیژاند دۆزیمەوە، دۆزیمەوە...... ئەو پیاوە ولیام فریزگرین دروستکەری سینەما بوو. یەکەم وێنە بزوزەکانی لە قوتابخانەدا وەرگێڕایە سەر پەردە لە خۆشحاڵیدا کەوتبووە کوچەکان هاواری دەکرد و بەدوای کەسێک دەگەڕا کە دروست کردنەکەی خۆی نیشان بدات) (خ٢، ژ١٠، ب١ : ٣٣٢)

داهێنانە زانستییەکان لەتێڕامانە بچوک و سادەکانەوە وردە وردە گەشەی کردووە و مێشک و ژیری زانایانی هێناوەتە جۆش، وەکو جیمس وەتی داهێنەر، نیشانەی زیرەکی و بلیمەتییەکەی لەسەرنجدانی هەڵمی کتری ئاوگەرمکردنەکەی داپیرەیەوە دەرخستووە، کە لە وتاری (هێزی هەڵمی)دا باسی ئەم بابەتە کراوە و (دەروێش عبدالله جباری) کوردویەتی بە کوردی و تیایدا هاتووە: "پاشان چەند ڕۆژگارێک بەسەر جایمس وەت دا تێپەڕی هەر خەریکی لێکۆڵینەوە و بیرەوەری بوو هەتاکو توانی مایەی ئەم بیرە بەرزە بە بەرهەم بێنێت، لە ئەنجامدا ئادەمیزاد هەتا هەتای گێتی ئەم خزمەتە مەزنە لەبیر نەکەنەوە کە بریتییە لەو هێزی هەڵمەی مێشکی جایمس وەتی خستبووە ئیشەوە و ژیانی خۆی لەپێناویا بەخت کرد جایمس وەت هەمیشە ئەیووت ئەگەر بێتو ئادەمیزاد بە بەرهەمی بێنێت بێگومان لە ئەنجامدا سودی هەر ناژمێررێت. ئەم منداڵە نایابە لەساڵی ١٧٣٦ لەشارێک لە ناوچەکانی ئەسکوتلەندە لە دایک بووە" (خ٢، ژ٢١، ب٢: ٥٨٥)

لە وتارێکی تردا سەبارەت بە (نیوتن)، کە ناوی نووسەر و وەرگێڕی وتارەکە نەنووسراون، باسی ئەوە کراوە نیوتن یەکەم کەس بوو هێزی کێشکردنی زەوی دۆزییەوەو تیایدا هاتووە: "ئەو بیرەوەریە تا سێ سەد ساڵ لەمەوبەر کشێنەری زەوی نەدۆزرابووە، ئەوە نەزانرابوو زەوی بۆ لای خۆی چت ڕادەکێشی، بەرد کە هەڵدەهاوێژرێ دەکەوێتە زەوی. ئەگەر بێتوو بتوانین بەردێک دە کیلۆ مەتر لەزەوی بەرەو ژوور بهاوێژین دەبێ ئەو بەردە بۆ سەر زەوی نەگەڕێتەوە چونکە کشێنەری زەوی لەو دورەوە بێ تین تر دەبێ. هەواش توند تر دەبێ و ئۆکسجینی هەوا لەوێدا کەمە. ئەو دۆزینەوە زلانەی زۆر بەکەڵکن ریاضی زانی بەناوبانگی ئینگلیزی ڕێی پێبرد و خستییەکار: نیوتن ساڵی ١٦٤٢ لەشاری لینکلنیشایر لەدایک بووە و لە

گوندێکی کوێستانی دا پەروەردەو گەورە بووە. منداڵێکی بیر تیژ و ئارام و ڕاست و لەسەرخۆبوو، لەدەمی منداڵیدا زۆر زرنگ و پڕ هۆش و لیک دەرەوە بوو" (خ٢، ژ٣، ب١: ١٤٢) بەشێوەیەکی گشتی ئەو وتارە زانستییانەی لەلایەن وەرگێڕە کوردەکانەوە کراون بە کوردی و لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکرانەتەوە، وتاری زانستیی گرنگ بوون و زۆر بابەتی زانستییان تێدا بووە، کە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە نوێ بوون و ئاشانکردنی کورد بووە بە زاناکان و زانستەکەیان و ئەو داهێنانانەی لە بواری زانستی دا ئەنجامیان داوە.

## 5. وتاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری:

بیرکردنەوە و ڕوانین بۆ هەر لایەکی کۆمەڵگا و قسەکردن و نوسین لەبارەی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵ، دەچنە ژێر باری کولتووری نووسینی کۆمەڵایەتی. لەدەنگی گێتی تازەدا چەند بابەتێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە کولتووری بێگانە بڵاوکراوەتەوە.
وتارێک بەناوی (وردبونەوەی جیهان لە دژوارییەکانی جیهان) بە قەڵەمی جولیان س. (هەلکس) و وەرگێڕانی (شێخ حەسەن شێخ مارف) لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە. لەم وتارەدا باس لەو شتانە کراوە، کە دەبنە بۆی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی بۆ هەر تاکێک و دەبن بە هیوای تازە بۆ کۆمەڵ و پێویستە گرنگیان پێبدرێت و بریتین لە (خواردەمەنی بناغەی تەندروستییە، نەخۆشی پاراستن و چارەکردنی، خانووەکان و گۆڕینێکی زۆر، ژیان و چاکتر کردنی، هیوا، ترس). ئەم بابەتانە بە زنجیرە باسێک بۆ پتەوکردنی بناغەی کۆمەڵگە بڵاوکراونەتەوەو تیایدا هاتووە: "بەجۆرێک ئەتوانین زۆرچاک بیر لەگێتیکی وا بکەینەوە هەموو کەسێک ئەوەندەی خواردەمەنی دەسبکەوێ بەشی بکا، لە پێشیەوە هەلی زۆر هەیە، چاک بەهێز بێ، لە خانوویەکی دروستی وادا دائەنیشێ ڕوناکی و حەسانەوە و جوانیی زۆر تیایە، زامنێکی ئابوری (أقتیصادی) و خوێندنێکی باشی ئەبێ بە تووشەوە و هەلیشی هەیە بۆ بەکارهێنانی ژیری و زیرەکی خۆی، هەروەها کاتی بۆشی و حەسانەوەشی هەیە ئا ئەمەیە هیوای گێتی تازە ..... بەڵام بە پلانێکی ورد و رێکو پێکی سەختی هەرەوەزی گشتی نەبێ لەناو دەوڵەتەکانی گێتی دا نایەتە دی" (خ١، ژ٣، ب١: ١١٩) ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بۆ بنیاتنانی باشترکردنی ژیانێکی شایستە لەڕێگەی کاری بە کۆمەڵ و هاوکارییەوە دێتەدی، بەهۆی بەکارهێنانی زانست و پیشەسازییەوە دەتوانرێ ئاستی ئابوری ڕێکبخرێتەوە و ئابوری گونجاو بۆ هەموو دانیشتوانی جیهان دابمەزرێنرێت .
هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاریش لەڕێگای خوێندن و فێربوونەوە دەبێت، جا بۆئەوەی چینێکی خوێندەوار و شارەزا بەرهەمبهێنرێت، پێویستە (قوتابخانە و زانکۆ) هەبن، ئەم

بابەتە لە وتاری (دانشگای هەرە گەورەی گێتی لەسەدەی ناوەنجی)دا باسکراوە، کە لەلایەن (حوسێن حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی. ئەم وتارە باس لە یەکەمین زانکۆ دەکات لە بەریتانیا بە سەرچاوەی گەشەکردنی خوێندن و دروستبوونی زانکۆکانی تر وەکو زانکۆی کامبرج دانراوە، ئەم زانکۆیە بەخوێندنی بابەتی ئایینی دەستیپێکردووە "یەکەمین دانشگا کە لە بەریتانیا دامەزرێنراوە دانشگای ئۆکسفۆرد بوو، لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو دانشگایەدا چەند دەستە مدرسەیک بوو، سور و پشتی پەرستگای سنت فریدس واید و کلیسای أزنی دامەزرێندراوە و تدریسی تێدا کراوە. ساڵی ١١٣٣ڕابرت پۆلن ناو خەڵکی ئینگلتەرە خاوەند جێگەیەکی بەرز بوو لەعلمی حکمت دا لە بابەت ئینجیلەوە ڕیزە دوانێکی لەوێدا خوێندەوە. أکسفۆرد لەسەدەی دوانزەهەمدا خوێندن و فێربوونێکی منتەزمی تێدا دەکرا لەوەرگرتن و دەرس و پێگەیاندنی شاگرد زۆر ڕێکوپێک بوو. لەساڵی ١١٦٧ و ١١٦٨ دا ئۆکسفۆرد بەپێویستی خوێندن دانرا هەرچیک بۆ دڵخوازی ئەوبوو پێکهێنرا، لەسەدەی سیزدەهەمیندا یەکەمین صندوقی بارووبویی دامەزراند بۆ یارمەتی قوتابییە بێ دراوەکان، کە پەرێشان نەبن یارمەتیان بدرێ و دەستیان بگیرێ "(خ١، ژ٣، ب٢: ٥٢٨)

بە دڵنیاییەوە پێشکەوتنی هەر وڵاتێک بەندە بە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و خوێندەواری، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەر زوو درکیان بەو گرنگییە کردووە بایەخیان بە کردنەوەی خوێندنگا و زانکۆکان داوە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت داوە خوێندنگایان بۆ کردونەتەوە. لە وتاری (یاریدەدانی بەریتانیا بۆ فێرکردنی منداڵە کوێرەکان ) لە نووسینی (میستەر جی. م. وتیشی) وەرگێڕانی (حوزنی موکریانی)دا باس لەوە کراوە و تیایدا هاتووە: "لە ساڵی ١٧٩١ دا یەکەمین مدرسە بۆ کوێرەکان لەبەریتانیای مەزندا کرایەوە لەشاری لیڤرپول دامەزرێنراوە لەپێش پایانی سەدەی هەژدەهەمیندا لەگەڵێک شارانی دیکە چوار معهدی تر کرانەوە. لەساڵی ١٨٥٠دا ژمارەی مدرەسەکان بۆ کوێر بە تایبەتی کرانەوە گەیشتنە شازدە مدرسە و معهد، پیاوە نووسەرە گەورە بەناوبانگە زاناکان بە چاکترین تەقەلا خۆیان تێدا ماندوو ئەکرد، باشترین ئاثار و نووسینەوەیان بۆ ئەو مەبەستە کۆدەکردنەوە، ئەو مدرسە و معهدانە لەدەمی کردنەوەیاندا بۆگەلێک ئارەزوو مەبەست چاک کرانەوە، یەکەمیان بۆ فێرکردن و پێگەیاندن، دووەمیان فێرکردنی لاوان و پرتین و بە دەسەڵاتیان بوو دۆزینەوەی هەموو جۆرە پیشە و کارێ کە لەدەست بێ..." (خ١، ژ٤، ب٣: ٣٠٠)

خوێندن و زانین دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تاکی بیر فراوان و لێبوردە، هەر ئەو تاکانەش دەبن بە هۆی دروستکردنی خێزان و کۆمەڵگایەکی هۆشیار. ئەم بابەتە لە وتاری (ئەوەی خۆشت دەوێت)دا خراوەتەڕوو، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی. وتارەکە

باس لەوە دەکات مرۆڤ بەهۆی خۆشەویستی و لێبوردەییەوە دەتوانێت گوزەرانێکی باش لەگەڵ دەوروبەری بکات و دەڵێت: "ئێمە هەموومان هەموو ڕۆژێ ئیشی زۆر گران بە ئاسانی دەتوانین جێبەجێ بکەین . ئەویش هەستمان لێی ببورێ ...... مەبەست لەدەمێکە لەدەمانی لێبوردن و چاو لێپۆشی تەنیا ئەمەیە، بەو دەمە بنەماڵە و ماڵێک تێکنەدرێ و توشی هەڵگێڕ و وەرگێڕ و گۆڕین نەکرێ، چونکە ئەو دەمە چاوپۆشی نەکرێ و لێ نەبورێ خانومانێک تێکدانی زۆر نزیکێکی ئەوتۆیە بنج ناکرێتەوە. گەلێک جار وا هەڵکەوتووە بەدەمێکی زۆر کورت چلۆنی ژن و مێرد، نەتەوە، بنەماڵە ئیشێکی زۆرزل، گۆڕینێکی بەسەردا هاتوو، تێکچووە و وەرگەڕانی دووچاربووە" (خ١،ژ٤، ب٣: ٣٣٨)

ئازادی تاکەکەسی دەبێت بەهۆی باشترکردنی باری ئابووری وڵات و دەستەبەر کردنی هەرزانی لەو وڵاتە و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، لەم ڕووەوە لە وتاری (سویسرە هەرزانی لەڕێگەی ئازادیەوە)دا، کە ناوی نووسەر و وەرگێڕیش نەنووسراوە، باس لەوە کراوە سەرەڕای ئەوەی سویسرا وڵاتێکی بچوکە و پڕە لە مرۆڤ، کانی ئاسن و خەڵوز و نەوتی تێدا نییە، وڵاتەکەشی لەهیچ لایەکەوە بە زەریاوە نەنوساوە، لەگەڵ ئەوەشدا سویسرییەکان زۆر بەختەوەرن ئەمەش بەهۆی ئەوەی "شتێکیان پاراستووە ... ئەویش ئازادی تاکیە هیچ گومانی تیا نییە بۆیە گەشتونەتە ئەم هەرزانییە چونکە نەتەوەی ئازادن..... هەرکەسێک پێویستە خۆ بەخۆی خۆی چارەی دژواریەکانی خۆی بکا و هەر خۆی لێپرسراوی خۆیەتی، بە تەنیا بۆ ژیانی خۆی تێ ئەکۆشێ و ئازادە لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانیا. سەرەڕای ئەوە هەموو سویسرییەک بە تەواوی چۆتە مێشکییەوە، خۆش ڕابواردنی یەکێکیان بە خۆش ڕابواردنی هاوڕێ (ڕەفیق) و دراوسێکەیەوە بەندە" (خ٢، ژ١٢، ب١: ٣٧٢)

سروشت یەکێکە لەو نیعمەتە جوانانەی خراوەتە خزمەتی کۆمەڵگاوە، دڵی مرۆڤیش وابەستەی ئەو دروستکراوانەی سروشت دەبێت. یەکێک لەو جوانیانەی سروشتی ڕازاندۆتەوە (گوڵ) ە لە وتاری (بانووی گوڵان) دا، کە لەلایەن (حەسەن شێخ مارف)ەوە کراوە بە کوردی، باس لە باخچەیەکی ڕازاوەی ژنێکی پیری لاواز دەکات، کە گوڵەکان ڕێکخراون و وەکو شەپۆلێکی گوڵ دێنە بەرچاوان، چەندین ناوی گوڵمان پێدەناسێنێت و دەڵێت: "پەنجەی بۆ حەوزێکی گوڵ درێژ کرد لەنزیکمانەوە بوو وتی ئەمانەن گوڵەکانی بەری دەستی ڕێوی، گوێ مشکەکان، زەنبەقەکانی دۆڵ، بنەوشە، ئەقحەوان من پێی ئەڵێم گوڵی کۆن چونکە لەچەن سەدەیەکەوە لە ئەورووپا ناسراون. بەڵام ئا ئەوانە پەنجەی بۆ گوڵەکانی فوسکیە، قەیفە، مەلوری بەژی، بیوی مەرج، ڕاکێشا۔ گوڵی تازە و بێگانەن کاروانییەکان لەکاتی وریابونەوەی ئەورووپادا دۆزیویانەتەوە و بردوویانن بۆ وڵاتەکانی خۆیان. دەسی کرد بە باسکردنی دێریکی هەموو

گوڵەکانی وتی هەندێکیان بازرگانەکان لە هندستان و مەکسیک و قارس و شامەوە لەسەدەی ١٦ هەمدا هێناویانن، هەروەها خزامیش لە قوستەنتنییەوە هاتووە لە پاشان گوڵی سالوس و بەسەلە و مێخەکی هندیش پەیدا بوون باسی گەڵێ گوڵی تریشی بۆ کردم وەکو گوڵی خەشخاشی سوری کاڵ و گوڵی فلۆکسی ئەرخەوانی" (خ١، ژ٥، ب١: ٢٤٣)

جەژنی لە دایکبوون وەک کولتوورێک بۆتە شتێکی باو لە ناو خێزان و نەتەوەکانی جیهاندا. ئەگەرچی ئەم کولتوورە هی بێگانەبووە، بەڵام لەناو میللەتانی ئەم ناوچەیەشدا بڵاوبووەتەوە. لەم ڕووەوە وتاری (لە جەژنی لە دایکبوونی خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەڵی دووەمدا)، کە لەلایەن (تۆفیق وەهبی)یەوە کراوە بە کوردی، پەیامەکانی مەلیک فەیسەڵە بە عەرەبی لەڕادیۆی لەندەن، کە بۆ نەتەوەی عەرەب و ئینگلیزە بەرامبەر ئەو پیرۆزباییانەی لەیادی لەدایکبوونیدا لێیکراوە. لەو پەیامەدا مەلیک فەیسەڵ شانازی بە زمانەکەیەوە دەکات و دەڵێت "زۆرم پێخۆشە بۆجاری دووەم لەڕۆژی لەدایکبوونمدا نەک هەر ژێر دەستەکانی خۆم، بۆ گشت دانیشتوانی ئەو وڵاتانە بدوێم بە زمانە خۆشەویستە جوانەکەمان ئەخێون، زمانە شەریفەکەمان زۆر کۆنە ڕادیۆیش داهێنراوێکی تازەیە خۆشبەختییە کۆن و تازە یەکئەکەون بۆ یەکخستنمان" (خ١، ژ٢، ب٢: ٤١٦). هەروەها مەلیک فەیسەڵ لە پەیامی دووەمیدا هاوکاری و پاڵپشتی و ئومێدی خۆی بۆ ئینگلیز دەردەبڕێت و دەڵێت: "ئێمە هەموومان لەعێراق هەتا لەدەستمان دێ یاریەی{یارمەتی} ئەو سوپایەی ئینگلیز ئەدەین لە وڵاتی مندا خزمەت ئەکەن" (خ١، ژ٢، ب٢: ٤١٧). لەم پەیامانەی مەلیک فەیسەڵدا دەردەکەوێت، ئەوە هەر کورد و نووسەرانی دەنگی گێتی تازە نەبوون، کە ئومێدیان بە خزمەتەکانی ئینگلیز هەبووە، بەڵکو نەتەوەی عەرەبیش ئەو هیوایەیان لەسەر یارمەتیدان و خزمەتکردنی ئینگلیز بۆ وڵاتەکەیان هەڵچنیوە. هەر لەم بارەیەوە، و.ل فیلتشیفسکی ئەو دامەزراوە ڕۆشنبیری و ڕێکخراوە سیاسیانەی کورد لە سەرەتای جەنگی جیهانی دووەمەوە لەعێراقدا دەخاتە ڕوو یەکێک لەوانە گروپێکی ئاینییە، کە پشتگیری کورد و عەرەبی لە گۆڤاری (رؤيا المسلمين) (طريق المسلمين)دا بۆ بەریتانیا دووپاتکردۆتەوە. (لازاریف،٢٠٠٦ : ٢٧٧)

## 6. وتاری مێژوویی:

لێرەدا مەبەستمان ئەو وتارە مێژووییانەیە، کە تایبەتن بەکولتووری بێگانە و دەربارەی شوێنەوار و ڕوداوە مێژووییەکانن، هەروەها مێژووی پەیدابوون و دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئەو ئامێر و کەلوپەلانەش دەخەینە بەرچاو، کە لە دێرینەوە چۆن دروستکراون و داهاتون و وردە وردە بەرەو پێش براون. سەرەتاش بە وتاری مێژووی (شکان وگەڕانەوەی

گسەنەفۆن ) دەستپێدەکەین، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی. ئەم وتارە باسی مێژوو و شکانی سەردار و سوپای دە هەزارکەسی یۆنانی بەناوبانگ گسەنفونە، لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین، کە لە کتێبی گەزنەفۆندا خراوەتە ڕوو و باس لەوە دەکات لە خاکی دیجلەوە هاتوون ڕووبەڕوی گردۆکەکان بوونەتەوە و شەڕ لەنێوانیاندا ڕوی داوە، سوپای یۆنانی شکاون و بەهۆی سەختی شاخەکان و ڕێگاکانەوە نەیانتوانیوە ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون بدۆزنەوە. دوو دیلی گردۆکەکانیان لەبەردەستدا دەبێت، داوایان لێدەکەن هاوکارییان بکەن بۆ دەربازبوون. بەهۆی هاوکاری نەکردنیان لەلایەن دیلەکانەوە، سەری یەکێکیان دەبڕن. ئیتر ئەوی تریان پێشڕەوییان دەکا بۆ دەرچوون، بەڵام گردۆکەکان بەسەختی بەردبارانیان دەکەن و ڕێگای دەرچونیان نادەن. گسنەفۆن زۆر ڕێگا تاقی دەکاتەوە، بەڵام سەرکەوتونابێت. لە شەوێکدا گسەنەفۆن خەونێکی خۆش دەبینێت، لەو خەونەدا ئومێدێکی پێدراوە، کە یارمەتی دەدرێن. کاتێک لە خەو هەڵدەستێ لەخۆشیدا ئاژەڵ دەکات بە قوربانی. بەسرودی جەنگی یۆنانی (رب النوع أپولون) دەست دەکەن بە بەرەنگاربونەوە، لەدوای ئەوە لەشکری یۆنانی بەرەو خاکی ئەرمەن دەپەڕنەوە (خ١، ژ٥، ب١: ٢٣٢)

لە مێژووی ژیانی نەتەوە کۆنەکانی سەرزەویدا، کۆنترین نەتەوە سۆمەرییەکانن، سەبارەت بە سۆمەرییەکان "مێژوونوسی بەناو (تۆینبی) دەڵێت: دۆڵی دوو ڕووباری دیجلەو فوڕات خاوەنی شارستانییەتێکی ڕەسەنە، چونکە لەو جۆرە شارستانییەتانەیە، لەشارستانێتی پێش خۆی پێکنەهاتووە، بەڵکو هەر لەچاخەکانی پێش مێژووەوە دامەزراوە و پەرەی سەندووە" (الدباخ،٢٠٠٥: ٥). ئەو شارستانییەتە لە وتاری (پەیدابونی شارستانیەتی لەوڵاتی مەیان دوو ڕوباراندا) باسکراوە، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی. لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا یەکەمین نەتەوەی شارستانی و پێگەیشتون لەنێوان دوو ڕوباردا نیشتەجێ بوون، کە کارەکانیان ئەمانە بووە "ئیشی گەلێک بەڕیزو کاری پڕسودیان کردووە کارێز و چاڵاوی گەورەیان لێداوە چەم و جۆگەی گەورەیان کێشاوە، سەد و بەنداویان هەڵبەستووە، ئاوبردن و ئاودێری بۆ خاک کرابوو بە دەستورێکی تایبەت، بۆ کێڵان و چاندن لەسەر تا خواری ئەمبەر و ئەوبەری ڕوبارەکان کرا بوون بە بەند و جۆگە ئاویان لێهەڵگرتبوون، بۆ ئاژەڵداری و مەڕوماڵات بەخێوکردن گەلێک سەرکەوتوو بوونە. شارەکانیان لەترسی لافاو لەجێگا بەرزەکاندا دامەزراندبوو. یەکەمین قەومێکن نووسینی بزماریی یان داهێنا ئەو نووسینەیان لەسەر پارچەی قوڕ دەکێشا وشکیان دەکردەوە، وردەوردە گەشەیان بە نوسیندا. ڕۆژنامە و ساڵنامە (تقویم)یان بەپێی مانگی قمری و گەڕانی مانگ دانابوو. هەر شارێکیان سەربەخۆبوو حاکمی خۆی هەبوو حوکمی دەکرد بەو حاکمە دەوترا (پاتسی). هەر شارێکیش خودای تایبەتی خۆی

هەبوو نەزری بۆ دەگێڕرا و گای بۆ سەر دەبڕرا و پەرستش و نوێژی بۆ دەکرا. لە هەموو نەتەوەی سەدەکانی پێشوو سەرکەوتوتربونە لەلایەن مێژوونووسانەوە بە (گوڵ)ی سەدەکانی مێژووی کۆن هاتونەتە ژمارە) (خ١، ژ٥، ب٢: ٤٥١)

لەم باسانەی تردا نیشان دەدرێت، چۆن مرۆڤ دەستی هەبووە لەمێژوی دروستکردن و داهێنانی گەلێک شتی بە نرخ لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بۆ پێشکەوتنی شارستانییەت و گەشەپێدانی ئەو کەلوپەلانە و دێرێکی ئەو شتانە دەخاتەڕوو.

وتاری (کەشتی چۆن بەکارهێنرا)دا، کە لەلایەن (دەروێش عبدالله جباری)یەوە کراوە بە کوردی، تایبەتە بە مێژووی دروستکردنی کەشتی و باس لەوە دەکات لەو کاتەوەی مرۆڤ چاوی هەڵهێناوە خۆی لەلای ڕوبارەکان بینیوە، ناچار لەبەر جێبەجێکردنی ئیش و کارەکانی بیری لە داهێنانی کەشتی کردۆتەوە. سەرەتا بە شێوەیەکی سادە و ساکار درەختی دارەکانی دەبڕی و دەچووە سەر ئەو تەختە لەناو ئاودا دەڕۆشت بۆ ئەو شوێنەی مەبەستی بوو، ئەمەش وایکرد ساڵ بەساڵ بیرەوەری ڕوونتر دەبوەوە، دوای ئەوە درەختەکانی کۆدەکردەوە و دەیبەست بە یەکەوە تاوەکو وایلێهات لەبری بە یەکەوە بەستنی درەختەکان، درەختە گەورەکانیان هەڵدەکۆڵی و بەکاریان دەهێنا. یەکەم هەنگاو بۆ پێشکەوتن لە سەردەمی میسرییە کۆنەکان لە دەوروبەری سەدەی دەیەمی پێش میلادی دابوو دوای ئەوان فینیقییەکان باشتر لە میسرییەکان توانیان کەشتی دروست بکەن یەکەم کەس بوون پشتیان بۆ کەشتی دروستکرد لەیەکیان جیاجیا کردەوە. چەتر و با یان بەکارهێنا. لەسەردەمی بەتالیسەکان لە سەدەی دوانزە دەرزی موگناتیسی تێدا دروستکرا، بەمە دەسەڵاتی کەشتیوانەکان فراوان بوو دەچون بۆ ئەو شوێنانەی نەدۆزرابونەوە. زۆری پێنەچوو ئەمەریکا بەهۆی کریستۆڤ کۆلۆمبوسی بەناوبانگەوە دۆزرایەوە، هەر لەم وتارەدا قۆناغەکانی تری گەشەدان بە کەشتی باسکراوە (خ٢، ژ٢٥و٢٦، ب٢: ٦٥٧)

یەکێک لەو پێویستییە مێژووییانەی لەدوای نووسینی بزماری دۆزرایەوە مێژووی مێخی ئاسنین (بزمار) بوو، کە لەلایەن دارتاشەکانەوە بەکارهێنراوە. پیشەی دارتاشین کۆنترین پیشەیە، کە بەر لەمێژوو دۆزراوەتەوە. لە دەنگی گێتی تازە بە (٣) سێ بەش لە وتاری (چۆن ئادەمیزاد بەکەڵکی هێنا)، کە (دەروێش عبدالله جباری) وەریگێڕاوە بۆ کوردی، باس لە دروستکردن و داهێنانی بزمار کراوە و تیایدا هاتووە: "ئەم جارە لەم بابەتەوە زۆرباش بۆمان دەردەکەوێت ئەو شتەی شایەنی لێکۆڵینەوەو شانازی و هەوڵ و تەقەلایە (بزمار)ە، لە بچوکترین شتەکان دەژمێررێت بە دەگمەن ئاوڕی لێدراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت گەورەترین کولەکەی ئاوەدانییە لە گرنگترین پێویستییەکانی مرۆڤە.

چونکە بەبێ ئەوە پێیان ناکرێت ماڵ و کۆشک و تەلار و پرد و کەشتی و هەندێ پێویستی دیکە دروست بکەن) (خ٢، ژ٣٥، ب٢: ٨٥٩). سەرەتا یەکەمین هەوڵی شارستانی دارتاش، کە بە هۆیەوە دەیتوانی پارچە دارەکان پێکەوە بلکێنێ، بزمارێک بوو لە کەرتە دارێکی کونکراو کەشتی و کۆشک و شتی تریان پێ دروست دەکرد. دواتر بزمار بەرهەم هات. ئەم ئەرکە سەخت بوو لە کاتی ئامادەکردنی پۆل پۆل کۆڕیان دەبەست، هەریەکە ئەرکێکی دەگرتە ئەستۆ هەندێک ئاگریان دادەگیرسان هەندێکی تر خەریکی ئامادەکردنی ئاسن بوون ئەوانی تر دەیاندایە بەر ئاگرەکە و گەرمیان دەکرد، لە پاشان دەیاندایە بەرلێدانی چەکوش و بزماریان پێ دروست دەکرد، ئەم ئەرک و ماندوبونە (ولکسونی) خستە سەر بیرکردنەوەو لە ساڵی ١٧٧٧م ئالەتێکی ئاسنی بۆ داهێنا ئاسنگەرەکانی لەئازاری چەکوش لێدان ڕزگارکرد (خ٢، ژ٢، ب٢: ٩٠٠)

سەرچاوە مێژووییەکان لەسەر زۆرشتی کۆن و کولتووری هەمەڕەنگ وتاریان نووسیوە، ئەو نووسینانە دەماودەم و پشتا و پشت هاتوون. ئەمانەش لە چۆنیەتی ژیان و هەڵسوکەوت و جلوبەرگ و ڕوداوەکاندا دەرکەوتوون، لەوتاری (کۆنترین بەرگ)دا، کە (محمد ساڵح سعید) وەریگێڕاوە بۆ کوردی، باس لەوە کراوە لە پێشدا مرۆڤ بەڕووتی ژیاوە و هیچی نەزانیوە، ساردی و گەرمی کاری لە لەشی کردووە. بۆ پاراستنی خۆی قوڕی لە لەشی داوە، ئێستاش دانیشتوانی جزیرەی (ئەنداما‌ن) قوڕ لە لەشی خۆیان هەڵئەسون، زۆربەیان پێش ئەوەی قوڕەکە بە لەشیانەوە وشک بێتەوە دەینەخشێنن بۆ ئەوەی بەرگەکەیان جوانتر دەرکەوێت. پاش ئەوە مرۆڤ بیری لە بەرگێکی باشتر کردەوە و گەڵای دارەکانیان بەکارهێناوە، بە لینجی درەختەکە بەیەکەوەیان نوساندووە. ئێستاش لەناوچە جیاوازەکان گەڵای درەخت بۆ جلوبەرگ بەکاردەهێنن. دوای دەستکردن بە ڕاوکردن، پێستی نێچیرەکەیان بۆ جل بەکارهێناوە، پاشان جۆلایی و چنین پەیدابوو، ئەوروپییەکان و ئەمەریکییەکان کارگەی چنینیان دامەزراند (خ٢، ژ٢٢، ب٢: ٦٠٠).

لە دەنگی گێتی تازەدا باس لە مێژووی چۆنیەتی فراونبوونی پێگەی ژنان لە ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا و کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو کراوە. وتاری (ڕێگانیشاندەری ڕاستی)، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی، تایبەتە بە مێژووی سەرەتای داواکردنی مافی ئافرەتانی ڕۆژئاوایی لەلایەن ئافرەتان خۆیانەوە، بە سەرەتای دەستپێکی سەرهەڵدانی ڕێبازی فیمینزمی ژنان و مێژووی ئەو ڕێبازە دادەنرێت، ئەمەش ئەو کاتە بوو، کە لە شاری شیکاگۆی ئەمەریکا کۆبوونەوەی پیاوان دەبێت، بەڵام زۆر کەم ژن ئامادە دەبن، لێرەدا کچێکی جوانی تازە تەمەن بەوە دەستی بە قسەکردن کردووە، کە دەڵێت: "خوشکی گەورە و برا گەورەکانم ئەمن سوزان ئەنتۆنیم بەو ئومێدە هاتووم، خواستنی پترکردنی ئازادی

بکەم بۆ کچە هاوخوێنە دەستە خوشکەکانم. لەو دەمە پیاوێک قسەبڕی کرد، بەوەی وا دەخوازن ژنیش وەک پیاو دەرپێ لەپێ بکەن، هەیوانەکە بە جارێک لەقاقای پێکەنین پڕبوو، یەکێک لە پیاوە هەرزەکان قیژاندی جا بۆچی شوناکەن؟ تویکڵە تەماتەی بۆ کچەکە هاوێژت و لەسەر و سنگی دا.... لەپاش ئەوە هەموو پیاوەکانی هەیوان بە تویکڵە تەماتە و تویکڵە شوتی و سەوزەی گەنیو و هێلکە کچەکەیان داگرت" (خ١، ژ٢، ب٢: ١٤١)، بەڵام ئەم ئیهانە و تەشهیرکردنانە لەهەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی مافی ئافرەت ساردی ناکەنەوە و پاش چەندین هەوڵ و نائومێدکردنی لە ساڵی ١٨٥٧ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، بەڵام سێ ساڵ دوای ئەو بەرواره سەرەتای سەرکەوتنی سوزان بوو بۆبەدیهێنانی ئاواتەکانی.

یەکێکی تر لە وتارەکان (چۆن تەلەگراف داهێنرا) وەرگێڕی (دەروێش عبدالله جباری)یە. باس لە مێژووی داهێنانی تەلەگراف دەکات، لەلایەن زانایەکی ئەمەریکی (صموئیل فنیلی مورس)ەوە. سەرەتا دڵڕەقانە لەگەڵی جوڵاونەتەوە و بە چاوی سوکەوە تەماشای کارەکەیان کردووە و یارمەتییان نەداوە. لە دوایدا توانی بە دڵێکی پڕ باوەڕ و کۆششێکی بەتین بەرهەڵستی نەگبەتی و بەربەرەکانی لەگەڵ چەڵەمە و کۆسپا بکات و سەرکەوتوو بێت، سەرەڕای ئەوەی هیچ سەروەت و سامانێکی نەبوو جگە لەپاکی و باوەڕی بەتینی. ئەمەش لەدوای ئەوەی چوارساڵ چاوەڕوانی وەڵامی حکومەتی کرد بۆ یارمەتیدانی، لە کۆتاییدا بڕیاریاندا (١٠٠٠٠) ریاڵ یارمەتی بدەن بۆ ڕاکێشانی هێڵی تەلەگراف لەبلطیمورەوە بۆ واشنتون لەپاشان توانی هێڵی ناوبراو دابمەزرێنێت. (خ٢، ژ٣٣، ب٢: ٨١٧) ئەم وتارە لەدەنگی گێتی تازەدا بە (٢) دوو بەش نوسراوە لەهەمان بەرگدایە لە لاپەڕەکانی (٨١٦) و (٧٩٥).

یەکێک لەپێویستیە گرنگەکانی ژیان، کە بۆ کاروباری ڕۆژانەمان بەکاری دەهێنین (ئاگر)ە. مێژووی بەکارهێنانی ئاگر و پاشان گەشەکردنی بووە بەهۆی داهێنانی زانستی و بەرهەمهێنانی گۆگرد. ئەم بابەتە لە وتاری (زانا و پیشەسازەکان چۆن بەرهەمیان هێنا)دا باسکراوە، کە لەلایەن (دەروێش عبدالله جباری)یەوە کراوە بە کوردی و تیایدا هاتووە: "هەر لەسەرەتاوە تاکو ئەم چاخە گرنگترین پێویستیەک کە بۆتە هۆی پێشکەوتنی نەتەوەی ئادەمیزاد.... یەکەمجار ئادەمیزاد توانی بەهۆی بەردە زلەکانەوە ئاور بدۆزێتەوە ئەگەر سەرە بەردە زلەکانی لەیەکدی بدابایە بەمە لاسایی تەبیعەتی کردەوە و توانی ئاور بەرهەم بهێنێت. لەدوایدا توانی نوکی دارە بچوکەکان لەیەک بدا و ئاوری پێ بکاتەوە. هەتا ئێستاش خێڵە کێوییەکان هەندێکیان پەیڕەوی چینی سەدەکانی ڕابردوو دەکەن مێژوونوسەکان ئەگێڕنەوە زانایانی یۆنانی و ڕۆمییەکان یەکەم کەس بوون لەسەرەتادا زەڕەبینیان دۆزیوەتەوە تیشکی خۆر کۆ ئەکاتەوە .... ئادەمیزاد تا دەوروپشتی سەدەی نۆزدەم دەنکە گۆگردیان نەدۆزیبوەوە لە ساڵی ١٨٢٧دا پیاوێکی ئینگلیز

(ووکر) یەکەم چەشنی شەمچەی بە کەڵک هێنا، کە ئەویش بریتی بوو لەچەن دەنکە گۆگردێکی وشک سەرەکەی بەنەوت داپۆشرا بوو" (خ٢، ژ٣٠، ب٢: ٧٥٨)

لەبەر ڕۆشنایی ئەو وتارە مێژوویی و داهێنانە گرنگانە، ڕووندەبێتەوە هەروەک چۆن داهاتوو زادەی ئێستا و ئەمڕۆمان دەبێت، ئەمڕۆشمان زادە و بەرهەمی دوێنێ و ڕابردوومانە. هەرنەتەوە و گروپێکی کۆمەڵایەتی پشت بەهەوڵ و داهێنانەکانی دوێنێ و ڕابردوو دەبەستێت و بەمەش بایەخی مێژوو دەردەکەوێت. لەتۆمارکردنی تۆمار و یاداشتە گرنگەکانی ڕابردوو و ڕوداوەکان لەلایەن مێژوونوسەوە قەڵەم دەخرێتە سەر کات و شوێن و هۆکارەکانی ڕوودانیان و پەیوەندیان پێکەوە ڕووندەکرێتەوە، کاریگەرییان لەسەر یەک و ڕوداوەکانی داهاتوو نیشان دەدات. مەرجیش نییە هەموو شتەکان وەک خۆی بگوێزرێتەوە لەوانەیە گواستنەوەی وێنەیەکی نزیک لەبابەتەکە بخرێتە بەردەست.

## 7. وتاری گەشتنامە:

حەز و ئارەزووی مرۆڤ بۆ شارەزابوون لە بوارە جیاجیاکان و چێژوەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری، حەز و ئارەزوویەکی سروشتییە و زۆرجار لە ڕێگەی گەشت و گەڕانەوە بە دەست دەهێنرێت. ئەو کەسانەی چوون بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان، لە کاتی پرۆسەی گەڕان و گەشتیاریی بۆ شوێنێک یان چەند شوێنێک، دەربارەی ئەو گەشتانەیان زانیارییان نووسیوە، بەو نووسراوانەش دەوترێت گەشتنامە. لەم ڕووەوە وتاری (خوێندنی زمانەکانی ڕۆژهەڵات لە لەندەن)، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی و لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکات خوێندنی زمانەکانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە گەشتیارەکان لەلایەن کۆمەڵەیەکەوە ڕێکخراوەو تیایدا هاتووە: "پازدەی مانگی مارت ساڵی ١٨٢٣ لەگەڕەکێکی تازەی لندن لە خانوبەرەیەکدا لەلایەن چەن کەسێکی پڕ مێشکی بەناوبانگەوە، کۆمەڵێک بەسترا بۆ ئەوەی چەند ئەندامێکی بەکاری پڕهێز پێکەوەنێن بۆ دۆزینەوەی ئەندامەکان ، بیرەوەریان کرد بۆ وردبینی و دامەزراندنی کۆمەڵەیەک تەقەلا بدەن ئەو کۆمەڵەیە شایەن و لەدەستهاتوو بێ و پێی بکرێت. بۆ شێوە و زمانی ڕۆژهەڵاتیان و عیلم و فن و هونەریان تێبکۆشن، وە بشێ (بتوانێ) بۆ ئارەزووش دڵخۆشی بدات و هانبدات، هنری تۆماس کۆلبریوک سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیەی خستە دەست خۆی" (خ١، ژ١، ب٢: ٣١). ئەمە ڕێگای خۆشکرد بۆ ئاشنایی و یەکترناسین و شارەزابوون لە کولتووری کتێب و هونەر و زانستەکانی تر و کولتوور و نەریتی وڵاتەکان. ئێستاش بەشی تایبەت لە زانکۆکاندا کراوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی ئارەزوویان لە گەشت و گەڕانە بەجیهاندا. جا لە بەرئەوە دەڵێین گەشتکردن

نەریتێک و کولتوورێکی نەتەوەیی و بێگانەشە هەمیشەش ناوچەکانی ڕۆژهەڵات جێگای گەشت بۆ کردن و تێڕامانی ڕۆژئاواییەکان بووە، چونکە "شێوازێکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕۆژهەڵات لەسەر بنچینەی ئەو پێگە تایبەتییەی ڕۆژهەڵات هەیەتی لە ئەزموونی ئەورووپای ڕۆژئاوا. ڕۆژهەڵات هەر تەنیا هاوسێی نزیکی ئەورووپا نییە، بەڵکو ئەو شوێنەیە کە ئەورووپا بەرینترین و دەوڵەمەندترین و کۆنترین کۆڵۆنییەکانی خۆی لێ دامەزراندووە، سەرچاوەی شارستانی و زمانەکانیەتی، ڕکابەری کولتووری خۆیەتی، ڕۆژهەڵات وێنەیەکی ئەوی تری پێشکەش دەکات" (عومەر، ٢٠١٨: ٢٨)

ڕۆژئاواییەکان بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان فێربوونی زمانیان بە مەرجی سەرەکی داناوە، ئەم بابەتە لە وتاری (گەورەی ڕۆژهەڵاتیەوانان) خراوەتەڕوو، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی و تیایدا هاتووە: "یەکەمین کەسێکی لە ئینگلیزستان دا زمانی ڕۆژهەڵاتیان فێربووە لە زانیاری و زانستی هونەری ڕۆژهەڵاتی دواوە. کتێبانی لە زمانی ڕۆژهەڵاتییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕۆژئاوایی لەو ڕووەوە ناونیشان و ڕێزی بۆ پەیدابووە و جێگەی بڵندی لەنێو ڕۆژهەڵاتییەوانەکانی بەریتانیادا دەستخستووە، ئەوە میکائیل سکوت، زانای بەناوبانگە"(خ١، ژ١، ب٢: ٦٠). جگە لەوەی باسکرا، گرنگیی خاک و سامانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاواییەکان وایکردووە بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان هەمیشە چاو ببڕنە ڕۆژهەڵات و نەتوانن دەستبەرداری ببن. سەرەتا لە ڕێگای ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە بەهۆی کولتووری گەشتکردنەوە هاتونەتە ئەم ناوچانە و سەبارەت بە ناوچەکە شارەزاییان پەیدا کردووە. لەم ڕووەوە وتاری (ڕۆژهەڵاتناسە گەورەکانی ئینگلیز)، لە وەرگێڕانی (حوزنی موکریانی)، باسی تازە پێگەیشتوو نەوجەوانێکی هۆشیار و زرنگی ئینگلیزی ناوچەی سکۆتلەندی دەکات، لەڕێگای کۆمپانیایەکی هندی بە گەشت ڕۆشتووە بۆهندستان. بە دڵگەرمی و ئارەزوویەکی زۆرەوە  خۆی فێری زمانی فارسی کردووە. لە ساڵی ١٨٠٠ ڕۆشتووە بۆ ئێران، لەو سەردانەدا دەچێتە لای فتح علی شای قاجاری و گرێبەستێکی بازرگانی و چەند شتێکی دیکەی سیاسی کردووە. چوونە ئێرانی زۆر پێخۆش بووە، لەپاش دە ساڵ هاتوچۆکردنی بۆ ئێران، لێکۆڵینەوەی گەورەی لە کتێبە دەستنوسەکانی ئێران کردووە. لە هەر لایەک کتێبی دەستنووسی مێژووی ئێرانی دەستکەوتبێت، کۆی کردونەتەوە، وەکو کتێبە مێژوویەکانی (تەبەری، تاریخی الفی، تاریخی وصفا، روضە الصفاء، حبیب السیر، مسالک الممالک، صفرنامە، أحسن التواریخ زبدە التواریخ، تاریخی عالم أرای عباسی، تاریخی رشدی، تاریخ نادری) و چەند نوسخەیەکی زۆر کۆنی شاهنامەی فیردەوسی. ئەوانە هەموو لەمۆزەخانەی بەریتانیادان و لەڕێگەی ئەو گەشتیارەوە (سیرجان مالکولم) خراونەتە ئەو

مۆزەخانەوە، پاشان کە گەڕاوەتەوە ئینگلیزیستان، لە ساڵی ١٨١٥ مێژووی ئێرانی لە سەدەی زۆر دورەوە هەتا چاخی خۆی بەزمانی ئینگلیزی نووسیوەتەوە و کردوویەتی بە دوو بەرگ و لە لەندەن لەچاپی داوە..) (خ١، ژ٣، ب١: ١٢٦). گەشتیارەکان بەمەبەستی جیاجیا سەردانی ناوچەکانیان کردووە، سیرجان وەک مێژوونوسێک کاری کردووە و هانی ڕۆژهەڵاتناسانی دیکەی داوە سەردانی ئێران بکەن.

یەکێکی تر لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی گەشتی کردووە بۆ ئێران و گەلێک کاری ئەنجامداوە، لە وتاری (سەرهنری ڕولسن)ی ڕۆژهەڵاتناسدایە، کە (عبدالمحسن هوشیاری هەورامانی) وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی. پاش خستنەڕووی ژیان و لەدایک بوونی باس لە گەشت و کارەکانی لەو ناوچەیە کراوە، لە گرنگترین کارەکانی "گەشتە همدان نوسراوی بسماری گەنجنامە، کە لەداوێنی چیای ئەڵوەندایە دەینووسێتەوە، ئەگەنە کرماشان بۆی ئاشکرا ئەبێت لەسنوری بەری ئەم شارەدا خانوی زۆرکۆن و نیشانەی دێرینی ئێران هەیە دەست ئەکا بەنوسینەوەی کێلی خەتی بسماری (تاقەوسان) ئەم جێگایە لە تافی بارام و باوکی و پاشاکانی ساسان دا باخی شاهانە بوو، تاقێکی زۆر بەرز و پانە لە ناوەڕاستی شاخەکەدا تاشراوە، دوو هەیوانی کەوانەیی گەورەی لێدابڕراوە لەناو یەکێک لەو هەیوانانە تاپۆی ئەسپێکی گەورە کێشراوە دیواری ئەو هەیوانانە بە نیگاری گیانلەبەری جیهان، پەلەوەر، ئاژەڵی کێوی و ئاوی، ئادەمیزاد هەڵکەنراوە لەژێر ئەو تاقە گەورەیە کانیاوێکی سارد هەڵئەقوڵێت هەتا چاو بڕکا باخ و گوڵزاری ڕەنگاوڕەنگ و چیمەنە) (خ١، ژ١، ب١: ٣٩)

لە وتاری (پێشنیاری مستەر هەل رابی نو)، کە (عبدالمحسن هوشیاری هەورامانی) وەریگێڕاوە بۆ کوردی، تیایدا باس لەوە دەکات، ناوبراو لە ساڵی ١٩٠٢ رەئیسی شعبەی بانکی کرماشان بووە، دۆستێکی خۆشەویستی داوای لێکردووە لەم سەفەرانەیدا یادگارییەکی بەسوود فەراهەم بکات ئەو خواهیشتە وایلێکردووە بە پێویستی زانیوە لە بابەت چۆنیەتی ڕابواردن و جغرافیا و هۆز و تیرەی جیاجیا تەحقیقاتێکی جوان بنووسێت، سەفەری زۆری هاتۆتە پێش. بەتایبەتی لەبەرلینەوە هاتووە بۆ تەحقیقات لە شێوەکانی زمانی کوردی ئاگادارییەکی زۆری لەبارەی کرماشان و کوردستان و سنەوە کۆکردۆتەوە. لە کۆتایی وتارەکەی دا پەیامی خۆی گەیاندووە داوا لە زانایان و خوێندەواران دەکات

" دەبێت بزانن (کات) کورتە عمارەتی کۆن لەناو دەچن ئاثار ون دەبێت پیرەکان دەمرن زانینی خۆیان لەگەڵ خۆیان دەبەنە گڵەوە، کەوابو زووبەزوو دەستوبرد بکەن ئاسارەکان تازە بکەنەوە ئەو زانینەی لە سینەی پیرەکاندایە بیهاونە سینەی کتێبەکانەوە تاوەکو لەدەست دەرنەچونە" (خ١، ژ١، ب٤: ٦٣). ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە درکیان بە گرنگی (کات) کردووە بۆجێبەجێ کردنی

ئامانج و مەبەستەکان و بەدەستهێنانی شتە بە نرخەکانی ڕابردوو بۆئەوەی لەفەوتان و لەناوچوون بیانپارێزن. ئەوان بەپێی پلان و بەرنامە ژیانی ڕۆژانەیان بەسەر دەبەن کاتەکانیان بە فیرۆ نادەن هەر لەبەرئەوەیە لەڕووی زانست و زانیاری و ژیرییەوە بە وڵاتە پێشکەوتوەکان ناودەبرێن بەرهەمی کار و کردەوەیان دەبینرێت.

لە وتاری (جیمس بروس)دا گەشت و گەڕانەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان بە دوای زانست و زانیاری لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باسکراوە، ئەم وتارە لەلایەن (ئەگوستەس میور) نووسراوە و (حەسەن شێخ حمە مارف) کردوویەتی بە کوردی. (جیمس برۆس) یەکەم کەس بووە، حەبەشە و سەرچاوەکانی ڕوباری (نیل)ی دۆزیوەتەوە، کاتێک "بەریتانییەکان ناوی هەندێ وڵاتیان نەزانیبوو بەڵکو هەندێکیان بە بیستن بیستبویان وایان ئەزانی لە پشت زەریاپەڕەکەی ئەفەریکا پڕن لە ترس و شتی ئەوتۆ کەس ناوێرێ توخنیان بکەوێت، ئەگەر کەسێک ویستی بچێت بۆ ئەو شوێنە ئەبێ هەمیشە ڕەوانی لەمشتیا بێت بە ڕاستی جیمس بروس ڕەوانی خۆی خستە ئەو ترس و لەرزەوە گوێی نەدایە ڕووی کردە ئەو وڵاتە نەناسراوانە و دەستی کرد بە دۆزینەوەیان. لەسەر گەشتەکەی ڕۆیشت تا گەیشتە ناوەڕاستی حەبەشە توشی سەرچاوەکانی (نیل)ی شین و چەشنە شاخێک بوو پێیان ئەوتن شاخەکانی مانگ"(خ١، ژ٥، ب٣: ٤٣٤)، بەپێی ئەم وتارە لەو کاتەدا سەرچاوەکانی نیل زۆرنهێنی بوون و وەکو وتویەتی ئەو جێگایانە سەریان لە زۆر کەس تێکداوە و ماندووی کردون، ٣٠ سەدەیەک پشێوی خستە ناو پیاوە کۆنەکان و لاوە تازە پێگەیشتوەکان زۆر لەپاشاکان ویستویانە ئەو وڵاتە بدۆزنەوە بۆیان نەکراوە و نەیاندۆزیوەتەوە (سەرچاوەی پێشوو: ٤٣٦).

## 8. وتاری پەروەردەی دەروونی:

چەندین دۆخی دەروونی هەن دەبنە هۆی پەیدابوون و نووسینی وتاری جۆراوجۆر، ئەم وتارانە بۆ شارەزایی و تێگەیشتن و دەرککردن بە سوودن. ئەو دۆخە دەروونیانە پەیوەندییان بەلایەنی ڕوحیی مرۆڤەوە هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە زانستێک هەیە بە دەروونناسی ناسراوە. ئەم زانستە لە دەروون و مێشک و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەو زانستە و کولتوور چی پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێین لەبەرئەوەی کولتووریش بریتییە" لە تێکڕای گشتی جۆرەکانی ڕەوشتی بەدەستهێنراو و ئاراستە و بەها و ئەو پێودانگانەی تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاری کراو بەشداری تیا دەکەن و دەستاودەست دەگوێزرێنەوە، لێرەوە بە دیاردەکەوێ کەجۆرەکانی ڕەوشتی کۆمەڵایەتییە تاک فێری دەبێت لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەریدەگرێ" (عارف،٢٠٠٥: ١٥)،

کەواتە دەتوانین بڵێین دەروونناسی و کولتور پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. هەر کاتێک کەسێک توشی پەشێوی دەروونی یان واهیمە و ڕاڕایی دەبێت، لەڕووی دەروونییەوە نەخۆش دەکەوێت. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییە نەبوونی خۆگونجاندنە لەگەڵ کولتوورە کۆمەڵایەتییەکاندا، واتە نەگونجاندن و ناهاوسەنگییەک لەنێوان دەروون و کولتووردا بۆ ئەو کەسە دروست دەبێت.

وتاری (واهیمەو نەخۆشی)، لە وەرگێڕانی (حەسەن شێخ حمە مارف)، باس لە مرۆڤ دەکات، کە توشی واهیمە دەبێت بە هۆی هۆکاری جیاوازەوە. ئەمە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشییە جەستەیەکانیش "زۆرجار ئەبێتە هۆی نەخۆشی مێشک و عصبی ئەکات چاکبونەوەیان گرانە، بەتایبەتی ئەگەر لەڕێیەکی زانستیی بەکارەوە چارەیان نەکرێت ئەو کەسانەی توشی بوونە لەناویان ئەبا. واهیمەگرتن بەگۆترە (تقريبا) بریتییە لە نفس و هۆشی هەموو ئادەمیزادێک بەڵام لە هەندێ کەسا زۆرترە لەوی تریان، ئەوەش لەبەر بێهێزی ئیرادە و توانین، جگە لەوە خاک و ئاووهەواش تاوێکی گەورە ئەکەنە سەری. لەبەرئەوە واهیمە پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ جیهازی عصبی دا هەیە، ئەو جیهازە هەموو هەڵسوڕاندنی بزوتنەوەی ئادەمیزاد ڕێکدەخات..... ئەم جیهازە دەس بەسەر هەمو کەل و قوژبنێکی لەشا ئەکێشێ، وەڵامی هەموو لایەکییان ئەداتەوە" (خ٢، ژ٤، ب١: ١٧١). لێرەدا دەبینین جۆری نەخۆشییە دەروونییەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تریش جیاوازە. ئەو کەسانەی لەناوچە گەرمەکاندا دەژین عەسابیان گەرمترە زوو توڕە دەبن بە بەراورد بەوانەی لە ناوچە ساردەکان دەژین، کە هێمن تر و لەسەرخۆن. پەیوەندی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئیعازی مێشک و دەمارەکانی، هەڵسوڕێنەری ئەندامەکانی جەستەیە و دەبێتە هۆی کاردانەوەکانی مرۆڤ، بێگومان واهیمە کاردانەوەی نەرێنی دەبێت بۆسەر دەروون و ڕەشبینی باڵ دەکێشێت بەسەر مێشک و جەستەدا، جا بۆ ئارامی جەستە و دڵ و مێشک، ئیرادەی بەهێز چارەسەرێکی گرنگە. لەوتاری (دەرمانی دڵخۆشی)، لە وەرگێڕانی (حوزنی موکریانی)دا، چەند ڕێگایەک بەشێوەی دەرمانی پزیشکی نەخۆشییە جەستەیەکان بۆ چارەسەری دەروون و دڵخۆشی، ڕەنگدانەوەی گەشبینی لەناخ و ڕوح دا دادەنێت، کە دەبن بەمایەی ئاسودەیی و نەمانی واهیمە "ئەو شەش پارچە دەرمانانە بکە هاودەنگی بیرەوەری و سەبر و شەکیباییەوە، بەدەستەهاونگی باوەڕ و تەوکول بیکوتە بەبێژنگی وشیاری دای بێژە، هەر ڕۆژە سەر لەبەیانی بە ناشتایی دوو کەوچکی، بە کەوچکی ڕازونیاز و پاڕانەوەی خودایی نۆشی گیانت بفەرموو...لەدوای ئەوە بێ گومان دڵخۆش دەبیت. ئەوە بۆ هێزو ئەندام و گیان گەلێک بەکار و پڕ سوودە" (خ١، ژ٣، ب٣: ٢٨٥) ئەو دەرمانانەش پیاوەتی بە زانینەوە ناسین و تێکەڵاوکردنی کەمێک قەناعەت و لەم ڕۆوە

تا بەیانی ئیش ڕوو لە چاکی دەکات، هەریەک لەمانە (٦) دەنک وەکو حەبی دکتۆر بەکاربهێنرێت (سەرچاوی پێشوو). نوسەر مەجازییانە دواوە و ئەو دەرمانانەی لەو وتارەدا باسکراون، لە ڕاستیدا کۆمەڵێک ڕەفتار و هەست و باوەڕن، نەک دەرمانی پزیشکی.

سەرچاوەی دەروون دروستی لە وتاری (بەختیاری)دا ڕەنگی داوەتەوە، کە (حەسەن شێخ حمە مارف) کردوویەتی بە کوردی و تیایدا هاتووە: "بەبیری کەسا نایێت کە هیچ کەس لەم گێتیەدا حەز لە بەختیاری نەکا لەگەڵ ئەوەشا  کەم کەس هەیە بزانن، تەنانەت ئەوانەشی دەیزانن گورج لەدەستیان چووە، چونکە نازانن کە بەختیارن. هۆی ئەم کوێرەوەریانە چی یە؟ هۆی هەرە گەورەی نزم بوونەوە، بەستنی بەختیارییە بە زنجیرەیەک لە ناوەندەکانی دەرەوە و ئارەزووەکان و لە ڕاستی چوونە دەرەوەیە، بەختیاری هەستێکە بناغەکەی و سەرەتاکەی لە ناوەوەیە چونکە دڵی ئادەمیزاد لێ ئەدا، گیانی تیشک ئەداتە دەرەوە، ژیرییەکەی دێتە جۆش، ئەگەر ئادەمیزاد لەسەر نەزانینی ئەم ڕاستی یە هەتەربوو، چارەنوسی بەختیاری خۆی بە جیهانی شەپۆلی جمەجمکەر بەست، هەتا هەتایە ئاوا ئەبێ و لە دەست کەوتنی ئەم گەنجینە ئاوات خواستەی بێ بەش ئەبێ" (خ١، ژ٢، ب٣: ١٦٩). هۆکاری بەختەوەری لەجیهانی نادیاری دەروونەوە دەستدەکەوێت، زانست و سەروەت و سامان و دەوڵەمەندی و ئارەزووەکانی ژینگەی دەرەوە تاڕادەیەک ڕەنگە ببن بەهۆی دڵخۆشی، بەڵام ئەوانە تاسەر بۆ هیچ کەسێک نامێنن، لەگەڵ تەواوبوونیاندا کۆتایی بەو بارە دەروونییە خۆشەش دێت.

ڕاستی وتن لەگوفتارەکانمان کەسایەتیەکی پەروەردە دروست دەسازێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار ڕاستی وتن دەبێتە هۆی نیگەرانی دەوروبەر. لە وتاری (جارێک ڕاستم کرد)دا، کە (حوزنی موکریانی) وەریگێڕاوە، بەرپەرچدانەوەی قسەی ڕاست دەردەکەوێت. وتارەکە باس لە ڕاستی وتنێک دەکات لەلایەن خوێندکارێکەوە، کە مامۆستاکەی بانگی دەکات بۆ کتێبخانەکەی و ئیشێکی پێدەسپێرێت، بەڵام گومانی هەیە لەوەی بەڕاستی ئیشەکەی بۆ پێکبهێنێت. لەبەرئەوە ئامۆژگارییەکی خوێندکارەکەی دەکات، پێویستە ئەوەی بۆ جێبەجێ بکات، ڕاست بکات و ڕاستی بڵێت و هەرچییەکی بینی و بیری لێکردەوە ئەوە بڵێت. پاشان خوێندکارەکە لە ماوەی ڕۆژەکەدا توشی چەند کەسانێک دەبێت بە ڕاستی و بێ درۆکردن ڕاستییەکان دەڵێت. هەموو ئەو کەسانە بەو ڕاستییە ڕازی نین و لێی دووردەکەونەوە، تا لە کۆتاییدا فێری ڕاستی وتن دەبێت، بەرامبەر مامۆستاکەشی ڕاستییەکان دەردەبڕێت مامۆستاکەشی لێی توڕە دەبێت و بە ڕاستییەکانی ڕازی نابێت. (خ١، ژ٣، ب٣: ٢٤٠). بیرکردنەوەی ئەو کەسەی بەڕاستییەکان ڕازی نییە، بیرکردنەوەیەکە لە دەرون و مێشکێکی شێواوە هاتووە "ئەگەر مرۆڤ بڕوانێتە ئەو بیرکردنەوانە، ئەوە بەدی دەکات پشت بەهیچ ڕاستییەک نابەستن و کەسێک وا لێدەکەن دڵتەنگ

بێت بەبێ ئەوەی هیچ بناغەیەک بۆ دڵتەنگییەکەی هەبێت ئەو بیرکردنەوە خراپانە ئاستەنگن لەبەردەم ئەوەی کەسەکە ئەو چالاکییانە ئەنجامبدات هەستی چالاکبوونی بەهێز دەکەن" (عەبدوڵا،٢٠٠٥: ٢٤) کاریگەری تاکێک لەسەر تاکێکی تر لە ئەنجامدانی چالاکییە دەروونییەکان، دەبن بە هۆی بەهێزی و چوستی یان بە پێچەوانەوە دەبن بەهۆی ڕوخاندنی دەرون و لاوازی چالاکبوون لە دەربڕینی ڕاستی و کپکردنی ڕەنگدانەوەی هەیە. هەر ئەم ڕەتکردنەوە و یەکتر قەبوڵنەکردنە دەبن بە هۆی دواکەوتویی کۆمەڵگاو پەروەردەی نادروست.

## پەخشانی ئەدەبی ـ وەرگێڕاوەکان

به گشتی هونەری (پەخشان) ڕووبەرێکی کراوەیە لەبەردەم کەسانی ناو بازنەی ئەدەبی و هونەری و کەسانی دەرەوەی بازنەی ئەدەبیش. هەر ئەمەش وایکردووە لەگەڵ داهاتنیدا بەخێرایی بڵاوببێتەوە و ببێت بەشێوازی نوسینی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی بدوێت. بەهۆی گرنگی کاری وەرگێڕان لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، دەتوانین ئاگادار و شارەزای ئەو هونەر و کولتوورانە ببین، کە کولتوری خۆماڵی نین. لە دەنگی گێتی تازەدا لە دوو ڕوانگەوە پەخشانە ئەدەبییەکانی بەسەردەکەینەوە، لەلایەک ئەو بابەتانەی بەشێوەی پەخشانی ئەدەبی نووسراون، لەلایەکی ترەوە ئەو بابەتانەی باس لە ژیانی شاعیرانی بێگانە دەکەن و چەند شاعیرێکی بیانییان بەسەرکردۆتەوە و بە ئێمەیان ناساندوون. لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە، لە پەخشانەکاندا شیعری ئەو شاعیرانە نابینرێت، بەڵکو زیاتر ژیانی شاعیرەکان خراوەتەڕوو. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە "جیاوازییەکی فراوان هەیە لەنێوان وەرگێڕانی هۆنراوە و پەخشان"(ئاسنگەر،١٩٨٩: ١٠٧). ئەو جیاوازییەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە شیعر پابەندی کۆمەڵێک بنەمای شیعری دەبێت، گرنگترین بنەماش (سۆز)ە، کە لە کاتی وەرگێڕاندا (سۆز)ەکەی لە دەست دەدرێت و شیعرێکی وشک و ساردوسڕ دەردەچێت. ئەمانەی خوارەوەش نمونەی ئەو پەخشانە ئەدەبییانەی دەنگی گێتی تازەن.

پەخشانێکی ئەدەبی بەناوی (بەهار) بەقەڵەمی (گی. دی. موپاسان)، کە نووسەرێکی فەڕەنسییە و (حەسەن شێخ حمە مارف) پەخشانەکەی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی. پەخشانەکە باس لە سروشتی جوانی بەهار دەکات و تیایدا هاتووە: "لە یەکەم ڕۆژەکانی بەهاری هەموو ساڵێکدا، کاتێک سروشت لەخەوە خۆشەکەی ڕائەپەڕێ، بە کراسە جوانەکەی ڕووی زەوی دائەپۆشێ، کاتێ کوڵمەکانمان لەگەڵ سروەی شەماڵی بۆن خۆش دەس و موچڕ ئەکەن... پڕ ئەبن لەو هەوا خۆشە کە سەر لە هەموو کەل و قوژبنەکان ئەدا، لەم ڕۆژە شکۆدارانەدا خۆشییەک سەر و دڵمان دائەپۆشێ و بەرەو ئارەزویەکی نەناسراومان ئەبا، بە تاسەیەکی گەرمەوە خۆمان بۆ

دەمێک ئامادە ئەکەین کە دەمی بازدان و دڵشادی و زەمزەمەیە، کاتێکە کە هەموو کەسێک لەژێر ئەو خێوەتی خۆشیەی بەهاری نازداردا ئەحەسێتەوە! لەپاش ئەو زستانە توشە سەختە ، مانگی مایس هاتە پێشەوە" (خ١، ژ٣، ب٣: ٢٣١). ئەم وتارە دەربڕینی خۆشحاڵییە بۆ هاتنی جوانترین وەرزی ساڵ، کە وەرزی بەهار و جوانییەکانییەتی.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، دەربڕینی حەز و خۆشەویستییە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر. لە پەخشانی (پاڕانەوە)دا، کە بەرهەمی شاعیری ئینگلیزی (شیللی)یە و (حەسەن شێخ حمەمارف) کردوویەتی بە کوردی، ڕەنگ و بۆی ئەو خۆشەویستییە دەبینین، کاتێک دەڵێت: "وەرە لامەوە پەڕەی دڵم، جەرگ و هەناووم، هێزی ئەژنۆم، ڕوناکی چاوەکانم، دانیشە لەتەنیشتمەوە با پیاڵەی بەختیاری بنۆشین ئەی فریشتە تیشکە زەردە دڵتەنگەکەم ئەی خەیاڵە شێواوەکەم ، بوکێکی بەناز و نەزاکت بێدەنگ، لەبەرگێکی ون بوو، لەشێوەیەکی سەرسامکەر وەرە لام دە وەرە شۆخەکەم دانیشە لەلامەوە ئەی خاوەنی تەخت و تەویڵێکی ڕوناکی ئەوتۆ کە خەم و تاڵی چەرخی چەوتی گەردوون تێکی داوە و تاریکی داهێناوە هەرچەند خۆم بە کوێرەوەرێکی دڵتەنگی پەرێشان نیشان بدەم من لە تۆ گەلێک بەختیارترم" (خ١، ژ٣، ب٣: ٢٧٣)

خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو، یەکێکە لەخۆشەویستییە بنەڕەتییە پاکەکان و ژیان دەڕازێنێتەوە، بە جۆرێک هەرچی بەرپرسیاری و سەختی ژیانی خێزانییە بەئاسانی جێبەجێ ببێت و زاڵبن بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا. بەڵام هەر کە چرای تەمەنی یەکێک لەو دوو خۆشەویستە کوژایەوە، ئەوی تریان ژیانی زەحمەت و ناهەموار بەڕێ دەکات. لە پەخشانی (دڵی پیاوێکی لێ قەوماو)دا، کە (حەسەن شێخ حمەمارف) وەریگێڕاوە بۆ کوردی، بە تەواوی ئەو زەحمەتییە لە نەبوونی ژنەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە لە پاش مردنی منداڵێکی ساوای ناو بێشکەی بەجێ هێشتووە. نووسەری پەخشانەکە هەستی ناخۆشی پیاوەکە لە شەوێکی ساردی زستاندا دەردەبڕێت و دەڵێت: "شەو بوو بە دوو کوتەوە، تاریکە چاو چاو نابینێ، نمەنم باران ئەبارێ جارجار هەورەکان ئەگرمێنن بروسکەش تاو تاو شارەکە ڕوناک ئەکاتەوە، شارەکە خامۆشە، لەباوەشی خەوا پرخەی دێ. کابرا لەبەر خەو چاوی هەڵنایەت پەرێشانە، کەچی خەویشی لێناکەوێ..... ئەم فەرتەنە و باوبۆرانە لەولا بوەستێ، لەهەمووی ناخۆشتر دەنگی مناڵە ساواکەیەتی کە هەرچەن ڕایئەژەنێ بێدەنگ نابێ، خەوی لێ هەراسان کردووە، نایەڵێ چاو بنێتە سەر یەک گورج ڕایئەپەڕێنێ، مۆمەکە هەر ئەسوتێ ئەوەندەی نەماوە لەدڵی شەوا بگاتەوە دۆخی جارانی، یانی پارچەکانی لەسەر یەک کۆبونەتەوە وەختە ببێتەوە بەمۆمەکەی جاران، وەکو دڵی پیاوێک کە بیەوێ لەشەوی ژیانیا هێز بێنێتەوە بەر خۆی"(خ١، ژ١، ب٤: ١١)

پەخشانی (مردن) لە وەرگێڕانی (حەسەن شێخ حەمەمارف)، باس لە نەخۆشێک دەکات سەرەڕای ناڵاندنی بە دەست نەخۆشیەکەی، شەوانە لەبەر خۆشەویستی ئەندامانی خێزانەکەی خۆی کردووە بە خەوتوو، بۆ ئەوەی کەس و کارە خۆشەویستەکانی بخافڵێنێ و وابزانن خەوتووە، تا ئەوانیش بە بێدەنگی و بێ خەم خەویان لێبکەوێت، کە ئەمەش جۆرێکی ترە لە دەربڕینی خۆشەویستی. کەس و کاری دوای مردنیشی خۆشەویستی و هاوخەمی بۆ دەردەبڕن و "چەند ڕۆژ و چەند هەفتە، چەند مانگ ڕابردوو چاومان بڕیوەتە ئەشکەنجە و سزاکەت چەندە درێژەی کێشا ئایا سەرزەنشتمان دەکەیت ئەگەر خۆپەسەندیەکەیان هاتە جۆش و وتمان : خۆزگە هەر بە نەخۆشی لامان بمایتایەوە، هەتا هەتایی لە بەرچاومان بوویتایە" (خ١، ژ٤، ب٤: ٣٦٤)

(کەنیشکێکی جوانەمەرگ) پارچە پەخشانێکی ئەدەبی ئەلبانییە (حەسەن شێخ حەمەمارف) کردوویەتی بە کوردی. باس لە ڕێوڕەسمی کولتوورێک دەکات و ئاشنامان دەکات بە کولتوورەی (ئاینی گۆرانی وتن). ئەمە ئەو ئاهەنگ و بەزمەیە لە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاویندا ئەگێڕرێت، هەموو کچەکان لەم ئاهەنگە کۆئەبنەوەو بەرگی جوان لەبەر دەکەن، یەکێک لەوانە کراسێکی لەبەر دەکرد و هەموو ئەندامەکانی بە گوڵ دادەپۆشی، جگە لە چاوی هیچ شوێنێکی تری بەدەرەوە نەبوو. ئەو کچە کچێکی گۆرانیبێژی  دەنگ خۆش بووە، بە دەنگە خۆشەکەی ژن و پیاو و منداڵەکان لێی کۆبونەتەوەو "ئەم کەنیشکە ناسک و نازدارە کە خۆی بە بەرگێکی گوڵی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشیوە ناوی مەنیژەیە، کەنیشکێکی زۆر جوان و شیرینە، گەلێک لە لاوەکان گەریان تێئاڵاندووە خەریک بوو ڕامی بکەن، بەڵام گوێی نەداونەتی و دڵی خۆی تەنیا بەشوانەکەی خۆیان نەبێ بەکەسی تری نەداوە"(خ١، ژ١، ب٥: ٧٣). نووسەر لەم پەخشانەدا باسی خۆشەویستی مەنیژەی کردووە بەرامبەر شوانی گوندەکە، بەڵام بەداخەوە لە کۆتایی پەخشانەکە نووسراوە (ماویەتی)، کەچی بەشەکەی تری لە لاپەڕەکانی دەنگی گێتی تازەدا بڵاونەکراوەتەوە. بۆیە ئەنجامی خۆشەویستییەکەی ناو ئەم پەخشانە نادیارە.

## کولتووری نوسینی ژیانی شاعیران و ناوداران:

بێجگە لە پەخشانی ئەدەبی، ژیانی ئەدیب و شاعیرانی بێگانە و ناساندنی ناوی هەندێک لە بەرهەم و کارەکانیان لەدەنگی گێتی تازەدا خراوەتەڕوو. یەکێ لەو ژیاننامانە، ژیاننامەی (أحمد تەیمورپاشا)یە، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی و تیایدا هاتووە: "لە قاهیرە لەدایک بووە، نەژاد و بنەچەیان کوردە ئەم بنەماڵەیە بۆ زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی تێکۆشاون، عایشە تەیموری خوشکی، گیانی ژنانی سەردەمی ژیاندۆتەوە بەفێربوون و خوێندنی علیم و ئەدەبیات هاوکاری کردوون، زانستی ئەوان کیشوەری میسری ڕووناک کردبوەوە أحمد تەیمور

لەتەمەنی منداڵییەوە خەریکی عیلم ئەدەب بووە زۆرباش تێدا سەرکەوتوو بووە لەدوای ئەوە لە قوتابخانە تایبەتەکانی میسر خوێندی و چووە ڕیزی گەورە عالمەکانەوە. حەزی لە کاری وەزیفی نەکردووە، کاتێک کارێکی میری پێسپێردراوە زۆر دڵتەنگ بووە کەیفی پێنەهاتووە تا ساڵی ١٩٣٠ لەو وەزیفەیەی مایەوە پێیسپێردرابوو، لەبەر نەخۆشی دەستی لێهەڵگرت. کتێبخانەیەکی زۆرگەورەی هەبووە نزیکەی دوانزە هەزار کتێبی تێدابووە لە کتێبخانەکەیدا مێزو کورسی تایبەتی بۆخوێندنەوە لەلایەن سەردانیکەرانییەوە داناوە) (خ١، ژ٦، ب١: ٢٧٣). ئەو شاعیرانەی ڕەگ و ڕیشەی بنەماڵەیان دەگەڕێتەوە بۆ کورد، بەڵام خزمەتی ئەدەبی عەرەبی و بێگانەیان کردووە، بەرهەمەکانیان ناچنە ژێر چەتری کولتووری ئەدەبی نەتەوەیی کوردەوە. یەکێکی تر لەو شاعیرانەی عەرەب و بە ڕەچەڵەک کورد ئەحمەد شەوقییە، کە لە وتاری (دێریکی ژیانی أحمد شوقی بەگ)دا باسی لێوە کراوە، ئەم وتارە لەلایەن (دەروێش عبدالله جباری)یەوە کراوە بە کوردی. شاعیر لە دێرە شیعیرێکدا باسی ڕەچەکەی خۆی کردووە و وتوویەتی:

(سمعت بأذنی من أبی وهو قابل     من الکرد أصلی جئت فی العرب ناشیا")

ئەم شاعیرە لە تەمەنی چوارساڵیدا دەخرێتە بەر خوێندن، لە دوا قۆناغەکانی خوێندنیدا "لە دانیشتگای حقوق خوێندویەتی و هەر لەو زانکۆیە چوتە بەشی تەرجمە و لەوێ شەهادەتنامەی زمانی وەرگرتووە، لەلایەن خدیوی ئیسماعیل لەو سەردەمەدا دەنێررێت بۆ زانکۆی فەڕەنسا لەدانیشگای حقوقی فەڕەنسیش درێژە بەخوێندن دەدات و شەهادە بەدەست دەهێنێت. لەساڵی ١٨٩٦ تا جەنگی جیهانی یەکەم لە ئیش و کاری حکومەتدا کاری کردووە دواتر دەستی لەکار کێشاوەتەوە، فەرمانی پێدرا، میسر بە جێبهێڵێت لەگەڵ خێزانەکەی ڕۆشت بۆ شاری بەرشەلۆنە لەئیسپانیا تا ئاشتی و ئاسایش کەوتە جیهانەوە هەر لەوێ مایەوە، لەساڵی ١٩٣٢ گەڕایەوە میسر و کۆچی دوایی کرد. شیعرەکانی هێندە بەرز و جوان و وردەکار بوونە شاعیرە عەرەبەکان بە (ئەمیر الشعراء) ناویان بردووە" (خ٢، ژ٢٧، ب٢: ٦٩٠). ئەم دوو شاعیرەی سەرەوە، کە ژیاننامەکانیان کراوە بە کوردی، بە ڕەچەڵەک کورد بوون، بەڵام بە زمانی عەرەبی بەرهەمیان نووسیوە. سەبارەت بە شاعیرانی ڕۆژئاوا و ئینگلیز، لە پەخشانی (گەورەترین شاعیرێکی ئینگلیزی جون ماسفیلد)دا، باس لە شاعیرێکی هاوسەردەمی گۆڤارەکە کراوە، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)یەوە کراوە بە کوردی و تیایدا هاتووە: "شێوەی شیعری ئەم شاعیرە گەورە و تەرزی شیعری شاعیرەکانی ڕابردوی وەکو شکسپیر و میلتۆن و شیللی و وردسورس و تینسوون ناچێت، وەکو ئاشکرا و دیارە ئەم شاعیرە گەورە کە ئێستا هەیە گەورەترین شاعیرێکی ناسراو و بەناوبانگە وەنەبێ جون ماسیفیلید هەرئەوەندە بێت لە شاعیرە

بەناوبانگەکانی ئینگلیز بێت بەڵام بەسەر هی دیکەدا ئیمتیازی بە تایبەتی هەیە بە ڕەسمی ئیعترافی پێکراوە لەقەبی هەڵبژێردراوی بە تایبەتی پێدراوە لە هەموو شاعیرەکان پتر ناوبانگی سەندووە" (خ١، ژ٦، ب١: ٣١٠)

لە ژیاننامەی شاعیرانی کلاسیکی بێگانە، ژیاننامەی چەند شاعیرێک لەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە، لەوانە گەورەترین شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزستان (لورد پیرون)ە، کە لەلایەن (حوزنی موکریانی)ییەوە کراوە بە کوردی لە ژیاننامەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو "لە پێش تەمەنی بیست ساڵیدا دەستی کردووە بە شیعر نووسین، لەبەر تەرزی بەجێهێنانی وتەکانی لەجێی خۆیدا ناوبانگی پەیداکردووە، پەردەی لەسەر شتی داپۆشراو لادەدا و دەیخستنە بەرچاو یەکەمین بەرهەمی کتێبی (دەمانی تەمبەڵی) بووە لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا بڵاویکردۆتەوە، ئەو کاتە هێشتا لە زانکۆی کمبرج خوێندکاربووە. ڕەخنەی لێگیراوە و بە دڵێکی فراوانەوە وەریگرتووە. لەدوای ئەوەی گەشتێک دەکات و دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی، لەو دەمەدا دوو گۆرانی نیشتمانی دادەنێت؛ بەوە ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە. بۆ ماوەیەکی کەمیش قەسیدەی چیرۆکی نووسیوە لەو قەسیدانە (هێمن) و (تاریکی) بووە لە ساڵی ١٨١٦ بۆ جاری دووەم ئینگلیزستان بەجێ دەهێڵێت، بۆ شەڕی ئازادی ڕۆشتووە بۆ (میستولونفی)، لەوێ لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا دەمرێت. بە کەشتێکی جەنگی بەریتانی دەیبەنەوە بۆ خاکی ئینگلیزستان و لە توتنهام لەگۆڕستانی هانکول بەخاک دەسپێردرێت.) (خ١، ژ١، ب٢: ٧٩)

یەکێک لە شاکارە مەزنەکانی ئینگلیز، شاکارەکەی شاعیری بەناوبانگ میڵتۆنە، کە لەڕێگای وەرگێڕانەوە لەناو ئەدەبی نەتەوەکانی تریشدا بڵاوبووەتەوەو ڕەنگی داوەتەوە. لە پەخشانی (بەهەشتی ون بوو)دا، کە (حوزنی موکریانی) کردوویەتی بە کوردی، باسی شاکاری میلتۆن شاعیری بەریتانی و مێژووی ژیانی شاعیریش کراوە و دەڵێت: "یەکەمین شاکاری ئینگلیزییە لە دوو بەرگدا چاپیکردووە، میڵتۆن لەساڵی ١٦٠٨ لەدایکبووە، شکسپیری باوکی لەژیاندا مابوو لەبەرئەوەی بە مۆسیقا ئاشنا بووە کوڕەکەشی لەماڵەکەی خۆیدا بە مۆسیقا ئاشنا کردووە لەگەڵ مۆسیقا خەریکبوو بێگومان ئەو ئارەزووەی لە باوکی وەرگرتووە، باوکی فێری زۆر ئاکار و ڕەوشتی کردووە لەلای ئەوان کتێب ئەوەندە خۆشەویست بووە وەکو گیان و ڕەوان بەخێوکراوە بۆ خوێندنەوەی کتێب تەقەلا و هەوڵ و کۆششیان نواندووە. میڵتۆن زمانی عبری و ئیتاڵی و لاتینی یۆنانی بەباشی زانیوە، لەساڵی ١٦٣٨ گەشتێکی وڵاتی ئەوروپای کردووە لەوێ چەند پارچە شیعرێکی هەڵبەستوە، بەوە بەرزی و گەورەیی میڵتۆن دەرکەوتووە. ئینجا دەستیکرد بە کتێب دانان چەندین بەرهەمی نوسیوە ڕەخنەشی دەگرت لەگرنگترین ئەو بابەتانە بەرهەمێک بوو لە بارەی (تەڵاق)ەوە نوسی بەڵام لەلایەن بنەماڵەی خۆی و میللەتەکەشی یەوە

ڕەخنەی لێگیراوە، بوو بە مایەی دڵگرانی میڵتۆن. لەماوەی تەمەنیدا سێ جار هاوسەرگیری کردووە لەساڵی ١٦٧٤ کۆچی دوایی کردووە" (خ١، ژ٦، ب٢: ٥١٩)

زۆربەی شاعیران و ناوداران لەبنەماڵەیەکی دەست تەنگ و هەژادا پەروەردە کراون، هەژاری دیوی دەرەوە، بووە بەهۆی دەوڵەمەندی دیوی ناوەوە، ئەمەش هاندەرێکی باشبووە بۆ بەگەڕخستنی عەقڵ و ژیریی. یەکێک لەو شاعیرانە (ئەلیڤر گولد سمیت) بووە، کە لە کولتووری ژیاننامەیی (گوزەرانی ئەدیب)دا خراوەتەڕوو و (حوزنی موکریانی)وەریگێڕاوە بۆ کوردی و تیایدا هاتووە: "نوسەرێکی ئینگلیزی هی سەدەی هەژدەهەمینی میلادی بووە، لەئەدەبدا هەموو جۆرە هونەرێکی دەستخستووە بەڕاستی شاعیرێکی بەشانبوو، چیرۆک هەڵبەستێکی بەرزبوو، نووسەرێکی شانۆیی هەڵبژاردەبوو، ژیان و گوزەرانی خۆی چیرۆک و داستانێکی پڕ لەسەربهورده وهەڵکەوتانە. گەلێک کەسان لێیان وەرگرتووە و دەیگێڕنەوە چیرۆکی بەناوبانگی (قەشە و یکفیلد). گولد سمیت لەئیرلەندا پەیدا بووە هەروەک گەلێک نوسەری ئینگلیزی دیکەشی لێهەڵکەوتوە – لەبنەماڵەیەکی تیرە ساکسۆنی یە، پروتستانییە، ئەو بنەماڵەیە لەبەر جنسییەتی ڕاستەقینەی مەزهەبی دینی توشی گەلێک شڕیوی تەنگانە بوون" (خ١، ژ٣، ب٣: ٢٥٥)

چۆنیەتی سەرگوزەشتەی شاعیرێکی تر لەگەڵ نەبوونی و دەست تەنگی دووچاری شتی ناشایستە و ناهەمواری ناو کۆمەڵگە بۆتەوە، وەکو ئەوەی کاتێک دووچار بەهەوای عیشق ببوو لەنێو دۆست و هاوڕێکانی سەرزەنشت دەکرا. ئەو شاعیرە (ڕابرت برنز)ە، کە (حوزنی موکریانی) کردوویەتی بە کوردی و تیایدا هاتووە: "لەساڵی ١٧٥٩ لەگوندێکی دوو میل دوور لەشاری (أیر) لەدایک بووە ...لەتەمەنی پانزە ساڵەیدا خەریکی شیعر و هەڵبەست بوو، بەداوی کچە جوتیارێکی شۆخ و شەنگی جوانەوە ببوو، لەڕووی گوڵینی و دڵفریویدا تواوە...برنز لەتەمەنی نۆزدەساڵیدا بۆ وەدەستخستنی پیشەی مهەندسی چووە (کرکزوالد) ئەو شارە چونکە سەرە ڕێگای هاتوچونی ڕێبواران بوو، ئەم شاعیرە گەورە توشی هەندێ پیاوانی وی نەچوو بوو، بۆ گوزەران و ڕابواردن تێکەڵیان ببوو، بەڵام لە خوێندن و دەستخستنی پیشەی مهەندسی پاش نەکەوت زۆرباش تەقەلای دا، هەتا چاوی بە کچێکی جوان کەوت حەزی لێکرد و فریوی ئەوی خوارد. لەدوای ئەوە لەخوێندن و فێربونی ڕیاضیات و هەندەسە دەستی هەڵگرت، خەریکی شیعر و شاعیری بوو، دەستی بە عیشقبازی کچە جوانەکان کرد، هەرچی جوانی بدیبایە غەزەلێکی پێدا هەڵدەووت "(خ١، ژ٣، ب٢: ٥٣٢).

## کولتووری بڵاوکردنەوەی چیرۆکی بێگانە:

وەک دەزانین چیرۆک لە کۆمەڵە ڕوداوێکی بەیەکەوە بەستراو لەنێوان چەند کەسێک و لە شوێنێک یان چەند شوێنێکدا ڕوودەدات. مەرجی سەرەکی چیرۆک، هەبوونی ڕەگەزەکانی (بیرۆکە، ڕووداو، گرێچن (چنین و بەیەکەوەگرێ دانی ڕووداوەکانە)، کەسایەتی، کات، شوێن، گێڕانەوە و گفتوگۆ)یە. چیرۆک بەشێوەیەکی هونەرییانە دادەڕێژرێت، بۆ جوڵاندنی هەست و لێکدانەوەکانی وەرگر. ڕەگوڕیشەی ئەم هونەرەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە "چیرۆک هونەرێکی ئەوروپییە، پێویستی ژیان وایکردووە وەکو ڕوخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە" (حسێن،٢٠١٠: ٨١).

سەبارەت بە ئەدەبی کوردیش، کاتێک فۆڕمێکی تازە یان ژانرێکی تازە سەریهەڵداوە، لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە زەمینەیەکی لەبار و گونجاو دانراون بۆ بڵاوکردنەوەیان. ئەم هونەرەش وەک بەشێک لە کولتووری بێگانە وەک هەر جۆرێکی تری ئەدەبی لە دەنگی گێتی تازەدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر چی شوکریە ڕەسوڵ سەبارەت بە دەنگی گێتی تازە دەڵێت: "ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم گۆڤارە لەڕووی وەرگێڕانی چیرۆکەوە ئەو دەورەی نەبینوە" (ڕەسول،١٩٨٩: ٢٥٧)، بەڵام لە دەنگی گێتی تازەدا کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێڕراو بڵاوکراوەتەوە. کەواتە ئەم گۆڤارە لە وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی هونەری چیرۆکدا ڕۆڵی بینیووە، وەک لە چیرۆکەکانی خوارەوەدا  دەردەکەوێت.

گۆڤاری دەنگی گێتی تازە چ وەک هونەرەکە، وەک پێویستییەکی ژیان بایەخی پێداوە و تەکنیکەکانی لە چیرۆکی کولتووری کوردیدا بەکارهێناوە، چ وەک ئەوەی سودی لە بیرۆکەی چیرۆکی بێگانە وەرگرتووە بەشێوەی شیعر یان چیرۆک یان هەر چەشنێکی تری ئەدەبی داپڕشتۆتەوە. هەر لەم بارەیەوە  شاعیری کورد (گۆران) خۆی وتویەتی  لەو دوو شیعرەیدا، کە (بۆبلبل) هی شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز پرسی بیس شیللی یە، (بۆ گوڵی لاولاو)یش بنەڕەتی بیرەکەی لەشیعری ئینگلیزییەوە وەرگرتووە، سەرچاوی ئیلهامی ئەم شیعرانەی لە شاعیرانی ئینگلیز وەرگرتووە (مەلا کریم،١٩٨٠: ١٠٣و٢٢٣).

چیرۆکی (گوڵ و بولبول) لە نوسینی (ئۆسکار وایلد)  لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراوەتەوە و تیایدا هاتووە: "پاسەوانی لاو قیژە و ناڵەی بڵندکرد، ئەو خۆی وتویە ئەگەر گوڵی سوری بۆ ببەم لەگەڵمدا هەڵدەپەڕێ بەڵام لە هەموو باغی مندا گوڵی سوور نییە، بلبل لەسەر داری مازوو لە هێلانەکەی خۆی دا قیژان و ناڵەی ئەوی بیست لەنێوان گەڵاکانی داردا بەوردی تەماشای دەکرد و سەری سوڕمابوو، پاسەوان بەناڵینەوە دەیوت لەهەموو باغەکەی مندا گوڵی سوور نییە چاوە جوانەکانی پڕبوو لەفرمێسک أخ بزانە خۆشی سعادەت لەچی چتێکی بچوک گرێ

دراوە. من ئەوەی کە زاناکان نوسیویانە خوێندومە، لەهەموو ئەسرارەکانی فەلسەفە ئاگاداربووم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، بەنەبوونی گوڵێکی سوور زندگانی منی تاڵ و ناخۆش کردووە بلبل خۆبەخۆی دەووت لەپایاندا عاشقی ڕاستەقینە پەیدابوو، هەرچەندە تا ئێستا ئەویشم نەناسیبوو"(خ١، ژ٣، ب٤: ٢١٨). لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین (گوڵی خوێناوی)ی (گۆران)، بیرۆکەی شیعرەکەی زۆر لەم پەخشانەوە نزیکە. هەر چەندە لە دیوانەکەدا ئاماژە بەمە نەکراوە، بەڵام لەسەرچاوەیەکی تردا ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە سەرچاوەی ئەم شیعرەشی بە هەمان شێوەی دوو شیعرەکەی تری لە بێگانە وەرگرتووە "شیعری گوڵی خوێناوی لەساڵی ١٩٣٤ لە بەغداد لە دیاری لاوان ل٦٥ بڵاوکراوەتەوە دووەم جاریش لە ژین.... لە چیرۆکی شاعیری پارناسی ئینگلیز ئۆسکارد وایلد بەناونیشانی (بولبول و گوڵ) وەرگیراوە" (پیربال،٢٠٠٦: ١٣٦)

لە هەندێک لە چیرۆکە وەرگێڕاوەکانی دەنگی گێتی تازەدا باس لە لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی ئافرەت کراوە. وەکو ئەو لایەنە نەرێنییەی لە چیرۆکی ( وەفای ژنان)دا خراوەتەڕوو، کە (حەسەن شێخ حمەمارف) وەریگێڕاوە بۆ کوردی، باسی قوتابییەکی فەیلەسوفی چینی (لاوتسو) دەکات، کە ناوی (تچوانگ تچو)ە، لەپاش بینینی خەوێک و گێڕانەوەی بۆ فەیلەسوفەکەی، واز لەهەموو خۆشی و بەزمێکی گێتی دەهێنێت، ژیانی خۆی لەپێناو دین و خواپەرستیدا تەرخان دەکات تا وای لێدێت دەبێتە خاوەن کەرامەت و موعجیزە. یەکێک لەو موعجیزانە ئەوەیە، کە دەتوانێت لەبەرچاوی خەڵکی و لە کۆڕو کۆبونەوەدا خۆی ون بکات و دیارنەمێنێت. ڕۆژێک لەگەڵ هاوسەرەکەی شار بەجێدەهێڵیت، لە ڕێگادا ژنێک دەبینێت لەسەر گۆڕێک دانیشتووە دەگری و باوەشێنی گۆڕەکە دەکات. لێی دەپرسێت بۆ باوەشێنی دەکەیت؟ دەڵێت بۆ ئەوەی زوو وشک بێتەوە، چونکە پەیمانم بە مێردەکەم داوە تا خۆڵی سەر گۆڕەکەی وشک نەبێتەوە هاوسەرگیری نەکەمەوە. زاناکە بەو موعجیزانەی، کە هەیەتی باوەشێنەکەی لێ وەردەگرێت و خۆڵەکەی بۆ وشک دەکاتەوە. ژنەی پیاو مردوو زۆر خۆشحاڵ دەبێت و دەگەڕێتەوە شارەکەی. زاناکە زۆر سەری سوڕما لەو کارە و بۆ خێزانەکەی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەویش نکۆڵی لەوە دەکات هەموو ژنێک وا بێوەفا بێت. پاش گفتوگۆیەکی زۆر، زاناکە بۆ تاقیکردنەوەی وەفای ژنەکەی خۆی، موعجیزەکانی بەکاردەهێنێت و دەمرێت. لە پاش گەڕانەوەی لە مردنەکە ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت، ژنەکەی ئەمیش هەمان وەفای ژنەکەی سەر گۆڕەکەی هەیە بۆ پیاوەکەی (خ١، ژ١، ب٣: ٤٨).

بەپێچەوانەی ئەو چیرۆکەی پێشوو، کە باس لە بێوەفایی ژنان دەکات بۆ هاوسەرەکانیان، لە چیرۆکێکی تردا وەفایەکی زۆر جوانی ئافرەتێک دەخاتەڕوو، لەبەرامبەردا بێوەفایی پیاوەکەی

دەردەخات. ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە دەرخستنی دەسەڵاتی چاکە و خراپەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا (نێر و مێ). دەکرێت لە هەردوو لادا هێزی چاکەکردن و وەفا یان هێزی خراپەکردن و بێوەفایی هەبێت، جگە لەوەش لە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگاوە بە واقیعی دەبینرێت و دەبیسترێت. ئەم بابەتە لە چیرۆکی (وەفا)دا خراوەتەڕوو، کە (حەسەن شێخ حەمەمارف) وەریگێڕاوە بۆ کوردی و تیایدا هاتووە: "سۆنیا شۆڕەژنێکی شۆخی باڵابەرزی چاومەستی بەناز بوو، سەری لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە هێناوەتە دەرەوە تەماشای ئاسمانی بێ پایان ئەکا و بیر ئەکاتەوە ئایا ئێستا مێردەکەی لەکوێ یە؟ (فیدرو)ی خۆشەویستی هاودەمی لەکوێ یە، ئەو پیاوە لەلای ئەو چاکتر و بەنرختر و خۆشەویست تر شتە لەگێتی دا دڵی لەسەر ئەم لاچووە، بەیەکێکی ترەوە نوساوە حەزی لێ ئەکا و کەوتۆتە داویەوە، داوی ئەو فێڵبازە بەدکارە کە وەفای بۆ کەس نییە بۆ پارە نەبێ، حەزی لە سەماکارێک کردووە ناوی (ڕوبەرتا)یە" (خ١، ژ٦، ب٣: ٥٢٢). فیدرو سەرەڕای خیانەتکردن لە هاوسەرەکەی و پاش شکستەکانی لە دزی و قومارکردندا، هانا بۆ سۆنیا دەهێنێتەوە. سۆنیاش لە وەفای خۆیەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوسەرەکەی دەڕوات بۆ لای پیاوێک، کە پێشتر حەزی لە سۆنیا بووە. سۆنیا داوای پارەی لێدەکات بۆ قەرزدانەوەی مێردەکەی، ئەویش نیازی خراپ دەبێت و دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر سۆنیا، لەبەرئەوە سۆنیا بە چەقۆیەک سەری دەبڕێت و پارەکانی دەهێنێت بۆ هاوسەرە ناپاکەکەی. دوای ماوەیەک دەبینێت هاوسەرەکەی لەسەر خیانەتەکەی بەردەوامە، سۆنیا زۆر پەرێشان دەبێت و باسی چۆنییەتی پەیداکردنی پارەکە بۆ پیاوەکەی دەکات و پاشان خۆی لە پەنجەرەی ماڵەکەوە فڕێ دەداتە خوارەوەو دەمرێت. دوای ئەو ڕووداوە پیاوەکەی پەشیمان دەبێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو)

چیرۆکی (عەمشەی عەیار) ، کە (فاضل نیضام الدین) وەریگێڕاوە بۆ کوردی، ئازایەتی و زرنگی ژنێکی دڵشکاو نیشاندەدات، کە خەڵکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە. لەبەرامبەر ئەوەدا بۆ تۆڵەکردنەوە چەندین کاری سەرنجڕاکێش دەکات، کە دەبێتە مایەی سەرسوڕمان و بێزاری پاشای وڵات و خەڵکەکەش. "ئەم ژنە هەموو ڕۆژێک ئەچوو کاری بۆ ماڵان ئەکرد. لەبەیانییەوە تا ئێوارە ڕەنجی بۆ ئەدان، ئێوارێ لەجیاتی ئەوەی هەقی بدەنێ و چاودێری تریشی بکەن. کەچی جنێویان پێ ئەداو بە پاڵەپەستو دەیانکردە دەرەوە، پێ یان ئەوت برۆ عەیار حەقی چی، بەختەکەی وابوو ڕووی لەهەر ماڵێک بکردایە نک و نائومێد ئەگەڕایەوە بۆ وێرانەکەی خۆی. ڕۆژێ لەبەر خۆیەوە وتی تاکەی، ئەبێ تۆڵەی خۆی بسێنێ و عەیاری خۆی بەو کەسانە بنوینی کە چەندجار سزایان داوە" (خ١، ژ٦، ب٣: ٥١٦)

ئەو کارانەی عەمشە کردی  بەهۆی چەند جارێک دەستگیرکردنی و خۆی ئازاد دەکرد بە پلانی جیاواز، وای لەسەرۆکی وڵات کرد فەرمانێکی دەرکرد وتی ئەگەر بێتو عەمشە خۆی بدات بەدەستەوە هیچی لێناکرێت، عەمشەش چوو بۆ لای سەرۆک و ئەمانەتەکانی لەگەڵ خۆی بردەوە و هۆکاری کارەکانی بۆگێڕایەوە، سەرۆکیش کردی بە سەرکردەی هەموو خزمەتکارەکانیماڵەکەی خۆی (سەرچاوەی پێشوو).

چیرۆکی (دەرگای زێڕین) لە وەرگێڕانی (حەسەن شێخ حمەمارف)، خستنەڕووی دوو کەسایەتی جیاوازی دوو ژنە بۆ پیاوێک، لەهەمان کاتدا دوو کەسایەتی جیاواز لە پیاوەکەدا دەردەکەوێت، کەسایەتی ژنی یەکەم جەمیلەیە پێش مردنی ڕێزێکی زۆر لە پیاوەکەی دەگرێت، کەسایەتی دووەم عەواتیفە لە دوای مردنی جەمیلە دەبێت بە هاوسەری ئەو پیاوە. عەواتیف لەبەر ناچاری لەگەڵیدا دەژی و هیچ خۆشی ناویت، بە بیانوی جۆراو جۆر وا لەپیاوەکە دەکات خۆی بگۆڕێت لەڕووی جل وبەرگ و ڕوخسار و تەنانەت خانوبەرە و گەڕەکەکەشی پێدەگۆڕێت (خ١، ژ٤، ب٣: ٣٦٦). "عەبدول مەقسود ئەفەندی ....ئەم ژیانەی ئێستای لەگەڵ جاران بەراورد کرد تەماشای کرد، جاران لەگەڕەکێکی پیس و ناخۆشا بوو ئێستاش لە گەڕەکێکی پاک و خۆشایە، لەگەڕەکەکەی پێشوویا حەوانەوە خەو بینیێکی هێجگار زۆر هەبوو بەڵام لەم گەڕەکە تازە کۆشش و تەماعێکی زۆر هەیە، لەویَ دا ئادەمیزاد بە هەموو شتێک ڕازی بوو لێرەدا بەهیچ شتێک ڕازی نابیَ..... بەهۆی هاتوچۆی ژنەکەیەوە چاوی بەو ئافرەتانە ئەکەوت هەموو بیَ ئیش و کار، دڵڕەق، خۆپەسەند، لوت بەرز، حەز لە بەزم و ڕەزمی زۆرئەکەن، ماڵ پەرستن"(خ١، ژ٤، ب٣: ٣٧٥)

ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی میسری پڕ مانایە،  لە (٣) سیَ بەشی خولی یەکەمی، بەرگی سێیەمی دەنگی گێتی تازەدا لە لاپەڕەکانی (٣٦٦ و٤٦٩ و٥٤٢)دا بڵاوکراوەتەوە. پەندی زۆرلەم چیرۆکە هەڵدەهێنجێنرێت لەکۆتایی دا بە جیابونەوەیان و دڵگران بوون و پەرێشانی پیاوەکە کۆتایی دێت.

چیرۆکی (شەش کۆتر) لە وەرگێڕانی (شێخ فاضل نضام دین)، باس لە ڕق و کینەی ئافرەتێک دەکات بەرامبەر بە منداڵەکانی هاوسەرەکەی. پیاوەکە بۆ پاراستنی منداڵەکانی دەیانبات بۆ دارستانێک، بەڵام ژنەکە دەیاندۆزێتەوە و جادویان لێدەکات و دەبن بە کۆتر. خوشکێکی بچوکی منداڵەکان ناکەوێتە بەر ئەو جادوە، کارێک دەکات بۆ گەڕاندنەوەی براکانی بۆ شێوەی ئاسایی خۆیان. لە ئێوارانێکدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوشکەکەیان بۆ ماوەیەکی کەم دەبنەوە بەمرۆڤ و ڕێگایەک بۆ کچەکە دادەنێن تا بتوانێت هاوکاریان بکات و "براکانی وتیان ئەگەر توانیت بەدرێژایی شەش ساڵ بمێنیتەوە نە قسە بکەی و نە پێبکەنی و بتوانی لە مدەتی ئەو شەش

ساڵەدا شەش کراسمان لە گوڵە ئەستێرە بۆ بدووریت ئەوسا ئێمە ئەبینەوە بە ئینسان ئەگەر یەک کەلیمە قسە لە دەمت دەرچێ هەموو هەوڵ و تەقەلایەکت بە فیڕۆ ئەڕوا، براکانی لە قسەکەیان تەواو بونەوەوە بە مدتی٢٠ دەقیقە کەس تەواو بوو هەموو بونەوە بە کۆتر و ڕۆشتن" (خ١، ژ٥، ب٤: ٤٥٧) کچەکەش بە هەموو هەوڵ و توانایەکییەوە پاش هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر و کەوتنە بەرتانە و تەشەری دەوروبەری، پەیمانی براکانی بەجێهێنا ئیتر دوای ئەوە براکانی بوونەوە بە مۆرڤ و هەموو پێکەوە بە خۆشی دەژیان.

باڵندەکان یاسا و ڕێسای تایبەتیان هەیە بۆ بە سەربردنی ژیانی ڕۆژانە و ساڵانەیان هەندێک جۆریان گەشت دەکەن. چیرۆکی (گەشتێک بۆ ئەو جێگایەی ڕۆژی لێهەڵدێ) لە وەرگێڕانی (حەسەن شێخ حەمەمارف)، باسی ئەو یاسا و ڕێسایەی کۆچکردنی باڵندەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەکات و تیایدا هاتووە: "کۆمەڵێک قاز خۆیان ئامادەکرد کە بچن بۆ ئەو جێگایەی ڕۆژی لێهەڵدێ لە کەنارێکەوە لەسەر ئەم بوومە قازێکی بچوک هەبوو زۆر بە گەرمی پرسیاری ئەو جێگایەی لە دایکەکەی ئەکرد، کە ڕۆژی لێ هەڵدێ چونکە پێی فێر نەکردبوو. دایکەکەش هەر پەلەی ئەوەی ئەدا لە وەڵامدانەوەکەی منجەمنج بکا، دایکە گیان جێی هەڵهاتنی خۆر لەکوێ یە؟ بۆچی ئەبێ ئەم نیشتیمانەی خۆمان بەجێ بێڵین؟ ئەی ئێرە نیشتیمانی ئێمە نییە! نیشتیمانێکی ترمان هەیە لەمە گەلێک بەرزتر و خۆشەویستر.... دایکەکە لە پێش ئەوەدا بەتەواوی بگەینە ئەو جێ یە باڵمان شل ئەبێ و ناتوانین بفڕین، بە پەرێشانی و بێ هێزی ئەگەینە جێ چاومان تاریک ئەبێ، بەڵام ئەگەر توانیمان بیگەینی، نەختێ تیشکە زێڕینەکەی ڕۆژمان بەرکەوت قەڵەو ئەبینەوە، پەڕوباڵ دینینەوە، گیانێکی تازە ئەچێتەوە بە بەرمانا و سەرلەنوێ ئەبوژێینەوە "(خ١، ژ٦، ب٢: ٥٢٨). ڕێگای ئەو گەشتە دورودرێژە بۆ بێچوەکەی ڕوون دەکاتەوە، بەڵام دایکەکە لە ڕێگادا دەکەوێتە خوارەوەو بەچکەکەشی دەچێتە تەنیشتی دایکەکە ڕاسپاردەی گەشتەکەی پێ دەسپێرێت، داوای لێدەکات چاوەڕوانی ئەو نەکات با لە قافڵە جێ نەمێنێت و هەوڵبدات پێشییان بکەوێت و بگات بە دەروازەی ڕۆژهەڵات. بێچووە قازەکە پەڕێکی دایکی بە دەنوک دەبات، پێش هەموو کاروانی قازەکان دەگاتە دەروازە و پەڕەکە دەکات بە دەرگاکەدا (سەرچاوەی پێشوو). نوسەر لەم چیرۆکەدا باسی کۆڵنەدان و گەیشتن بە ئاوات دەکات.

خۆشەویستی مرۆڤ بۆ باڵندە و دەربڕینی سۆز بۆ گیانەوەران لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. لە چیرۆکی (جوجەڵە)دا هی نوسەری چینی (یە- شاو- کین)ە. سەرەتاکەی بە چەند دێڕیک لە پەخشانی ئەدەبی بۆ سروشت چنراوە، پاشان باس لە باڵندەیەکی بچوک دەکات، کە

دایکی دەستوری دەدا  دەرکەوێت و هەندێ باڵ و پەڕی خۆی بدات و هەوایەک وەربگرێت. باڵندەی بەستەزمان لە ماڵ دەردەچێت و دەفڕێت، لەناکاو بەردێک لە پشتی دەدرێت و لەسەر چڵی دارەبی دەکەوێتە خوارەوە، بەڵام لەڕووی بەدبەختیەوە دایکی لە جێگایەکی دوورە و ناتوانێ گوێی لە گریانی بێت. دارەبی گوێی لە گریانی دەبێت و دەڵێت هەی بچکۆلەی بەستەزمان بریندارببووی. چەند باڵندە و گوڵێک دڵخۆشیان کرد، هەستی کرد قسە باشەکانی ئەوان ژانی برینەکەی هێور کردەوە. لەو دەمەدا مەنیجە لە ژورەوە دەرکەوت بچێت گوڵ بچنێت، جوجکە بچکۆڵەکەی دۆزیەوە، گوڵەکانی لەسەر زەوی دانا، دەستی برد جوجکەکەی هەڵگرت، دەستەسرەکەی دەرهێنا و خوێنەکەی پێ وشک کردەوەو بردیەوە بۆ ماڵەوە و لەگەڵ گوڵزار خزمەتێکی باشیان کرد (خ١، ژ٤، ب٤:  ٣٦٧). پێدەچێت وەرگێڕ ناوی کەسەکانی گۆڕی بێت  بۆ ناوی کوردی.

خۆشەویستی یەکێکە لە ڕەهەندە سەرەکیەکانی ژیان، سەرچاوەی ڕوحی هاندەرە بۆ هۆگری و پەیوەستبوون بە کەسانی دەوروبەرەوە. مرۆڤی بێ هەڵە و کەموکورتی نییە، کاتێکیش  کەسیک کەسێکی خۆشدەوێت چاو لە هەڵە و کەموکورتی ئەو کەسە دەپۆشێت. ئەم مەبەستە لە چیرۆکەکانی دەنگی گێتی تازەدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە. چیرۆکی (ڕێگا)، کە لەلایەن (عبدالقادر حشمت ڕەشید)ەوە وەرگێرراوە بۆ کوردی، باس لە دروستبوونی خۆشەویستییەک دەکات لەلایەن کوڕێکی بەتەمەنەوە بەرامبەر کچێکی (١٢) ساڵانی سواڵکەر، لەو ساتەوەی داوای پارەی لێکردووە. (خ١، ژ١، ب٤: ٣٧) و نوسەر دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت جیاوازی تەمەن ناتوانێ ڕێگر بێت لە خۆشەویستی.

 چیرۆکی (تاسە و خۆشەویستی)، کە (حەسەن شێخ حمەمارف) وەریگێڕاوە بۆ مانی کوردی، باسی ئەو پەیوەندییە ڕوحییە دەکات، کە لە ناخی مرۆڤدایەو بە ڕوونی و بە ئاشکرا مەبەست دەدات بە دەستەوە. چیرۆکەکە باسی دروستبوونی خۆشەویستی دەکات لە نێوان کچێک و کوڕێکی کەمانچەژەندا، کە بینایی چاوەکانی لەدەست داوە و نابینایە. ئەم مامۆستا نابینایە لە لایەن دایکی کچەکە و بەفەرمانی کچەکە دەهێنرێتە ماڵەکەیان بۆ ئەوەی کچەکە فێری مۆسیقا بکات. پاش هەوڵدانێکی زۆر و ڕاهێنانی باش کچەکە فێر دەکات. ڕۆژێک لە ئەنجامی گفتوگۆ خۆشەویستییەکەی نێوانیان دەردەکەوێت "سمیا لە مامۆستا مۆزیقە چییەکەی نزیک بووە تاکو چووە تەنیشتییەوە شانبەشانی دانیشت، زاتی دا بەرخۆی و بەدەنگێکی ناسکی لەسەرخۆ بە پێکەنین و شەرمێکەوە وتی: ئەی مامۆستا شەفیق باسی هەموو شتێکم بۆ بکە، تەنیا شتێک نەبێت، تکا ئەکەم ناوی مەبە. ئەی بانوە نازدارەکە ئەوشتە چییە ؟ زۆر بەتاسەوە وەڵامی دایەوە – ئەوشتە خۆشەویستی یە : ڕوانی کوڕەکە شەرمەزاری گرتی ڕەنگی هەڵبزرکا، بەڵام

دەستی بە قسەکردن کرد بۆ ئەوەی ئەو دەردو ترسە لابەرێ لەدڵیا، بەنەرمیەکەوە ووتی: ئەی بانووەکە، زۆرجار گوێم لێی یە کە ئەڵێن، خۆشەویستی شتێکی ئەم گێتی یە جوانەیە، بەڵکو لە هەموو خۆشەویستێکی ئادەمیزاد خۆشەویسترە، لەهەموو شتێکیش زیاتر تاو ئەکاتە سەر دڵدارە پاکەکان ئەو دڵدارەی خۆشەویستی لەدڵا بێ ئەوە گەشتۆتە پایەی هەرەبەرزی بەختیاری، هەر کاتێکیش ونی کرد مردنی لە ژین بە لاوە چاکترە"(خ١، ژ٦، ب٤: ٥١١).

مرۆڤی عاشق بە بچوکترین شتی خۆشەویستەکەی دڵشاد و کامەران دەبێت، وەکو کچە عاشق (تریزا) لەچیرۆکی (خۆشەویستییەکی سەیر)دا بەسەری هاتووە، ئەم چیرۆکە (ب. ع. دلێر) وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی. چیرۆکەکە باسی کچێکی پۆلۆنی دەکات، کە لەبەر چاوی کوڕەکەدا کچێکی بالابەرزی چوارشانەی دەموچاو لۆچاوی ئێسک گران بووە، لە کاتی خوێندن لە مۆسکۆ دراوسێی یەکتر بوون و ژوورەکانیان بەرامبەر یەکتری بووە. هەرکاتێک کوڕەکە بیزانیبایە (تریزا) لە ژوورەکەیەتی، ببڕای ببڕ دەرگای نەدەکردەوە. گەلێ جاران لەبەر دەرگا توشی دەبوو و بەگرژ و مۆنییەکەوە پێی دەگوت ڕۆژباش! ئەی قوتابی..... بەیانییەک لەناکاو دەرگای کوڕەکە کرایەوە، تەماشا دەکات (تریزا)یە، کوڕەکە بەسارد و سڕییەکەوە پێی دەڵێت: چیت دەوێ؟ داوای لێدەکات نامەیەک بۆ (پولز)ی خۆشەویستی بنوسێت، کوڕەکەش بۆی جێبەجێ دەکات، جارێکی تر بەبیانویەکی تر دێتەوە بۆ لای کوڕەکە، بەڵام کوڕەکە توڕە دەبێت ئەویش دەگەڕێتەوە، کوڕەکە پەشیمان دەبێتەوە دەچێت داوای لێبوردنی لێ بکات، کچەکە نامەکەی یەکەمجاری دەردەهێنێت و پێی دەڵێت، ڕاستی خۆشەویستییەکەی بۆ ئەوە نەک پولز، هەموو ڕۆژێک بەیاد و خۆشەویستی ئەوەوە ژیاوە و دەژی دڵی بەو نامەیە خۆشبووە. (خ٢، ژ١٨، ب١: ٥١٤)

چیرۆکی (خۆشەویستی و نیشتیمان) لە وەرگێڕانی (حەسەن شێخ حمەمارف) باسی کوشتنی سەربازێکە لەلایەن باوکی کچێکەوە، کە لە دادگادا تاوانی کوشتنەکە دەداتە پاڵ ئەو کوڕەی ،کە کچی ئەم پیاوەی خۆش دەوێت. ئەمەش دەبێتە جێگای نیگەرانی و قبوڵنەکردنی کچەکە. لەئەنجامدا کچەکە بەدوای ڕاستی کوشتنەکەدا دەگەڕێت و بۆی دەردەکەوێت باوکی ئەفسەرەکەی کوشتوە نەک کوڕەکەی خۆشەویستی. ئیتر کچەکە دەیەوێت لەبەردەم دادگادا ڕاستییەکان ئاشکرا بکات، بەڵام باوکەکە لە ترسا زمانی درێژ کردوو لەبەردەم دادگادا بە درۆ سوێندی خوارد. لەبەر سوێند خواردنەکەی، دادگا وتی دڵدارەکەت دانی بە گوناهەکەیدا ناوە، بەڵام باوکت هیچ بەڵگەیەکمان لەسەر نەدۆزیەوە. لەم ڕووەوە (هنریک) بەیانی دەخنکێنرێت "کەنشکەکە لەگەڵ ئەم قسەیەی بیست زانی کە دڵدارەکەی ئەکوژرێ خۆی دا بەسەر باوکیا قیژاندی:- گیانی خۆت ڕزگارکرد، بەڵام کەنیشکەکەی خۆت کوشت .... لەپڕ پەلاماری دەمانچەی

یەکێ لەپاسەوانەکانی داو فڕاندی، بەبێ ئەوەی فەرماندەرەکە هەستی پێ بکا گولەیەکی نا بەسنگی خۆیەوە، دەست بەجێ خوێن فیچکەی بەست و لەبەر پێی باوکەکەیا کەوت، لەودەمەدا باوکە فێڵبازە گوناهبارەکە زانی هەرەشەکەی بەڕاست بووە، لەگەڵ چاوی بە لاشەی خوێناویی کەنیشکەکەی کەوت، وەخت بوو دڵی شەق بەرێ، بەرچاوی تاریک بوو..... هاواری کرد من.. من کوشتومە.... خیانەتم لەگەڵ ئەو خاکەدا کردووە کە دالْدەی داوم، بمکوژە و هنریک ببەخشە" (خ١، ژ٤، ب٤: ٣٣٣)

چیرۆکی (نانی ڕەش)، لە نوسینی (أناتول فرانس)ە، باس لەخێر و چاکەکردن و پاداشتەکەی دەکات. ئەم چیرۆکە پەیامێکە بۆ کەسانی ساماندار و دەسەڵاتدار بۆ بە هاناوە چوونی هەژار و کەم دەرامەتەکان، کە سودی دینی و دونیایی بۆ بەخشەرەکان تێدایە. چیرۆکەکە باس لە (نیکولانزلی) دەکات، کە پیاوێکی ناسراو و سامانداره، کۆمەڵێک هەژار و برسی دەوری نیکۆلانزلی دەدەن تێریان بکات، ئەویش نانە ڕەشەکانیان بۆ هەڵدەدات و تێر دەخۆن. ئەو پیاوە لەکاتی نوستندا خەوێک دەبینێت، لە خەویدا کەوتۆتە شوێنێکی تاریک و نوتەک، ئەوەندە دەزانێ میکائیلی سەرۆکی فریشتەکان بەخۆی و تەرازووەکەیەوە پەیدا دەبێت. لە کاتی کێشانی کردەوەکانیدا، تای تەرازووی دەستبڕین و فڕو فێڵەکانی قورس دەبێت. فریشتەکە دەڵێت ئارام بگرە ئەی نیکولانز مەترسە نوکە دەرزیم بیرناچێت، هەموو چاکەکانی بۆ خستە تەرازووەکەوە سودی نەبوو. نیکولانزلی ڕەنگی هەڵبڕزکا، دنیا لەبەرچاوی تاریکبوو. وتی بەدبەخت خۆم، کلۆڵ خۆم، چۆن ئەنجامی مردنم چونە دۆزەخە. فریشتەکە دیسان وتی ئارام بگرە تا فەرمانی خۆم تەواو دەکەم، ئەو نانە ڕەشانەی خستە تای تەرازووەکەوە، کە بەسەر هەژارەکاندا بەخشیبویەوە. بەو نانە ڕەشانە تای چاکەکەی قورسبوو. فریشتەکە هەڵیدایە وتی: وەکو دەبینی نە پاداشتی بەهەشت هەڵدەگری نە سزای دۆزەخ، کەوابێ چاکتر وایە بگەڕێیتەوە بۆ فلۆرانسە دەست بکەی بە چاکە و خێرکردن هەتا ئەتوانی، ماوەش مەدە کەس بە چاکەکردنت بزانێت. بەو جۆرە سێ ساڵی تر لەسەر زەوی ژیا، لە دڵنەوایی هەژاراندا بوو (خ١، ژ٥، ب٣: ٤٠٥).

ئەو چیرۆکانەی لە ئەدەبی بێگانەوە وەرگیراون و وەرگێڕراون بۆ زمانی کوردی، بەمەبەست لەلایەن وەرگێڕەکانەوە هەڵبژێردراون و هەر یەکەیان پەیامێکی لە پشتەوەیە، کە گوزارشتە لە خۆشەویستی و هاریکاری و بەخشین و .. هتد. ئەمەش بۆ ئەوە بووە خوێنەرەکانی دەنگی گێتی تازە لە ڕووی هونەریی و پەیامدارییەوە سوود لە چیرۆکەکان ببین.

# ئەنجام

# ئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. دەنگی گێتی تازە لە شاری بەغداد دەرچووە، بەڵام نێردراوە بۆ ناوچەکان و شارەکانی کوردستان ئەمەش دەریدەخات ئاراستەکردنی دەنگی گێتی تازە ئاراستەکردنێکی دڵسۆزانە و خەمخۆرانە بووە بۆ نەتەوەی کورد. لە گەڵ ئەوەشدا زۆر بابەتی سیاسی لەخۆگرتووە چونکە بزاڤی کولتوور و ڕۆشنبیری ئەو کاتەی جیهان گرێدراوە بە ڕوداو و گۆڕانکارییە سیاسییەکانەوە. هەرچی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێش دەنگی گێتی تازەش هەیە، کە لەڕەوتی ڕۆژنامەگەری پێش دەنگی گێتی تازەدا باسمانکردوون بێبەش نەبوونە لە پەیامی سیاسی و ڕۆژنامەیەکی تەواو سەربەخۆ و ئەدەبی بوونی نەبووە.
2. دەنگی گێتی تازە لە دوو خولی سەرەکی پێک هاتووە، لە خولی یەکەمیدا لە لایەن ئینگلیزەوە سەرپەرشتی کراوە، کە ئەمەش ڕێگر نەبووە لە گرنگیدان بە کولتووری کورد. لە خولی دووەمیدا بە تایبەتی لە ( ژمارە (٢) ی ڕۆژی دووشەممەی (١٩) ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥) گۆڤارەکە سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و لەژێر سەرپەرشتی ئینگلیزدا نەماوە نووسەرانی کورد ئەرکی سەرپەرشتی کردنییان لەو بەروارەدا گرتە دەست. لە هەر خولێکدا ژمارەیەکی زۆر لە دوو توێی حەوت بەرگی ڕەنگاو ڕەنگدا لەساڵی (٢٠١٠)و(٢٠١٣)چاپکراونەتەوە . دەنگی گێتی تازە دەوری گۆڤار و ڕۆژنامەشی بینیوە، لەم گۆڤار و ڕۆژنامەیەدا هەڵەی چاپیش هەیە، هەڵە لە ژمارەی لاپەڕەکانی یەکێک لە بەرگەکانی خولی یەکەم و هەروەها لە خولی دووەم لە ژمارەی بڵاوکراوەی گۆڤارەکەدا هەڵەی تێدایە، کە لەناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو.
3. ئەو زانیاری و تێڕوانینانەی لەبارەی دەنگی گێتی تازەوە دەربڕراون بە شێوەیەکی پوخت و ڕوونکردنەوەی پێویست خراونەتەڕوو. ئەگەر چی هەندێ لە تێڕوانینەکان پێیان وابووە ئینگلیز بۆ مەرامی سیاسی خۆیان پشتگیرییان لە دەنگی گێتی تازە کردووە، بەڵام ئەم گۆڤارە خزمەتێکی گەورە و بەرچاوی بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی و کولتوور و ئەدەبیاتی کورد کردووە.
4. بەشێکی زۆری جۆرە جیاوازەکانی کولتوور و هونەرە ئەدەبیی و ڕۆژنامەنوسییەکان لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکراونەتەوە، ئەمەش تۆکمەیی گۆڤارەکە و ئەزموونی نووسەرەکانی دەردەخات. پەیوەندی کولتوور و ئەدەب و ڕۆژنامەنوسیی پەیوەندییەکی تەواوکارییە

لەناوەڕۆکدا، هەر لەبەرئەو پەیوەندییە بابەتگەلێکی ڕۆژنامەنوسی زۆر دەبینینەوە لەدەنگی گێتی تازەدا، کە بە ناوەڕۆکێکی کولتووری و ئەدەبییانە خراونەتەڕوو و تێڕوانین بوون لە ڕوداوەکان.

5. بابەتەکانی ناو دەنگی گێتی تازە بە شێوەیەکی گشتی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگا و هۆشیاری و بیری نووسەرەکانییەتی، چونکە کولتووره ئەدەبییەکانی ناو دەنگی گێتی تازە لە زۆربەردا تۆماری بزاوتنەکانی ڕۆژانەی خەڵک بوون نووسەرەکان وەریانگرتووە و بڵاویانکردۆتەوە. لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کولتوور و ئەدەب و ڕۆژنامەگەرییدا دەردەخەن، بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگای کوردی و پاراستنی کولتووری نەتەوەیی کورد.

6. دەنگی گێتی تازە پردی گەیاندنی نەوە ئەدەبییەکانی کوردە بەیەکتری، بەوەی بەرهەمی ئەدەبی و کولتووری کۆن و هاوچەرخی سەردەمی گۆڤارەکەی پێکەوە گرێداوە و سامانێکی کولتووری و ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی بەنرخی نەتەوەکەی پاراستووە. جگە لەوەی کە ئاشنایەتی بە کولتووری ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیش پەیدا کردووە و ناساندوویەتی.

7. گرنگیدان بە کولتووره ئەدەبییەکان بە پلەی یەکەم زمانی کوردی و شیعر، بەپلەی دووەمیش هونەری پەخشان لە گۆڤارەکەدا خراوەتەڕوو. شیعر وەک چالاکیەکی مرۆڤ بەپێی سەردەمەکان و پەخشانیش لە وتارەکاندا دەربڕراون، لە چوارچێوەی شیعر و پەخشانەکانی ناو دەنگی گێتی تازەشدا ئەو شاعیر و چیرۆکنوسانەی، کە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبییان بڵاوکردۆتەوە لەم گۆڤارەدا باسکراون.

8. دەنگی گێتی تازە دەرگایەکی گرنگ بووە بۆ چونە ناو جیهانی ئەدەبی بۆ نووسەران و شاعیرانی کورد، هەروەها گرنگی بە بەرهەمی شاعیرانی کلاسیک و شاعیرانی سەردەمی گۆڤارەکە داوە. کەواتە دەنگی گێتی تازەش وەکو هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی تر پێگە و گرنگی و ڕۆڵی خۆی نیشان دەدات لە بواری ڕۆژنامەگەریدا و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە بۆ پێشخستنی بوارە جیاوازەکانی کولتوور.

9. دەنگی گێتی تازە چەندین بەرهەمی تایبەت بە کولتووری بێگانەی وەرگرتووە، لە چیرۆک و وتار و ژیاننامەی کەسایەتییە دیارەکان و لەلایەن نووسەرەکانی دەنگی گێتی تازەوە وەرگێڕراون بۆ زمانی کوردی و لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە. ئەمەش بۆ ئاشناکردنی کورد بووە بە کولتووری بێگانە و سوود وەرگرتن لە کولتوورەکەیان.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان: بەزمانی کوردی

### کتێب:

1. ئەحمەد، کمال مزهەر: (١٩٧٨)، تێگەیشتنی ڕاستی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد_ بەغداد.

2. ئەحمەد، کمال مزهەر: (٢٠٠١)، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد، بەرگی دوو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە_ هەولێر.

3. ئەحمەد، نەوزاد عەلی: (٢٠٠٨)، ڕۆژنامە لەکتێبدا، چاپخانەی شڤان_ سلێمانی.

4. ئەمین، نەوشیروان مستەفا: (٢٠١٣)، قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی کوردی سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، کتێبی دووەم، بەرگی دووەم، بیروت_ لبنان.

5. ئەمین، نەوشیروان مستەفا: (٢٠١٣)، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی ڕۆژنامەوانی ١٨٩٨_ ١٩٥٠، کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم، بیروت_ لبنان.

6. ئەمین، نەوشیروان مستەفا: (٢٠١٢)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، بیروت_ لبنان.

7. ئەمین، نەوشیروان مستەفا: (٢٠٠٤)، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٩٣٨_ ١٩٥٨، بەرگی سێ، وەزارەتی ڕۆشنبیری_ سلێمانی.

8. ئەمین، نەوشیروان مستەفا: (٢٠٠٢)، ژیان بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج_ سلێمانی.

9. ئەمین، نەوشیروان مستەفا: (٢٠٠٢)، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨_ ١٩١٨، دەزگای سەردەم_ سلێمانی.

10. ئەمین، میرزا محمد مەنگوڕی: (٢٠٠٨)، بەسەرهاتی کوردوکوردستان لەهاتنی ئیسلامەوە تا ١٩٧١، چاپخانەی(شەهید ئازاد هەورامی)، کەرکوک.

11. ئیسماعیل، نەسرین رەئوف: (٢٠١٠)، *ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا*، چاپخانەی ڕۆژهەلات_ هەولێر.

12. بەرزنجی، ئازاد: (٢٠١٢)، وەرگێران لە گفتوگۆدا، چاپخانەی کوردستان_ سلێمانی.

13. بەرزنجەیی، هەڵۆ: (٢٠٠٥)، پرسیارەکان هێشتا تینوی وەرامن، کوردستان.

14. پیربال، فەرهاد: (٢٠٢٠)، کورد لەدیدی ڕۆژهەلاتناسەکانەوە، چاپخانەی تاران.

15. پیربال، فەرهاد: (٢٠٠٦)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی منارە_ هەولێر.

16. پیربال، سەباح: (٢٠٠٥)، پێشەکییەک لەبارەی شوێنەوارناسی، چاپخانەی ڕۆشنبیری_ هەولێر.

17. تۆفیق، قیس کاکل: (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، دەزگای ئاراس_ هەولێر.

18. طه، عبدالسلام سمد: (٢٠٠٢)، ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە_ هەولێر.

19. جباری، جبار: (١٩٧٠)، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین_ سلێمانی.

20. خەزنەدار، مارف: (٢٠٠٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەش، بڵاوکراوەی ئاراس_ هەولێر.

21. خەزنەدار، مارف: (٢٠٠٥)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنج، بڵاوکراوەی ئاراس_ هەولێر.

22. خەزنەدار، مارف: (٢٠٠٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دوو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە_ هەولێر.

23. خەزنەدار، مارف: (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەک، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە_ هەولێر.

24. خەزنەدار، جمال: (١٩٧٣)، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، وەزارەتی ڕاگەیاندن.

25. خۆشناو، ئەبوبەکر: (٢٠١١)، مێژووی وەرگێران، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم_ سلێمانی.

26. حلمی، ڕەفیق: (٢٠١٠)، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی ئاراس_ هەولێر.
27. حسێن، هیمداد: (٢٠١٠)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپخانەی باز- هەولێر.
28. حسێن، هیمداد: (٢٠٠٨)، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان_ سلێمانی.
29. حسێن، سەنگەر نازم_ ڕێزان ساڵح: (٢٠١٨)، ژانرە ئەدەبییەکان، ناوەندی ئاوێر_ هەولێر.
30. زەنگەنە، عەبدوڵا: (٢٠١٠)، سەرجەمی بەرهەمە ڕۆژنامەنوسییەکانی جبار جباری، چاپخانەی هێڤی_ سلێمانی.
31. ڕەسول، شکورییە (دکتۆرە): (١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، صلاح الدین.
32. سابیر، پەرێز: (٢٠٠٦)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر، بڵاوکردنەوەی ئاراس_ هەولێر.
33. ساڵح، سدیق: (٢٠٠٦)، حکومەتی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان _ سلێمانی.
34. ساڵح، سدیق: (٢٠٠٥)، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چاپی دووەم، بنکەی ژین _ سلێمانی.
35. ساڵح، سدیق: (٢٠٠٤)، لەبەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ محمود، چاپخانەی شڤان _ سلێمانی.
36. سەپان، مەغدید: (٢٠١٥)، بنەماکانی ئینتیک و ئینتیک لەڕاگەیاندنی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنجدەر_ تاران.
37. سیوەیلی، ڕێبوار: (٢٠١٦)، فەلسەفە ڕەگەزپەرستی پەروەردە، دەزگای چاپ_ ڕێکخراوی زەریاب.
38. سەججادی، عەلادین: (٢٠٠٠)، مێژووی پەخشانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە_ هەولێر.
39. سەججادی، عەلادین: (١٩٧٨)، خۆشخوانی، چاپخانەی مەعاریف_ بەغداد.

40. سەججادی، عەلادین: (١٣٨٩)، مێژووی ئەدەبی کوردی، سنندج_ کوردستان.

41. سورمێ، نەژاد عزیز: (٢٠٠٦)، ڕۆژنامەگەری کوردی و چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی تەکنیک و هونەرەکانی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە_ هەولێر.

42. سەلام، فاتیح: (٢٠١٠)، ڕۆژنامەگەری مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری لەجیهاندا، چاپخانەی چوارچرا_ سلێمانی.

43. شوانی، ڕەفیق: (٢٠٠٩)، زمانەوانی(کۆمەڵێک وتار)، چاپخانەی خانی _ دهۆک.

44. عارف، حمەکریم: (٢٠٠٧)، دەربارەی شیعروشاعیر، نوسەری کورد.

45. عەبدوڵا، ڕۆژان نوری: (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپخانەی چوارچرا_ سلێمانی.

46. عەبدوڵا، خەلیل: (٢٠٢١)، چراکانی نیشتمان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات_ هەولێر.

47. عومەر، موحسین ئەحمەد: (٢٠١٨)، ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژهەڵاتی داهێنراو لەلایەن ڕۆژئاواوە، بڵاوکراوەکانیماڵی وەفایی _ هەولێر،

48. عومەر، فاروق عەلی: (٢٠٠١)، ڕۆژنامەگەری کوردی لەعێراقدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە_ هەولێر.

49. عوسمان، سالار: (٢٠٠٩)، وتارناسی، دارالمعرفە_ بەیرووت.

50. عەبدوڵا، هەڵکەوت: (٢٠٠٥)، دەروازەی خۆناسین، دەزگای پەخشی سەردەم _ سلێمانی.

51. فەرهادی، حمەساڵح: (١٩٨٨)، چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنوسی کوردی، چاپخانەی الحوادث _ بەغدا.

52. قادر، حمەحمە ئەمین: (١٣٩٧)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، سنندج _ کوردستان.

53. قانع، بورهان: (١٩٧٩)، بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتی لادێ نیشینی کوردەواری، چاپخانەی ئیرشاد_ بەغداد.

54. قەرەچەتانی، کریم شەریف: (٢٠٠٨)، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چاپخانەی پەیوەند_ سلێمانی.

55. قەزاز، ڕەمزی: (١٩٧١)، بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد، چاپخانەی ژین _ سلێمانی.

56. مارف، مجید حمید: (٢٠٠٥)، ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکی، دەزگای پەخشی سەردەم _ سلێمانی.

57. مستەفا، ئیدریس عەبدوڵا: (٢٠٠٨)، کلتوری کوردی لە دانراوی ئیتالیادا، چاپخانەی خانی _ دهۆک.

58. مستەفا، شکور: (٢٠١٠)، جوانیی زمانی کوردی، چاپخانەی ئاراس _ هەولێر.

59. مستەفا، پەروین عوسمان: (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات_ هەولێر.

60. مەلا کریم، محمد: (١٩٨٠)، دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق _ بەغداد.

61. محمد، گۆران سەلام: (٢٠٢١)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی حەمدی _ سلێمانی.

62. محێدین، واحد عومەر: (٢٠٠٦)، دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد وحکومەتەکانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوە _ سلێمانی.

63. نەبەز، جمال: (١٩٥٨)، وەرگێڕان هونەرە، چاپخانەی ژین _ سلێمانی.

64. هاوار، محمد ڕەسول: (٢٠٠٨)، وتارە کوردییەکان، چاپخانەی شڤان_ سلێمانی.

65. هاوڕاز، کاوە: (٢٠٠٣)، ڕۆژهەڵاتناسی لەنێوان ستراتیژی داگیرکاری و ئایدۆلۆژیای ستەمدا، بڵاوکراوەکانی نوسینگەی التفسیر_ هەولێر.

66. هەژار، شاخەوانی کەریم: (٢٠١١)، ئامۆژگارییەکانی ژیان، چاپی پێنج، چاپخانەی چوارچرا_ سلێمانی.

67. یەعقوبی، حسێن: (٢٠٠٧)، زمان و وەرگێڕان و پەیوەندییە کولتورییەکان، دەزگای ئاراس _ هەولێر.

به زمانی عەرەبی:


68. أحمد، كمال مزهر: (١٩٧٨)، دورالشعب الكردى في الثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث_ بەغداد.

69. أسماعيل، زبير بيلال: (١٩٨٢)، مصادر تأريخ الكرد، كاروان، ژ١.

70. البرزانى، عزيز حسن: (٢٠٠٦)، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، بيروت_ لبنان.

71. ألبير، أمبارو أورتادو: (٢٠٠٧)، الترجمة ونضرياتها، المركز القومى الترجمة_ الجزيرة،القاهيره.

72. تميم، وداد: (٢٠١٣)، ترجمة الخيال الحلمي حسب مبدأ التكافىء الديناميكى، جامعة الحاج خضر_ باتنة.

73. الحيدري، صالح: (٢٠٠٤)، مختارات من مذكرات صالح الحيدرى، مطبعة رنج _ السليمانية

74. الدروبى، محمد: (١٩٩٦)، الصحافة والصحيفى المعاصر، بيروت .

75. جباري، جبار: (١٩٧٥)، تأريخ الصحافة الكردية، مطبعة الامة_ بغداد.

76. جعفر، نوري : (١٩٧١)، اللغة و الفكر ، بغداد.

77. حمزة، عبداللطيف: (١٩٦٣)، الصحافة والمجتمع، مطبعة( دارالقلم) مصر.

78. رسول، عزدين مستەفا: (٢٠١٠)، الواقعة في الأدب الكردى، الطبعة الثانية، منشورات أراس _ أربيل.

79. شريف، هيوا أحمد: (٢٠٠٦)، تۆفيق وهبى حياته و دوره السياسى و الثقافى، ژين _ السليمانيه.

80. الفاروق ذكى، يونس (أ.د.): (١٩٩٧)، نظرية الثقافة، عالم المعرفة ـ للثقافة و الفنون و الأداب ـ الكويت

81. عەونی، محمد علی: (١٩٣٩)، خلاسه تاریخی کرد کردستان، مطبعة السعادة بجوار محافضة- مصر.

82. قادر، أحمد محمد أمین: (٢٠٠٧)، موقف مجلس النواب العراقی في القضية الكردية، مطبعة مؤسسة سردم_ السليمانيه.

83. فيلال، سليمة: (٢٠١٣ـ ٢٠١٤)، بنية الهوية الجزائرية فى ظل العولمة، أطروحة شهادة دكتوراه العلوم فى علم الاجتماع تخصص علم الجتماع الثقافى ـ جامعة محمد خيضر.

84. لازيف، م.س. : (٢٠٠٦)، النضال والإخفاق المسألة الكردية في سنوات ١٩٢٣_ ١٩٤٥، مطبعة شڤان_ السليمانية.

85. هاوار، محمد رسول: (٢٠٠٨)، الأثارالكاملة المقالات العربية، مطبعة شڤان_ السليمانيه.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

86. ئەبوبەکر، هەڤاڵ: (٢٠٠٦)، چەشنە ئەدەبیی و ڕۆژنامەنووسییەکانی و ڕەنگدانەوەیان لەژیان و ژیندا، زانکۆی سلێمانی.

87. ئەحمەد، نەوزاد عەلی: (٢٠٠٠)، هونەرەکانی ئەدەب لەڕۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.

88. ئیسماعیل، سروود وەلی: (٢٠٠٤)، ڕەنگدانەوەی ئەدەبی کوردی لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا، زانکۆی بەغداد_ ئیبن ڕشد.

89. بەکر، هیمداد حسێن: (١٩٩٥)، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، زانکۆی سلاحەدین.

90. شەمسەدین، ئومێد شێخ ڕەحیم: (٢٠٠٣) ڕۆڵی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە گەشەسەندنی ئەدەبدا، زانکۆی بەغداد_ ئیبن ڕشد.

91. عەلی، سەباح موسا: (٢٠٠٢)، زمانی ڕۆژنامەنوسی کوردی لەعێراقدا، زانکۆی بەغداد_ ئیبن ڕشد.

## ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:


92 . ئاسنگەر، مەجید: (١٩٨٩)، وەرگێڕان زانست و هونەرە، کاروان _ ژ٧١.

93. ئەمین، نوری عەلی: (١٩٥٩)، ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا، نەورۆز_ ژ.١

94. أبراهیم، عمر : (١٩٧٩)، فۆلکلۆر بەرهەم و دەستکەوت و بەهرەی پتر لە هەزاران ساڵ پێش ئێستایە، ڕۆشنبیری نوێ_ ژ٧٦.

95. أحمد، جمال ڕەشید: (١٩٨٣)، لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ_ ژ.٩٩

96. بۆمبا، ڕوناک محمود: (١٩٨٥)، پیشەسازی سابوونی کوردەواری، ڕۆشنبیری نوێ _ ١٠٨.

97. حاجی مارف، عبدالرحمان (دکتۆر): (١٩٧٩)، بارێزی لێکۆڵینەوەی زانستی بگرین، ڕۆشنبیری نوێ _ ژ٧٥.

98 . حسن، ڕەئوف: (١٩٨٢)، خۆماڵێتی لە چیرۆکی کوردیدا، کاروان _ ژ٣.

99 . حسێن، هیمداد: (٢٠٠١)، زمانی ڕۆژنامەنوسی دوای ڕاپەڕین، زانکۆی سلێمانی.

100. حمەساڵح، عزەت فتاح: (٢٠١٨)، کولتوری کورد و ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆ، ژ٥٥_ زانکۆی سلێمانی.

101. حیکمەتی، کریم: (٢٠١٠)، بایەخی وەرگێڕان، ڕامان _ ژ١٦١.

102. خەزنەدار، مارف: (١٩٨٩)، زانای گەورە تۆفیق وەهبی یادی پێنج ساڵەی کۆچی دوایی، کاروان _ ژ٧١ .

103. خەزنەدار، مارف: (١٩٨٩)، کورتە باسێک لەبابەت ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کوردییەوە، کاروان _ ژ٧٦.

104. ڕەسول، عزەدین مستەفا: (١٩٨٤)، ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چیرۆکی کوردی ، کاروان _ ژ١٩.

105. زەنگەنە و ئەوانی تر: (٢٠١٣)، ڕۆژنامەی دەنگی گێتی تازە، خولی دووەم _ بەرگی سێیەم.
106. ساڵح و ئەوانی تر : (٢٠١٠)، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ، خولی یەکەم _ بەرگی سێیەم.
107. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠) ، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، خولی یەکەم _ بەرگی چوارەم.
108. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ، خولی دووەم _ بەرگی دووەم.
109. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، خولی دووەم _ بەرگی یەکەم.
110. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، خولی یەکەم _ بەرگی یەکەم.
111. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٠)، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، خولی یەکەم _ بەرگی دووەم.
112. ساڵح و ئەوانی تر: (٢٠١٦)، دەنگی گێتی تازە، گەلاوێژ ، بەش٢_ ژ١١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
113. سورمێ، نەژاد عزیز: (١٩٩٠)، وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، کاروان _ ژ٨٦.
114. شارەزا، کریم مستەفا: (١٩٩٠)، حسێن حوزنی موکریانی و دەوری لەپێشخستنی هونەری وتاری کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ _ ژ١٢٥.
115. غەفور، مستەفا: (٢٠٠٨)، وەرگێڕان پارێزەری زمان و بنیادنەری زمانی یەکگرتوو،ڕامان. ژ١٣٣.
116. فتاح، شاکر: داماوی موکریانی، ڕۆڤار _ ژ١٩، چاپخانەی ڕەنج.
117. قادر، ئاریان ئیبراهیم: (٢٠١٧)، شێوازەکانی وێنە لە ڕۆژنامەی خەبات،زانکۆی ڕاپەڕین _ ژ١١.
118. کریم، غەفور میرزا: (١٩٨٤)، نەورۆز لە بڕبڕەی پشتی مێژوودا، ڕۆشنبیری نوێ _ ژ١٠١.
119. محمد، کمال ڕەئوف: (١٩٨٤)، تۆفیق وەهبی کوڕی پیرەمەگرون، کاروان _ ژ١٨.
120. محوی، محمد : (٢٠٠٠)، زمان و زمانەوانی لەڕۆژنامەگەریێتیدا، زانکۆی سلێمانی.

121. مەزهەر، کمال: (١٩٨٤)، سەرنج دەربارەی مێژوو، کاروان _ ژ٢٠.

122. مەلا کریم، محمد: (١٩٨٦)، لەپێناو لە چاپدانەوەی گۆڤارو ڕۆژنامە، کاروان _ ژ٤٣

123. نەریمان، مستەفا : (١٩٧٤)، لێکۆڵینەوە لە کتێبی کوردی کوردەواری، بەیان _ ژ١٧.

124. نەریمان، مستەفا: (١٩٨٨)، توێژینەوەیەک دەربارەی دەنگی گێتی تازە، ڕۆشنبیری نوێ_ ژ١١٧.

## کۆنفرانس:

125. محمد، دڵشاد عەلی: (٢٠٢١/٢/١١)، پێگەی ئەدەبی ( جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ) لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازەدا)، هۆڵی ب.گ ڕۆشنبیری گەرمیان.

## سایتی ئەنتەرنێت:

126. أحمد، زریان: (٢٠١٧)، مێژووی کورد، کوردپیپدیا http:/www. History of kurd.com

127. طاهیر، عەلی_ حمید، عوسمان: (٢٠١٦)، ڕەنگدانەوەی ئەدەب و سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. http:/www.ijoks.com

# پوختە بە زمانی ئینگلیزی

# Abstract

With the investigation , title specified for it , is scientifically Investigating the role seen by The (Dangi Geti Taze) in the field of caring About the various aspects of Kurdish culture , not only in the field Of Kurdish language and literature ,as other academic studies Have worked on when they have investigated the role of Kurdish Newspapers and magazines .

In addition to being written in books and caves, these cultural items are also preserved in newspapers and magazines. Kurdish journalism has paid special attention to all cultural dimensions of Kurds and other nations, and has not hesitated to publish folklore, literature, science and information. The magazine (Dangi Geti Taze) has played a positive role in serving the Kurdish nation and its colorful culture in language, poetry, literature, etc.

According to this , our Research will take a new path in the field of research in Kurdish Newspapers and magazines , and on the other hand , for the first Time discusses a 1940s Kurdish magazine , which has not yet Been investigated

. We look back on the political, literary, And Historical and social dimensions that the Magazine cares about, and some new information is found which was hidden until recent times. Thus, the role of the (D.G.T) appears in the diverse (linguistic, poetry, essay & Pros…etc.) fields. Each of these cultures holds the Kurdish National symbol and as a national culture is an important tool for the necessities or daily life overtime has increased their Importance and benefit. To raise awareness of society and to be Aware of the current and times of different eras, the (D.G.T) has taken care of these cultures and has become the Beginning and purpose of the (D.G.T),
which has Helped intellectuals to publish their products and express their Intentions. In our research, each of these cultures contains a Number of other titles. In the poems, national poetry and the art of the old era and the era of the magazine were discussed. In The essay field , a number of ( political , educational , science and Information , philosophical , economic , health … Etc. ) essays Has been shown in the national culture of Kurds and foreigners . As well as The magazine’s attention to Kurdish language and Literary prose has also been explained . In addition, any topicsSimilar to those in the magazine have been compiled and Classified at the end of the topics ‘titles, which is a good way to Conduct further research in these fields

# Cultural Position of (Dengi Gety Taza) in Kurdish Journalism

A thesis
Submitted to the Council of the College of Education and Language at Charmo University in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature.

By
**Nigar Abdulla Karim Qareman**

BSC degree in Kurdish language and literature
University of Charmo
Year ٢٠١٣-٢٠١٤

Supervised by
**Prof. Dr. Mohammed Amin Abdulla**

Gelaŕêzan ٢٧٢٢ K                October ٢٠٢٢ AD